MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای
موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# لە دووڕیانی مەرگ و ژیاندا

سۆسیۆلۆژیای بەهاناوەچوونی خەڵکی هەولێرو دەوروبەری
بۆ ئەنفالکراوەکانی بادینان لە جەژنیکان

ئاسۆ حەسەن

هەولێر - ٢٠٠٧



**ناوی کتێب: لە دووڕیانی مەرگ و ژیاندا**

- نووسینی: ئاسۆ حەسەن
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: (١١)
- تیراژ: (٥٠٠) دانە
- چاپی یەکەم ٢٠٠٧
- نرخ: (٢٢٥٠) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی دەزگای ئاراس

زنجیرەی کتێب (١٣)

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
www.mukiryani.com
asokareem@ maktoob.com
Tel: ٢٢٦٠٣١١

# پێشکەشه بە :

- بە رۆحی پاك و بێگـەردی هـەموو ئـەو زارۆکـە پەپوولـە ئاسایانەی لـە ژێـر کاریگەری شالآوی ئەنفالدا گیانیان لەدەستدا. .

- بەو نوبووکانەی لەسەرەتای تەمەنی ژیانیان وەك گوڵ پووکانەوە.

- بـەو پێـشمەرگانەی لـە ئەنفالەکانـدا هێنـدەی بۆیـان رەخـسا بەرسـنگی هێزەکانی دوژمنیان گرت.

- بە نەسرین جەمیلی هاوسەرم، کە لە چوار ساڵی خوێندنم هـەموو ئـەرکێکی ماڵـەوەی لەسـەر لادام و یارمەتیـدەرێکی بـاش بـوو بـۆ بەجێگەیانـدنی ئـەم توێژینەوەیە.

# پێرست


پێرست ..... ٥

دەستپێك ..... ٩

دەروازەی یەکەم ..... ١٣

لایەنی تیۆری توێژینەوەکە ..... ١٣

بەشی یەکەم: رەگەزەکانی توێژینەوە ..... ١٥

١ -١ -١ هۆی هەڵبژاردنی بابەت ..... ١٥

٢ -١ -١ گرنگی توێژینەوەکە ..... ١٥

٣ -١ -١ ئامانج لە توێژینەوەکە ..... ١٦

٤ -١ -١ توێژینەوەکانی پێشتر ..... ١٦

بەشی دووەم: چەمکەکان ..... ٢١

١ -٢ -١ سۆسیۆلۆژی ..... ٢١

١-٢-٢ ئەنفال ..... ٢٣

مەبەستی رژێمی ئێراق لە دانانی وشەی «ئەنفال» بۆ سەر شاڵاوە سەربازییەکانی ..... ٢٥

١-٢-٣ جینۆساید ..... ٢٦

١-٢-٤ بەهاناوەچوون ..... ٣٠

١-٢-٥ هەولێر: وەك شوێن و شار و دانیشتوان ..... ٣١

پەراوێزەکانی بەشی دووەم ..... ٣٥

بەشی سێیەم: شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ سەر دەڤەرە ئازادکراوەکان ..... ٤١

١- ٣- ١ کورتەیەك لەمەڕ سیاسەتی جینۆسایدکردنی کوردان بەر لە ئەنفال ..... ٤١

ڕژێمی بەعسی ئێراق و بەرنامەی جینۆسایدکردنی کوردان ..... ٤٥

دەرکردنی کوردی فەیلی ..... ٤٦

ڕاگواستن و بەعارەبکردن ..... ٤٨

ئەنفالکردنی بارزانیان ..... ٤٩





تاوانی جینۆسایدکردنی کورد ..... ٥١

١- ٣- ٢ کارەساتی ئەنفال ..... ٥٤

١- ٣- ٢ کارەساتی ئەنفال ..... ٥٥

١- ٣- ٣ ئامانجی رژێمی ئێراق لە شاڵاوەکانی ئەنفال ..... ٥٨

١- ٣- ٤ قۆناخەکانی ئەنفال ..... ٦٠

١- ٣- ٤ قۆناخەکانی ئەنفال ..... ٦١

یەکەمین قۆناخ: دۆڵی جافایەتی ٢٣/ ٢/ - ١٩/ ٣/ ١٩٩٨. ..... ٦١

دووەمین قۆناغ: دەڤەری قەرەداخ. ٢٢/ ٣- 1/4/ ١٩٨٨ ..... ٦٢

سێیەمین قۆناخ: دەشتی گەرمیان ٧- ٢٠/ ٤/ ١٩٨٨ ..... ٦٢

چوارەمین قۆناخ: قەڵا سێوەکە، دەشتی کۆیە، دەڤەری شوان و شێبزێنی ٣- ١٩٨٨ /٥ /٨ ..... ٦٣

قۆناخەکانی پێنجو شەشو حەوت: خۆشناوەتی، دەڤەری رواندز، قەڵاتوکان، خوا کوڕك. ١٥/ ١٩٨٨ /٩ /٥ -٥ ..... ٦٣

هەشتەمین قۆناخ: ئەنفالکردنی بادینان ٨/٢٥ تا ٩/٦/ ١٩٨٨ ..... ٦٦

١- ٣- ٥ عەلی حەسەن ئەلمەجید (عەلی کیمیاوی) ..... ٦٩

پەراوێزەکانی بەشی سێیەم ..... ٧٧

بەشی چوارەم ..... ٨١

بادینان. . گرتن و کوشتن و ئەشکەنجەو شونبزرکردن ..... ٨١

بەشی چوارەم: بادینان. . گرتن و کوشتن و ئەشکەنجەو شونبزرکردن ..... ٨٣

١-٤-١ دەستپێکردنی شاڵاو بۆ سەر بادینان ..... ٨٣

١-٤-٢ لەنێو ئەنفالکردنی بادیناندا. . ..... ٨٦

١-٤-٣ هۆکارەکانی بەرگری نەکردنو سەرکەوتنی خێرای سوپای ئێراق لە بادینان ..... ١١١

١-٤-٤ چەند کەس لە بادینان گیران ! ..... ١١٣

١-٤-٥ کوشتن و گوللەبارانکردن و شونبزرکردن ..... ١١٤

١-٤-٦ ئەشکەنجەدان و برسیکردن و فشاری دەروونی ..... ١١٦

١-٤-٧ پاشماوەی ئەنفالکراوەکان... لە نێو دڕکو داڵی جەژنیکان ..... ١١٧

پەراوێزەکانی بەشی چوارەم ..... ١١٩

دەروازەی دووەم... ١٢١
لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە ... ١٢١
بەشی یەکەم: پلان و جێبەجێکردنی توێژینەوەکە ... ١٢٣
٢- ١- ١ میتۆدی توێژینەوەکە ... ١٢٣
٢- ١- ٢ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری ... ١٢٤
٢- ١- ٣ سنووری توێژینەوەکە ... ١٢٥
٢- ١- ٤ نموونەی توێژینەوە ... ١٢٥
٢- ١- ٥ گرفتەکانی توێژینەوەکە ... ١٢٦
بەشی دووم: شیکردنەوەی دیدارەکان ... ١٣٣
٢- ٢- ١ ئێوارەیەك کە ئەنفالکراوەکان گەیشتنە جەژنیکان ... ١٣٣
٢- ٢- ٢ مردن لە جەژنیکان و باری تەندروستی ... ١٣٤
٢- ٢- ٣ مەبەستی حکومەتی بەعسی ئێراقی لە هێنانی ئەنفالکراوەکان بۆ جەژنیکان ... ١٣٧
پەراوێزەکان ... ١٣٩
بەشی سێیەم: هەڵمەتیی بەهاناوەچوونی خەڵکی هەولێر و دەوروبەری ... ١٤٣
٢- ٣- ١ یەکەمین هەڵمەتی بەهاناوەچوون ... ١٤٣
٢- ٣- ٢ دووەمین دەستپێشخەری... خەڵکی گوندی بەحرکە و گوندەکانی دیکەی دەوروبەر ... ١٤٦
٢- ٣- ٣ هەڵمەتە مێژوویەکەی شاری هەولێر و سەنگی محەك ... ١٤٩
٢- ٣- ٤ هاوکاری دووکاندارەکانی هەولێر لەگەڵ ئەوانەی یارمەتیان بۆ جەزنیکان دەبرد ... ١٥٣
٢- ٣- ٥ جۆرەکانی دی یارمەتی ... ١٥٤
پەراوێزەکان ... ١٥٧
بەشی چوارەم: رای ئەو خەڵکەی یارمەتی وەرگرتووە ... ١٦١
٢- ٤- ١ تاماوین لەچاکەی خەڵکی هەولێر دەرناچین ... ١٦١
٢- ٤- ٢ هۆکارەکانی بەهاناوەچوون ... ١٦٥
٢- ٤- ٣ هەڵمەتی بەهاناوەچوونەکە چی لێکەوتەوە؟ ... ١٦٩
١- لە رووی گۆڕینی سیاسەتی سەرکوتکارانەی حکومەتی بەعسی ئێراق ... ١٧٠
٢- لە رووی رزگارکردنی ئەنفالکراوەکان لە مردن: ... ١٧٠



٣- لە رووی بەرزکردنەوەی ورەی خەڵك: ... ١٧١
٤- لە رووی پتەوکردنی گیانی هاوکاری و هاریکاری نێوان کورد: ... ١٧١
پەراوێزەکان ... ١٧٣
بەشی پێنجەم ... ١٧٧
٢-٥-١ دەرئەنجام ... ١٧٥
٢- ٥- ٢ راسپاردەکان ... ١٨١
٢- ٥- ٣ پێشنیارەکان ... ١٨٢
پاشکۆکان ... ١٨٤
سەرچاوەکان ... ٢٨٤

## دەستپێک

سۆسیۆلۆژیای بەهانەوەچوونی خەڵکی هەولێر و دەوروبەری بۆ ئەنفالکراوەکانی بادینان لەجەژنیکان کە کردوومانەتە بابەتی لێتوێژینەوە وەڵامدانەوەی رووداوێکی کارەسات ئامێزی گەلی کوردستانە، کە لەسەر دەستی حکومەتی بەعسی عارەبی لە ئێراق رووبەرووی کرابۆوە.

هەرچەندە ئەو رووداوە (١٨) هەژدەساڵی بەسەردا تێپەڕیووە، بەڵام نموونەیەکی گەشی هاوکاری و هاریکاری کۆمەڵایەتییە، کە لە رۆژانێکی رەشدا و لەو کاتەی کوردستان لە نێو تەوقی ترس و زۆرداری و کۆمەڵکوژیدا گەماورۆ درابوو، کەچی خەڵکی هەولێر راپەڕین و لەهەڵمەتێکی لە شێوە ئاپۆڕەیی و کۆرەفتاری کۆمەڵایەتی دا توانیان بڕیارەکانی حکومەت رەتبکەنەوەو ملکەچی ئیرادەی خەڵك بێت و نەیتوانی یارمەتی دانەکە کۆنتڕۆڵ بکات، هەرچەندە پێشتر هەموو کەسایەتی ناوچەکە و سەرۆك جاش و موختار و دەزگا سیخوڕیەکانی ئاگادار کردبۆوە کەس یارمەتیان نەدا، هەروەها ئەو هەڵمەتەی بەهانەوەچوون بووە ئەگەر ئەوەی نزیکەی (٢٥,٠٠٠) بیست وپێنج هەزار کەس لە مردن رزگار بکات، هاندەرێکی گەورەش بوو ورەی بۆ خەڵکە ئەنفالکراوەکان و تەواوی خەڵکی کوردستان گەڕاندەوە، کە کورد ماوە و دەمێنێ، ئەوە سەرەڕای سەرلەنوێ ژیاندنەوەی گیانی هاوکاری کۆمەڵایەتی نێو تاکەکانی یەك کۆمەڵگە و ئەو کلتوورە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەی، کە خەڵکی هەولێر پێی ناسراوە، ئەویش پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە پۆزەتیڤەکان و خۆڕاگری و ئازایەتی و نیشتمانپەروەری و مرۆڤدۆستییە، کە یارمەتی دان و رێزگرتن و فریاکەوتنی خەڵکی لێقەوماو بەشێکە لەو کلتوورە.



دیارە تاکو ئێستا هیچ توێژنەوەیەکی کۆمەڵایەتی زانستیانە لەمەڕ ئەو هەڵمەتەی بەهاناوە چوونە نەکراوە، لەوکاتەی کە گرنگیەکی زۆری هەیە بەتایبەتی لەکاتێکدا حکومەتی بەعسی عارەبی لەوپەڕی بەهێزی دابوو، تازە لەشەڕی هەشت ساڵەی دژ بە ئێران ببۆوە هەردوو زلهێزەکانی جیهان ودەوڵەتانی عارەب و ئیسلامیش پشتگیریان دەکرد، بەسەرکەوتنیشی لە شاڵاوەکانی ئەنفال و جینۆسایدی کورد مەست و سەرخۆش بوو، لەوکاتەدا خەڵکی هەولێر و دەوروبەری، قەپۆزی حکومەتیان شکاندو ملکەچیان کرد کە گەلی کوردستان هەردەمێنێ. هەر بۆیە توێژنەوە لەم بابەتمان بەپێویست زانی بۆ بەهەندهەڵگرتن و تۆمارکردنی زانستیانەی گیانی هاوکاری و بەهاناوەچوون لەنێو کۆمەڵگەی کورداوەریدا و بەبەشداریەکیشە لە نووسینەوەی مێژوو هەروەها ئەم توێژینەوەیەمان بەو نیازە کردووە تا ئەم هەڵمەتەی بەهاناوەچوون وەك پەندو وانەیەکی سۆسیۆلۆژییانە بۆ گەنجانی ئەمڕۆ نەوەکانی داهاتوو، ئاشنای بەشێك لە کلتوور و هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی خەڵکی هەولێر و دەوروبەری و تەواوی گەلەکەمان بن.

بۆ پتر شارەزابوون لەو رووداوە (مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی)یەی باسی لێ دەکەین، توێژنەوەکەمان دابەشکردۆتە سەر هەردوو دەروازەی تیۆری و مەیدانی، هەر دەروازەش بەپێی پێویستی توێژنەوەکە دابەشکردۆتە سەر چەند بەش و لق.

لەدەروازەی یەکەمدا، سەرەتا رەگەز و چەمکەکانمان باسکردووە، پاشان لەمەڕ شاڵاوی ئەنفال و قۆناخەکانی ئەنفال و ئەنفالی بادینان و هێنانی ئەنفالکراوەکان بۆ جەژنیکان دواوین.

لەدەروازەی دووەمدا پاش ئەوەی نزیکەی (٢٠) بیست دیدار و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ شایتحاڵەکانی هەڵمەتی بەهانەوە چوون و ئەوانەش کردووە کە یارمەتیان دراوە، زانیارییەکی باشمان کۆکردۆتەوەو هاندەرو هۆکارەکانی ئەو هەڵمەتەمان

لەرووی سۆسیۆلۆژییەوە روونکردۆتەوە، پاشان دەرنجام و راسپاردەو پێشنیاری توێژنەوەکەمان لەچەند لەپەڕەیەك پووخت کردۆتەوە.

لە پاشکۆکانیشدا دەقی دیدارەکان و هەندێ دیکۆمێنت و ژمارەیەك وێنەمان خستۆتەڕوو، کە پێویست بوون بۆ توێژینەوەکە.

بەڵام کاتێك ئەو توێژینەوەیەمان ئامادەکرد بۆ چاپکردنی وەك کتێب، هەندێ بابەتمان بۆ زێدەکرد کە پێویست بوون وەك:

سیاسەتی جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان بەر لە شاڵاوەکانی ئەنفال و کورتە باسێك لەمەڕ کەسایەتی و چۆنیەتی پێگەیاندنی عەلی کیمیاوی و ناساندنێکی خێرای شاری هەولێرو کورتەیەك لە بیرەوەرییەکانی خۆمان لە نێو ئەنفالکردنی بادیناندا.

لەگەڵ ئەوەی دڵنیاین ئەم توێژینەوەیەمان بێ هەڵەو کەم و کورتی نییە، کەچی خوازیارین تا رادەیەکی باش هەوڵەکەمان زانستیانە بێت و بەشدارییەکیش بێت بۆ هێنانەکایەی (سۆسیۆلۆژیای بەهاناوەچوون) کە لەم سەردەمەدا پێویستە وەك بەشێك لە (کۆمەڵناسی) لە زانکۆکانی کوردستان گرنگی پێبدرێت، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کارەسات و لێقەومانی مرۆیی تێدا روودەدات، جا کارەساتەکە دەستکردو بە هۆی شەڕو ئاژاوە بێت، یان کارەساتی سروشتی، کە وڵاتی ئێمە لە هەردووکیان بە دوور نییە.

ئەگەر ئەو هەڵمەتەی بەهاناوەچوون، هەڵمەتێکی ئاپۆڕەیی و کۆڕەفتاری کۆمەڵایەتی بووە بێ ئەوەی لە لایەن هیچ دەزگاو دەستەیەکەوە رێکخرابێ، نەك هیچ دەزگایەکی مەدەنی و دەزگاکانی حکومەت بەشدارییان تێدا نەکردبوو، بەڵکو رێگریش بوون لەبەردەم هەڵمەتەکەدا، چونکە رژێمی بەعس خۆی دروستی



کردبوو، بەڵام ژمارەیەك هاندەری دیکە هەبوون لێرەدا باسیان دەکەین و پێویستە حکومەتی نیشتمانی خۆمان بە هاریکاری دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرنامە بۆ دیاردەو کارەساتی وا دابنێت و پێداویستییەکانی بەهاناوەچوون لە رووی ئامێرو دەزگاو هۆیەکانی گواستنەوەو فریاکەوتنی خێرا دابین بکات، چونکە مەرج نییە هەموو کاتێك ئەو کۆڕەفتارە دووبارە بێتەوە.

**لەگەڵ رێزماندا. .**

**ئاسۆ حەسەن**

**٢٨/ ٩/ ٢٠٠٦**

# دەروازەی یەکەم

# لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

## بەشی یەکەم

### ڕەگەزەکانی توێژینەوە

١- ١- ١  هۆی هەڵبژاردنی بابەت.

١- ١- ٢ گرنگی توێژینەوەکە.

١- ١- ٣ ئامانج لە توێژینەوەکە.

١- ١- ٤  توێژینەوەکانی پێشتر.

# بەشی یەکەم: رەگەزەکانی توێژینەوە

### ١ -١ -١ هۆی هەڵبژاردنی بابەت

بابەتی سۆسیۆلۆژیای بەهاناوەچوونی خەڵکی هەولێری پایتەخت و گوندەکانی دەوروبەری بۆ ئەنفالکراوەکانی بادینان لە جەژنیکان کە لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨، وەك رووداوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مرۆڤایەتی روویداوە، تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی زانستی لەمەڕ نەکراوە، ئەمە بووە هاندەرێك بۆ ئەوەی ئەم بابەتە هەڵبژێرم بۆ توێژینەوەکەم و بە پێی توانا بچمە نێو رووداوەکەو هەندێ هاندەرو رەهەندی شاراوەی روونبکەینەوە.

### ٢ -١ -١ گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە هەڵمەتی فریاکەوتنەکە بۆتە هۆی رزگارکردنی نزیکەی (٢٥٠٠٠) بیست هەزار کەس لە ژن ومنداڵ و پیروپەککەوتەی دەڤەری بادینان، کە حکومەتی ئەو کاتی ئێراق وەك پاشماوەی خەڵکە ئەنفالکراوەکە هێنابووی لە دەشتێکی چۆڵ و وشك و پڕ دڕك وداڵ و زیندەوەر فڕێی دابوون، بێ ئەوەی سادەترین پێداویستی ژیان و گوزەرانیان بۆ دابینبکات، کە بریتییە لە ئاوو خۆراك و شوێنی حەوانەوە. مەبەستی رژێمیش لەمە دیارە، کە کوشتنێکی لەسەرەخۆی ئەو خەڵکە بوو بە هۆی تێنوێتی و برسیبوون و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە نێویاندا.

دیارە رژێمی ئێراق کاتێك ئەو تاوانەی کردووە کە تازە لە شاڵاوەکانی ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان تەواو ببوو و بە سەرکەوتنەکانی مەست بوو. لەو



کاتە. . خەڵکی هەولێرو دەوروبەری گەمارۆی ترس و زۆرداری و کۆمەڵکوژی حکومەتییان شکاندو بەو بە هاناوەچوونە داستانێکی ئازایەتی و هاوکاری کۆمەڵایەتی گەورەیان تۆمارکرد. لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت تیشك بخەینەسەر هۆکارو هاندەرو رەهەندە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئایینی ومرۆییەکان و بەدیدوبۆچوونێکی سۆسیۆلۆژیانە لێبکۆڵینەوەو هەندێ لایەنی شاراوەشی بە دیار بخەین.

### ٣ -١ -١ ئامانج لە توێژینەوەکە

دەتوانین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەدا پوختە بکەین:

١- بە هێندهەڵگرتن و تۆمارکردنێکی زانستیانەی گیانی هاوکاری و بەهاناوەچوون لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

٢- بەشدارییەکە لە نووسینەوەی زانستیانەی بەشێکی بچووك لە مێژووی گەلەکەمان و رووداوە کۆمەڵایەتییەکان.

٣- ببێتە پەندو وانەیەکی سۆسیۆلۆژییانە بۆ گەنجانی ئەمرۆو نەوەی دواڕۆژ کە بزانن پەیوەندییە کۆمەڵاەتییە رەسەنەکانی کۆمەڵگەی خۆیان چۆن بووە.

٤- خستنەڕووی بەشێك لە کلتوورو هەڵوێستی مرۆڤدۆستانە و نیشتیمانپەروارانەی خەڵکی دەڤەرێکی گرنگی باشووری کوردستان کە هەولێری پایتەخت و دەوروبەرەکەیەتی.

### ٤ -١ -١ توێژینەوەکانی پێشتر

دیارە ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان وەك بەشێك لە جینۆسایدو ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورییەی بەسەر پاشماوەکانی ئەنفال و کۆمەڵگەی کوردی جێهێشتووە، تا ئێستا بڕێکی باش توێژینەوەی زانستی لەمەڕ کراوە، بەڵام

سەبارەت بەو هەڵمەتە بەهاناوەچوونەی خەڵکی هەولێرو گوندەکانی دەوروبەری، هیچ توێژینەوەیەکمان دەست نەکەوت جگە لەو کتێبەی کە (عەلی بەندی) بە ناوی (ئەنفالکرنا بەهدینان) نووسیویەتی و لە دوو بەرگدا بڵاوی کردۆتەوە، کە لە دووتوێی ئەو دوو بەرگەی کتێبەکەیدا ئاماژەیەکی زۆری بەو هەڵمەتە داوەو زانیارییەکی باشی لەسەر زمانی شایەتحاڵی رووداوەکەو ئەوانەش تێدایە کە یارمەتییەکانیان وەرگرتووە.

هەروەها لە راپۆرتی رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە بە ناوی (تاوانی جینۆساید لە ئێراق، شاڵاوی ئەنفال دژی کورد) بە دوو تەرجەمە بۆ کوردی بڵاوکراوتەوە و ئێمە تەرجەمەکەی جەمال میرزا عەزیزمان وەرگرتووە، هەروەها بەشێك لە راپۆرتی میدل ایست ووچ/ بە ناوی (حملە الانفال فی کوردستان/ تدمیر قریە کوریمی) لە لایەن د. رزگارەوە کراوە بە عەرەبی و لە ساڵی ٠٢٢٠ بڵاوکراوەتەوە، ئەویش لە بابەتێکدا بە ناوی (بەخششی هەولێر) ئاماژە بەو هەڵمەتی بەهاناوەچوونە دەدات.

دیارە ئەو سەرچاوانەش توێژینەوەی تایبەت و زانستی نین و تەنها وەسفی هەڵمەتی بەهاناوەچوونەکە دەکەن، بەڵام پڕن لە زانیاری، چونکە لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوو دیداری خەڵکی نێو رووداوەکە وەرگیراون و ئێمەش سوودێکی زۆرمان بۆ بەشە تیۆرییەکی لێوەرگرتوون.





# بەشی دووەم

## چەمکەکان

١- ٢- ١ سۆسیۆلۆژی

١- ٢- ٢ ئەنفال

١- ٢- ٣ جینۆساید

١- ٢- ٤ بەهاناوەچوون

١- ٢- ٥ هەولێر: وەك شوێن و شار و دانیشتوان

## بەشی دووەم: چەمکەکان

### ١-٢-١ سۆسیۆلۆژی

زاراوەی سۆسیۆلۆژی لە ساڵی ١٨٢٤ لە لایەن ئۆگۆست کۆنت ئاماژەی پێکراوە، پاشان دوای بەکارهێنانی لە فەلسەفەدا لەساڵی ١٩٣٨ پتر بڵاوبۆوە[١].

ئەم زاراوەیە لە دوو وشە پێکهاتووە: یەکەم «سۆسیۆ Societas » کە بەرەسەن لاتینیە و واتای(کۆمەڵ) دەبەخشێ، دووەمیش وشەی «لۆژی-Loges » بەرەگەز گریکیەو بەواتای (زانی، ناسین)دێت. کاتێك هەردوو وشە لێك دەدرێن و دەبێتە سۆسیۆلۆژی Sociology کە دەقاودەق مانای(کۆمەڵناسی)یان (کۆمەڵزانی) دەداتەدەست[٢].

زۆر پێناسەی زانستی بۆ کۆمەڵناسی یان سۆسیۆلۆژی دانراون، لەوانە پێناسەی (کینزبێرگ)ـە کەدەڵێ: (سۆسیۆلۆژی ئەو زانستەیە لە سروشت و هۆو ئەنجامەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە، ئەو لێکۆڵینەوەیەش چەند ئاستێکی لێك جودای هەیە وەك پەیوەندی نێوان تاك و گروپەکان و کۆمەڵگە خۆجێییە گەورەکان). دیارە مەبەستی کینزبێرگ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو پەیوەندی، یان کارلێکردن، یاخود بەدەنگەوەچوونەی نێوان دووکەس و پترە. . لەئەنجامیدا ژمارەیەك پێداویستی و داخوازی ئەوکەسانە دێتەدی، کە پەیوەندییەکە لە نێوان خۆیاندا دروست دەکەن[٣].

بەڵام. . بەڕای پرۆفیسۆر (زیمیل)، کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تۆڕێك پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی دەدات، کەلەنێوان تاك و کۆمەڵە و دەزگاکاندا هەیە، سەرەڕای جیاوازی جۆرو مەبەستیشیان[٤].



ماکس ڤیبەر -لەکتێبەکەیدا (تیۆری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئابوری) بەم شێوەیە سۆسیۆلۆژی پێناسە دەکات: (ئەو زانستەیە کە لەڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەگات و راڤەی دەکا). رەفتاری کۆمەڵایەتیش وا دەناسێنێ کە بریتیە لە هەر بزاڤ و چالاکییەکی تاك لە کاتێکدا بوونی تاکەکانی دیکەش لە بەرچاو دەگرێ، رەنگە هۆیەکەشی ژینگە، یان ئەو رووداوانەبن کە کەسەکان دەکەونەنێویەوە[٥].

کەچی کارل مارکس، زانای بەناوبانگی کۆمەڵناسی و ئابورىناس پێی وایە، (سۆسیۆلۆژی زانستێکە لەو پەیوەندییە کارلێکییانە دەکۆڵێتەوە، کەلە نێوان بنچینە مەتریالییەکانی کۆمەڵگە(واقیعی کۆمەڵایەتی) و سەرخانی کۆمەڵایەتی (هۆشیاری کۆمەڵایەتی)دا هەن[٦].

مارکس سۆسیۆلۆژی بە دایکی هەموو زانستە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێ و پێی وایە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دی لەو جودابوونەتەوە، بۆ گەیشتنیش بە هەر راستیەکی کۆمەڵایەتی پشت بە سۆسیۆلۆژی دەبەستن. کەواتە سۆسیۆلۆژی، یان کۆمەڵناسی(ئەو زانستەیە لەپەیوەندی و دیاردەو رەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی مرۆیی دەکۆڵێتەوەو راڤەی هۆکارەکانی سەرهەڵدان و کاریگەری و دەرئەنجامەکانیان دەکات).

**سۆسیۆلۆژی ژمارەیەك ئامانجی هەیە. . گرنگەکانیان بە کورتی ئەمانەن:**

١- پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان پۆلین دەکات.

٢- بەشەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی دیاردەکات و کاریگەرییان بەسەر یەکتردا شلۆڤە دەکا.

٣- لەشێوازەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی و هاندەرو کاریگەرییەکانی بەسەر تاك و کۆمەڵدا دەکۆڵێتەوە.

٤- دەچێتە پنج و بناوانی وەستان و جوولەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان.

٥- گرفته کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکاو هۆکارو کاریگەری و چارەسەریان روون دەکاتەوە.

٦- دیاردە کۆمەڵایەتییەکان شیدەکاتەوە[٧].

ئێمە کاتێك دەمانەوێ سۆسیۆلۆژیای بەهاناوەچوونی خەڵکی هەولێرو دەوروبەری بۆ ئەنفالکراوەکانی بادینان لە جەژنیکان بخەینە بەرباس و توێژینەوە، پتر دەمانەوێ بگەینە پنج و بنەوانی ئەو هۆکارو هاندەرانەی کەوای لە و خەڵکە کرد بەم شێوە مرۆڤانەیە بە هانای ئەنفالکراوەکانەوە بچن و یارمەتی و کۆمەکێکی وایان بۆ بکەن، لە مەترسی مردنیان رزگاربکەن.

بەشێوەیەکی دی دەمانەوێ لە هۆکارو هاندەرەکانی ئەو کۆڕەفتارە بکۆڵینەوە، کە خەڵکی هەولێرو دەوروبەری والێکرد گشت دیوارەکانی ترس و تۆڕەکانی هەڕەشەی فاشیزم وەلانێن و بەهانای هاوخوێن و هاونەتەوەی خۆیان بگەن.

### ١-٢-٢ ئەنفال

هێزەچەکدارەکانی ئێراق بەسەر پەرشتی عەریف «عەلی حەسەن ئەلمەجید» لە بەرەبەیانی رۆژی ٢٣/ ی شوباتی ١٩٨٨ وە شاڵاوێکی سەربازی خوێناوییان کردە سەر دەڤەرە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان و دوای هەشت قۆناخ لە شەڕو کوشتار لە ٦/ ١٩٨٨ /٩ بەسەرکەوتنی سەربازی رژێمی ئێراق کۆتایی هات و زیانێکی گەورەی گیانی و مادی بەگەلی کوردستان و بزاڤە نەتەوەییەکەی کەوت. رژێمی ئێراق ئەم شاڵاوە سەربازییانەی بەناوی «ئەنفال» ناوزەدکرد.

بۆیە پێش ئەوەی شاڵاوە سەربازییەکە بخەینە بەر توێژینەوە، بە پێویستی دەزانین زاراوە و چەمکی ئەنفال روونبکەینەوە، پاشان مەبەستی رژێمی ئێراق لە ناونانی شاڵاوە سەربازییەکانی بە وشەی «ئەنفال» بخەینە روو. .



«ئەنفال» پەیڤێکی عارەبییە، زمانزان و توێژەرە ئیسلامییەکان پێیان وایە (ئەنفال)کۆی (نەفل)ە، نەفەلیش بەشێکە لەدەستکەوت(غنیمە)، کە ماڵ و موڵك و سامان دەگرێتەوە (بە ژن و منداڵیشەوە)، ئەمەش دیارە بە زەبری هێز لە دوژمن دەستێندرێ[٨]. بەڵام توێژەرە عەلمانییەکان واتاکەی بە(تالاّن و بردن- النهب و السلب) لێك دەدەنەوە، کە عارەب بەر لەئیسلامیش لە هەرشەڕێك سەرکەوتبێ، چی ماڵ وسامان و کەل و پەل هەبوو بۆ خۆی تالاّنی کردووە، پیاوی کوشتووەو ژن و منداڵیشی دیل کردووەو کردوویەتی بە کۆیلە. وشەی «ئەنفال» ناوی هەشتەمین سورەتی قورئانی پیرۆزە و ئەم ئایەتە مانگێك لە دوای شەڕی گەورەی (بەدر)ی نێوان موسوڵمانان و قورەیشەکانی مەککە بۆ پێغەمبەر (د. خ) دابەزیوە، ئەو شەڕەش لە ساڵی دووەمی کۆچی بەرانبەر بە ساڵی «٦٢٤»ی زایینی روویداوەو تیایدا ئامۆژگاری موسوڵمانان دەکات، کە «ئەنفال بۆخوداو پێغەمبەرە» و سیستەمی دابەشکردنی دەستکەوتەکە لە نێوان جەنگاوەران و پێغەمبەر روودەکاتەوە، چونکە لەو شەڕەدا مشتومڕو دەمەقاڵێ لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕ لە نێوان سێ گروپی جەنگاوەرە موسوڵمانەکان (گروپی هێرشبەر و راوانانی قورەیشەکان و گروپی کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان و گروپی پارێزگاری لە پێغەمبەر) روویداو نێوانیان تێکچوو[٩]. بەڵام پێویستە ئاماژەش بەو راستییە بکەین کە ئەنفال رەگوریشەیەکی درێژی لە نێو کلتوری عارەبدا هەیەو مێژووەکەی بەکردەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام، کە عارەب هەر بەو تالاّن و دەستکەوتەیان گوتووە لە شەڕەکاندا چنگیان دەکەوت، جا ئەو دەستکەوتانە ماڵ و سامانی سوپاو چەکداران، یان خەڵکی سڤیل و بێلایەن بووبێ، ئەمەش بە درێژایی مێژووی عارەب لە نێوانیاندا باوبووە[١٠]. حزبی بەعسی عارەبی، لەو رۆژەوە لە(٨ ی شوباتی ساڵی١٩٦٣) کە دە سەلاّتی حوکمی لە ئێراق گرتۆتە دەست هێزیکی چەکدار لەخێڵ و هۆزە نەزان و پاشکەوتووەکانی عارەب بەناوی (پاسەوانی نەتەوەیی- الحرس القومی) دامەزراندو فەرمانیان پێدان بڕۆن وڵاتی کوردستان داگیر بکەنەوە و کوردان بکوژن وماڵی و سامانیان بە تالاّن ببەن، وەك لە دروشمی سەرەکییان بەدیار

دەکەویٚ کە پێیان دەگوتن (سەر بۆ ئێمە و ماڵ بۆ ئێوە). هاو شێوەی خەلیفەکانی ئەمەوی کە چۆن فەرمانیان بەهێزەکانیان دەدا سەری ناحەزو نەیارەکانیان بۆ پەلدەن و بۆیان بنێرن و دەست بەسەر موڵك و سامان و ژن و منداڵیشیان داگرن، کە شەهیدکردنی ئیمامی حوسێن و یاوەرانی زەقترین نموونەیە بۆ گەڕانەوە بۆ کلتوری جاهلییەتی عارەب[١١]. هەروەها لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق — ئێران و شەڕی داگیرکردنی کوێت هەمان سیاسەتیان پێڕەوکردو هەر شوێنێکیان لە خاکی ئێران داگیربکردایە وێران و تاڵانیان دەکرد. لە شاڵاوەکانی ئەنفالی کوردستانیش جارێکی دی دووبارەیان کردەوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر توندو تیژتر، کە زیندە بە چاڵکردنی بە کۆمەڵیشی لەگەڵدابوو وێرای بەکارهێنانی مۆدێرنترین چەکی سەردەم.

### مەبەستی رژێمی ئێراق لە دانانی وشەی «ئەنفال» بۆ سەر شاڵاوە سەربازییەکانی

دانانی وشەی ئەنفال بەناوی شاڵاوە سەربازییەکان بۆسەر باشووری کوردستان، هەڵقوڵاوی بیروبۆچوونێکی رەگەزپەرستانەی عارەبێتی و گەڕانەوەیە بۆ کلتورێکی نەتەوەیی پاشکەوتووانەو توندوتیژی خێڵایەتی نیوە دوورگەی عارەبی. وەك ئیبن خەلدون لە کتێبی پێشەکی- المقدمة) ئاماژەی پێداوە کە خێڵەکانی نیوە دوورگەی عارەب بەر لە هاتنی ئیسلام و دوای ئیسلامیش لەگەڵ زانست و زانیاری و رۆشنبیری کۆك نەبوون و زانایان لە نێو نەتەوە موسڵمانە غەیرە عارەبەکان هەڵکەوتوون و ئەوان (واتە عارەب) تەنها پیاوەتی و ئازایەتییان لە هەڵکوتانە سەرخێڵ و نەتەوەکانی دیکەو بەتاڵانبردنی ماڵ وموڵك و سامانیان زانیوە و بۆتە پیشەیان. رژێمی بەعسی عارەبی ئێراقیش سوودی لەم کلتورە وەرگرتووە و مۆرکێکی ساختەی ئیسلامیشی بەسەردابڕیووە. . کە مەبەستەکانی خۆی لەم چەند خاڵەدا دەنوێنێ:



١- گەلی کوردستان لەبەر چاوی عارەب و موسڵمانان بە نەتەوەیەکی (کافر) و بێ باوەڕدابنێ و کوشتنیان بەڕەواو حەڵاڵ بزانێ.

٢- شاڵاوە سەربازییەکانی بەشەڕی «غەزا » بچووێنێ، تا بە ئارەزووی خۆیان نێرینەی سەرووی تەمەن (١٥) ساڵی بکوژن و ژن و منداڵیش بکەنە دەستکەوت و دیل وکەنیزەك و بەئارەزووی خۆیان مامەڵەیان پێ بکەن، تەنانەت وەك کۆیلەش کاری کڕین و فرۆشتنیان پێ بکەن. وەك بە بەڵگە دیارکەوت (١٨) هەژدە ئافرەت و کچی رووسووری کوردستانی بەفر و خۆینیان بۆ وڵاتی میسر و یانەکانی شەورابواردن ناردووە[١٢]،

٣- هێزە چەکدارەکانیان هان بدەن بۆ وەدەستخستنی تاڵان بۆ خۆیان، تا شەڕی باشتر بکەن.

٤- بەعارەب بڵێن، هەر خۆیان نوێنەری راستەقینەی نەتەوەن و پابەندن بە کلتوری رەسەنی عارەب.

٥- سۆز و پشتیوانی رەگەزپەرستانی عارەب و موسڵمانە ناهۆشیار و نەزانەکان بۆ خۆکێش بکەن، کە شەڕەکەیان دژی خەڵکێکی بێ باوەر و هەڵگەڕاوە و دژە عارەب و موسڵمانە، نەك گەلێکی سڤیل و موسڵمان و بێ تاوانی سەر خاکی خۆی.

### ٣-٢-١ جینۆساید

دیارە لەم توێژینەوەیەدا کە لەمەڕ بەهاناوەچوونی بەشێك لە پاشماوەی ئەنفالەکان وڕاگوێزراو و ئاوارەکان دەدوێین، شاڵاوەکانی ئەنفال خۆشیان قۆناخێکی توندوتیژی جینۆسایدکردنی گەلێك بوون، بۆیە ئەم چەمکە رەهەندێکی فراوانتر وەردەگرێ و پێویست دەکات سەرەتا لە مەڕ جینۆساید زانیارییەك بخەینە روو. .

لە ساڵی ١٩٣٣ بۆ یەکەمین جار رافایل لیمکین Raphael Lemkin لە کۆنفرانسێکی شاری مەدرید لە ئیسپانیا وشەی جینۆسایدی بەکارهێناوە،

بەنووسینیش لە ساڵی ١٩٤٤، بۆ پێناسەکردن و ناولێنانی ڕەشەکوژییەکانی کاتی شەڕ وەك پێویستییەك هاتە کایەوە. کەواتە جینۆساید زاراوەیەکی نوێ بوو بۆ پێناسەکردنی کردەوە گەلێك، سەدان جار لە مێژووی مرۆڤایەتی ڕووی داوە.

جینۆساید لە دوو وشە پێکهاتووە (جینۆ- Genos) وشەیەکی بەڕەسەن گریکیە و بە واتای (ڕەگەز)یان(هۆز) دێت، ساید- Cide یش کە وشەیەکی بە ڕەسەن لاتینیە واتای کوشتن و لەناوبردن یان فەوتاندن دەدات. کەواتە هەردوو وشە پێکەوە(جینۆساید) بە کوردی دەکاتە (ڕەگەزکوژی، قەلاچۆکردنی گەلێك، قڕکردنی گروپێکی ئەتنیکی، یان نەتەوە کوژی[13]. لە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پێشگرتن لە جینۆساید (سزادانی تاوانکاری جینۆساید) لە ژمارە ٢٦٠ A، کە لە ٩/ ١٩٤٨ /١٢ دا مۆرکراوە و لە دووەمین مادەیدا بەم شێوەیە پێناسەی جینۆساید دەکات: (بریتییە لەوکارو کردەوانەی بەمەبەستی لەنێوبردنی هەموو، یان بەش بەشی گروپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ڕەگەزی، یان ئاینی ئەنجام دەدرێن)[14].

بەپێی هەمان ڕێکەوتنامە و هەمان مادەش، جینۆساید ئەم کردەوانە دەگرێتەوە:

ا- کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.

ب- زیان گەیاندنی ئەقڵی و جەستەیی بە ئەندامانی گروپەکە.

ج- بە ئەنقەست دانانی ئەندامانی گروپەکە لە بارودۆخێکی گوزەرانی وا ببێتە هۆی فەوتانی بەشێك یان تەواوی ئەندامانی.

د- پێشگرتن لە زاوزێکردن لە نێو گروپەکەدا.

هـ- بەزۆر گواستنەوەی منداڵانی گروپەکە بۆ گروپێکی دی[15].



**ڕواڵ هیلبرگ سەبارەت بە جینۆساید سێ قۆناخی دیاری کردووە:**

١- دیارکردن: واتە دیارکردنی ئەو گروپەی کە نیاز وایە لە نێوبرێ.

٢- کۆکردنەوە: واتە کۆکردنەوەی گروپەکە لە شوێنێك، یان چەند شوێنێك و ئامادەکردنیان بۆ لەناوبردن.

٣- لە نێوبردن: (واتە هەر کاتێ ویستیان گروپەکە لەنێودەبەن، جا بەهەر شێوازێك بێت[16].

لە کردەی جینۆسایددا مەرج نییە گروپەکە هەموو، یان بەشێکی لەنێو ببرێ، بەڵکە بەپێی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨دا ژمارەیەك جۆر و شێواز هەن دەچنە نێو خانەی جینۆسایددەوە وا بەکورتی دەیانخەینە ڕوو:

أ- جینۆسایدی فیزیکی (جەستەیی Physical genocide): واتە کوشتن و لەنێوبردنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو جا بەهەر شێوازێکی لەناوبردن بێت.

ب- جینۆسایدی بایۆلۆژی (Biological Genocide): واتە تەگەرە خستنەبەرپەرەپێدان و تێکدانی ڕێژەی ئاسایی زێدەبوونی نەوەی مرۆڤ لە نێو هەر گروپ و کۆمەڵەیەکدا. بەواتایەکی دی ڕێگەگرتن لە زاوزێکردن، جا بەهەر هۆیەك بێت، وەك نەزۆککردن و لەباربردن و خەساندن، یان دابڕینی پیاو و ژن لە یەکدی.

ج- جینۆسایدی کلتوری: واتە قەدەغەکردنی زمان، شێواندنی مێژوو، تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و داشۆرینی مرۆڤ لە دابونەریت و ڕۆشنبیری ڕەسەنی نەتەوەیی و مرۆیی و وێرانکردنی شارستانییەت و ژینگە و شوێنەوار و دێهاتەکان و شوێنە ئاینییەکانی هەر گروپە خەڵکێکی دیاریکراو.

د- جینۆسایدی ئابووری: واتە لە نێوبردن و سڕینەوەی بنەماو قەوارەی ئابووری و وێرانکردنی سەرچاوەکانی ژیان و بژێو گوزەرانی ماددیانەی هەر گروپێك و

برسیکردنیان و بەتاڵانبردنی ماڵ و سامانیان. یان ناچارکردنیان بۆ کۆچکردن، یاخود راگواستنیان و دانانیان لە شوێنێك کە هیچ هۆکارێکی ژیانی ئابووری و بژێویان نەبێت[١٧].

هـ- جینۆسایدی یاسایی: لەم جۆرە جینۆسایدەدا یاسا دەبێتە ئامرازێك بەدەست دەسەڵاتدارانەوە بۆ قڕکردنی گروپێکی دیاریکراو، چونکە ئەو دەسەڵاتە تۆلیتاریستییەی بڕیاری قڕکردنی گروپێك دەدات، پێشتر بنەمای یاساییشی بۆ دادەڕێژێت، هەروەك سەرۆکی ئێراقی پێشوو چەندین جار دووپاتی کردۆتەوە کە (یاسا لەدەست خۆمانەو چۆنمان بووێت وای دەگونجێنین)[١٨].

بەپێی ئەو زانیارییەی لەمەڕ جینۆساید و پێناسەی جینۆساید و قۆناخ و شێوازو جۆرەکانی جینۆساید خستمانە روو، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە جینۆساید تاوانێکی گەورەو دڕندانەیە نەك تەنها دژ بە گروپێکی نەتەوەیی، یان ئاینی یان رەگەزی، بەڵکە دژ بە هەموو مرۆڤایەتییە، بۆیە لە یاسای نێودەوڵەتی وەك تاوانێکی نێونەتەوەیی سەیر دەکرێت و نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری تایبەتی بۆ قەدەغەکردنی دەرکردوە، چونکە لەنێوبردنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك بەهۆیەکانی ژیانی و کلتووره ماددی و مەعنەوییەکەیەوە، پەیوەنددارە بەسەرجەم مرۆڤایەتییەوەو پێویستە بەری لێبگیرێ و ئەنجامدەرانی لە لایەن (دادگایەکی تایبەتی حکومی) لەو دەڤەرەی تاوانەکەیان لێ ئەنجامداوە، یان لەلایەن دادگای (سزای نێودەوڵەتی) دادگایی بکرێن، وەك لە رێککەوتننامەی پشتگیری و سزادانی تاوانکاری جینۆسایدا هاتووە[١٩]. ئەوەی لە پرۆسەکانی ئەنفالیش لە باشووری کوردستان روویاندا بەبێ هیچ جۆرە گومانێ دەچنە نێو خانەی جینۆسایدەوە بەتوندوتیژترین شێوازیشەوە.



## ١-٢-٤ بەهاناوەچوون

لە زمانی کوردی خۆمان و زمانی دیکەشدا گەلێك زاراوەی زانستی و شیاو بۆ بابەت و چەمکێك نییە و تۆژەر ناچار دەبێت پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی زاراوەی بیانی بەتایبەتی لاتینی و ئینگلیزی باو لە ئەدەبیاتی جیهانیدا. ئێمە کاتێك ویستمان زاراوەیەکی شیاو بۆ ئەو یارمەتی و کۆمەککردنەی خەڵکی هەولێر و دەوروبەری بۆ ئەنفالکراوەکانی لە جەژنیکان دانران بدۆزینەوە، زۆر پەیڤی هاوکوف و لێکچوو، یان لێك نزیك لە زمانی کوردیدا هەبوون وەك: (یارمەتی، کۆمەك، هانا، فریاکەوتن، هاریکاری، یاریکاری، ئاریکاری، دەستگرتن، دەستگرۆیی، چەپاڵە، گەلکردن، زبارە، ئاوڕلێدانەوە، لالێکردنەوە، هاوپشتی و بەهاناوەچوون... تد[٢٠]. دیارە بوونی ئەم هەموو وشە هاوکوفە بۆ یەك مەبەست، جگە لە دەوڵەمەندی زمانی کوردی، واتای ئەوەش دەبەخشێ لە ژیانی کوردەواری پرۆسەی ئاریکاری ویارمەتی و بەهانای یەکتروەچوون هێندە زۆرو باوبووە بۆتە بەشێك لە ژیانی کۆمەڵگەکەمان و هەردەم بەردەوام بووە، بەتایبەتی لە دەڤەری هەولێر و دەوروبەری ئەم کارە مێرخاسییە رەگوڕیشەیەکی مێژوویی قوڵی هەیە. بەڵام کە واتای دوورو نزیکی تەواوی ئەو زاراوانەمان تاوتو کرد لەسەر هەردوو چەمکی (فریاکەوتن و بەهاناوەچوون) گیرساینەوە، چونکە ئەم دووانە پتر بۆ یارمەتیدانی خەڵکی لێقەوماو بەکاردێن و لە پاشماوەی ئەنفالەکانی لێقەوماوتر و پڕ کارەساتتر نەبووە. کاتێکیش هانامان بردە بەر ژمارەیەك فەرهەنگی کوردی- کوردی، کوردی- عارەبی و بە پێچەوانەوە، کوردی- ئینگلیزی و بەپێچەوانەوە و ئینگلیزی- ئینگلیزی، ئەو رایەمان پتر چەسپا، (بەهاناوەچوون. . کە وشەی Relief ی ئینگلیزی دەچێتە بەرانبەر و بە عارەبیش (استغاثة)یە، بە واتای یارمەتیدانی خەڵکێك دێت لە شوێنێك کە بەهۆی کارەساتی شەڕ یان سروشتی لێیان قەوما بێ و پێویستییەکی زۆریان بەو یارمەتییە هەبێت[٢١]. لە بەرانبەر وشەی (فریاکەوتن) یش Aid))، بریتییە لە یارمەتیدانی خەڵکانێك (بە پارە و خۆراك) لە کاتی کارەساتدا، دەکرێ ئەمە

یارمەتی نێودەوڵەتیش بگرێتەوە بۆ ئەو وڵاتانەی تووشی کارەسات دەبن. کەچی لەلای ئێمە فریاکەوتن بە (النجدة) ی عارەبی و لە هەمان کاتدا بە(اسعاف) یش بەکاردێ... بۆیە پێمان باشتربوو هەر بەهاناوەچوون بە کاربهێنین.

(بەهاناوەچوون) پەیڤێکی لێکدراوە، (چاوگی لێکدراو)ـە و لە دوو بڕگە پێکدێت: (هانا) (ناوی واتاییە)، بەمانای یارمەتیدانی بەپەلەی خەڵکێك دێت کە لێیان قەومابێ و (چوون)یش (چاوگی سادەیە، تێنەپەڕە)، واتای ڕۆیشتن و ئەنجامدانی پرۆسەکە دەدات، بەڵام (وە)ی کە دەکەوێتە نێوان هەردوو بڕگەکە دەبێتە پاشگر بۆ (هانا) و دەکرێ بەئامرازی پەیوەندی و (ناوگر)یش دابنرێ لە ڕێزمانی کوردیدا. کەواتە (بەهاناوەچوون) دەبێتە زاراوەیەك بۆ (یارمەتیدان و کۆمەککردنی بێ بەرانبەری کۆمەڵە کەسانێك کە لێیان قەومابێت و لە تەنگانەدابن و کارەساتێکیان بەسەردا هاتبێ.

ئەو یارمەتی و کۆمەکەی کە لە گەڵ گەیشتنی ئەنفالکراوەکانی بادینان بۆ جەژنیکان، خەڵکی گوندی جەژنیکان و بەحرکە و گوندەکانی دەوروبەریان و نێو شاری هەولێر بەپەلە کۆیانکردنەوەو هەموو دیوارەکانی ترسان لە فاشیزم و گەمارۆی هێزی چەکداری رژێمی ئێراقیان رماند و گەیاندیانە ژن ومنداڵ وپیر و پەککەوتەکان، بەهاناوەچوونێکی بێ وێنە بوو، لەم توێژینەوەیە دەمانەوێ جەختی لەسەر بکەین.

### ١-٢-٥ هەولێر: وەك شوێن و شار و دانیشتوان

شاری هەولێر- مەڵبەندی پارێزگای هەولێرە و لە ساڵی ١٩٩٢ وە پایتەختی هەرێمی کوردستانی ئێراقە (باشووری کوردستان) ژمارەی دانیشتوانی لە ملیۆنێك کەس پترە و بەشێوەیەکی ئاسۆیی دەشتێکی فراوانی داپۆشیوە. بەرزی



لەسەر ئاستی دەریا (١٣٠٠) پێیە. لە باکوورەوە چیای پیرمام و گردۆلکەکانی خانزادە، لە ڕۆژهەڵاتەوە تا بناری زورگی کەسنەزان هەڵدەکشێ و لە باشووری دەشتی هەولێرە و لە خۆرئاواش بەرزاییەکانی کانی قرژاڵە و رەشکینن. پارێزگای هەولێر دەکەوێتە نێوان هێڵی (٢٢/ ٤٥- ٤٣) ی ڕۆژهەڵات و هێڵی پانی (٣٧- ٣٥/ ١٥) ی باکووری گۆی زەمین و نێوەڕاستی باشووری کوردستان. لە ڕۆژهەڵاتییەوە پارێزگای سلێمانی، لە باکووری دەگاتە سنوورە دەستکردەکانی ئێران و تورکیا (ئوستانی ئازەربایجانی خۆرئاوا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئوستانی هەکاری لە باکووری کوردستان). لە خۆرئاوای زێی بادینان (زێی گەورە) و پارێزگای دهۆك و موسڵە. لە باشووریشی پارێزگای کەرکوك و بەشێك لە باشووری خۆرئاوای دەگاتە پارێزگای موسڵ. هەر لە دێرینەوە شاری هەولێر مەڵبەندێکی کارگێڕی و بازرگانی بووە و قەڵا مێژووییەکەی سەنگەرێکی سەربازی بەهێز بووە لەبەرانبەر پەلامار و هێرشەکان خۆی گرتووە، لەوانە هێرشەکەی (هۆلاکۆ).

لە سەردەمی سەرگۆن ئەکەدی (٧٢١- ٧٠٥ پێش زاین) پایتەختی ئیمبراتۆریای ئاشور بووە و پشتی ساڵی (٦١٢ پ. ز) بۆتە بەشێك لە ئیمبراتۆریای میدیای کوردستانی. قەڵای هەولێر پتر لە (٦٠٠٠) شەش هەزار ساڵە دروستکراوە و تارۆژی ئەمڕۆ ژیانی تێدا بەردەوامە[٢٣]. لە گەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق و لکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی ئێراقەوە، لە ساڵی ١٩٢٢یش هەولێر بوو بە(لیوا- پارێزگا) و لە ساڵی ١٩٧٤یش ڕژێمی بەعسی ئێراقی کردی بەمەڵبەندی ئۆتۆنۆمی (کارتۆنییەکە)[٢٤]. لە گەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١، هەولێر لە رووی سیاسی و دیموگرافیەوە گۆڕانی بەسەرداهات و بووە مەڵبەندی جموجۆڵی سیاسی. لە ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٤. کەساڵانی ئاشتی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و ڕژێمی ئێراق بوو، گرنگی هەولێر پتر بوو، کەچی دوای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و پاشان نسکۆی شۆڕش لە ئاداری ساڵی ١٩٧٥ ڕژێمی

بەعس فشارێکی زۆری خستە سەر شارەکە، لەلایەك زۆربەی هەرە زۆری کوردە راگوێزراوەکانی ئەو دەڤەرانەی بە عارەب کران لە هەولێر نیشتەجێ دەکران، لەلایەکی دیکەشەوە ژمارەیەکی زۆری لە سەربازو پیاوانی ئاسایش و دەزگا سیخوڕییەکانی بە خێزانەوە لە هەولێر دانان تا بتوانێ ئاگاداری بزاڤی خەڵکی هەولێر بێت. لە هەمووانیش خراپتر ئەو سیاسەتی راگواستنی دەڤەرە سنوورییەکان بوو کە دیسان ژمارەیەکی یەکجار زۆریان لە(١٥) ئۆردوگای زۆرەملێ لە دۆرماندۆری ئەو شارە نیشتەجێ کران و گۆڕانکارییەکی گەورەو بەسەر پێکهاتەی دانیشتوانەکەیدا هات، لە پاش ئەمەش لە ساڵی ١٩٨٧ وە کە سیاسەتی سوتماککردن و ئەنفالەکان و وێرانکردنی هەرچی گوند هەیە دەستی پێکرد، دیسان هەولێر کەوتە بەر شالاوی کۆچ بۆ کردنێکی فراوان. بەپێی توێژینەوەکان تەنها لە ساڵانی نێوان ١٩٧٥- ١٩٧٧، ئەو شارە (١٦) جار بەقەد خۆی گەورە بووە[٢٥]. ئێستاش هەرچەندە ئامارێکی دروست لەبەر دەست نییە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠ وە تا ئێستا (٢٥) جار بەقەد خۆی گەورە بووە، چونکە پاش بوونی بەپایتەختی باشووری کوردستان دیسان رووبەڕووی گۆڕانێکی دی دیموگرافی و کارگێڕی و ئابووری و ئاوەدانی گەورە بۆتەوە. خەڵکی هەولێر کە لە دێرینەوە بەخەڵکێکی ئاسوودە و ئاشتیخواز و چاوتێر و هاریکار ناسراون و هەردەم رێزیان بۆ خەڵکی غەریبە و ئاوارە هەبووە و بەدەر لە توانای خۆیان یارمەتی ئەوانەیان داوە کە لێیان قەوما بێ و پێویستییان بەیارمەتی و کۆمەك هەبووبێ. ئەو گۆڕانە دیموگرافییەی لە ساڵانی رابردووش روویدابوو، وای کرد بوو کە خەڵکی شارستانی بەڕەسەن لە هەولێر نیشتەجێ بوو ببێتە کەمینە و خەڵکی لە گوند هاتوو زۆرینەی رەها بێت، بەمەش فریاکەوتن و بەهاناوەچوونی لێقەوماوان رەهەندێکی فراوانتری وەرگرت. مێژووی دوور و نزیکی ئەم شارە دەیان نموونەی لەمبارەوە تۆمار کردووە، کە یارمەتیدانی گوندە راگوێزاوەکانی بەهاری ساڵی ١٩٨٧ و یارمەتیدانی پاشماوەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە و پاشان



ئەنفالکراوەکانی بادینان لە جەژنیکان چەند نموونەیەکی دیار و زیندوون بۆ هاوکاری کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی هەولێرییەکان، کە راگەیاندنەکانی جیهان و (راپۆرتی رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤیش) لە چەندین رووەوە ئاماژەی بەهەڵوێستی جوانمێرانەی ئەو شارە داوە وەك دەڵێ: (ڕزگاربوونی ئەو خەڵکەی لە دەوروبەری هەولێر بوون لەمیانیاندا ئەوانەی جەژنیکان... بەهۆی ئەو کۆششە گەورەیەی کوردی هاونەتەوەی خۆیان بوو لە هەولێر)[٢٦].

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١- د. معن خليل العمر/ معجم علم الاجتماع المعاصر/ دار الشروق/ عمان — الاردن ٢٠٠٠/ ص٣٩٠.

٢- محەکەد رەئوف عەزیز/ رەهەندە سیۆلۆجییەکانی ئەنفال/ لەچاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری/ چاپخانەی تیشك/ سلێمانی ٢٠٠٣/ ل٢١.

٣- د. احسان محمد الحسن/ موسوعه علم الاجتماع/ الدار العربيه للموسوعات/ بيروت — لبنان ١٩٩٩/ ص٤١٨.

٤- - هەمان سەرچاوە/ ل٤١٩.

٥- د. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن/ سۆسیۆلۆژیا لای مارکس و ماکس فیبەر/ و: دانا مەلا حەسەن/ سلێمانی/ ٢٠٠٥/ دەزگای سەردەم/ ل ٧٦.

٦- هەمان سەرچاوە/ ل ٨٥.

٧- د. احسان محمد الحسن/ موسوعه علم الاجتماع/ المصدرالسابق/ ص٤٢٠.

٨- د. محەمەد گەزنەیی/ سەنتەری برایەتی (گۆڤار) ژ ٢٤. ل٣١٢. هەروەها: د. جمال رشيد احمد/ ظهور الكورد في التاريخ، ج٣ دار اراس للطباعة و النشر/ اربيل ٢٠٠٥/ ص٤٠٦.

٩- زوهبر ئەلجەزائیری/ سەنتەری برایەتی (گۆڤار) ژمارە ٢٤/ هەولێر ٢٠٠٢. ل٥٢. هەروەها HRW- ME/ حمله الانفال فى كردستان العراق/ تدمير قريه كوريمى/ ت: د. رزگار/ دار اراس للطباعة والنشر/ اربيل ٢٠٠٠ ص١١.

١٠- وەهاب شاه محەمەد/ هەفتەنامەی جەماوەر/ ژ ١٦٦، رۆژی ٦/ ٣/ ٢٠٠٦.

١١- بۆ زانیاری پتر بڕوانە: باقر یاسین/ مێژووی خوێناوی ئێراق/ و: حەمە سالح گەلالی. سلێمانی ٢٠٠٤. ل٥٥- ٢٨ و ١٤٣.

١٢- محەمەد رەئوف عەزیز/ سەرچاوەی پێشوو/ ل٢٠٣.



١٣- د. جەبار قادر/ سەنتەری برایەتی (گۆڤار) ژ ٢٤/ هەولێر ٢٠٠٢. ل٦٧.

١٤- د. جەبار قادر/ سەرچاوەی پێشوو. ل٦٧.

١٥- HRW ME سەرچاوەی پێشوو. ل١٣.

١٦- مارف عومەر گوڵ/ سەنتەری برایەتی (گۆڤار) ژ٢٤/ هەولێر ٢٠٠٢. ل٨٣.

١٧- یوسف دزەیی/ ئەنفال. . کارەسات، ئەنجام و رەهەندەکانی/ دەزگای موکریان/ هەولێر ٢٠٠٣. ل٤٤- ٤٨.

١٨- هەمان سەرچاوە. ل٤٩.

١٩- مارف عومەر گوڵ/ سەرچاوەی پێشوو. ل٨٢.

٢٠- ME/ HRW سەرچا وەی پێشوو. ل١٢٨.

٢١- بۆ واتای ئەم وشانە بڕوانە:١- گیو موکریانی/ فەرهەنگی کوردستان/ دەزگای ئاراس/ هەولێر. ل٩٠٥. ٢- بەدران ئەحمەد حەبیب/ فەرهەنگی زاراوە/ کۆڕی زانیاری کوردستان/ هەولێر. ل١٢٤. ٣- پرشنگ حەمە ئەمین/ فەرهەنگی یاد (ئینگلیزی —عەرەبی —کوردی) چ ٢ سلێمانی ٢٠٠٣. ل١٦.


٢٢- OXFORD ADVANCED LEARNERS DICTIONARY/ National libos Iran ٢٠٠٢ Page ١٠٧٤ .

٢٣- وزارة الثقافة لاقليم كوردستان/ الدليل السياحي/ اربيل ص٧- ١١.

٢٤- د. خليل اسماعيل محمد/ اربيل دراسات ديموغرافية واقتصادية/ وزارة الثقافة لاقليم كوردستان/ اربيل ٢٠٠٣. ص٣.

٢٥- د. خليل اسماعيل محمد/ المصدر السابق. ص٤.

٢٦- HRW- ME المصدر السابق. ص٧٨.


W
E
S
کوران
زانایان
بەختیاری
پارکی هەولێر
ئاشتی
سۆران
نەورۆز
کوردستان
بەهار
شادی
زانیاری
ڕوناکی
ئازادی
مەهاباد
ڕاستی
SE12

# بەشی سێیەم

## شالاوەکانی ئەنفال بۆ سەر دەڤەرە ئازادکراوەکان

١-٣-١ کورتەیەك لەمەڕسیاسەتی جینۆسایدکردنی کوردستان

١-٣-٢ کارەساتی ئەنفال

١-٣-٣ ئامانج لە شالاوەکانی ئەنفال

١-٣-٤ قۆناخەکانی ئەنفال

١-٣-٥ عەلی حەسەن ئەلمەجید

# بەشی سێیەم: شالاوەکانی ئەنفال بۆ سەر دەڤەرە ئازادکراوەکان

## ١-٣-١ کورتەیەك لەمەڕ سیاسەتی جینۆسایدکردنی کوردان بەر لە ئەنفال

لەیەکەمین شەڕی جیهانیدا، کەپەیمانی سایکس بیکۆ (١٩١٦) مـۆرکرا، بـەپێی ئـەو پەیمانـە خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت دابەشـکرا و هەربەشـەی کەوتـە بندەسـتی دەوڵـەتێکی کۆڵۆنیالیـست (ویلایـەتی موسـڵ —باشـووری کوردسـتان) وەبـەر بەریتانیا کەوت. لەوکاتەی ئینگلیزەکان مژۆڵی ئەوە بـوون ئـەو بەشـە گرنگـەی کوردستان لەگەڵ هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرا بەیەکـەوە بلکێـنن و دەوڵـەتی ئێراق دروست بکەن، گەلی کوردستان، بەتایبەتی لەدەڤەری سـلێمانی لەسـاڵانی ١٩١٨ و ١٩١٩ وە بەڕێبەرایەتی شێخ مەحمودی حەفید شۆڕشـی بـەرپاکردبوو، داوای ئازادی و سەربەخۆیی ئەو بەشەی دەکرد.

کۆڵۆنیالیزمی بەریتانیایی. لەلایەك دەیویست شۆڕشی کوردان سەرکوت بکات و دەوڵەتی ئێراق لەژێر سەرپەرشتی خۆی پێکەوە بنێ، لەلایەکی دیکەشی بڵاوی دەکردەوە کەکوردەکان خۆیان دەیانـەوێ ببنـە بەشـێك لـەئێراق و گوایـە بـەپێی پەیماننامەی سیڤەر (١٩٢٠) یش داخوازییەکانی کورد ڕەچاو دەکەن.

ئەو مانۆرەی بەریتانیا بۆ ئەوەبوو کوردستان دابەش بکرێ بەسەر چـوار پارچـە و لەبەشی ئێراقیشدا بنەماڵـەی هاشمییـەکان شافەیـسەڵ بهـێنی بیکاتـە پادشـای ئێراق. هەم باشووری کوردستانی دەوڵەمەند بە نەوت بخاتە ژێـر دەسـتی خـۆی و هەمیشی کورد بەو بەڵێنانەی کە داخوازیەکانیان لەبەر چاودەگرێ، بکاتە هێزێك بۆ ئەوەی دەنگ بۆ دانانی شافەیـسەڵ بـدەن. بـەڵام هـەر لەسـەرەتاوە خـەڵکی



دەڤـەری سـلێمانی و کـەرکوك و روانـدز و زۆر شـوێنی دی پێـشنیارەکانی بەریتانیایان رەتکردەوە. لەهەردوو لیوای موسڵ و هـەولێریش راپرسـیان کـرد و هەرخۆیان رایانگەیاند کوردەکان دەنگیان داوەتە شافەیسەڵ و بـەوە قـایلن ببنـە بەشێك لە ئێراق، بەڵام داوای جۆرێك لەئۆتۆنۆمی دەکەن. دوای ئەمەش بەپێی بەیاننامەی (مەندوبی سامی بەریتانیا) گوایە (٩٧٪) ی دەنگەکانی هێناوە، کە بەزۆری زۆرداری لە ١١/ ٧/ ١٩٢١ شافەیسەڵی کردە پادشای ئێراق و باشـووری کوردستانیشی بە ئێراقەوە لکاند[١].

لەو کاتەوە تا رۆژی ئەمڕۆ، لەهەردوو سەردەمی دەسـەڵاتی پادشـایی (١٩٢١-٢٠٠٦) هەموو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئێراق کە حکومەتی نەتـەوەیی عارەب بوون، دانیان بەمافەمانی گەلی کوردسـتاندا نـەهێناوە و هـەرکاتێکیش کورد راپەڕینی بەرپاکردبێ و نارەزایی لەم بارودۆخە دەربڕیبێ بـە ئـاگر و ئاسـن وەڵامیان داوەتەوە لەسـاڵانی ١٩١٨- ١٩١٩، بـەریتانیا کەراسـتەوخۆ ئێراقـی لەبندەستا بوو بەشەڕێکی گەورەو خوێناوی جـا تـوانی سـلێمانی داگـیر بکـات. لەساڵی ١٩٢٣ دیسان هێرشیان کردەوە سەر سلێمانی و دنگیر کرایەوە، لەسـاڵی ١٩٢٤ یش جارێکی دی شەڕ هەڵگیرسـایەوە بەریتانیـەکان بـەهاوکاری سـوپای ئێراق، دیسان سلێمانیان گرتەوە[٢].

بەستنەوەی باشووری کوردستان بە ئێراق و رێگەنەدان بـە کـورد تەنانـەت مـافی ئۆتۆنۆ میش هەبێت هەمووی بۆ ئەوە یوو ئەو بەشە نەوت و کانزایەکی یـەکجار زۆری لێیەو حکومەتی ئێراق و بەریتانیا لە نێوان خۆیاندا دابەشی بکەن. چەندین پەیماننامەشیان بەستا کە تـا سـاڵی (٢٠٠٠) ئیمتیـازی دەرهێنـانی نـەوت لـە کوردستان درایە کۆمپانیای پەترۆڵی ئێراقی، کە پشکی هەرە زۆری بۆ بـەریتانیا بوو، هەرلەو کاتیشەوە هەوڵیان داوە خێڵە عارەبەکۆچـەرەکان بـەرەو کوردسـتان بنێـرن و نیـشتەجێیان بکـەن. بەهەماهـەنگی نێـوان داگیرکـەرانی ئینگلیـزو حکومـەتی عـارەبی ئێـراق، زۆریـەی ئەوانـەی بەفەرمانبـەر و کرێکـار لـە

کۆمپانیاکانی پەترۆلی ئێراقی لە کەرکوك و خانەقین دامەزران عارەب بوون و خانوویان بۆ دروستکراو لە خانەقین و کەرکوك نیشتەجێکران، تەنانەت کاتێك یەکەمین بیرە پەترۆڵ لە ١٤/ ١٠/ ١٩٢٧ لە بابە گوڕگوڕی کەرکوك تەقیەوە و پەترۆل بەکەندو شیوەکاندا جۆگەی بەست، کۆمپانیای نەوت لەجیاتی ئەوەی بچنە نێو کەرکوك کرێکاری کوردو تورکمان بهێنن بەربەست بۆ بڵاو بوونەوەی پەترۆلەکە دابنێن، رێگەی (٤٠) میلیان بڕی و لەدەشتی حەویجە چوون (٨٠٠) کەس لە رەوەندە (جبوور) ەکانی عارەبیان هێنا بۆ ئەم کارەیان، چونکە ئەوکات عارەب لە کەرکوك و دەوروبەری نەبوو تەنها خێڵە کۆچەرییەکان تا دەڤەری حەویجە دەهاتن بۆ مەڕ چەلاندن[٤]. هەر لەمبارەوە لە ریپۆرتاژێکی وێنەداری کوردستاندا لە کەرکوك ئامادەکرابوو، دیاربوو دوای پرۆسەی ئازادی ئامادەکرابووڕۆژی ٢١/ ٩/ ٢٠٠٦ زۆر لەهاوڵاتییە تورکمانەکانی کەرکوك ئاماژەیان بەوە دەدا کە لە کەرکوك تەنها کوردو تورکمان هەبووە و عارەب نەبووە. یەکێك لەوانە کە گوتی من لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٧ م و تا ساڵانی شەستەکان عارەب لەکەرکوك نەبوون جگە لە ژمارەیەك فەرمانبەر و فەرمانبەرانی کۆمپانیای نەوت. عارەبەکانیش کە کامیرای تەلەڤزیۆن لەگەڕەکی (دومیز) ی کەرکوك نیشانی دەدان هەموو ئاماژەیان بەوە دەکرد رژێمی ئێراق هێناونی لە کەرکوك دایمەزراندون و زەوی داونەتێ و پارەی خانووشی بە زیاد بۆ خەرجکردوون، ئەمە سەرەڕای هەزاران دیکۆمێنت کە ئەم راستیانە دەخەنە روو هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقەوە حکومەت و ئینکلیز هاوڕابوونە ناوچە دەوڵەمەند و ستراتیژییەکانی کوردستان بە عارەب بکەن، هەرچەندەش وەك لە رێکەوتنەکاندا وا بڕیاربوو ریفڕاندۆم لە باشووری کوردستاندا بکرێت و رای خەڵك وەربگیرێ ئایا دەیانەوێ لەگەڵ ئێراقدا بمێننەوە، یان سەربەخۆبن، دیارە لەچەند ناوچەیەك ئەو ریفراندۆمە کراو کۆلۆنیالیزم گەیشتە ئەو راستییەی کە زۆرینە سەربەخۆییان دەوێ، ریفراندۆمەکەیان راگرت و ساختەیان تێداکرد وەك خۆیان دەیانویست وایان دانا کە باشووری کوردستان لەگەڵ ئێراقدا دەبێت.



کۆمیساری ئەمریکا لە بەغدا لە رۆژی ٢٠/ ٣/ ١٩٤٥ دا بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی خۆی نووسیویەتی و تێیدا ئاماژە بەوەدەکات کە حکومەتی ئێراق لەسەردەستی کابینەی پاچەچی و وەزیری ناوخۆ موستەفا عومەری لەهەوڵی بەعەرەبکردنی دەڤەری کەندێناوەی لیوای هەولێردان[٥].

دیارە ناسیۆنالیستی عارەبی بۆ دەستبەسەرداگرتنی گەلانی موسڵمانی غەیرە عارەب سودێکی زۆریان لە ئاینی ئیسلام وەرگرتووە، هەر لەسەرەتاوە بردنی داهاتی خاکی ئەو گەلانەیان بۆ خۆ بەڕەوا زانیووە و باوەڕیشیان وابووە چاکەی زۆریان بەسەر ئەو گەلانەدا هەیە و دەبێ هەردەم لە خزمەتی عارەب دابن. . ئەگەر کوردستانیش بە نموونە وەربگرین شوێنی جوگرافی کوردستان و سروشت و سامان و خاکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و بوونی ئاوێکی زۆرو مەڵبەندە گەشت و گوزارەکەشی، بۆ خەڵکانی بیابانە گەرمەکەی ئێراق هەردەم مایەی چاوئێبڕین بووە، بەتایبەتیش دوای دۆزینەوەی نەوت لەخانەقین و کەرکوك کە ئابوریترین و باشترین جۆری پەترۆڵی هەیە[٦].

بەعارەبکردنی کوردستان بەتایبەتی لەناوچە پەترۆڵدارەکان هەر لە ساڵی ١٩٢٥ وە دەستی پێکردووە. وەك ئاماژەمان پێدا سەرەتا بەناردنی کرێکارو فەرمانبەری عارەب بۆکەرکوك و خانەقین و نیشتەجێکرجنیان لەو شوێنانە دەستی پێکرد، پاشان کارمەندانی سوپایان نیشتەجێکرد، تا گەیشتە ئەوەی خێڵی جبوور لەکەرکوك و خێڵی عارەبی شەمەر لە موسڵ نیشتەجێ بکەن و بۆ هەمووشیان بەشێوەیەکی زۆر باش پێداویستیەکانی ژیان و گوزەرانیان بۆ دابین کردوون. کاتێك شۆڕشی ١٤/ ی تەموز بەڕێبەرایەتی زەعیم عەبدولکەریم قاسم لەلایەن ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بەرپابوو، گەلی کوردستان بەهەموو شێوەیەك پشتگیری لەو شۆڕشەکردو ئامادەباشی خۆیشی راگەیاند ببێتە هێزی پاسەوانی شۆڕش و کۆماری ئێراق ئەمەش لەڕێگەی هەردوو حزبە سەرەکیەکەی ئەوکاتی کوردستان، کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە رێبەرایەتی مستەفا بارزانی نەمر و هەرێمی

کوردستانی حزبی شیوعی ئێراق هەرێمی کوردستان بووە. بەڵام زەعیم عەبدولکەریم قاسم و حکومەتە بەناو نیشتیمانیەکەشی —هەرچەندە لەدەستوری کاتیدا دانیان بە گەلی کورد دانا کە لەگەڵ عارەب لە ئێراقدا هاوبەشە- بەڵام بەکردەوە هیچ مافێکیان بە کورد رەوانەبینی، بەپێچەوانەشەوە لە ساڵانی ١٩٦١- ١٩٦٢ سوپای ئێراق هێرشی کردە سەرکوردستان و پتر لە (١٥٠) گوندیان وێرانکرد و (٣٠٠٠) سێ هەزار هاوڵاتی سڤیلیان شەهید کرد نزیکەی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار کەسیشیان پەراگەندەی چیاکان کرد[٧].

## ڕژێمی بەعسی ئێراق و بەرنامەی جینۆسایدکردنی کوردان

حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالست کاتێك لە ساڵی ١٩٦٣ هاتە سەرحوکوم بەرنامەیەکی تێروتەسەلی دانا بۆ لەناوبردنی گەلی کورد، کە سەرەتا بە دامەزراندنی دەزگایەکی دڕندەو شۆفینیست دەستی پێکرد، پێیان دەگوت (پاسەوانی نەتەوەیی — الحرس القومي). لەپاسەوانی نەتەوەیی خێڵەعارەبە نەزان و پاشکەوتووەکانیان قەید کرد، دروشمی سەرەکییان بریتی بوو لە (سەر بۆ ئێمە و ماڵ بۆ ئێوە). واتە بڕۆن کوردستان داگیر بکەن، سەری کوردەکان ببڕن و بۆ حکومەتی بەعسی بهێنن، ماڵ و موڵك و سامانیش بۆ ئێوە و بەئارەزووی خۆتان تالان بکەن. حزبی بەعس خۆی حزبێکی نەتەوەپەرستی رەفتار فاشیستانەبوو، باشیش نەفسیەتی خێڵایەتی عارەبەکانی خوێندبۆوە کە مادام پێتگوت تالان بکە بۆ خۆت، ئیتر ئامادەیە خۆی بکوژێت. پاسەوانانی نەتەوەیی کە لەگەڵ سوپای ئێراق هێرشیان دەهێنایەسەر کوردستان و زۆر تاوانی گەورەیان کرد، خەڵکی زۆریان کوشت، بەهەر شوێنێك گەیشتبان تالانیان دەکرد، بەتایبەتی لەپارێزگای کەرکوك و دەشتی قەراج و کەندێناوەی پارێزگای هەولێر. سەرەڕای ئەمەش بەعس بەرنامەی بەعارەبکردن، بەبەعسی کردن، راگواستنی کوردی دارشتبوو، بەڵام ماوە کورتەکەی مانەوەی لەسەر دەسەڵات بواری نەدا



جگە لە(پارێزگای کەرکوك)، لە شوێنەکانی دی جیبەجێی بکات. لە ساڵی ١٩٦٨، کە حزبی بەعس جارێکی دی بەرێبەرایەتی ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدام حوسێن بە کۆدیتایەکی دی سەربازی دەسەڵاتی ئێراقیان گرتەوەدەست، سەرەتا نەرمییان بەرانبەر بەکورد نواندو لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول ریکەوتننامەی ئاداریان لە ١١/ ٣/ ١٩٧٠ مۆر کرد، بۆ ماوەی چوار ساڵ دانوستاندن لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بەردەوام بوو. لەو ماوەیە دا حزبی بەعس جێی خۆی لە دەسەڵات قایم کرد. لە ئاداری ١٩٧٤، دوا ماوەی جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە بوو، بەکردەوە پەشیمان بوونەوەی خۆی سەلماند.

## دەرکردنی کوردی فەیلی

لەمیانەی ساڵانی دانوستاندن و لە ساڵی ١٩٧١ دا بۆ بەعارەبکردنی کوردستان و دەستگرتن بەسەر ماڵ و سامانیان نزیکەی (٧٠٠٠٠) حەفتا هەزار کوردی (فەیلی بەمەزهەب شیعە) بەرەو ئێران دەرکرد، لەساڵی ١٩٨٠ و بەر لە دەستپێکردنی شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا نزیکەی (١٥٠٠٠٠) سەدو پەنجا هەزاری دیکەشی لەشارەکانی بەغداو خانەقین، مەندەلی، کوت، بەدرە، ز رباتیە، عەلی شەرقی و عەلی غەربی و جولەولا بەرەو ئێران دەرکرد و پترله(٦٠٠٠) شەش هەزار گەنجیشی لێ دەستگیرکردن کەتەمەنیان لە نێوان (١٦- ٣٠) ساڵان بوو[٨].

ڕژێمی بەعس ئەو کوردە فەیلیانەی بەو پاساوە دەرکرد گوایە ئەوانە ئاینزایان(شیعە) یە و لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتوون و رەعیەتی ئیمبراتۆریای عوسمانی نین، کەواتە بەرەسەن ئەوانە ئێراقی نین و ئێرانین بۆیە دەبێت بنێدرێنەوە ئێران. بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە لەبەر ئەوە دەرکران، چونکە

بەناوەڕاستی ئێراق و خوارووی باشووری کوردستان بڵاوببونەوە، خەڵکی بازرگان و پیشەیی کارامەو بەتوانا بوون، بنەمایەکی ئابوری گرنگیان هەبوو، کەرەسەیەکی مادی و مرۆیی و وزەی شۆڕشی کوردستان بوون، رژێم لێیان دەترساو دەیویست دەست بەسەر داهاتە ئابوریەکەشیان دابگرێ وەك لە راپۆرتی نۆیەمین کۆنگرەی حزبی بەعسدا خۆیان ئاماژەیان پێداوە[٩]. مەلا شاخی لە کتێبی ئەنفالی خاڵخالآن (ئەنفالی چوارەم) دا ئاماژە بە ژمارەیەکی زۆر لە مە دەدات و نووسیویەتی (لە رۆژی ٧/ ٤/ ١٩٨٠ کەیادی دامەزراندنی حزبی بەعسی فاشست بوو، (٤٨٠) بازرگانی کوردی فەیلیان کۆکردەوە و زیندانیان کردن، دەستیان بەسەر هەموو ماڵ و موڵکیان داگرتن و هەموو دیکۆمێنتێکی فەرمی و پێناسەی کەسی لێوەرگرتنەوە و لەسەر سنووری نێوان ئێراق و ئێران فڕێی دان بێ ئەوەی یەك دیناریشیان پێ بێ، تا هێندەی ژیانیان ماوە بە هەژاری و ئاوارەیی لە ئێرانی بەسەر ببەن[١٠].

**جەلیل فەیلی روونتر ئاماژە بەو پرۆسە دەکات و نووسیویەتی:**

١- ماڵ و موڵك و سامانی گواستراوەو نا گواستراوەیان دەستی بەسەر داگیرا.
٢- گەنجەکان دەستگیر کران و زۆربەشیان شەهید کران، خێزانەکانیان بێ پیاو، یان دایك و باوك بێ منداڵەکانیان بۆ ئێران دەرکران.
٣- دەسەڵاتی فاشیست خەڵاتی (٥٠٠٠) دیناری ئەوکاتی تەرخانکرد بۆ هەر مێردێك ژنەکەی کوردی فەیلی بێت، یان ژنێك مێردەکەی کورد بێت و لێی جیاواز بێتەوە.
٤- ئەوانەی بۆ ئێران دەرکران، یان دەستگیرکران هەموو بەڵگەنامەیەکی فەرمی و کەسی و یاساییان لێ سەندن کە دەیسەلمێنێ ماڵ و موڵکیان لە ئێراق هەبێ، یان خەڵکی ئێراق بن.
٥- هەموو ئەو بڕوانامەو بەڵگەنامەی زانستی و خوێندنیان لە خەڵکەکە ستاند، تا لە دیوی ئێرانیش نەتوانن کارێك بکەن ژیانی خۆیانی پێ دابین بکەن[١١].



## ڕاگواستن و بەعارەبکردن

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بەرێبەرایەتی مستەفا بارزانی نەمر، رژێم هەلی زێڕینی دەستکەوت تا بەرنامەی جینۆسایدکردنی کوردان پەرەپێ بدات. هەرچەندە لێبوردنی گشتی بۆ بەشدارانی شۆڕشی ئەیلول و خێزانەکانیان دەرکردبوو، بەڵام ئەوەی بۆرە بەرپرسێتیەکی لە شۆڕشدا هەبوو بێت بەرەو شارۆچکە و گوندەکانی باشووری ئێراق رایگواستن تا لەوێ لەناوبردنیان ئاسان بێت و لە نێو بۆتەی عارەبیش بیانتوێنێتەوە. پاشان هەر لە ساڵی ١٩٧٥ وە تا ١٩٧٨ تا قوڵی ٣٠ کم خەڵکی ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ رۆژهەڵات و باکووری کوردستان راگواست و ئۆردوگاکانی زۆرە ملێی بۆ دروستکردن و خستنیە ژێر چاودێری دەزگا سیخوڕییەکان، گوندەکانی خاپورکردن، کانیاوەکانیان چیمەنتۆڕێژ کرد. کێڵگەو مەزرا کشتوکاڵیەکانیان وشککردن و ئەو ناوچانەی لە هەموو جۆرە جولەو ژیانێك و ئاوەدانی قەدەغەکردو بەردەوام بۆردومانی دەکردن. ناوچە سنوورییەکانی خۆرئاواشی بەعارەبکرد و لە ناحیەی رزگاری و دەڤەری سێمێل و سلێڤانەوە بگرە تا دەگاتە فایدە، چەندین کۆمەڵگەی بۆ خێڵە عەرەبەکان لێ دروستکرد، پاشان دەڤەرەکانی شێخان و ئەتروش و تەلەعفەر و شەنگاڵیشی بەعارەب کرد. لەساڵی ١٩٧٧ وە کوردی ئایین ئێزیدی راگواست و لە ئۆردوگای زۆرە ملێ دانیان. زۆربەشیانی بەزۆری زۆرداری کردە عارەب[١٢]. هەروەها رژێمی ئێراق لەو ماوەیە بەردەوام بووە لە راگواستنی فەرمانبەرو خەڵکی کورد لە بەدرەوخانەقین و کەرکوك و موسڵ، بەتایبەتی (خانەقین و کەرکوك) بۆ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك و بەهەزاران خێزانی

ئاوارەو دەربەدەر کرد و لەجیاتی ئەوان عارەبی لەناوەڕاست و باشووری ئێراق دەهێناو هەموو پێداویستیەکی ژیان و حەوانەوە و خۆش گوزەرانی بۆ دابین

دەکردن، گوندی کوردانی لەو پارێزگایەو ناوچە پەترۆلیەکانی دیکەش لە پارێزگای هەولێر رادەگواست بێ هیچ قەرەبوویێك و زەوییەکانیشی بەسەر عارەبەکاندا دابەش دەکرد و هەموو پێداویستیەکی نیشتەجێ بوون و کشتوکاڵی هاوچەرخانەی بۆ دابین دەکردن.

هەر لە ساڵی ١٩٨١ دا رژێمی بەعس بڕیاری ٣٩١ ی دەرکرد و تیایدا فەرمان دەدات (٢٠٠٠٠) بیست هەزار خانوو لە باشوور و ناوەڕاستی ئێراق دروست بکرێت بۆ خەڵکی کەرکوك، بەڵام لەبەر مژوڵبوونی بەشەڕی ئێران جێبەجێ نەکرا[13] هەروەها سیاسەتێکیان گرتبووە بەرانبەر بە دەرکردنی کوردان و پێیان دەگوتن ئەگەر دەچێتە باشووری ئێراق تەواوی موڵك و سامان و ماڵاتت دەدەینێ، بەڵام ئەگەر دەچیتە شارەکانی بەناو ئۆتۆنۆمی، واتە کوردستانی ئازاد، ئەوەتەنها خۆتان و جل و بەرگتان دەبەن.

## ئەنفالکردنی بارزانیان

ئەگەر نەتوانین بیسەلمێنین دەرکردن و گرتنی کوردە شیعە مەزهەبەکان یان کوردانی فەیلی بەبەشێك لەئەنفالی کوردان دابنێین، ئەوا گومان نامێنێ کە گرتن و شونبزرکردنی بارزانیەکانی کامپی کاوە (قودسی پێشان) و هەریرو بەحرکەو دیانا ئەوا قۆناخێکی دەستپێکی ئەنفال بوون. بارزانیەکان بەشێك بوون لەو کوردانەی کە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول گەڕانەوە ژێر دەسەڵاتی رژێم بە پێی لێبوردنی گشتی، پاش ئەوەی رژێم ئەوان و تەواوی خەڵکی نزیکەی(١٥٠) گوندی دەڤەری بارزان و بادینانی بەرەو خوارووی ئێراق پەراگەندە کرد، پاشان ریگەی دان بگەڕێتەوە کوردستان بەو مەرجەی لەو شوێنەی رژێم خۆی دەیەوێ نیشتەجێیان بکات و لە ئۆردوگای زۆرە ملێی(کاوە) لە باشووری قوشتەپە دایناین. بارزانیەکان خەڵکی سڤیل و کاسبکاری ماڵی خۆیان بوون. بەکرێکاری رۆژانە چ کاری سەخت و دژوار هەبوو دەیانکرد تا بژێوی ماڵ و منداڵەکانیان



دابین بکەن و چ پەیوەندییەکیان بە شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بارزانیشەوە نەبوو. رژێمی بەغدا بۆ ئەوەی شکستیەکانی خۆی لەبەرەکانی شەڕی حاجی ئۆمەران بەسەرکورداندا بشکێنێتەوە و بەو پاساوەی گوایە هێزەکانی پارتی یارمەنی حکومەتی ئێرانیان داوە، لەبەرەبەیانی رۆژی ٣١/ ٧/ ١٩٨٣ بەهێزێکی گەورەی گاردی کۆماری و تایبەت دەوری کامپی کاوەی گرت و هەرچی نێرینە بوو، تەمەنی لە (١٤- ٧٠) ساڵان بوو گرتنی و بەلۆری سەربازی بەرەو بیابانەکانی رەوانەکردن و بێ سەرو شوێنی کردن کە ئەمساڵ «٢٠٠٦» تەرمی بەشێکیان بە شکۆوە هێنرانەوە کوردستان. هەروەها لە رۆژی ١٠/ ی ئابی هەمان ساڵ بە هێزێکی دیکەی گەورە هەڵیان کوتایە سەر ئۆردوگاکانی بەحرکەو هەریر و دیاناو ئەوەی کەوتە بەر دەست ئەوانیشی شونبزر کرد، وەك پاشان سەدام حوسێن خۆی دانی پێداناو لەسەر تەلەڤزیۆن گوتی: (بۆجەهەنەمان ناردن). ژن و منداڵەکانیش بێ هیچ هۆکارو پێداویستیەکی ژیان جێهێشتن، کە ژنە بارزانیەکان بە رەنجی شانی خۆیان و بە ئیشکردن لە شینایی و کێڵگە کشتوکاڵیەکانی دەڤەرەکان و ماڵانی سەربەرزانە ژیان و ئەو منداڵانەی پاشە باب مابوونەوە پێیان گەیاندن و ئامادەش نەبوون دەست لەبەر خەڵکی نامەرد پان بکەنەوە و سواڵ بکەن، لێرەدا شایانی گوتنە خەڵکانێکی نیشتیمانپەروەری شاری هەولێرو دەڤەرەکە یارمەتیان گەیاندە هەندێ لەو ژن و منداڵە کۆست کەوتووانە، بەڵام ئامادە نەبوون یارمەتی لە هەموو کەسێك وەربگرن، گەر دڵنیا نەبوونایە خەڵکێکی پاك و کورد پەروەرن. رژێم بەو زوڵمەش وازی نەهێنا، بەڵکو لە مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا ژمارەیەکی زۆر لەو ژن و منداڵەشی گرت و لە نزیك سنوورە دەستکردەکەی نێوان ئێراق و ئێران و لە نێو خاکە بەمینچێنراوەکان فڕێی دان، تا بچنە لای کەسوکاریان لە ئێران[14]. بەڵام ژمارەیەکی زۆر لەو ژن و منداڵانە بەهەر شێوەیەك بێت خۆیان گەیاندە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان و زۆریان بێ پیاوو سەرپەرشتیار بەهێزی بازووب خۆیان گوندەکانی پێشوویان لەدەڤەری بارزان ئاوەدانکردەوە و بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداری و قەزوان و کەنگرۆك فرۆشی درێژەیان

به ژیان دا و هاوکار و یارمەتیدەرێکی چاکی هێزەکانی پێشمەرگەش بوون، ئێمە خۆمان وەك پێشمەرگەیەك شایەتحاڵی ئەو ژیانە کۆڵەمەرگیە، بەڵام سەربەرزانەی ئافرەتە بارزانیەکان بووین.

## تاوانی جینۆسایدکردنی کورد

دیارە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، رژێمی بەعس دەیویست کوردستان لەسەر نەخشە نەهێڵێ. . ئەوەی دەیکوژێ و شونبزری دەکات، ئەوەی بەرەو وڵاتانی دراوسێ دەری دەکات، یان خۆی رادەکات، ئەو انی دی بەبەرنامەو بەهێمنی دەگوازێتەوە باشووری ئێراق و بەنێو بیابانە گەرمەکانی خوارووی خۆرئاوادا پەرت و بڵاویان دەکاتەوە و لەتەواوی خاکی کوردستان عارەب نیشتەجێ دەکات. رژێمی سەدام حوسێن، باش دەیزانی کورد بەرگەی گەرمای بیابانەکان ناگرێ و لەوێش بێ کارو بێ هۆیەکانی گوزەران بەرەبەرە دەمرن و کەمێك دەرباز دەبن چ کاریگەرییەکیان بەسەر بارودۆخی ئێراقەوە نامێنێ. ئەو بەرنامەیەش تا ساڵی (٢٠٠٠) دەبوایە تەواو بووایە.

سەر هەڵدانەوەی شۆڕش جارێکی دی و پاشانیش ئەرکی شەڕ هەڵگیرساندن دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران، بەرنامەکەی پێ دواخست، هەرچەندە لە کۆتایی هەفتاکاندا زۆر بەگەرمی کەوتە جێبەجێکردنی، بەرنامەکەش بەم قۆناخانەدا تێپەڕی:

١- بەعارەبکردنی هەموو ئەو ناوچانەی کە بە پێی یاسای ئۆتۆنۆمیەکەی خۆی کوردستان نین، وەك کەرکوك و خانەقین و بەشێك لەگەرمیان و شێخان و شەنگاڵ و ... تد.

٢- کۆکردنەوەی هەموو دانیشتوانی گوندەکان لە ئۆردوگای زۆرەملێ و چاودێری کردنیان.



٣- قۆناخ قۆناخ راگواستنی نیشتەجێی ئۆردوگاکان بۆ باشووری ئێراق دوای ئەوەی لەوێ ئۆردوگای بەهەمان شێوەیان بۆ دەکات[١٥].

٤- کەمکردنەوەی رێژەی کورد لەشارەکانی دیکەی دهۆك و هەولێر و سلێمانی بەهێنانی رێژەی زێتری عارەب بۆ ئەو شارانەو نیشتەجێکردنیان بەهەر پاساوێك دەرفەت هەبێت.

٥- لێکدابڕکردنی هەردوو دەڤەری بادینان و سۆران لە رووی جوگرافی و کلتورییەکەوە، کە دروستکردنی بەنداوی بێخمەو دەرکردنی رۆژنامەو گۆڤار بەهەردوو شێوەدیالیکتی کرمانجی سەروو خواروو، وەك (ئاسۆ و بزاڤ). دەچوونە نێو ئەو بەرنامەیەی جینۆسایدەوە.

ئەو چەند ساڵەی شەڕی نێوان ئێراق و ئێران، کە بۆ هەشت ساڵ درێژەی کێشا، لە برواو بۆ چوونی رژێمدا نەیو لە دوو ساڵ پتر بکێشێ، وەك لە گوتارێکدا لەبەرانبەر سوپای میللیدا، تەها یاسین رەمەزانی جێگری سەدام گوتی: ئێمە لە تواناماندا هەیە شەڕ لەگەڵ ئێران بکەین، ئەگەر ئەو شەڕە دوو ساڵیش بخایێنێ. کاتێك شەڕەکە درێژەی کێشاو سەرەڕای ئەو هەموو زیانەی بە ئێراق و سوپای ئێراق کەوت، رژێمی بەعس کوردی بە سەبەبکاری شەڕەکە دەناساند، چونکە ئەو لە ٦/ ٣/ ١٩٧٥ بۆ نسکۆ هێنان بە شۆڕشی کورد، ناچار بووە لەگەڵ ئێران رێکبکەوێ و نیوەی زێی عارەب و هەندێ دەڤەری سنووری بداتە ئێران. پاساوی شەڕەکەشی بەوە دەهێنایەوە ئەوان ئاوو خاکی ئێراقیان دەوێتەوە. هەر بۆیە داخ و قینێکی زۆریان بەرانبەر بە کورد لە دەروونی رەشیان کۆکردبۆوە و لە دەرفەتێك دەگەڕان بەرنامەکەیان دەست پێ بکەنەوە، بەڵام زۆر بە توندو تیژی و بەپەلە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ دا چاودێرانی شەڕی ئێراق — ئێران، گەیشتنە ئەو رایەی، دەرەنجامەکانی ئەو حەوت ساڵەی کوشتار روونی کردۆتەوە تەنیا چارە

سەر ڕاگرتنی شەڕە، دەوڵەتی ئێراقیش دەیویست بەهەر نرخێك بێت سەڕەکە بوەستێ، تا لەو هەلو مەرجەدا کە پشتگیرییەکی تەواوی نێودەوڵەتی و عارەبی و ناوچەیی بۆ رژێمەکە هەیە، بەر لە بەکۆتاهاتنی شەڕەکە کێشەی کوردیش بەزەبر و زەنگ و چەك یەکلایی بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە رۆژی ٢٩/ ٣/ ١٩٨٧ سەدام حوسێن بە ئیمزای خۆی بڕیاری ژمارە (١٦٠) ی دەرکرد و عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای راسپارد و بێتە خاکی کوردستان و هەموو دەسەلاتێکی پێ بدرێت. دوای ئەو بڕیاری ٣٨٥ لە ٣/ ٦/ ١٩٨٧ دەرچوو، بە پێی ئەو بڕیارە هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان ناوچەی قەدەغەکراون و بە وردیش بڕیارەکەی ئەم چەند خاڵەی دەگرتەوە:

١- لەسەر نەخشە ناوچە قەدەغەکراوەکان دەستنیشان دەکرێن.
٢- هەموو جۆرە ژیانێکی مرۆیی لەو ناوچانە یاساخ دەکرێ.
٣- هەموو جۆرە کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداری یاساخ دەکرێ.
٤- هەر کەسێك لەو ناوچانە ببینرا. . تەقە لێ دەکرێ و دەکوژرێ
٥- سزای کریستان و ئێزیدییەکان زۆر پترە لە سزای کوردەکان ئەگەر لەو ناوچانە گیران.

یەکەمین قۆناخی گوندتێکدان لەسەردەستی عەلی حەسەن مەجید لە ٢٥/ نیسانی ١٩٨٧ وە دەستی پێکراو ئەو گوندانە بوون کە لە ژێر دەسەلاتی رژێم خۆی بوون، وەك گوندەکانی قەراج و کەندێناوەو دەشتی هەولێرو بە پێی ئامارەکان لەم شاڵاوەدا نزیکەی (٩١٢) گوند و چەند قەزاو ژمارەیەك ناحیەشی گرتەوە، خێڵە عەرەبەکان کە لە زۆربەیان نیشتەجێکران. پاشان شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان لە ٢٣/ ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ بە ناوچەی دۆڵی جافان دەستی پێکرد.





نەخشەی ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەکەی بەعس

## ١- ٣- ٢ كارەساتی ئەنفال

ئەنفال ناوی شالاوێكی سەربازی بوو، لە بەرەبەیانی ٢٣/ ١٩٨٨ /٢ وە لە لایەن هێزە چەكدارەكانی حكومەتی ئێراقی دەستی پێكرد و دوای هەشت قۆناخ لە شەڕو كوشتار لە ٦/ ١٩٨٨ /٩ تەواو بوو. هەموو ئەو دەڤەرانەی باشووری كوردستانی گرتەوە كە لە ژێر كۆنترۆڵی پێشمەرگەی كوردستان دابوون. لەو شالاوانە دا سەرەڕای سوپای گەورە و پڕ چەكی ئێراقی، هەموو دەزگا سەركوتكارو جاسوسییەكانی رژێمیش وەك، موخابەرات و هەواڵگری سەربازی و ئاسایشی نێوخۆو یەكەكانی بەناو بەرگری نیشتمانی (فەوجی سووكی جاشان) بەشدارییان تێدا كرد. ئەم شالاوانە كە پێشتر نەخشە و پلانیان بۆ دانرابوو، لە لایەن تاوانبار عەریف (عەلی حەسەن ئەلمەجید) كە بۆ هەمان مەبەست كرابووە بەرپرسی (بیرۆی رێكخستنی باكووری حزبی بەعسی عارەبی) فاشی و فەرمانڕەوای دەسەلات رەها بەسەر كوردستاندا. . سەرپەرشتی و سەركردایەتی دەكرا.

لە شالاوەكانی ئەنفالدا دەڤەرێكی فراوانی ئازادكراوی باشووری كوردستان بەسروشت و سەرچاوە مادی و مرۆییەكانی (ئاژەڵی، كشتوكاڵی و ئەو مرۆڤانەش لەو دەڤەرە ژیان بەسەر دەبەن بەجوتیار و ژن و منداڵەكانیان و پێشمەرگە و حزب و رێكخراوە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەكان) كرابوونە ئامانجی سەربازی و هەموو جۆرە چەكێكی مۆدێرن و قەدەغەكراویان دژ بەكارهات، بەچەكی (كیمیاویی) یشەوە. لە هیچ جۆر و شێوازێكی كوشتار و لەناوبردنیشەوە نەپرینگانەوە (كۆمەڵكوژی، گوللەبارانكردن، شونبزركردن و زیندەبەچاڵكردن لە بیابانەكان، لە ژێرئازاردا كوشتن، لەبرسان و تێنوان كوشتن، دەستدرێژی كردنە سەر ئافرەتان، منداڵ كوشتن، بە ژەهر كوشتن، ئەزمونگەری لە سەركردن. . تد)، كە دەرئەنجام لەو شالاوانەدا پتر لە نیوەی كوردستان سوتماك كراو چۆلكرا، پتر لە



(١٨٢٠٠٠) هەزار كەسی سڤیل لەنێوبران و بەسەدان هەزار كەسیش كە بەختیاربوون و ئەنفال نەكران، بۆ دەڤەری جودا جودا ئاوارەو راگوێزران. ئەو راگوێزراوانەی لە گوندی جەژنیكانی باكووری شاری هەولێر فرێدرانە دەشتێكی چۆل و وشكایی و گەرم بەشێك بوون لەو دەستگیركراوانە و رووبەڕووی چارەنووسێكی نادیار ببوونەوەو لە برسان و لە ترسان و لە تێنوان و بە هۆی بلاوبوونەوەی نەخۆشی و هەڕەشەی بەردەوامی پیاوانی رژێم (كە پێویستە لە ناوبرێن و مافی ژیانیان نییە) لە بەرانبەر مەرگدا بوون.

حزبی بەعسی عارەبی كە حزبێكی توندوتیژی نەتەوەپەرستی رەفتار فاشیستی عارەبە، مێشكی ئەندامانیان بەبیروباوەڕی توندڕۆیی و نازیزمی ئەڵمانی و فاشیزمی ئیتاڵیایی ئاودراوە، هەر لەو رۆژەوە دەسەلاتیان لە ئێراقدا وەرگرتوە، هەوڵیان داوە بوونی گەلی كوردستان بسڕنەوە، بۆ ئەم مەبەستەشیان پلانێكی توكمەی قۆناخ بەقۆناخی جینۆسایدكردنی ئەو گەلەیان داڕشتبوو كە «ئەنفال» قۆناخێكی ئەو پلانە بوو، بەڵام بەپەنابردنە بەر توندوتیژییەكی پتر و خوێناوی تر لە جاران[١٧].

**عەبدوڵا كەریم لە كتێبە دیكۆمێنتییەكەیدا(ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال) دا دەڵێ:**

(ئەنفال پرۆسەیەكی نەخشە بۆ كێشراوو بەرنامە بۆ داڕێژراوبوو، یەكێك بوو لە خاڵە بنەڕەتی و ستراتیژییەكانی كۆلۆنیالیزمی ئێراق بۆ لە ناوبردنی بە كۆمەڵی نەتەوەی كوردو بڕانەوەی رەچەڵەكی مرۆڤی كورد لە كوردستانی باشوور، بۆ شێواندنی سروشتی نیشتمانەكەی لە رووی جوگرافی ودیموگرافی وكلتوورو بڕانەوەی مەترسی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد هەتا هەتایە[١٨]. ئەگەر وشەی (ئەنفال)انەكان واتای ئازایەتی وهەڵكوتانە سەرو دەستكەوتی مادی وگیانی وسەركەوتن و وەدەستخستنی ئافرەت وكچی جوان و شۆخوشەنگی سپی بەفراوی ببەخشێ، ئەوا رژێمی داتەپیوی بەعس واتایەكی دی بەم زاراوە و چەمكەدا، كە

لای خەڵکی کوردستان ئەنفال شونبزرکردنی (١٨٢٠٠٠) مرۆڤی کورد بوو بە ژن ومنداڵ و گوللەبارانکردنی بە هەزاران گەنج و راگواستن و ئاوارەکردنی سەدان هەزاری دی و لە برسان و لە ترسان و لە تێنوان و لەبەر نەخۆشی مردنی بە هەزاران و هێنانە کایەی ژیانێکی پڕ لە مەترسی و کارەسات بۆ خەڵکی کوردستان وسوتماککردن و ژەهربارانکردنی سروشت و ئاووهەوای نیشتمان و لەناوبردنی سامانی سروشتی و ئاژەڵداری و کشتوکاڵی و بنەمای ئابووری کوردستان، کە شوێنەوارە کۆمەڵایەتی وئابووری ودروستی و دەروونییەکانی چەندین دەیەی دی و بۆ چەندین نەوەی دیکەش ناسڕێتەوە و زیانێکی مرۆیی و نەتەوەیی و نیشتمانی هێندە گەورە بوو زوو قەرەبوو ناکرێتەوە[١٩]. وەك د. جەبار قادریش نووسیویەتی (ئاکامەکانی ئەنفال لە سەر رەوشی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی و کلتوری گەلی کورد لە کوردستانی ئێراق لە رادەبەدەر سامناك و ترسناك بوون، ئازار و شوێنەوارەکانی زیندوون و برینەکانی بە ئاسانی ساڕێژ نابنەوە، یادەوەرییەکانی وەکو کارەساتێکی نەتەوەیی کردەیی بێبەزەییانە دەبێ هەمیشە بە زیندوویی رابگرین)[٢٠]. ئەنفال بووە هۆی لەناوبردنی سەدان هەزار کەس و ئیفلیج و پەکخستنی جەستەیی و دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆرتریش. رەنگە زێدەڕۆییمان نەکردبێ گەر بڵێین ئەنفال کاریگەریەکی ترسناکی بەسەر هەموو تاکێکی (ماوی) کۆمە ڵگەی کوردستانی بە کوردو تورکمان وئاشوری و کلدانییدا جێهێشتووە، وەك مەریوان وریا قانع نووسیویەتی (ئەنفال هێرشێکی راستەوخۆ و سیستمانە تیزەکراوی هەمەلایەنەیە بۆ سەر کۆی ژیانی کۆمەڵگایەك وەك گشتێکی دابەش نەکراو بۆ سەر بوونی مادی و مەعنەوی خەڵکانێك تا پلەی فەناکردنی یەکجارەکییان)[٢١]. لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە (ئەنفال بریتی بوو لە ژمارەیەك شاڵاوی سەربازی دڕندانەی رژێمی ئێراقی لە ٢٣/ ٢تا ٦/ ٩/ ١٩٨٨ ی خایاند ئامانج تیایدا کوشتن و دیلکردنی هەموو دانیشتوانی دەڤەرە ئازادکراوەکان و بەتاڵانبردنی موڵك و سامان و ژن و منداڵ و سوتماککردنی خاك و سروشت و وێرانکردنی گوند و لەناوبردنی هەموو هۆکارێکی ئابووری و بژێوی ژیان و سڕینەوەی کلتوری نەتەوەیی و مرۆڤایەتی گەلێك بوو لە دەڤەرێکی پێشتر



دیاریکراودا، وەك جێبەجێکردنی قۆناخێك لە قۆناخەکانی جینۆسایدکردنی خەڵکی باشووری کوردستان، بۆ ئەم ئامانجەش هەموو هۆیەکانی تەڤکوژی و توانای چەندی و چۆنایەتی مرۆیی و تەکنەلۆژیای سەربازی و چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی بەکارهێنراوە) ئەو خەڵکەی کە لە دەڤەری بادینان دەستگیرکران، یان دوای لێبووردنەکەی ٦ ی ئەیلول خۆیان داوە بەدەست، دوای ئەوەی زۆربەی گەنج و پیاوەکانیان لێ شونبزرکران، یان گوللەباران کران، یاخود لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژران، ژن ومنداڵ وپیر و پەککەوتەکانیشیان لەو دەشتە چۆل و وشك و گەرمەدا بۆ چارنووسێکی نادیار فڕێدران و کەس نەیدەزانی لە ژیاندا دەمێنن یان وەك باوك و برا و هاوسەر و کەسوکارەکانیان بەرەو مەرگ راپێچ دەکرێن... کە لەو ساتوکاتەدا خەڵکی هەولێر و دەوروبەری بەهانایان چوون.

## ١- ٣- ٣ ئامانجی رژێمی ئێراق لە شاڵاوەکانی ئەنفال

ئاشکرایە هەموو کار و کردەوەیەك ئامانج و مەبەستی تایبەت بەخۆی هەیە. شاڵاوە کانی ئەنفالیش کە دەوڵەتی ئێراق هەموو توانایەکی سیاسی و مادی و سەربازی و راگەیاندنی بۆ تەرخانکردبوو، لە ماوەی نزیکەی ساڵێك بەرنامەی بۆ دارشتبوو و ئامادەباشی بۆ کردبوو، هەڵبەتە ئامانجەکانیشی بۆ دیاری کردبوو، کە دەتوانین لەم چەند خاڵەدا کورتی بکەینەوە:

١- لەناوبردنی هەتا هەتایی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان.

٢- کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی کورد لە رێگەی ئەنفالکردن و کۆمەڵکوژی، یان ئاوارەکردنیان بۆ وڵاتانی دی.

٣- دەستبەسەرداگرتنی رووبەرێکی فراوانتری خاکی کوردان و نیشتەجێکردنی خێڵە عارەبەکان لە شوێنیاندا.

٤- گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی کوردو داشۆرینی ئەو کوردانەی دەمێننەوەش لە هەموو کلتورێکی رەسەنی کوردانەیان و گۆڕینیان بۆ مرۆڤێکگی بێ هەلوێست وڕاو ئیرادەو بەئامێرکردنیان، بەهۆی لێکدابڕینی پەیوەییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان.

٥- دابڕینی هەندێ ئاین وئاینزای کوردی وەك کوردی ئێزدی و کریستیان و شەبەك لە نەتەوەی کوردو ناچارکردنیان تا خۆیان بەعارەب ناونووس بکەن.

٦- نەهێشتنی بنەمای ئابووری کوردستان بەهۆی سوتماککردنی خاك و وێرانکرنی پتر لە (٤٠٠٠) گوند و کێڵگەو باخ و دارستانەکان[٢٢].

٧- کۆتایی هێنان بەپاڵپشتی مادی و زانیاری گەیاندن و جەماوەری خەڵکی کوردستان بەهێزەکانی پێشمەرگەو کەمکردنەوەی بنکەی جەماوەرییان[٢٣].


٨- بەتاڵانبردنی ماڵ و موڵك و سامانی خەڵکی کوردستان.

٩- جگە لەوانەی لەناو دەچن، رەزیلکردنی ژن ومنداڵ و ئەوانەی دەمێننەوە کە خودانی هیچ هۆیەکی گوزەران نابن و ناچارکردنیان بۆ سەردانەواندن بۆ هەر داوایەکی دەسەلات لێیان.

١٠- شکاندن و شکست پێخواردنی دەروونی و کەسایەتی تاکی کورد.

١١- ژەهراوی کردنی سروشتی کوردستان بە کیمیاباران، تا چەند دەیەکی دی گەلی کورد نەتوانێ سوود لە خاکەکەی وەربگرێ.






**ناوچە ئەنفالکراوەکانی کوردستان**

### ١- ٣- ٤ قۆناخەکانی ئەنفال

شالاوەکان کە لە ٢/٢٣/ ١٩٨٨ دەستی پێکردو لە ٦/٩/ ١٩٩٨ کۆتایی پێهات بە هەشت قۆناغدا تێپەڕی بەم شێوەیە:

**یەکەمین قۆناخ:**

**دۆڵی جافایەتی ٢٣/ ٢/ - ١٩/ ٣/ ١٩٩٨.**

یەکەمین شالاوی ئەنفال کە لە ٢/٢٣ /١٩٨٨[*]. بەهێرش بردنە سەر دەڤەری دۆڵی جافان دەستی پێکردو مەبەستی سەرەکی داگیرکردنی هەردوو گوندی سەرگەڵوو و بەرگەڵوو بوو، کە ئەوکات سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەوێ بوو، ئەو هێرشە بەدرێژی (٥٠) میل لە بنگردەوە بۆ لای رۆژهەڵاتی دوکان، لەوێشەوە بۆ ناوچەکانی ماوەتو چوار تای گرتەوەو نزیکەی (٣٠) گوندیش کەوتنە بەر شالاوەکە لەناوچەکانی سورداش، بنگرد، دۆکان، سەرچنار، قەڵاچوڵان، چوارتا[٢٤]. لەم شالاوەدا (٤٧) فەوجی جاشان، فەرماندەی جەمافیلی بەرگری نیشتمانی یەك، فەرماندەی هێزەکانی بەدر، قەعقاع، موعتەسەم، سەرەڕای بەشداری هێزی ئاسمانیو گاردی کۆماریو یەکەی چەکی قەدەغەکراو بەشدار بوون کە بە (١٥) لیوای سەربازی مەزەندە دەکرێت، ئەم هێزەش لەچاو هێزی پێشمەرگە و رووبەری ناوچەکە کە (٧٠)کم$^2$ بووزۆر زۆرە لەگەڵ ئەوەی پێشمەرگە نزیکەی مانگێك تا روژی ٩/ ٣/ ١٩٨٨ بەرگرییەکی باشیان کرد تا زۆربەی خێزانەکانی دەڤەرەکە گەیشتە نزیك سنوورەکانی ئێران، بەڵام ژمارەیەك لە خێزانەکان پەنایان بردە بەر شاری سلێمانی، کەلەوێ زۆربەیان گیران و ئەنفالکران ئەم شالاوە بەسەرکردایەتی لیوای روکن (سوڵتان هاشم)[**] بوو کە پاشان کرایە وەزیری بەرگری.



**دووەمین قۆناغ:**

**دەڤەری قەرەداخ. ٢٢/ ٣- 1/4/ ١٩٨٨**

هێزەکانی رژێم کە پێکهاتبوون لە هێزەکانی ئوسامە، فەرماندەیی جەحافیلی یەكو سێ، فەرماندەی سەربازی قەرەداخ، نزیکەی ٤٨ فەوجی جاشان، لیواکانی مغاویر ٦٥و ٦٦و ٦٨ی فەیلەقی دوو، فیرقەی (٤٣)، لیواکانی ١و ٢٠و ٢٢ ی فەیلەقی یەك، ئەمە سەرەڕای بەکارهێنانی چەکی کیمیاویو هێزی دی وەك مەفرەزە تایبەتیەکانی ئەمنی سلێمانیو هێزی فریاکەوتنی سلێمانی[٢٥]. ئەم هێرشە کە بەسەرکردایەتی لیوای روکن (ئەیاد خەلیل زەکی) لە هەشت قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر دەڤەری قەرەداخو دوای کشانەوەی پێشمەرگە بۆ دەڤەرەکانی دی زۆربەی دانیشتوانەکەیان ئەنفال کرد بەتایبەتی ئەوانی بەرەو گەرمیان رۆیشتن. لە کاتی هێرشەکە نزیکەی (٤٠٠) پێشمەرگە لە دەڤەرەکەدا بوون بەڵام نەیانتوانی بەرگە بگرنو لە 1/4/ ١٩٨٨ کۆتایی پێهات پاش ئەوەی (٨٠) گوندەوە بەر ئەنفالکردن کەوتن[٢٦].

**سێیەمین قۆناغ:**

**دەشتی گەرمیان ٧- ٢٠/ ٤/ ١٩٨٨**

دەشتی گەرمیان کە هاوسنورە لەگەڵ ناوچە بە عەرەبکراوەکان گەورەترین و فراوانترین هێرشی دڕندانەی کرایە سەر. . لەم هێرشەدا فیرقەی (٤، ٤٦، ٢١١، ٥٠، ٣٣، ٢٧)، و (٥) لیوای مغاویرو (١١) فەوجی جۆراوجۆری دیکەی سەربازی و (٢٧) فەوجی جاشان بەسەرکردایەتی لیوای روکن ئەیاد خەلیل زەکی[*] بەشداربوون[٢٧].

ئەم شالاّوە زۆر دەڤەری کەرکوك، توزخورماتوو، کفری، کەلار، دەربەندیخان، قەرە هەنجیر، چەمچەماڵی گرتەوەونزیکەی (٥٠٠) گوندوە بەر ئەم ەنفالە کەوتن.

### چوارەمین قۆناخ:

### قەلا سێوەکە، دەشتی کۆیە، دەڤەری شوان و شێبزێنی ٣-٥/٨/ ١٩٨٨

لە چوارەمین قۆناغدا هێزەکانی حکومەتی بەعس ئێراق کە پێکهاتبوون لە هێزەکانی ٤٦، نەسر، جەحا فیلی نیشتمانی١، پارێزگاری نەوت، دوو لیوای پیادە، سێ لیوای مغاویر، دوو لیوای هێزی تایبەت، لیوایەکی زرێپۆش، (١٨) فەوجی سووکی جاشان[٢٨].

ئەم هێرشە دەوروبەری زێی بچووکی گرتەوە لە باکووری چەمچەماڵەوە تا دەگاتە زنجیرە زورگی دێدەوان لە باشووری رۆژهەلاتی هەولێروتا سورداشو دوکان. . وەك (دەشتی کۆیە، تەقتەق، شوان، شێخ بزێنی، چەمی ریزان، خاڵخالاّن ئاخچە لەری گرتەوە)[٢٩]، هێرشەکان لە دوازدە قۆڵەوە کرانو بە کیمیا بارانکردنی هەردوو گوندی گۆگتەپەو عەسکەر دەستی پێکردو ئەوگوندیانەی ئەنفالکران بە دە هەزار کەس مەزەندە کراونو تیایاندا نزیکەی (٧٠٠٠) حەوت هەزار کەسی بەرەو باشوورنێردران)[٣٠].

### قۆناخەکانی پێنجو شەشو حەوت:


### خۆشناوەتی، دەڤەری رواندز، قەلاتوکان، خوا کورك. ٩-١٥/٥/ ١٩٨٨

رژێمی ئێراق لە یەك کاتدا هێرشێکی بەر بلاّوی کردە سەر دەڤەری خۆشناوەتیو رواندوز قەلاّتوکانو پاشان خوا کورکی ناوچەی برادۆست، دیارە پاش چوار



قۆناغەکانی پێشتری ئەنفال هێزێکی زۆری پێشمەرگەی کوردستان لەو دەڤەرە کۆببۆوە، پێی وابوو سەرکەوتن لەم دەڤەرە سەرکەوتنی یەکجارییە بۆیە لەم هێرشەیەدا پشتی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەستو پتر لە (٧٠) گوند لە دەڤەری خۆشناوەتی بەر بەکارهێنانی ئەم چەکە کەوتن، بەتایبەتی گوندەکانی شێخ وەسانانو بالیسان لە ٢٣/ ١٩٨٨ /٧[٣١].

لەم هێرشەدا ماوەی پتر لە (٣) مانگ پێشمەرگەی کوردستان بەرگرییەکی قارەمانانەی کردو بەری لە هێزێکی گەورەی رژێم گرت، کە پێکهاتبوو لە (٧) تیپی سەربازیو (١٢) لیواو ژمارەیەکی زۆر لە فەوجەکانی مغاویرو لیوای هێزی تایبەتیو (٢٢) فەوجی جاشان، ئەمە سەرەڕای هێزی ئاسمانیو یەکەکانی چەکی کیمیایی[٣٢]. خەڵکی ئەو دەڤەرانە بوونە سێ بەش، بەشی یەکەم: بەرەو سنوورەکانی ئێران سەرکەوتن بەشی دووەم: بەرەو خۆر هەلاّت، ئوردوگای حاجیاوەو سەروچاوەو رانیەو چوار قورنە چوون، بەشی سێیەم، لە چیاکان لەگەڵ پێشمەرگە مانەوە پاشان بەشێکی زۆریان گیرانو ئەنفاکران[٣٣]، هەروەها لە دەڤەری برادۆستو لە دۆڵی خواکورك کە نزیکەی (٦٠) لیوای سەربازی هێرشیان هێنا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرێوەبەرایەتی خودی سەرۆك مەسعود بارزانی بۆ ماوەی مانگێك شەرێکی قارەمانانەیان کردو بە سنگی رژێمیان گرت[٣٤].



**نەخشەی ئەو دەڤەرانەی بەر ئەنفالی بادینان کەوتن**



## هەشتەمین قۆناخ

### ئەنفالکردنی بادینان ٨/٢٥ تا ١٩٨٨ /٩/٦

لە ساڵی ١٩٨٧وە کاتێك عەریف (عـەلی حەسـەن ئەلمەجیـد) کـرا بـە بەرپرسـی نووسینگەی باکووری حزبی بەعسی ئێراقی، هێڵێکـی سـووری بـە دۆرمانـدۆری پارێزگای (دهۆك دا کێشاو لە بەرنامەی دانابوو شاڵاوەکانی ئـەنفال بـۆ ئـەوێش دەست پێ دەکات[٣٥]، بـەڵام وەك دەرکـەوت بـۆ دوا قۆناخـەکان دوای خـستبوو لەبەر ئەوەی:

١- دەڤەری بادینان، دەڤەرێکی بەرفراوانە.

٢- دەڤەری بادینان، دەڤەرێکی شـاخاوی‌و سـەختەو رێگـە ناگاتـە زۆر شـوێنی گرنگ.

٣- دەڤەری بادینان دەکەوێتە سەر سنوورێکی نێو دەوڵەتی کە تورکیایـەو رژێـم نەیدەویست خەڵك بۆ ئەو وڵاتە دەربازبن، لەبەر ئەوەی دەبنە شـایەتحاڵی شـاڵاوە درنـدەکانی ئـەنفال لـە تـەواوی کوردسـتان‌و لەبـەر ئـەوەی تورکیـا نیمـچە دیموکراتییەکی تێدایەو پەیوەندی لەگەڵ ئەوروپاوئەمریکاو جیهانی دەرەوە باشە، رەنگە شاندو رێکخراوی مرۆیی و شاندی رۆژنامەنووسان بگەنە ئـەوێ لـە رژێـم بیکەنە هەرا، هەروەها ئەو کات تورکۆت ئۆزال لە سەرۆکەکانی دیکـەی تورکیـا میانڕەوتربوو، پەیوەندیشی هێندە لەگەڵ سەدام حوسێن باش نەبوو.

بۆیە حکومەتی ئێراق بۆ هێرشکردنە سەر بادینان پێویستی بەهێزێکی سـەربازی زۆر دەبـوو. دیـارە وەسـتانی شـەڕ لـە بـەرەکانی جـەنگی ئێـراق دژ بـە ئێـران دەرفەتێکی گرنگ بوو شاڵاو بکەنە سەر بادینان، چونکە دەیتوانی لە ماوەیـەکی کەمدا زۆربەی هەرە زۆری هێزەکانی لەبـەرەی جـەنگ بگوازێـتەوە دەڤەرەکـەو هێرشیان پێ بکات، بۆیە هەر دوای وەستانی شەڕ لـە ٨/ ١٩٨٨ /٨ بـە فـەرمی،

حکومی ئێراق پتر له (۲۰۰۰۰۰) دوو سەد هەزار سەربازی ئێراق لە فەیلەقی پێنجو سێو شەشو حەوت هێنایە دەڤەرەکە، ئەمە سەرەڕای ئامادەکردنی (۱۸۱) سەدو هەشتاو یەك فەوجی سووکی جاشانو بەم شێوەیە ئامادەی کردن بۆ شالاّو بردن:

١- له قۆڵی زاخۆ... هێزەکانی ٣٧کە بریتی بوون لە لیوای (٢)ی مغاویری فەیلەقی پێنجو لیواکانی (٧٧، ٤١٧، ٥٠٦، لەگەڵ (٢٠) فەوجی سووکی جاشان.

٢- قۆڵی کانی ماسی... لیواکانی پیادە (٦٠٥، ٤٣٦، ٢٩، ٩٣، ٤١٨، ١٢٠، لەگەڵ چەند کەتیبەیەکی تۆپهاوێژو (٢١) فەوجی جاشان.

٣- قۆڵی بێگۆڤا بەرەو چیای مەتین بریتی بوون لە: فیرقەی پیادەی (٧) کە پێکهاتبوو لە لیوای (١)ی مغاویر سەر بەفەیلەقی یەك، لیواکانی پیادە (٢، ٦٠٦، ٧٢، ٥٠٩و لەگەڵ ٢٦ فەوجی جاشان.

٤- قۆڵی شەمدینان فیرقەی (٣٥) کە پێکهاتبوو لە لیوای پیادە (٣٥، ٧٩، ١١٨، ٨٤٦، ١٠٢، ٥٠٢) لەگەڵ (٢٦) فەوجی جاشان.

٥- قۆڵی باتوفە بەرەو مانگێش، فیرقەی ٢٩ کە بریتی بوون لە لیوای پیادە (٤٣٥، ٢٣٨، ٨٤) لەگەڵ ١٦ فەوجی جاشان.

٦- قۆڵی سەرسەنگ بەرەو چیای گارەو رەزگە، فیرقەی ٤١، کە بریتی بوو لە لیوای (١)ی مغاویری فەیلەقی شەش، لیواکانی پیادە (١١٤، ٧٠٦، ١٠٣، لەگەڵ (١٥) فەوجی جاشان.

٧- قۆڵی دینارتە- ئاکرێ پێکهاتبوو لە جەحافیلی نیشتمانی پێنجو لیواکانی (٤٠٩، ٤٠٧، ٧٠١، ٤٥١) لەگەڵ (١٤) فەوجی جاشان.



٨- قۆڵی شێروان مەزن- باکووری بارزان پێکهاتبوو لە فیرقەی ٤٥کە بریتی بوون لە لیواکانی پیادە (٤٢٠، ٧٠٢، لیوای (١)ی مغاویری فەیلەقی پێنج لەگەڵ (١٢) فەوجی جاشان.

٩- قۆڵی ئەترووش، کە فیرقەی ٤٢ بوو پێکهاتبوو لە لیواکانی (٤٢، ٨٠٥، ١٤، ٥٠١، ٥٠٣،) لەگەڵ ٢١) فەوجی جاشان.

کە هەمووی دەکاتە (٤٠) لیواو (١٨١) فەوجی جاشان ئەمە جگە لە هێزی ئاسمانیو یەکەکانی کیمیاییو زرێپۆش[٣٦].

ئەو هەموو هێزە بەرامبەر بەهێزێکی بچووکی پێشمەرگە کە بەپێی راپۆرتەکانی هەواڵگری سەربازیو ئەمن بە (زارب)ی فەرماندەی فەیلەقی (٥) یان راگەیاندبوو. . سەرجەم هێزەکانی تێکدەران (پێشمەرگە) لە دەڤەری بادینان (٢٦٠٠) کەس زیاتر نین[٣٧].

کەچی لەڕاستیدا ژمارەی پێشمەرگە لەمە پتر بوون، بەپێی زانیاری ئەو کاتی خۆمان کە پێشمەرگەیەکی دەڤەری بادینان بووین، هێزەکان نزیکەی (٣٥٠٠) پێشمەرگە دەبوونو بەم شێوەیە دابەش ببوون:

- پارتی دیموکراتی کوردستان (٢٥٠٠) پێشمەرگە.
- یەکێتی نیشتمانی کوردستان (٢٠٠) پێشمەرگە.
- پارتی کۆمۆنیستی ئێراق (٣٣٠) پێشمەرگە.
- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (٧٠) پێشمەرگە.
- پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان (٦٠) پێشمەرگە.
- حزبی سۆسیالیستی کوردستان (٤٠) پێشمەرگە.
- حزبە ئیسلان و حزب الله ی کورد (٣٠٠) پێشمەرگە.

## ١- ٣- ٥ عەلی حەسەن ئەلمەجید (عەلی کیمیاوی)

لە گوندێکی باشووری تکریت کە زۆربەی خەڵکەکەی لەسەر بنەمایەکی ململانێی بنەماڵەیی و عەشایری گۆشکرابوون عەلی کیمیاوی لە خێزانێکی شوانکارە لە دایکبووە، لەبەر ئەوەی گوندەکەیان بچووك و خێڵەکەشیان کە بە (بێجات) ناسراوە کەمبوون، بۆیە هەردەم هەستیان بە کەمی و دەستنەڕۆیی خۆیان دەکرد، ئەمەش لە دەروونیان رق و کینەیەکی زۆر و دەمارگیرییەکی توندی کەڵەکە کردبوو، کە رۆژانە بە چەند شێوازێك لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکترو لەگەڵ خەڵکانی دەوروبەریان لە دەڤەرەکە رەنگی دابۆوەو بە ئاژاوەگێڕو کاری گەندەیی و سووك و پلانگێڕان لەم و لەوو زەبری نامەردانە ناوبانگیان دەرکردبوو. بۆ پاراستنی خۆشیان هەردەم دەیاندایە پاڵ ئەو رژێمەی دەسەڵاتدار بوو، بە تایبەتی سیخوڕیکردن بۆ ئینگلیز. خەیروڵا تولفاحی خاڵی سەدام حوسێنی دیکتاتۆری فاشی کە دەکاتە باوکی خێزانەکەی و باوکی وەزیری بەرگری ئێراق(پێشوو)، کە یەکێك بووە لە سیخوڕەکانی ئینگلیز دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز خەیروڵا تولفاح دەترسا تۆڵەی لێبکرێتەوە، چونکە خراپەی زۆری کردبوو بە تایبەتی دەرهەق بە کۆمۆنیستەکانی تکریت، لە لایەکی دیکەشەوە خەیروڵا دەیزانی بنەمای هزری و پێکهاتەو رەفتاری پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست، کە حزبێکی نەتەوە پەرستی توندوتیژەو قسە هەیە لە سالآنی چلەوە بە راسپاردەی ئینگلیزەکان میشیل عەفلەق لەسوریا دایمەزراندووە، بۆیە تولفاح پەیوەندی پێوەکردو سەدامی خوشکەزاشی کە لای زڕباوکی بەرخەوان بوو هێنایەوە ماڵی خۆی و پەروەردەی کردو لەقەبەر حزبی بەعسی کرد بۆ کاری تیرۆریستی و کوشتنکاری نەیارەکانیان.

سەدام حوسێن خۆی ئەو کاتەی شوان بوو، ئەو کاتەش لە حۆجەو تکریت قوتابی بوو بە شەقاوەیەکی دڵڕەش و زەبری نامەردانە ناسرابوو، ئەوەشی جگە لە



پەروەردەی خاڵی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە زوو باوکی مردووەو پاشان دایکی مێردی بە شووبراکەی (ئیبراهیم ئەلمەجید) کردۆتەوە، سەدامیش لە سۆزی باوك و دایك و ئامێزی خێزانێکی ئارام بێبەش بووەو لە ماڵی خاڵیدا هەستی کردووە وەك خزمەتکارێك بەخێویان کردووە. دیارە ئەمەش گرێیەکی توندی لە دەروونداد درووستکردووە، کە رقی لە خۆی و دەوروبەری و دایکیشی ببێتەوە، بۆیە کە خۆی گەیاندە ریزەکانی ئەو حزبە هەر زووش وەك تیرۆریستێك مەشقیان پێکرد تا لەو شانە تیرۆریستییە بەشدار بێت، کە بۆ کوشتنی سەرۆك کۆماری ئەو کات (عەبدولکەریم قاسم) ئامادەیان کردبوو.

عەلی حەسەن ئەلمەجید، کە ئامۆزای سەدام حوسێنە تا تەمەنی سەربازی هەر شوان بووەو لە ترسی شوانیی خۆبەخشانە چووە ریزی سوپای ئێراق و تا کودەتای تەمموزی ١٩٦٨ و هاتنەسەر حوکمی بەعس بۆ جاری دووەم لە ئێراقدا، ئەو کابرایە عەریفێکی سەربازی بووەو جگە لە ئێوارە زوو نووستن، پاسەوانی گرتن، سەلام وەرگرتن، مەشقی بەیانیان، هەردەم بەڵێ گەورەم وکرنووش بردن بۆگەورەکانی، هیچی تری نەدەزانی.

کاتێك کودەتاکەی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨دا سەرکەوتنی هێناو رێبەرەکەشی ئەفسەرێکی مێشك وشکی خەڵکی تکریت بوو سەدام حوسێنیش کە دوای هەوڵە سەرنەوتنەکەی ناکاو کوژی عەبدولکەریم بەکاری توندو تیژی لە ناو بەعس ناوبانگی دەرکردبوو، لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی هەلآتنی لە ئێراق و جێگیربوونی لە میسر پەیوەندی لەگەڵ دەزگای سیخوڕی دەوڵەتانی خۆرئاوا پەیدا کردبوو، دەبوو بە پێی بەرنامەی ئەوان بجوڵێتەوە و هەر زوو کرایە کەسی دووەم.

دەرکەوتنی سەدام حوسێن لە نێو حزب و دەسەڵات وەك مرۆڤێکی دڵڕەش و توندوتیژو تیرۆریست و، بە پێی ئەو بەرنامەییەی بۆی دانرابوو دەبوو پشت بە ژمارەیەك خەڵك ببەستێ لە قسەی دەرنەچن و سازوئامادەش بکرێن بۆ هەموو جۆرە کارێك کە سەدام داوایان لێبکات، بۆیە لە نێو کوڕە مام و خاڵ و

ئامۆزایاندا ژمارەیەك كەسی هەڵبژارد تا بیانخاتە نێو بەرنامەیەكی چڕی مەشق و ڕاهێنان لەسەر ئازارو ئەشكەنجەو كوشتن و نەبوونی بەزەیی و پابەندنەبوون بە هیچ داب و نەریتێكی مرۆیی، بۆ ئەمەش سوودیان لە كلتوری عارەبی جاهیلی و كلتوری ساڵانی بەرایی سەردەمی ئەمەوییەكان وەرگرت و خولیای خێڵگەریان لە نێو ناخی پیاوەكانیان پەرە پێدا.

دیارە زەمینەی ئەوەش لەنێو بنەماڵەی سەدامیان لەبار بووە، چونكە بەردەوام لەگەڵ ڕەگەزەكانی هێزی چاكەو خێڵەكانی دی لە ململانێ دابوون، كاتێك زانیان دەسەڵاتیان لە پشتە، بەتوندی ڕوویان لە زۆرداری كرد لەوانەی كەپێشتر هیچ حسێبیان بۆنەدەكردن. لەنێو ئەو كەش و هەوایە پڕلە ململانێییەو لە پەراوێزی خولەكانی پێگەیاندن و داشۆرین لە هەموو بەهایەكی بەزەیی و مرۆیی و ڕێزدانان بۆبەرانبەر، لەنێو حۆجەییەكاندا نەوەیەك سەری هەڵدا بەس خۆی و سەرۆك بناسی[٣٨].

عەلی حەسەن ئەلمەجید تاكێكی دنیانەدیوی نێو سەربازگەكانی سوپایەكی توندو تیژبوو. چەند مانگ جارێك ئاوەدانی نەدەدی و وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا تەنها كاری ئەوپەڕی گوێڕایەڵی نواندن بوو بۆ ڕێنماییە سەربازییەكان و سەرۆكەكانی. بۆیە یەكێك لەوانەی خرایە نێو ئەوخولەی دووبارە پێگەیاندنەوە ئەو عەلی كیمیاویە بوو، تا ببێتە پاسەوانێكی گوێڕایەڵ و جێبەجێكەری هەر فەرمانێك كەئاراستەی دەكرێ. یەكەمین كاریشی پاسەوانی كردنی حەماد شەهاب تكریتی بوو، پاشان بووبە پاسەوانی سەدام حوسێن.

لە ١٧/ ٧/ ١٩٧٩ یش كاتێك سەدام كودەتایەكی خوێناوی لە نێو حزبی بەعس و دەسەڵات بەرپاكردو ئەحمەدحەسەن بەكری باوك و سەرۆك كۆمارو ئەمینداری حزبی بەركەنار كرد، لەكۆبوونەوەیەكی ئاشكراشدا كە پیلانێك بوو بۆ لەناوبردنی هەموو سەركردە حزبی و حكومییەكانی سەر بەو نەبوون، بۆ یەكەمین جار عەلی



كیمیاوی دەركەوت و چۆن پێشتر فێركرابوو، لەدواوەی كۆبوونەوەكە هەستایە سەرپێ و ڕووی لەسەدام كرد كەلەسەر شانۆ دانیشتبوو بڕیاری جەنتلمانانەی لە ناوبردنی بۆ ئەم و ئەو دەدا، عەلی هاواری كردو بەدیالێكتە گوندەییەكەی دەڤەری تكریت هاواری كرد:(مادام عەبدولخالیق سامەڕایی لەژیاندا مابێت. . پیلانگێڕان لە نێوحزبدا بەردەوام دەبێت).

سەدامیش لەو سەرەوە بەزمانە خێڵەكیەكەی لەپی دەستی بە سمێڵی داهێناو وەڵامی دایەوە: (لەم سمێڵانەی وەربگرە)[٣٩]. عەلی كیمیاوی، بەتاوانكاری و كوشتنی نەیارانی سەدام بەرەبەرە بەرزكرایەوە. هەریاخی بوونێك لەڕژێم و سەدامی ئامۆزای بەدوژمنی سەرسەختی خۆی دەزانی و بێ گوێدان و پابەندبوون بەهیچ یاساو ڕێسایەكی مرۆیی، لەنێوناخی خۆیدا بڕیاری لەناوبردنی بۆدەدا. دوژمنیش لای ئەو هەرئەو تاكە كەسە نەبووە كە گوایە نەیارە، یان دژە، یان بەرهەڵستكارە، بەڵكە سەرەڕای تاك، خێزان و بنەماڵەشی بەگشتی گرتۆتەوەو باوەڕی تەواوی بەلەناوبردنی بەكۆمەڵ بووە[٤٠]. ئەو كەلەنێو بنەماڵەیەكی داخراو، بۆسەربازگەیەكی داخراو، بۆخول و مەشقی داخرا. كەكرا بەپاسەوانی سەركردەكان ئەویش هەر لەنێو چوارچێوەیەكی داخراو دەسوڕایەوە، تەنها دەیزانی كڕنووش بۆ سەركردەكان ببات و بەچاوی دوژمنیش سەیری هەموو خەڵكێك بكات كەلەبازنەكەیان لەسەرۆك نزیك دەبێتەوە. لێرەدا بازاڕی كەل و پەل كڕین، شوێنی بەزم و ڕابواردنیان، ژن و ژنخوازیان پەیوەندییەكۆمەڵایەتییكانیان هەموو هەر داخرابووە، جگەلەوەی هەردەم گومانیشیان لەیەكتركردووە، بەڵام لە جغزی یەك بنەماڵە پتر سنووری نەبەزاندووە و گۆشەگیری و ترس لەدەوروبەر هەردەم بەری ئاسۆی چاوو بیركردنەوەیانی گرتووە.

لەبوغزاندن و هەژاری و شوانكارەیی. . یەكسەر بۆچڵەپۆپەی هێزودەسەڵاتی سیاسی و دارایی و دەستڕۆیی هەموو مرۆڤێكی نەزان تووشی هێستریایی

لەخۆبایی بوون و خود پەرستی دەکات، ئامادەییەکی واشیان بۆ دروست دەکات لەپێناوی پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکان، گشت تاوانکاریەك دەرهەق بەوانی دی بکەن کەگومانی نەیارییان لێ بکات.

عەلی کیمیاوی. . بەم قۆناخانەدا تێپەڕی و لە عەریفێکی سادەوە بوو بە پاسەوان و ئەندامی حزبی فاشی و بەرپرسی چەندین دەستەی لەناوبردنی نەیاران. کاتێکیش لەساڵانی شەڕ لەگەڵ ئێراندا بزاڤی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان گەیشتە ئاستێکی باڵای پێشکەوتن و رژێمی بەعس ناچارکرا ناوچەیەکی فراوان لەباشووری کوردستان چۆڵ بکات و پێشمەرگە دەسەڵاتی تێداوەربگرێ. ئەمە بووە رق و کینە و داخێکی وا سەدام بەدوای دەرفەتدا بگەڕێ و تۆڵەی ساڵانی شەڕ لەگەلی کوردستان بکاتەوە وەك خووێکی خێڵایەتی و، لەلایەکی دیکەشەوە بەرنامەی جینۆسایدکردنی کورد پەرەپێیدات. بۆیە لە ٢٩/ ی ئاداری ساڵی ١٩٨٧ دا بەناو (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) ەکەی بەعس بە ئیمزای سەدام حوسێن بڕیاری (١٦٠) ی دەرکرد و عەریف عەلی حەسەن ئەلمەجید کرایە حاکمی دەسەڵات رەهای تەواوی باشووری کوردستان، کە ئەوان (شیمالی ئێراقی)پێدەلێن و هەموو هێزەکانی سوپا، سوپای میللی، جاش، پۆلیس، ئاسایش، هەواڵگری، موخابەرات و دەسەڵاتەکانی دادگەیی و یاسادانان و جێبەجێکردن و کارگێڕیان خستەبن دەست و بودجەیەکی گەورە و زۆرو زەبربەندیشیان بۆدانا[٤١]، ئەویش دروشمی (هێرشی خێراو لەناوبردن و وێرانکردن) ی هەڵگرت[٤٢].

پاش ئەوە بەهەشت قۆناخ توانی تەواوی ناوچەئازادکراوەکانی کوردستان داگیربکاتەوە، (١٨٢٠٠٠) مرۆڤی کورد (ئەنفال) بکات و هەموو جۆرە چەکێکی نوێ و قەدەغەکراو بەچەکی کیمیایی ومیکرۆب هەڵگرەوەش بەکاربهێنێ. ئەمە بەسەرکەوتنێکی گەورە بۆ عەریف عەلی دانرا، هەرلێرەوەش



نازناوی (کیمیاوی) لەلایەن کوردانەوە بەسەردابڕا. کاتێك رژێمی ئێراق پەلاماری دایە دەوڵەتی کوێت و داگیری کرد، یەکسەر ئەویان کردە پارێزگاری کوێت و ئەودەوڵەتەیان کردە نۆزدەمین پارێزگای ئێراق. لەوێ رژێم سیاسەتی ئەنفالکردنی پێڕەونەکرد، چونکە گەلی کوێت عارەب بوون. بەڵام لەوێرانکاری و دزین و تالآن نەسەنگرانەوە و هەر لەیەکەمین مانگی داگیرکردنیانەوە ئەو وڵاتەیان سەد ساڵ گەڕاندەوە دوا[٤٣]. لەوێ زۆر تەمەن درێژ نەبوو، لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٠ دا لە پارێزگاری لادراو پاشماوەیەك کرا بە وەزیری ناوخۆ. لە راپەڕینەکانی سەرەتای ساڵی ١٩٩١، عەلی کیمیاوی کرایە فەرماندەی هێزەکانی خامۆشکردنەوەی راپەڕینی باشووری ئێراق و لەوێش کوشت و کوشتارێکی گەورەی نایەوە، لە پاڵ گۆڕە بەکۆمەڵەمانی کوردان لە باشووری ئێراق، دەیان گۆڕی بەکۆمەڵی دی بۆ عارەبە(شیعەمەزهەبەکان) لێداو خەڵکە راپەڕیوەکەی تێدا زیندە بەچاڵکرد. بۆیە سەدام حوسێن لە ساڵانی ١٩٩١ تا ١٩٩٥ کردی بەوەزیری بەرگری، پاشان لەساڵی ١٩٩٥ وە کرایە پارێزگاری تکریت. وەك بینرا کاتێك لەشەڕدا ئێراق شکستی خوارد، لەشوباتی ١٩٩١ دا بیرەنەوتەکانیشی ئاگر تێبەردا، کەبەگەورەترین کارەساتی ژینگەیی دادەنرێ. دڵسۆزی و وەفای عەریف عەلی کیمیاوی بۆسەدامی سەرۆکی و دەرەنجامی ئەو پەروەردەو پێگەیاندنەی بەعس بۆ ئەندامانی گەیشتە ئەو رادەیەی کە عەلی کیمیاوی بەفەرمانی سەدام حوسێن لەگەڵ هێزێکی سەربازی تایبەت هێرش بکاتە سەر ماڵی برای خۆی و بەژن و منداڵەوە لەناویان ببات[٤٤].

عەلی کیمیاوی دوای ئەم رووداوە ناوی لە ناوناوان نەماو وەك ئەوە دیاربوو سەدام باوەڕی بەویش لەق بووە، بۆیە لەبازنەی خۆی دووری خستەوە و کردی بەپارێزگاری تکریت و تا دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی ئێراق لە ئاداری ساڵی ٢٠٠٣دا لەوێ مایەوە. ئەوکاتە جارێکی دی هێنرایەوە گۆڕەپانەکەو کرا بە فەرماندەی هێزەکانی باشووری ئێراق و لەوێ جارێکی دەستەی

گوللەبارانکردنی لەپشت هێڵەکانی پێشەوەی شەڕ لەگەڵ هاوپەیمانان دانایەوە و ئەوەی لەشەڕ رایبکردایە، گوللەبارانی دەکرد، کەچی ئەورۆژەهات خۆیشی رابکات و پاش ماوەیەك خۆشاردنەوە دەستگیر بکرێت.

عەریف عەلی کیمیاوی لەکاتی شالاوەکانی ئەنفالدا بەوپەڕی دەسەلات و لەخۆبایی بوونەوە دەدواو خەڵکی کورستانی لەناوبرد، لەدوای ئازادکردنی ئێراقدا چەندین دیکۆمێنت وکاسێتی تۆمارکراو بەدەنگی خۆی کەوتە بەردەست لەیەکێك لەو کاسێتە تۆمارکروانەدا دەڵێ:

لەهاوینی دادێ، نابێت هیچ گوندێك لێرەو لەوێدا بمێنێ، جگە لە ئۆردوگاکان، پێویستە لەسەرمان چۆن مریشك جوجەڵەکانی لەبن باڵی خۆی دادەنێ، ئاواش خەڵك لەئۆردوگاکان کۆببنەوە و چاودێریان بکەین پاسەوانیان لەسەر دابنێین[٤٥].

**هەروەها لەشوێنێکی دی دەڵێ:**

**(هەموویان بەچەکی کیمیاوی دەکوژم! کێ هەیەشتێ بلێ؟ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی؟ دەیانگێم. کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و ئەوانەش گوێیان لێ دەگرن)[٤٦].**

**لەکاسێتێکی دیکەدا عەریف عەلی لەمەڕ کوردان دەڵێ:**

**(کاتی لێبوردنەگشتیەکەی بلاوکرایەوە(٦/ ٩/ ١٩٨٨)، خەریك بوو شێت بم، بەلام وەك ئەندامێکی حزب. . گوتم باشە. من دەمگوت لەوانەیە چەند کەسێکی چاك لەنێوانیاندا بەدی بکەین(واتە لە نێو کوردان)، چونکە ئەوانیش هەر میللەتی ئێمەن، بەلام هەرگیز هیچمان بەدی نەکرد. خۆئەگەر دەربارەی کوردە لێپرسراوە پایەبەرزەکان پرسیارم لێ بکەن کامەیان باش و دڵسۆزن ئەوا دەڵێم بەتەنیا پارێزگارەکانی هەولێرو سلێمانی (ئەوکات ئیبراهیم زەنگەنەو شێخ جەعفەر بوون). جگە لەو دووانە هیچ کەسێکی بەوەفا، یان باشیان تێدانییە)[٤٧].**



**هەروەها دەگێڕنەوەو دەڵێن کاتێك کۆرپەیەکی ساوای کورد دەگری و بەدەبابەیەکی دادەدا و دەیکوژێ، هاوار دەکات و دەڵێ: (ئا بەم شێوەیە ریشەکێشیان دەکەم... کوردینە)[٤٨].**

ئەگەر تەنیا ئەم چوارگوتەیەی عەریف عەلی کیمیایی شیبکەینەوە، کە بەکردەوەش پێڕەوی لێکردووە دەگەینە ئەو راستییەی پاسەوانە دڵسۆزەکەی سەرۆکی ئێراق تەواو دەرچووی قوتابخانەی حۆجە و خولەکانی پەروەردەکردنی بەعسیانەیە کە لە سەرەتای ئەم بابەتەدا باسمان کرد.

سەدام حوسێن دەیزانی چۆن ئەو ئامۆزا خوێنرێژەی خۆی پەروەردەکردووە و چەند توندو تیژو بێ بەزەیی و دڕندەیە. هەروەها بڕواشی پێ هەبوو چی پێی بڵێ بەزیادەوە جێبەجێی دەکات. . هەر بۆیە کردی بە حاکمی دەسەڵات رەهای کوردستان و ئەنفالی پێ ئەنجام دا.

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

١- د. غانم محمد الحفو، ود. عبدالفتاح عەلی بۆتانی/ الكورد و الاحداث الوطنيـة في العراق/ دار سپيريز للطباعة والنشر دهۆك. مطبعة تربية اربيل ٢٠٠٥. ص١٩.

٢- د. عەبدوالرەحمان قاسملو/ كوردستان و كورد/ و: عبدالله حسن زاده/ چ٢/ هـەولێر ٢٠٠٦. ل٧٣- ٧٤.

٣- هەمان سەرچاوە. ل٧٩.

٤- ئاسۆ حەسەن پیشەسازی (گۆڤار) ژ٢/ وەزارەتی پیـشەسازی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان/ ئیلوولی ١٩٩٦/ ل٥٦.

٥- یوسف دزەیی/ سەرچاوەی پێشوو. ل٥٧.

٦- محمود مەلا عزەت/ بازنەکانی ململانێ/ سلێمانی ٢٠٠٢. ل٤٥.

٧- یوسف دزەیی/ سەرچاوەی پێشوو. ل٥٨.

٨- جليل فيلی/ الكورد اللوريون/ اربيل ص١٤٧- ١٤٨.

٩- نفس المصدر. ص١٤٨.

١٠- مەلا شاخی/ انفال خالخالان (الانفال الرابعـة) ت: نـەوزاد محمـود حميـد/ ٢٠٠٦. ص١٠.

١١- جليل فيلی/ المصدر السابق ص١٥٥.

١٢- عەلی بەندی/ ئەنفالكرنا بەهدينان/ ب١/ دهۆك ٢٠٠١. ل٢٠.

١٣- هەمان سەرچاوە. . ل١٨

١٤- مەلا شاخی/ المصدر السابق/ ص١٢- ١٣.

١٥- زوهير جەزائيری/ سەرچاوەی پێشوو. ل٥٩.

١٦- یوسف دزەیی/ سەرچاوەی پێشوو ل ١٩١.

٧١- شۆرش حاجی رەسول/ ئەنفال. . کوردو دەوڵەتی ئێـراق/ چ[٢]/ چـاپخانەی شـڤان/ سلێمانی ٢٠٠٣/ ل[٥٢].



١٨- عەبدولا کەریم/ رەشـەبای ژەهـرو ئـەنفال/ ل[١]/ وەزارەتـی رۆشـنبیری/ سـلێمانی ٢٠٠٢. ل[٣].

١٩- ميدل ئيست ووچ/ حمله الانفال في كردستان العراق، تدمير قريـه كـوريمی/ ت: د. رزگار/ دار اراس لطباعة و النشر ٢٠٠٢.

٢٠- جەبار قادر/ سەنتەری برایەتی (گۆڤار) ژ٢٤/ ل [٦٥].

٢١- مەریوان وریا قانع/ ئەنفال و مۆدێرنە رووداوێك/ رەهەند (گۆڤـار)ی ژ٧/ ١٩٩٩. ل[٣٢].

٢٢- یوسف دزەیی/ ئەنفال. . کارەسات، ئەنجام و رەهەنـدەکانی/ دەزگـای موکریـان/ هەولێر ٢٠٠٣. ل[٣٦].

٢٣- ميدل ئيست ووچ/ حمله الانفال في كردستان العراق/ تدمير قريـه كـوريمی/ ت: د. رزگار/ دار اراس للطباعة و النشر/ اربيل ٢٠٠٢/ ص[١٧].

٢٤- یوسف دزەیی/ ئەنفال. سەرچاوەی پێشوو. ل٨٤- ٨٥.

٢٥- ا- هەمان سەرچاوە. ل[٩٢]. ب- شۆرش حاجی رەسول/ ئەنفال سەرچاوەی پێـشوو. ل[١٢٥] و بە دواوە.

٢٦- مجيد صالح/ الانفال (مجلة) ع٦/ وزارة حقوق الانسان و شـؤون المرحلين/ الـسليمانية ٢٠٠٥/ ص[٨٥]- [٨٦].

٢٧- شۆرش حاجی رسول/ الانفال. . سەرچاوەی پێشوو. ل[١٥٥]- [١٥٦].

٢٨- هەمان سەرچاوە. ل[١٦٠]- [١٦٤].

٢٩- یوسف دزەیی/ ئەنفال. . سەرچاوەی پێشوو. ل[١١٨] و بەدواوە.

٣٠- مەلا شاخی/ انفال خاڵخاڵان/ ت: نوزاد محمود حميد/ كركوك ٢٠٠٦ ص[٨].

٣١- نفس المصدر/ ص[٩].

٣٢- شۆرش حاجی رەسول/ ئەنفال. . سەرچاوەی پی شوو. ل[١٦٥]- [١٦٧].

٣٣- مجيد صالح/ الانفال/ المصدر السابق/ ص[٨٩]- [٩١].

٣٤- علی بەندی/ ئەنفال کرنا بادینان/ ب١/ دهۆك ٢٠٠١. ل[٤٦].

٣٥- یوسف دزەیی/ ئەنفال/ سەرچاوەی پێشوو/ ل١٣٩.
٣٦- شۆرش حاجی ڕەسول/ سەرچاوەی پێشوو. ل١٦٩- ١٧١.
٣٧- ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ ئێراق و تاوانی جینۆساید، شالآوی ئەنفال دژی کورد/ و: جەمال میرزا عەزیز/ بەرلین ٢٠٠٠. ل١٩١.
٣٨- بۆ زانیاری پتر بڕوانە زوهێر جەزائیری/ سەنتەری برایەتی (گۆڤار ژمارە ٢٤/ هەولێر ٢٠٠٢/ ل ٥٥.
٣٩- هەمان سەرچاوە ل ٥٥- ٥٦.
٤٠ — سەرچاوەی پێشوو ل٥٦.
٤١- یوسف دزەیی/ ئەنفال. . کارەسات و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان/ دەزگای موکریان/ هەولێر ٢٠٠٣ ل ٣٠.
٤٢- الانفال (مجلة) ع ٦. ./ ٢٠٠٥ السلیمانیه. ص ٨٢.
٤٣- ئەمەش دوای ئەوە هات کە هەردوو برازاکەی (حوسێن و سەدام کامل) کە کوڕە ئامۆزای سەدامیش بوون، بەژن و منداڵەوە رایان کردە ئوردون و پاشان بەلێبوردنی سەدام و بنەماڵەکەیان گەڕانەوە، بەڵام سەدام حوسێن دوای ئەوەی هەردوو کچەکەی خۆی. بە منداڵەوە لێ جوداکردەوە) فەرمانی کوشتنی دان و عەلی کیمیاویش جێبەجێی کرد.
٤٤- مجید صالح/ الانفال (مجله) ع ٦/ وزارة حقوق الانسان وشؤون المنفلین. السلیمانیة/ ص٧٩- ٨٠.
٤٥- ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ سەرچاوەی پێشوو/ ل٢٨٦.
٤٦- ............. هەمان سەرچاوە ل٢٦٣.
٤٧- هەمان سەرچاوە/ ل٢٦٢- ٢٦٣.
٤٨- یەسف دزەیی/ سەرچاوەی پێشوو ل ٢٩.

# بەشی چوارەم

## بادینان. . گرتن و کوشتن و ئەشکەنجەو شونبزرکردن

١-٤-١ دەست پێکردنی شالاّو بۆ سەر بادینان

١-٤-٢ لە نێو ئەنفالکردنی بادینان.

١-٤-٣ هۆکارەکانی بەرگری نەکردن.

١-٤-٤ چەند کەس لە بادینان گیران.

١-٤-٥ کوشتن و گوللەبارانکردن و شونبزرکردن.

١-٤-٦ ئەشکەنجەدان و برسیکردن و فشاری دەروونی.

١-٤-٧ پاشماوەی ئەنفالکراوەکان لە نێو درکودالّی جەژنیکان.

# بەشی چوارەم: بادینان . گرتن و کوشتن و ئەشکەنجەو شونبزرکردن

## ١-٤-١ دەستپێکردنی شالاو بۆ سەر بادینان

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا حکومەتی بەعسی ئێراق بە پتر لە دوو سەد هەزار سەربازو (١٨١) فەوجی سووکی جاشان لە هەموو لایەکەوە هێرشی کردە سەر دەڤەری بادینان. هەر لە باشووری دهۆکەوە، لە رۆژهەڵاتی رێگەی موسڵ و زاخۆ تا دەگاتە ئیبراهیم خەلیل، لەوێوە بە سنووری دەستکردی نێوان تورکیاوئێراقەوە تا دەگاتە شێروان مەزنو مێرگەسۆر، لەوێوەو تا باکووری بارزانو مزوری باڵاو گوندەکانی سێلکێو میرۆزو رۆژئاوای رووباری (شەمدینان)دا شۆڕ دەبێتەوە تا دەگاتە دەڤەری زێبارەتیو خوارووی زێی بادینان تا چیای پێرس و باکووری دینارتەو دەشتی نەهلە.

شالاوە سەربازییەکە لە بەرە بەیانی رۆژی ٢٥/ ٨/ ١٩٨٨ دەستی پێکرد، بەڵام چەند رۆژێ پێشتر هێزەکانی سوپا بۆردومانی ناوچەکەیان دەست پێکردبوو، راپۆرتی رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەکات کە لە رۆژانی ٢٣و ٢٤ ی ئاب ئاقاری گوندەکانی کورێمیو ورمیلیو چەلکێ تۆپباران کرانو یەکەمین بۆمبی گازی ژەهراویش دوای خۆر ئاوابوون بەسەر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە (زێوە شکان) بەردرایەوە، کە (١٠) پێشمەرگەو نزیکەی (٢٠) هاوڵاتی دەڤەرەکەش شەهیدبوونو ژمارەیەکی زۆر تریش بریندار بوون، بەتایبەتی منداڵەکان لە هەفتەکانی دواتر هەر بە کاریگەری ژەهری کیمیایی گیانیان لەدەستدا[1].



ئێمە بە چاوی خۆمان ئەو (١٢) دوازدە کۆپتەرەمان بینی کەبەسەر رووی سەرکەوتنو دوای دارژاندنی ژەهرەکەیان بە هەمان رێگە بەرەو لای ئاکرێ گەڕانەوە.

بۆ بەیانییەکەی ٢٥/ ی ئاب بینیمان فڕۆکە بەسەر دەڤەری بەری گارە دەسوڕێتەوەو ئاقاری گوندەکانی ئێکماڵە، ردێنیا، شێرانەو ئەولاتر بۆردومان دەکات، ئەو کاتە بارەگای ئێمە لە(گەلی تۆبە)ی خۆر ئاوای گوندی (کافیا)ی زێبار بوو. پاش یەکدو سەعات خەڵکی ئێکماڵەو دووروبەریمان بینین هاتنو کاریگەری کیمیا بارانیان بەسەر جەستەوە دیاربوو، کە دواتر زانیمان کیمیابارانەکە پتر لە (٣٠) گوندی بەری گارەی گرتۆتەوە لەوانەش ساتێو ئەسپینداره و ئاڤۆکێو دەیان گوندی دی لە دەڤەری بادینان (زارب)ی فەرماندەی فەیلەقی پێنج لە راپۆرتەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە بەتالیۆنێکی تایبەت بە بەکارهێنانی (چەکی کیمیایی) یان لەگەڵدا بووەو رۆڵێکی بێ هاوتایان لە شالاوەکەدا دیوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەفڕۆکەی کۆپتەرو جەنگی لەلایەن هێزی ئاسمانییەوە بەکار هات، کە گازی مۆستادو (ئەعصاب) بوو دژ بە (٤٩) گوندیان بەکارهێنا[2].

هەروەها لە شالاوەکاندا بۆمبی هێشووش بەکارهێنرا، هاوکات هەر ئەو رۆژە هێزەکانی سوپای ئێراق بە پانایی (٦٠) میلو قولایی (٢٠)میل هێرشیان هێناو لە دوو لاشەوە. لە مێرگەسوور. شێروان مەزن بەرەو خۆر ئاوا تا سەر رووباری شەمدینان و لە زاخۆشەوە بەرەو خۆر هەڵات سنوورو سنوور هێرشیان هێنا تا لە رۆژی ٣٠/ ئاب هەردوو هێز یەکیان گرتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ناوچە ناوچە دیاریکرابوونو گەمارۆ دەدران لە هەموو لایەکەوە هێرشیان بۆ دەبردنو بەرە بەرە ئەلقەی گەمارۆکەیان تەسك دەکردەوە تا خەڵکی ناوچەکەیان هەموو دەستگیر دەکرد. وەك دڵشاد حوسێنی پێشمەرگە لە دیمانەیەکی تایبەت ئاماژەی

پێدا کە چۆن لەبەرە بەیانی ڕۆژی ٢٦- ی ئاب لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردە سەر دەڤەری بەری گارەو بۆ ماوەی نزیکەی (٢٢) ڕۆژ نەیانتوانی لە گەمارۆی هێزەکان دەربازبن‌و لە دۆڵەکانی بناری چیای گارەو چیاکەی بەرانبەر گەلی تۆبە لەسەر تخوبی نێوان هەردوو گوندی ئێکماڵەو کافیا لەگەڵ هەزاران ژن‌و منداڵ گەمارۆ درا بوون.

(دلشاد حوسێن، هەروەها (أ. ك) ی پێشمەرگەو خاتوو (فاتیمە سالح) لە سێ دیمانەی تایبەت باس لە لەدیمەنێکی هاوشێوە دەکەن لە سەروی گوندی (ئەرگنێ) لەسەرووی دەشتی «نەهلا»، تەنانەت (أ، ك)ی پێشمەرگە کاتێك باسی ئەو ڕۆژە دەکات پاش هەژدە ساڵان. . فرمێسك بە چاوەکانی دێتە خوارێ‌و دەڵێ: هەرگیز ئەو دیمەنەم لە بەرچاولاناکەوێ کاتێك پیاوەکان لەوێ بڕیاریان دا بدەنە چیاو ژن‌و منداڵیش بەناچاری بەرەو خوار بڕۆن‌و خۆیان بدەنە دەست هێزەکانی سوپا. . چۆن منداڵ بە باوکیەوە نووسابوو نەیدەویست لێك جودابینەوە، چۆن ژن‌و مێرد دوا باوەشیان لێکدی دەگرت‌و چۆن پیرەژن‌و پیرەمێرد ئامادە نەبوون لە جگەر گۆشەکانیان دابڕێن، ئەو ڕۆژە. . چیاو داروبەردو خاك‌و ڕووبارەکانیش دەگریان[٣].

دیارە ئەم دیمەنانە لە هەموو ناوچەکانی بادینان دووبارە بوونەتەوەو هێزەکانی سوپا ڕێگەیان نەدەدا کەس لە دەستیان دەرباز بێت. لە ڕۆژی ٢٦/ ی ئاب، پێش نیوەڕۆ هێزەکانی سوپای ئێراق هێرشیان کردە سەر ئەو (کەڵەك)ەی کە لە تەختەو چوپ دروستکرابوو لە نێوان گوندی (شینێ)ی زێبارەتی‌و (بازێ)ی بارزان بۆ پەڕینەوە دانرابوو، کە دیارە هەواڵیان وەرگرتبوو لەوێوە خەڵك پێی دەپەڕینەوەو پاش شەڕێکی چەند سەعاتی لەگەڵ پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەی زێبارەتی جا توانیان ئەو (کەڵەکە)ش بتەقێننەوە!! بۆ ئەوەی خەڵك دەربازی دەڤەری بارزان نەبن.



هەروەها لە ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ دا هاتووە: (لەوانەیە ترسنۆکترین هێرشی کیمیایی، بۆمبارانکردنی پردەکەی (بالوکە) بووبێ، کە یەکێ بوو لە خاڵە سەرەکییەکانی پەڕینەوەی سەر ڕووباری بە خوڕی زێی گەورە... گوندنیشینەکان لە هەڵاتنیاندا لەسەر ئەو پردە یەکیان دەگرتەوە، نزیکەی کاتژمێر ١/ ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٥/ ی ئاب فڕۆکە جەنگییەکان پردەکەیان شکاند[٤]. هەر لە بارەی چۆنیەتی گەمارۆدانی خەڵکی بادینان سەلام عەبدوڵا بامەرنی باس دەکات کە شەوی ٢٨/ ی ئاب پەڕینەوە لە بەرواری زۆر مەترسی دار بوو، کەچی ئەوە شەوە پتر لە (١٣) سێزدە هەزار کەس دەرباز بوون، لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەك هەر مانەوە و پاشان خۆیان دایە دەست هێزەکانی سوپا[٥]. لەگەڵ ئەو تەقەلایەی هێزەکانی سوپای ئێراق کەچی زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی (٨٥٠٠٠) هەشتاو پێنج هەزار کەس دەربازیان بوو بۆ باکوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

### ١-٤-٢ لەنێو ئەنفالکردنی بادیناندا. .

### خۆم وەك شایەتحاڵێکی ئەنفالی بادینان

لەئێوارەی ڕۆژی ٢٤/ ی ئابی ساڵی ١٩٨٨، ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ هێزێکی هاوبەشی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی ئێراق چووبوونە سەر چیا، گەڕانەوە بارەگاکەمان لە «گەلی توبە»ی خۆرئاوای گوندی کافیای دەڤەری زێبارو گوتیان هێزەگانی دوژمن گەلێك زۆرە و ناتوانرێ بەرگری بکرێت، پاشان ئەو ڕۆژە هەواڵێکیان بۆ هاتبوو گوایە بروسکە بۆهێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە، لەبەر مەترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەرەو سنوورەکان بکشێنەوە دوا.

ئەو شەوە کۆبووینەوە و بڕیارماندا بەرەو دەڤەری بارزان و چیای شیرین بڕۆین، هەوڵبدەین چی ئازووقەو خۆراکیش هەیە بیبەین لە ئەشکەوتەکانی ئەوێ

بیشارینەوە، ئەگەر رژێم بۆ ئەویش هێرشی هێنا ئەوا دەتوانین ببینە چەند دەستەیەکی پارتیزانی، کوردستان تەژی چیاو دارستانی چڕوپڕو شاخی سەخت و کانیاوە بەس خۆراك هەبێت مرۆڤ دەتوانێت چەندین ساڵ تێیدا بژیت، هەزاران ساڵیشە هەر بەپشتیوانی ئەم چیایانە بووە گەلی کوردستان بەرگری لە خۆی و خاکەکەی کردووە، ئەگەر سەرکەوتنیشی وەدەست نەهێنابێ و نەیتوانیبێ کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆ لە هیچ پارچەیەك پێکەوەبنێ، بەڵام شیاوە لەسەر خاکی خۆی بمێنێ و بۆ دوژمن چۆلی نەکات، نەهێڵێ داگیرکەرانیش بۆ چرکە ساتێك بەدڵنیایی تێیدا دانیشن.

هەر ئەو شەوە چی کەلوپەلی پێویست و بەنرخ هەبوون لەگەڵ ئەرشیفەکەمان کۆکرانەوەو بەجودا ئامادەکران، بۆ بەیانیەکەی زوو لەخەو رابووین و ئێمە چەند پێشمەرگەیەك لە شوێنێکی دوور لەبارەگاو لە قەدپاڵێ، لە نێودارستانێکی چڕ زەویمان هەڵکۆڵی و لە ژێر زەویمان ناشت، هەندێ ئەرشیف و کەلوپەلی دیش لە شوێنێکی دی و لەکەڵەنی درەختێکی بەرز شاردرانەوە. لەو کەلوپەلانەی لەبیرمە بریتی بوون لە ئەرشیفی راگەیاندن، کتێب، دەزگای چاپ، رۆنیۆ، کاغەزو هەندێ کەلوپەلی کارەبایی. ئەوکاتەی ئێمە خەریکی ناشتنی کەلوپەلەکان بووین چەند فڕۆکەیەکی جەنگی بەسەر ئاقاری گوندی ئێکماڵەو ئێمە و بەری گارە دەسووڕانەوە و گوێمان لە دەنگی چەندین تەقینەوەش بوو. ئەمە کارێکی ئاسایی بوو، چونکە لە ماوەی دووساڵی رابردووی بوونی ئێمە لەو دەڤەرەدا دەیان جاری دی فڕۆکە هاتبوونە سەرمان و بۆردومانیان کردبوو، بەڵام ئەمجارەیان ترسی پتربوو، چونکە لە بۆردومانی کیمیایی و هێرشی سەرتاسەری دەترساین، ترسەکەش لە جێی خۆی بوو. کاتێك پێش نیوەڕۆ گەڕاینەوە بارەگا، خەڵکی ئێکماڵەوە دەڤەرەکەمان بینی بەتەك بارەگای ئێمەدا رەتبوون و پەشۆکاوبوون، چاوو روومەتیان سوورهەڵگەڕابوو، کۆخەیان دەگرت و گوتیان بنهەنگڵ و نێوان هەردوو قاچمان دەزورێتەوە. ئەو کات ئێمە برینپێچێك و یاریدەدەرێکی پزیشکی



خودان ئەزموونمان هەبوو هێندەی چارەسەری هەبوو بۆ بەشێکیان کردن. ئەوکاتە گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە رژێم چەکی کیمیایی دژ بە گوندییەکان بەکارهێناوە و بەردەوامیش دەبێت، بۆیە واباشە پەلە بکەین لە گواستنەوە بۆ دەڤەری بارزان و چیای شیرین.

لەبەر ئەوەی چەند پێشمەرگەیەکمان ژن و منداڵی لەگەڵ بوو لەوانە: هەڤاڵان قادر عەزیز، بەڵێن محەمەد، سەلاح رواندزی، بڵند باغەمرە، مەریوان، باخەوان تاهیر (یادی بەخێر)، هەڤاڵ حاجی(کە خۆی و خێزانەکەی پێشمەرگەی باکووری کوردستان بوون و پەیوەندییان بە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە کردبوو یادیان بەخێر لە تورکیا دەستگیرکران). بۆیە تا خۆمان ئامادە کردو فراڤینمان خوارد، درەنگ داهات، بەڵام بۆ ئێوارەکەی گەیشتینە گوندی شینێ و شەو لەوێماینەوە (رۆژی پێشتر خەڵکی گوند چۆلیان کردبوو). لەهەمان کاتدا « ١١ » یازدە پێشمەرگەشمان بە بەرپرسێتی هەڤاڵ دڵشاد کۆیی و نەبەز ئورفەیی (کە لەم توێژینەوەیەدا دیمانەمان لەگەڵ کردوون) مانەوە بۆ ئەوەی رۆژی دوایی بێن پاش ئەوەی ولاخەکانی کە بەرەڵابوون بگرنەوە و چەند بارە ئازووقەیەك لەگەڵ خۆیان بهێنن و ئێمەش لە گوندی «بازێ» چاوەڕوانییان دەکەین.

بەیانی ٢٦/ ٨/ ١٩٨٨ بەسەر ئەو کەڵەکەدا پەڕینەوە کە لەسەر زێی بادینان (زێی گەورە) بۆ پەڕینەوە دانرابوو، پێش نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی «بازێ» و شەوی دووەم لەوێ ماینەوە، هەر چاوەڕوانی پێشمەرگەکان بووین. چێشتەنگاوی رۆژی٢٧/ ٨ خەریکی ئامادەکردنی تێشت بووین، کاتێك گوندی بازێ و دەوروبەری تۆپبارانکرا. دیار بوو بەر لە ئێمە خێزانێکی زۆر پەڕیبۆوە دەڤەری بارزان و دوژمن بەو خاڵەی پەڕینەوەی زانیبوو، بۆیە هێرشی هێزەکانی ئێراق بۆ سەر دەڤەرەکە دەستی پێکردبوو، پاش شەڕێکی قارەمانانە لەسەر زێی گەورە هێزەکانی ئێراق بەچاوساغی جاشان گەیشتبوونە سەر شوێنی پەڕینەوە و

کەڵەکەکەیان تەقاندبۆوە، بۆیە خاووخێزانێکی زۆر بەرەو دەڤەری بەری گارە گەڕابوونەوە، لەوانەش ئەو (١١) پێشمەرگەی ئێمە کە پێشتر باسمان کردن.

کە تۆپباران بۆ دەڤەری بارزان دەستی پێکرد و ئازووقەکەی ئێمەش نەگەیشت ناچاربووین بەرەو چیای شیرین پاشەکشە بکەین و بووینە بەشێك لەو چەکدار و ژن و منداڵ و پیر و گەنجانەی کە بەرەو سنوورەکان رایان دەکرد. لەگەرمەی هەڵکشان بەرەو چیای شیرین و تۆپبارانەکەدا، ئافرەتێك کەمنداڵێکی شیرە خۆرەی بە ئامێزەوە بوو لە پێش ئێمەوە دەڕۆیشت و کەسی دی لەگەڵ نەبوو، ئەو کاتە وەستاو کە گەیشتینە لای دیاربوو منداڵەکە دەگریاو پرسی: ئەرێ کاکینە ئاوی گەرمتان پێ نییە؟!.

دوای ئەوەی بە نەخێر وەڵامان دایەوە، هەستمان کرد ئافرەتە جحێڵەکە زیاد لە پێویست پەشۆکاوە، ئەگینا پێشمەرگە کەی ئاوی گەرم لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ، بۆیە بەشەرمەوە گوتی. . کاکە لێم مەگرن. . منداڵەکەم برسیتی بە ئاوی ئاسایش شیر ناخواتەوە. ئەو کات ئێمە (٥) پێشمەرگە بووین ولاخێکیشمان بەبەتاڵی پێ بوو، ئەرکی ئێمە ئەوەبوو لە دواوەی پێشمەرگەکان بڕۆین، ئەگەر یەکێك بریندار‌بوو، یان لە ماندوێتی کەوت فریای بکەوین. هەستیشمان کرد ئافرەتەکە دەترسێ، بۆیە پێم گوت: خوشکی بەڕێز لەگەڵ ئێمە برۆ جێت ناهێڵین تا دەگەیتە کەسوکاری خۆت.

لە دامێنی چیای شیرین کانییێك هەبوو، هەموو خەڵکەکە بەسەر ئەو کانیەدا رەتدەبوون و تا گەیشتینە ئەوێ ئافرەتەکەمان لەگەڵ بوو، لە وێ گەیشتەوە ماڵی خۆیان، بەڵام بەردەوام منداڵەکە لەبرسان دەگریاو ئامادە نەبوو شیر بە ئاوی ئاساییەوە (نەك سارد) بخواتەوە.

پاش کەمێك پشوودان بە چیای شیرین هەڵگەڕاین، لەبەر ئەوەی پێشمەرگەو خێزانەکانی ئێمە لە پێشەوەتر بوون، دیاربوو تا ئێمە گەیشتین جارێکی دی



کۆبوونەوەیان کردبوو، کە لە شیرین بە پارتیزانی بمێنینەوە، یان لەگەڵ حزبەکانی دی و خەڵکی دەڤەرەکە بەرەو سنوورەکان پاشەکشەبکەین؟!. . زۆربە رایان وابوو پاشەکشە بکەین. لەبەر ئەوەی شالاوی ئەمجارەی رژێمی بەغدا شالاوی ئەنفالەو کەس نابوێرێ، چەکی کیمیایی بێ پرینگانەوە بەکار دەهێنێ و جیاوازی لە نێوان پێشمەرگەو ژن و منداڵ و پیر و لاوو خەڵکی سڤیل ناکات. کێومالی دێت و هەرچی گیانی لەبەرە دەیکوژێ، یان ئەنفالی دەکات، سروشت و خاکیش سوتماك دەکات. لەلایەکی دیکەشەوە پارتیزانی بە ژن و منداڵەوە ناکرێ، باژنەکانیش لێهاوێر بکەین کە ئەو کاتە یەکدووێکیان سکیان پڕبوو لە منداڵبوون نزیك ببوونەوە، بەڵام پارتیزانی بە منداڵەوە ناکرێت، کە ئەوکاتە کاك سەلاح رواندزی خۆی و خێزانەکەی و سێ منداڵیشان هێنابوو کە ساوابوون، لەوانە کچێکیان هەبوو بەناوی(ئەژین) زۆر دەگریاو دەنگی تیژبوو.

بۆیە بڕیارەکە بەوە شکایەوە ئێمەش ببینە بەشێك لەو حەشاماتەی کە بەرەو سنوور دەڕوات.

لە شیرینەوە بە باریکە رێگەیەك بۆ گوندی (داویتکە) شۆڕبووینەوە. ئێمە لە دواوەی هەموو خەڵکەکە بووین و دواکەس بووین کە شیرینمان جێهێشت. کە گەیشتین گوندی داویتکە تەژی خەڵك و پێشمەرگە بوون. پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی ئێراق و زەحمەتکێشان زۆربەی هەرە زۆریان سەڵت بوون و بە هەردوولا نزیکەی (٢٠) کەس خێزانداربوون، بەڵام پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە خەڵکی دەڤەرەکە بوون، هەموویان ماڵ و منداڵیان لەگەڵ بوو سەڵتەکانیان لەگەڵ کاك شیمال مەحمود ئاغا بۆ دەڤەری گارە پاشەکشەیان کردبوو.

لە داویتکە بەرپرسانی هەرسێ حزب کۆبوونەوە و بڕیاریان دا بەرەو گوندی (سێلکێ) بڕۆین، واتە رێگەی سێلکێ- کانی بۆت —زێتێ — بەرەو ئێران

پاشەکشە بکەین. کەچی هێشتا پشوومان نەدابوو، بێ ئەوەی پارووەنانێك پەیدا بکەین و بیخۆین، سوار ئەسپێك لە هەمان ڕێگەوە هات و هەواڵی هێنابوو کە ئەو هێڵەی پاشەکشە کردن گیراوە و سەربازو جاشێکی زۆر تا بەرزاییەکانی پشت داویتکەشیان گرتووە. هەر ئەو کاتەش لەهەمان ئاراستە دەنگی چەنددەستڕێژێکی تەقە هات. بۆیە. . بڕیاردرا بە قەراخ ڕووباری (شەمدینان) بەرەو گوندی «سپینداره» ی ناوچەی مزوری باڵا دا بڕۆین.

ئیتر هەر ڕۆژی ٢٧/ ٨ لە دوای خۆرئاوابوون یەکسەر ڕێگەی سپیندارەمان گرتە بەر. بەڵام لە ڕێگەی ئەوێش دڵنیا نەبووین، بۆیە پێشتر دەستەیەك پێشمەرگەی هاوبەش نێردران بە ماوەیەك لە پێش کاروانی خەڵکەکە بڕۆن، بۆ ئەوەی ئەگەر دوژمن لە پێشەوە هەبێت، لە گەڵ ئەوان ببێتە شەڕ و ئاگادار ببینەوە. هەر ئەو دەستەیەش بەرە بەیان کە لە ئاقاری گوندی (هیران) بەرەو بەرزاییەکانی ئاقاری سپیندارە هەڵدەکشێن، خەڵکێك لە ڕێگە ئاگاداریان دەکەنەوە کە هێزێکی گەورەی دوژمن لە مێرگە سوورەوە هاتووە و ڕۆژهەڵاتی (ڕووباری شەمدینان)یان هەموو گرتووە. ئەوە هەواڵێکی ناخۆش بوو. ڕۆژی پێشتر دوای شەڕێکی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی لیژنەی ناوچەی گوڵان بە ڕێبەرایەتی شەهید (سمکۆ ئامێدی) و خەڵکی دەڤەرەکە لە گەلی باڵندە، هێزی پێشمەرگە بەرەو چەمجوو و نێروەی ڕێکانیان پاشەکشەی کردبوو، بەڵام زەبرێکی زۆر گەورەی لە دوژمن دابوو. کەواتە هەواڵمان هەبوو لای چەپی ڕووبارەکەش تا گوندی (چەمیجوو) گیراوە. هیچ چارەسەرێك نەمابوو، بۆیە بەرە بەیانی ٢٨/ ی ئاب نوێنەری هەرسێ حزبەکە کۆبوونەوە، کاك قادر عەزیز و چەند برادەرێکی دی لە زەحمەتکێشان، مام خدر روسی و ئەبودڵشاد لە حزبی شیوعی و کاك ڕەزای مەحموداغای زێباری لە پارتی کە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ئاکرێی پارتی بوو. کاك ڕەزا چاوساغی ناوچەکە و خەڵکێکی شارەزای باشی هەبوو، بەوهۆیەی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش هێزی باڵادەستی دەڤەری بادینان بوو،



بەهۆی پەیوەندی خۆشیەوە بەردەوام هەواڵی بۆ دەهات و ئاگاداری جوولەی هێزەکانی ڕژێمی ئێراق بوو، بۆیە سەرپەرشتی کۆڕەوەکەشی دەکرد، ئەمجارە بڕیاریان دا بەرەو گوندی سینا هەڵبکشێن لەوێ داڤەڕستێك هەیە بۆ پەڕینەوە بۆ ئەوەبەری ڕووباری شەمدینان و لە وێش تەنها ڕێگەیەك ماوە کە دوژمنی پێ نەگەیبێت ئەویش ڕێگەی گوندی (سۆریان) ە، کە دەچێتەوە (خانکێ) و بیارێ و نێروەی ڕێکانیان و سنووری باکووری کوردستان.

بەیانی گەیشتینە سەر داڤەڕستەکە. . واتە ڕۆژی ٢٨/ ٨/ ١٩٨٨. پاش ئەوەی ڕۆژی ٢٧/ ٨ و شەوەکەی تا چێشتەنگاوێ ئەو خەڵکە بەردەوام لە ڕێگەبوو، بێ ئەوەی نان بخوات یان پشوێك بدات. لە ڕێگە زۆر دیمەنی دڵتەزێنمان بینی. لەوانە:

پاش ئەوەی هێزەکانی ڕژێمی بەعس هێرشیان هێنابووە سەر گوندی شینێ تا تاقە کەڵەکەکەی دەربازبوون لە دەڤەری زێبارەوە بۆ بارزان بتەقێننەوە، ژمارەیەك پێشمەرگەو خەڵکی دەڤەرەکە بۆ ماوەیەکی باش بەر سنگی هێزەکانی دوژمن دەگرن و لەوانەی کە ناوی دەهات هاووڵاتیەك بوو بەناوی (تەمەر زێباری) کە شەڕێکی باشی کردبوو. ئەو کاك تەمەرە کوڕێکی خۆی لەگەڵ دابووە تەمەنی ١٥- ١٦ ساڵان دەبوو، تازە خەریك بوو مووی لە سمێڵان بێت، زۆر شەکەت و ماندوو بوو، وەك پێشتر گوتمان، ئێمە دەستەیەك بووین بۆ فریاکەوتنی خەڵك و پێشمەرگە، لە ڕێگەدا ئەو کوڕەی کاك تەمەر لە برسان و لە ماندووبوونان و لەبەر ئەوەی شەوو ڕۆژێك پتر بوو نەخەوتبوو، توانای ڕۆیشتنی نەمابوو، بە ڕۆیشتنەوە خەوی لێ دەکەوت و لەلا ڕێ پاڵی دەدایەوە. ئێمە نەماندەویست جێی بهێڵین و هێشتا سۆراغی باوکی و خێزانەکەی ئەوانیشمان نەبوو، بۆیە بەهێزی خۆم شەقازللەم لە بناگوێی دەدا، ئاومان بەدەم و چاوی دادەکرد، بەڵام بەئاگا نەدەهات، ناچاربووین بۆ ماوەیەك لەسەر پشتی

ئێسترەکەمان بیبەستین سەرخەوێکی باشی کرد، هەندێ توانای هاتەوە بەر جا بە ئاگا هاتەوە و داوای کرد دایبەزێنین، توانای رۆیشتنی هەیە.

هەر لەو دیمەنانەی هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە دیمەنی ژمارەیەك خەڵکی ئێزیدی ئایین بوون، کە دیاربوو لەدەڤەری (شێخان)ـەوە گەیشتبوونە بارزان. ئەو رۆژەی گوندی بازێ و دەڤەری بارزان تۆپبارانکرا، ئەوان توانای رۆیشتنیان نەمابوو. لە ژێر تۆپباران و لە قەراخ رێگەی نێوان(بازێ- شیرین) چەندین پیرەژن و پیرەمێردم بینی لە ژێر سیبەری دار بەڕووەکان پاڵکەوتبوون. یەك و دوو و دە نەبوون یارمەتیان بدەین، لەگەڵ ئەوەی جێهێشتنیان لەوێ و لەبەر رەحمەتی تۆپباران، کارەساتێك بوو ئێستاش ویژدانم ئازار دەدات و وابزانم زۆر لەوان پاشان گیران و شونبزرکران و بوون بە شەهیدی کورد و کوردستان.

هەر لەرێگەی نێوان داویتکەو داڤە رستەکەی سەر (رووباری شەمدینان)، لە رێگە لە پەنا درەختێك یەکدوو ژن پەتۆیەکیان هەڵواسی و کردیانە پەناگە و دیاربوو یەکدوو ژنی دیش مژوڵ بوون، لێم پرسین ئەمە چیە و خەریکی چین، گوتیان ئافرەتێکە مندالی دەبێت. وەك لە بیرمە رۆژی پاشتر بیستمانەوە ئافرەتەکە رزگاری بووەو، کچێکی بووە ناویان ناوە «سنوور». ئاخۆ دەبێت سنوور مابێت؟! گەر مابێت ئێستا کچێکی جحێڵەو تەمەنی گەیشتۆتە (١٨) ساڵان.

ئەو روداوەی هەرگیز لە بیریشم ناچێتەوە، هەڵوێستی خۆم و ئەو پێشمەرگانەی خۆمان بوو کاتێك لە بەر ماندوێتی کەسمان ئامادە نەبووین لەگەڵ هەڤاڵ بەڵێن بگەڕێینەوە چیای شیرین...

هێندێك لە چیای شیرین بۆ داویتکە بەخوار کەوتبووین، کاك بەڵێن و خێزانەکەی لەلاڕێ نەختێ پشویان دا، کە گەیشتینە نزیك گوندی جا زانیان جانتا بچکۆلەکەیان کە چی زێڕ و پارەیەکیان هەبوو تیایدا بوو، لە رێگەو رەنگە لە



شوێنی دانیشتنەکە جێیان هێشتبێ. بۆیە بەو شەکەتییەو بەر لە خۆرئاوابوونە کاتێك بەڵێن ناچار بوو بگەڕێتەوە ئەو شوێنەو بەچیادا هەڵگەڕێتەوە، ئەو داوای لەکەس نەکرد لەگەڵی بگەڕێتەوە، بەلام کەسیش بەگەڵی نەکەوت و بەتەنها خۆیی رێگەی هەورازی سەختی شیرینی گرتەبەر. ویستم تان لەخۆم بدەم، بەلام قاچەکانم نەدەهاتنە دوا و ئێستاش شەرمەزاری ئەو رۆژەم. مـن بنی پێم زوو دەگۆواو دەبوونە پفکەو پەکم دەکەوت، ئەگینا بۆ رۆیشتن مام ناوەندی بووم،

ئەو رۆژە، (٢٨ی ئاب) هەر لەچێشتەنگاوێ تا خۆرئاوابوون بەردەوام خەڵك بەو داڤەڕستە لەبەری خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆر ئاوا پەڕینەوە. ئەو داڤە رستە[*] بۆ ئەوەکرابوو تەنها کەسێك سواری بێت و پێی بپەڕێتەوە، بەلام بەناچاری و لەبەر زۆری ژمارەی خێزانەکان دوو دوو بە برێکی زۆری کەلوپەلیشەوە سوار دەکران، چەند پێشمەرگەو هاولاتییەك لەم بەرو لەوبەری رووبارەکە وەستابوون بۆ راکێشانی کندر، یان پەتەکە بەخێرایی، بۆ ئەوەی لەرێگە دوانەکەوێ. ئەو داڤەڕستە ئەو رۆژە بەردەوام ئەم بەرو ئەو بەری دەکرد، سیمی رستەکەی سوور ببۆوە و مەترسیشی هەبوو لە شوێنێ بپسێ و ئەوەی لەناو سندوقەکە دەبوو دەبووە قوربانی، بەلام چ رێگە چارەیەکی دی نەبوو. لەبەری خۆرئاوای رووبارەکە دوکانێك بۆ رێبواران هەبوو، کەچی کە ئێمە گەیشتین تەنها شیر و رۆن و ئازوقەی وشکی تێدا مابوو، ئێمە دەمانویست بایی ئەو هەموو خەڵکە کێك و بسکویت و گۆشت و قوتی و پەنیری تێدابێت، بەلام دیار بوو خەڵکی دی، یان خاوەنەکەی بردبوونی. ئەو رۆژە برادەران (ناوسێلی) یەکی جۆری تازەیان دروست کرد، لەبەر

---

[*] داڤەڕست سەندوقێکی لە تەختە دروستکراوە وەك لەیلووکی منداڵان لە چوار گۆشەکانیەوە بە بەکرەیەك دەبەسترێتەوە، بەکرە ئاسنینەکە وەك «پوولی» وایە دەچێتە سەر سیمێکی پۆڵا، سیمەکە لەم بەرو لەو بەری رووبارەکە بە بەردی زەبەلاح یان درەختی گەورە دەبەسترێتەوە. بۆ ئەو بەرو ئەوبەرکردنی سندووقەکەش بە دوو پەت «کندر» لەم سەرو لەو سەری دەبەسترێتەوە بە درەخت و بە سندووقەکە ئەوەی دەچێتە ناو ئەو سندووقە دەتوانێ بە راکێشانی پەتەکە بۆ لای خۆی ئەم بەرو ئەو بەر بکات.

ئەوەی ئاردەکە زۆر کەم بوو دوو بەش شیریان لەگەڵ تێکەڵ کردو کردیان بە هەویرو پانیان کردەوە و لەناو ڕۆنەکە سووریان دەکردەوە نانە ساجێکی چەشنی کێکی بەشیریان دروستکرد، پیاو پەنجەی خۆی لەگەڵ دەخوارد. بەتایبەتی کە زۆربرسی بووین وماوەی (٣٠) کاتژمێر دەبوو هیچ نانێکمان نەخواردبوو، زۆر کەم بوو، برسییێتی نەشکاندین، بەڵام

نەختێ گەدەمان بوژایەوە و هێزو وزەیەکمان هاتەوە بەر، جا کەوتینە قسان و هەندێ جار گاڵتەو بەزمیش. ئەو کات لە هەڤال کاوە حەمەدەمینم پرسی:

- بەڕای تۆ دەرباز دەبین؟!. .

ئەو وەڵامی دامەوە گوتی: من بڕوام وایە دەرباز دەبین، تووشی شەڕ دەبین، خەڵکیشمان لێ شەهید دەبێت، ژن و منداڵیش دەگیرێن بەڵام دەرباز دەبین.

- ئاخر هەر چوار دەورمان گیراوە. . لە خوارەوە وا هێزی سوپاو جاش بە دوامان دادێن، لای خۆرهەڵاتی زێ هەمووی گیراوە، لای خۆرئاوا دەڵێن راستە شەقامی چەمیجوو هەمووی گیراوە، ڕێگەیەکی دیش هەیە لە چەمی جووەوە لە نزیك گوندی خانکێ دێتەوە سەر زێ، کێ دەڵێ ئەو ڕێگەیەش نەگیراوە... . . !!

- کێ دەڵێ گیراوە؟

- چەمیجوو لەم بەرەو سێلکێ و زێتێ و سپیندارە لەوبەرەوە هەمووی گیرابێ، بۆ ئەویش نەگیراوە؟.

- جا چەندین جار دوژمن گەمارۆی داوین لە گوندێکداو توانیومانە ڕێگەی دەربازبوون بکەینەوە.

- ئەمن زۆر بێ هیوام... . .



تا ئەو ڕۆژە (٢٣) ڕۆژ بوو جگەرەم نەدەکێشا، لەو کاتە هێرشی شەهید سەعدی گچکە بەرانبەرمان پشتی بەبەردێك دابوو مژی لە جگەرە دەداو بەهەوای دادەکرد. زۆر حەزم چووە جگەرەیەك، گوتم:

- هێرش جگەرەیەکم دێ...

- کاك کاوەو برادەرانی دی لێیان لە هەڵا دام و گوتیان:

- شەرمە ئەو ماوەیە وازت لە جگەرە هێناوە تازە و لەو ڕێگەیە خۆت فێردەکەیەوە؟!. .

- گوتم: برادەران هەردەمرین، کێ دەڵێ ئەمجارە دەرباز دەبین، دەبا پێش ئەوەی بمرم جگەرەیەکی دیش بکێشم. .

جگەرەکەم لە هێرش وەرگرت و بە قوڵی هەناسەوە مژم لێ دەدا، پێشمەرگەکانیش لە گاڵتەوەسەرزەنشت بەردەوام بوون.

ئێمە هێشتا نیوەمان لەو بەر و نیوەشمان لەمبەری زێ بووین بە سەدان و هەزاران ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە و گەنج و جوامێرو، پێشمەرگەوخەڵکی سڤیل بە نێو دارستان و بن بەردەکاندا پەرت و بڵاو ببونەوە. دیار بوو نوێنەری حزبەکان کۆببونەوە و گەیشتبوونە ئەوڕایەی هەر چۆنێ بێ تا خەڵکەکە تەواو دەپەڕێتەوە و تاریك دادێت خۆمان لەو دۆڵە نەگریسە مات بکەین و لە دوای خۆرئاوابوون بەرەو گوندی سۆریان سەربکەوین. ئەمەش وەك چاوەڕوانی کردن بوو بۆ مەرگ. پتر رای کاك ڕەزای مەحمود ئاغا وابوو، تا ئەو کاتیش ئەو سەرپەرشتی ڕەوتە بەهەزارییەکەی دەکرد و ژمارەیەك شارەزای دەڤەرەکەی لەگەڵ خۆ دانابوو بۆ ڕێنوێنی، یان ڕێنیشاندەر.

هەر چۆنێ بوو تا عەسرێکی درەنگ خۆمان گرت و ئەو ڕۆژە زۆر درێژ بوو. سەیری خۆمان دەکرد، هەرگیز وا بێ دەسەڵات و دەستەوەستان نەبووینە.

لەلایەك نەدەبوو ئێمە خۆ لەو حەشاماتە بدزینەوەو بە جێیان بهێڵین، چونکە ئێمە پێشمەرگە بووین. بە ئێمەو پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی (١٠٠) چەکداری سەڵت دەبووین، دەبوایە لە هەر شەڕو پێشهاتێکدا ئێمە هێزی بەرگری و زەبروەشێن و پارێزەری خەڵکەکە بین، لە لایەکی دیکەوە. . ئێمە و نەپێشمەرگەکانی حزبی شیوعیش تاقە شارەزایەکی دەڤەرەکەمان لەگەڵ بوو. خەڵکی گوندەکانی ئەو ناوەش پێش ئێمە بەرەو سنوورەکان ڕۆیشتوون و ماڵ و سامان و زۆریشیان مەڕو ئاژەڵەکانیشیان بەرەڵای شاخ کردبوو. سەرەڕای ئەمەش لەو (١٠٠) پێشمەرگە سەڵتەی کە باسم کرد (٣٠) پێشمەرگەی شەڕزانی تێدا نەبوو، بەڵکە زۆربەمان کادیری سیاسی و راگەیاندن بووین، جگە لەوەی پتر لە (٣٠) پێشمەرگەش خوێندکاربوون و لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعییەوە نێردرابوون بچنە سوریاو لە وێوە بچنە یەکێتی سۆڤیەتی جاران و وڵاتانی سۆسیالستی بۆ خوێندن. ئەمە جگە لەوانەی کە ژن و منداڵیان لەگەڵ بوون کە پتر لە (١٥) پێشمەرگە دەبوون بە هەردوولا. . پاش عەسرێکی درەنگ کاك قادر عەزیز پێی باش بوو دەستەیەك پێشمەرگە لەوانە کاك درارا عومەر و کاك سەمەدی کادیری ڕێکخستن بەرەو گوندی سۆریان هەڵکشێن، بۆ ئەوەی لەلایەك لەوێ ببنە پاسەوان و ئاگاداری ڕێگەکە بن، ئەگەر دوژمن هێرشی هێنا زوو ئاگادارمان بکەنەوە، لەلایەکی دیکەش ئێمە زۆر برسی بووین، لەوێ خواردنێك ئامادە بکەن، کە مەبەست ئەوە بوو تەنها نان، یان ناوسێڵی چێبکەن و ئێوارە کە سەرکەوتین بڕەزادێك هەبێ وزەی ڕۆیشتنمان پێبدات.

دیارە پێشمەرگەکان کە دەچنە ئەوێ، هەموو شتێك لە گوندی پەیدا دەبێت، ژمارەیەکی زۆر مریشك دەگرن و سەر دەبڕن و کەوڵیان دەکەن و دەیخەنە سەر ئاگر، هەندێکیشیان خەریکی هەویرکردن و نانکردن دەبن بە تەنورو دەبینن گوندەکە ئارامە، هێندە ئاگایان لە پاسەوانییەکە نامێنێ تا جاش و سەرباز دەگەنە ناو گوندی ئیتر هەر هێندەیان پێ دەکرێ سووکە شەڕێکیان لەگەڵ بکەن



و بەرەولای ئێمە بگەڕێنەوە، نە ئامادە باشی پێشتریان و نەژمارەشیان هی ئەوەنەبوو بتوانن لەگوندەکە بەرگری بکەن تا ئێمە بەهانایانەوە دەچین، کە پتر لەنیو سەعاتە ریگەیەکی سەر هەورازبوو. لەگەڵ دەنگی تەقەکان پێشمەرگەکانی ئێمەو حزبی شیوعی تەڕ دەستانە بەرەو گوندی سۆریان سەرکەوتن و پەلەیان کرد، گوندەکە و ڕێگەکە نەکەوێتە دەست دوژمن، بەڵام لەخوار گوندەوە تووشی هەڤالان بووین و گوندیان جێ هێشتبوو. لەگەڵ شەڕەکە هێزەکانی دوژمن کەوتنە تۆپبارانی دەوروبەری داڤەڕستەکەو ئەو شوێنەی کە خێزانەکان لێی دانیشتبوون.

هەرچەندە من لە نێو شەڕەکەدا نەبووم لە خوارگوندەوە، واتە لە پشت شەڕەکە مامەوە تا خێزانی پێشمەرگەکان دەگەن، بەڵام ئەو کاتە ئەو چەند وڵاخەی بە هەندێ کەلوپەلی زۆر پێویست و ئەرشیفێکی گرنگ و هەندێ وێنەی ئەرشیفی راگەیاندن لای هەڤالان مابوون، ئیتر لەوێش لە کەلەنە بەردانیان حەشار دابوو، ئەوەی مابۆوە دوو تۆماری ناوو وێنەی شەهیدان بوو کە نزیکەی ناوو وێنەی (٩٠٠) شەهیدی تێدابوو لای ئێمە بوو، بیست ژمارەکەی ئالای ئازادیش هەر ژمارەیەی یەك دانە لای کاك نایف بوو کە لە ئێمە دابڕا فڕێی دابوون. لەگەڵ ئەو وێنانەی کەلای مەریوان بوون و بڕیاربوو بیان سوتێنێ نەخۆ بکەوێتە دەستی دوژمن، بەڵام نەیسووتاندبوون و لای خۆی و (سامالّ) ی خێزانی هەڵیگرتبوون.

دوای ئەوەی گوندەکە گیراو تا پێشمەرگەکان پێڕاگەیشتن بووە خۆرئاوا و هێزی پێشمەرگە چەند هێرشێکی لە خوارەوە را بۆ گوند کرد، هەرچەندە پێشمەرگەکان لە رووی چەك و تەقەمەنی و ژمارەوە هەرگیز بەرابەری لەگەڵ هێزی دوژمندا نەبوو، بەڵام کاتژمێر(١٠) ی شەو گوندەکە تەواو ئازادکرایەوە. تەرمی (٣) سەرباز، کە یەکێکیان پلە داربوو، لەگەڵ (٣) کلاشینکۆف و دوو دەزگای بێتەلی هێزەکەی دوژمن کەوتە دەستی پێشمەرگە. لە هێزەکانی ئێمەش (٣) بریندار هەبوو کەدووانیان برینیان سووك بوو، بەڵام سێیەمیان برینەکەی سەخت بوو،

هەر ئەو شەوە (دارەبازە) یان بۆ دروستکردو پێشمەرگە بەسەر شانی خۆیانەوە هەڵیان دە گرت. گوند بەتەواوی ئازادکرا، بەڵام کۆنەڕەبایەك لە باکووری خۆرئاوای گوندەکە مابوو، دیاربوو ژمارەیەك جاشی ڕێکانی تێدابوون (وەك پاشان گوتیان)، ئەو جاشانە خزم و کەسی یەکتربوون و دووجاشیان لێ کوژرابوو، نەیان دەتوانی تەرمەکانیان دەرباز بکەن و دەترسان لە کۆنەڕەبایەکە بچنە خوارەوە نەخۆ پێشمەرگە پشتی لێیان گرتبێ، وەك نەریتێکی خێڵایەتیش پێیان شەرم بوو تەرمەکان جێ بهێڵن، دەستیشیان نەدەدا. .

پێشمەرگە سێ هێرشی بۆ بردن، بەڵام ڕەبایەکە نەگیراو سێ بریندارەکەش لە وێ گوللەیان بەرکەوتبوو. ئەو جاشانە لە ترسی خۆیان بەردەوام تەقەیان لەهەرچوارلای ڕەبایەکە دەکرد، بەڵام هیچ کاریگەریان بەسەر گوند و تەنانەت ڕێگەکەی دەربازبوونیشەوە نەبوو، بۆیە چەند پێشمەرگەیەك راسپێردران بچنە سەر رووبارو خەڵکەکە ئاگادار بکەنەوە کە هێزی دوژمن شکاوە و ڕێگەکراوەتەوە و بابێن و بڕۆن و دەربازبن. ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکانەی کە لەسەر رووبار بوون سەرکەوتن بۆ گوندی سۆریان و دەربازبوون، بەڵام خەڵکێکی زۆریشیان مانەوە و بۆ ڕۆژی دوایی دەستگیرکران. شەڕەکەی نێو گوندی سۆریان، کە پتر لە دوو کاتژمێری خایاند، شەڕێکی دەستەوەیەخەبوو، لە چەند جێگەو کۆڵانێ پێشمەرگە لەگەڵ جاش و سەرباز تێکەڵ بەیەکتر دەبوون. کاتێك دەستەیێ پێشمەرگە لە نزیك گۆڕستانی گوند ژمارەیەك سەرباز گەمارۆ دەدەن و دەنگیان دەدەن، ئەفسەرێکیان لەگەڵ دەبێ بەناوی ملازم کەریم، هاوار دەکات منم «ملازم کەریم» بەڕێکەوتیش یەکێ لەسەردەستەکانی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی ناوی ملازم کەریم دەبێت، بۆیە هەندێ پێشمەرگە لێناگەڕێن تەقەیان لێ بکرێت و گەمارۆیان لەسەر لادەبەن. سەربازەکان کاتێ دەرباز دەبن بەسەختی تەقە لە پێشمەرگەکان دەکەن، جا دەزانن ئەوە ملازم کەریمەکەی حزبی بەعس بووە، نەك حزبی شیوعی، ئەگینا (٢٠- ٣٠) سەرباز و دەرەجەدار و ئەفسەرێکیان دەستکەوت دەبوو جا بە ژین، یان بەمردن.



هەر لە شەڕەکەدا. . مشت و مڕو شەڕەجوێن لە نێوان پێشمەرگەو جاشەکان رووی دەدا، لێرەدا باسی یەك لەو مشت و مڕە دەکەم کە پێشمەرگەکان دەیانگێڕایەوە. . پێشمەرگەیەك بەسەر جاشەکاندا هاوار دەکات:

+ کوڕە شەرم لە خۆتان ناکەن بەر سنگی ئێمەتان گرتووە، ئەوا دەڕۆین کوردستانتان بۆ چۆڵ دەکەین. . جا ئێوەش خۆتان دەبیننەوە، بزانن بەعس چیتان پێ دەکات. ئێوە نانی ئێمە دەخۆن، ئێمە نەمێنین هەمووتان ترۆ دەکەن.

_ جاش: هەر دەبێت بڕۆن و بچنەوە باوەشی ئێرانی ئاغاتان ئێوە جاشی ئێرانن.

+ پێشمەرگ: هەی جاشی کوڕی کەر ئێمە پێشمەرگەی حزبی شیوعی و زەحمەتکێشین کەی مارکسی بۆتە جاشی ئیسلامی؟!.

_ جاش: دەزوو واتبگوتایە، ئەدی هەر ئێوەنەبوون ساڵی ١٩٧٤ جاشی حکومەتی ئێراق بوون؟!.

+ پێشمەرگە باشە ئێمە بەساڵێك ماهییەتی حکومەتی بەعسمان زانی کە خوێنرێژ و دڕندە و بابە کوشتەی کوردانە. . ئێوە کەی فێر دەبن، هێشتا جاشن و نەبوونەتە کەر و دیارە نەچوونەتە بەغداش تا ببنە هێستر.

_ جاش: نا نا ئەمجارە تەمبێتان دەکەین. . وەڵاهی نەفەرتان لێ دەرناچێ. .

+ پێشمەرگە: تاقە جارێك پیاو بن، گیانی ئینسانی و کوردایەتیتان بجوولێ. . ئێمە بەهەزاران ژن و منداڵمان لەگەڵە. . با ئەوان رزگار بن، جا ئەگەر پیاون لەبەرمان رامەکەن کەی (١٠٠) جاش بەرگەی یەك پێشمەرگەی گرتووە.

_ جاش: بەخۆتان دەچن ژن و منداڵیش بۆ ئێران دەبەن.

+ ئەگەر یەك (زەرە) شەرەفتان هەبێت نابێ قبوڵ بکەن ژنە کورد بکەوێتە دەستی عەسکەری بەعسیان. . بەڵام چ بکەین. . ئێوە میللەت و خاکی خۆتان

به (جۆ) فرۆشتووه شەرەفیشتان فرۆشتووه. . دەبیگرە ئەوە شەڕە و بزانین کێ دەیباتەوە. .

لەو کاتە پێشمەرگەکە هەڵدەستێتە سەر پێیان و پەنجە بە پەلاپیتکەی کلاشینکۆفەکەیەوە دەنێ سێ فیشەك بە ئاراستەی دەنگەکەوە دەنێ، ئەوانەی لەگەڵی بوون دەڵێن: هەڵبەتە ئەو جاشە نەماوە و ئیتر دەنگی کپ بوو.

ڕەنگە خوێنەرانی ئەم کتێبە بڵێن ئەمە نامەیەکی جوێنفرۆشی بوو، نەدەبوو بڵاوی بکەیتەوە، بەڵام بۆ ئەمە گێڕامەوە کە نەوەی ئەمڕۆمان بزانێت جاشەکانی کورد زۆریان چۆن بە جدییانە بە پێش سوپای ئێراق کەوتبوون بۆ ئەنفال و دوای ڕاپەڕینیش هەر یەکە دەیگوت من سەر بە ڕێکخستنی فلان حیزب بووم، من دڵنیام هەر لەکاتی ڕاپەڕینەوەش بەشی زۆری جاشە کوردە ئاساییەکانیش نەك (موستەشار و فەرماندەکانیان)، بەشداری ڕاپەڕینان نەدەکرد گەر کەمێك هیوایان هەبووایە ڕژێمی بەعسی ئێراقی و سەدام حوسێن دەمێنێ. ئەوان سەد لە سەد پێیان وابوو، ڕژێمی سەدام حوسێن دەڕوخێ و دەیانگوت: پیاو ئەو پیاوەیە تا زووە رووی خۆی سپی بکاتەوە و باسوود لە لێبوردننامەکەی بەرەی کوردستانی وەربگرین. هەقیقەتی ئەم بۆ چوونە شمان لە(١٥) ساڵی رابردوو بۆ دەرکەوت، چۆن دەیان سەرۆك جاش پەیوەندی بە ڕژێم کردەوە و پاش رووخاندنی ڕژێمی بەعسیش، ئامادەبوون ببنەوە جاشی حکومەتی ئێراقی. لە نێو هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە و ریزی حزبەکانیش زۆر لەو سەرۆك جاشانەی هەردەم وەك پوازی داربوونە، سەرچاوەیەکی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و بەد ئەخلاقی و خۆشکردنی دووبەرەکی و شەڕی نێوخۆ بووینە.

لە بەرانبەر هەڵوێستی ئەو جاشانەدا، هەر لەگەڵ هێرشی پێشمەرگەکان، پێشمەرگەیەکی لێژنەی گوڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی خێزانەکەی گرتبوو پێکەوە هێرشیان دەبرد. پێم گوت:



کاکە با ژنەکەت لەگەڵ خانەوادەکانی ئێمە بێت، ئەگەر دەربازبوون، ئەوا ئەویش دەرباز دەبێت، ئەگەر دەرباز نەبوون، ژنی تۆش لە خانەوادەکانی ئێمە زیاتر نییە.

پێشمەرگەکە سەیرێکی کردم وگوتی:

+ نا با پێکەوە بین، ئەگەر مردین با پێکەوە بمرین، ئەگەریش ماین، ئەوا باشتر..

پێشمەرگە هیچ کاتێ لە هێزەکانی دوژمن نەترساوە، چونکە بەر لەوەی ئەو ڕێگەیە بگرێتە بەر حسێبی ئەوەی کردووە کە شەهید دەبێ.

وەك پێشتر باسم کرد. . من ئومێدی ٥٪ دەرچوونم نەبوو چونکە هەر چوارلامان گەمارۆ درابوو. بەهەزاران ژن و منداڵیشمان لەگەڵ دابوو نەدەکرا جێیان بهێڵین و سەڵتە زەلام خۆمان دەرباز بکەین. چونکە دەیان جاری دی گەمارۆ درابووین و بەشەڕی دەستەویەخە دەربازمان بووە، گەر پێشمەرگە شەڕی کردبێ هەرگیز جاش و سەرباز نەیتوانیوە خۆی لە بەرانبەری بگرێ، بەڵام دەرباز کردنی ژن ومنداڵ گرفتێکی گەورە بوو بۆ ئێمە.

کاتی گوندەکە گیراو ڕێگە کرایەوە، ژمارەیەکی زۆری خاو و خێزان هاتن و دەربازبوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆریش لەو خاوو خێزانانە بە پیر بانگەوازی پێشمەرگەوە نەهاتن بەرای من چەند هۆکارێك هەبوون بۆ دەرباز نەبوونی ئەو خەڵکە ئەوانیش ئەمانەن:

١- وەك پێشتر گوتمان هەندێ جاشی لە کۆنە رەبیەکەدا مابوون و بەردەوام تەقەیان لە دۆرماندۆری خۆیان دەکرد، ئەمەش زۆر لە خەڵکەکەی ترساند کە لە ڕێگەکە دڵنیا نەبن و نە دەوێران ژن و منداڵیان لە ئاگرەکە نزیك بکەنەوە، هەندێك دەیان گوت: کوا ڕێگەکەتان کردۆتەوە، ئەدی وانییە هێشتا شەڕە.

بروایان بە پێشمەرگەکان نەدەهات کە راستی بڵێن بە تایبەتی ئەو کات هەموو پێشمەرگەکانی بانگەوازییان بڵاوکردەوە خەڵکی دەڤەری سۆران بوون و چ خەڵکی دەڤەرەکەیان لەگەڵ نەبوو.

٢- خەڵکەکە زۆر برسی و ماندوو بوو، هێزو توانای رۆیشتن و منداڵ هەڵگرتن و ئەم شەو رۆیشتنەی نەمابوو. چونکە دوو شەوو ورۆژی پێشتر بەردەوام لە ریگەبوون و نەخەوتبوون، منداڵەکان نەخۆش کەوتبوون و تەواو شپرزە بوون، ئیتر خۆیان دایە دەستی قەدەر.

٣- لە گەڵ دەستپێکردنی شەڕەکە بەر پرسەکانی حزبی شیوعی و زەحمەتکێشان، بێ بڕیاری پێشوەختە یەکسەر تانیان لە پێشمەرگەدا بەرەو شوێنی شەڕەکە مل بنێن و بە هەر نرخێك بێت دەبێ ئەم رێگەیە بکرێتەوە، چونکە تاکە کەناڵی رزگاربوون بوو لە ئەنفال، ئاگاداریش بوون بەتایبەتی زەحمەتکێشان، کە شەڕ لەگەڵ هەڤاڵی خۆمانەو دەبێت بگەینە هانایان. بەڵام بەرپرسی کاروانەکەو خەڵکەکە، کاك رەزای مەحمود ئاغا بوو چ زانیاری لەمەڕ بوونی دەستە پێشمەرگەکەی ئێمە لەوێ نەبوو، ئێمەش نەوەستاین تا پەیوەندی پێوەبکەین، جا بەرەو گوندی سۆریان هەڵبکشێین، بۆیە خۆی و پێشمەرگەکانی لەگەڵیدابوون نەگەیشتنە شوێنی رووبەڕووبوونەوەکە و ئەوان رێگەیەکی دیکەیان گرتەبەر کە بەقەراخ رووبارەکەدا دەچوو، ئەویش رێگەی ژن و منداڵ و خانەوادە نەبوو، پێیان دەرباز نەکرا رۆژی پاشتر دەستگیرکران، (من بە تێرو تەسەلی چیرۆکی ئەوان نازانم و لێکدی دابڕاین). لە نێو گوندی سۆریان برادەرانی بەرپرس بانگیان کردم و گوتیان:

فەرمانمان بە پێشمەرگە کردووە تا سعات(٢) ی بەرەبەیان نەکشێنە دواوە و جاش و سەربازەکان رایان کردووە. بەڵام کاتنژمێر (٢) لێرە کۆدەبنەوە و بەم رگەیەدا لە دوای ئێمەدا دێن، تۆ دەبیتە رێنیشاندەریان و ئەو برایە کەشارەزای ناوچەکەیە رێگەکەت بۆ باس دەکات. هاوڵاتییەکی بادینی بوو هەر هێندەی بەمن گوت:



بەم رێگەیەدا دێن و بۆ هیچ لایەك لانادەن، بەدەست ئاماژەی بۆ سووگەیەك کرد(کە بەهۆی رووناکی ئاسۆو تاریکی چیاکە سووگەکە بە ئاستەم دیاربوو) رێگەکە لەو سووگەیە ئاوادەبێت و پاشان بە سەرچیایەکی دی دەکەوێ لەسەر چیا نەختێ بەلای دەستە چەپدا دەشکێتەوە و دەچنەخوار، لە دۆڵەکەدا رێگەیەکی خۆڵینی هەیە لە (چەمیجوو)ـەوە دێت بۆ سەر رووباری شەمدینان. دەبێت پەلە بکەن بەر لەوەی دنیا رووناك بێت لەو رێگەیە بپەڕنەوە، چونکە مەترسی هەیە بەرەبەیان رژێم هەوڵبدات ئەو رێگەیەش بگرێ و تانك و زرێپۆشیشی پێدا دەڕوات.

ئەو کاتە نازانم کاتژمێر چەند بوو، بەڵام لە بیرمە(١٠) پێشمەرگەیان جودا کردەوە کە بەهەمان رێگە بۆ ماوەیەك لە پێشەوە بڕۆن نەخۆ بۆسەیان دانا بێتەوە، یان هێزەکانی دوژمن لێمان سوڕابنەوە پێشەوە، پاشان خاوو خێزان و ژن و منداڵ و پیر و دەست و پێ سپییەکان بەرێکەوتن و خواحافیزیان لێ کردین نەخۆ یەکدی نەبینینەوە.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەم کە گوندەکەمان گرتەوە، ئەو نان و گۆشتەی کە بەر لەشەڕەکە پێشمەرگەکان ئامادەیان کردبوو، کەوتەوە دەستمان و هێنایان لەسەر رێگەیان دانا و پێشمەرگەیەکیان لەسەر دانا هەرچی دەهات پێی دەگوت یەك کولێرە و پارچەیەك گۆشتی مریشك هەڵگرە، من دڵم خۆش بوو لەبەر ئەوەی یەکەم: رێگەکەمان کردەوە و شەهیدیشمان نەبوو، تەنها بریندارێکمان برینەکەی هەندێ سەخت بوو.

**دووەم:** نانێکی باشم خواردبوو، وزەو توانایەکم بۆ رۆیشتن هاتبۆوە بەر.

**سێیەم:** خێزانەکان رۆیشتن و لە کۆڵ ئێمە بوونەوە، ئەوەی ماینەوە پێشمەگە بووین، پێشمەرگەش لەو شاخانە دەتوانێ شەڕ بکات. بەڵام من لەبەر ئەوەی زۆر شەکەت بووم و خەویشم دەهات پێم باش بوو تا دەبێتە کاتی رۆیشتن سەرخەوێك

بشکێنم، بەو دوو سێ پێشمەرگەیەم گوت کە لەگەڵمدا بوون دەمەوێ نەختێ بخەوم و گەر ئەوان خەویان نایە وشیار بن... ئیتر نازانم چەند خەوتم، لەگەڵ دەنگی پێشمەرگەکان وەئاگا هاتم دەیانگوت:

(بەزۆرمان گوتن وەرن رێگە کراوەتەوە، بەڵام ئەوان شەکەتن و پەکیان کەوتووە، منداڵەکان چیدی ناتوانن رێبکەن، خودان خێزانەکان زاتی ئەوە ناکەن بەم شێوەیە رێ بگرنە بەر کە هێشتا دڵنیانین رێگەکە سەلامەتە بۆ رۆیشتن رەنگە زۆر باوەڕیشیان بە ئێمە نەبێ کە خەڵکی دەڤەرەکە نین. .

لەو قسانە بووین بەرە بەرە پێشمەرگەکان کۆبونەوە و کاتی رۆیشتن هات. من باوەڕم بەخۆم نەبوو بەو سوکە ناساندنە ریگەکە دروست بگرمە بەر، بۆیە بەکاک سەلاح رواندزیم گوت وەرە تۆ لەگەڵم بە، سەلاح لە رێگەی چیاکان شارەزابوو، پێشمەرگەیەکی ئازاو بەورە بوو، ئەو خێزان و منداڵی وردیشی هەبوو، بەڵام ئامادەبوو شەڕ بکات و لەگەڵ ژنەکەیدا لە پێشەوە نەڕوات. لەگەڵ کاک سەلاح ریگەکەمان گەیاندە سەر چیاکە، بەڵام لەوێ رێگەمان بزرکرد. کاتیش درەنگ داهات، بۆیە بڕیارماندا راستەو راست لە چیاکە بچینەخوار و تا خۆر هەڵنەهاتووە، لە شەقامە خۆڵینەکە دەربازبین. لەگەڵ چوونەخوارەوە، بۆ یەکەمین جار کلاوەی چۆکی چەپەم بەژان کەوت و زۆر بەئازارەوە توانیم لەو شاخە سەخت و دژوارەدا رێبکەم (ئەو ئازارە تا ئێستاش بەدەستیەوە دەناڵێنم). تازە لەسەر شاخەکە بەرەو خوار ببووینەوە، کەڵەشێرێك بانگی دا، بەوە زانیمان گوند لەو نزیکانە هەیە، لە دوای کەڵەشێرەکە لە خوارەوە دەنگی منداڵێك دەهات دەگریا، کاك سەلاح گوتی:

(ئەم دەنگە دەنگی (ئەژین) ی کچمە دیارە زۆر دوور نەکەوتوونەتەوە، رێگەکەش هەر لەم نزیکانەیە). منیش دڵنیابووم دەنگەکە و جۆری گریانەکەی (ئەژینە) کە ئەو کات تەمەنی ساڵێك و هەندێ پتر بوو. زۆر دەگریا، دەنگیشی تیژو گەورە



بوو، پاشان کە گەیشتینەوە خێزانەکان گوتیان راستە بەر لەوەی لە شەقامە خۆڵینەکە بپەڕینەوە ئەو کچە گریا.

وەك بڕیار بوو بەر لە خۆر هەڵات رۆژی (٢٩/ ٨/ ١٩٨٨) لە شەقامەکە بپەڕینەوە، بەڵام شەکەتی پێشمەرگەو رێ بزرکردن و مەزەندەکردنی ماوەی رێگەکە و بوونی بریندار لەگەڵ هێزەکە، هەمووی بوونە هۆکار کاتێك بگەینە سەر شەقامە خۆڵینەکە، ماوەیەك بووخۆر هەڵاتبوو، کەچی هێشتا هێزەکانی رژێم نەگەیشتبوونە ئەوێ، تەنیا لەبەری رۆژهەڵاتی رووبارەکە تانك و زرێپۆش گەیشتبوونە سەر رووباری شەمدینان.

کەلە شەقامەکە پەڕیینەوە و بە چیاکەی بەرانبەردا هەڵگەڕاین، رەوەزە شاخێکی سەخت دیاربوو، بۆیە پێمان باش بوو لەناو ئەو رەوەزەدا پشووێ بدەین و سەیری ناوچەکەو جوولەی دوژمن بکەین و بزانین خۆمان لەسەر چ خاڵێکی جوگرافیای کوردستان داین.

ڕەنگە هەر نیو سەعاتێك بوو لەشەقامەکە پەڕیبووینەوە، هەر هێندەمان زانی لە نێو هەڤاڵانی خۆمان داین، ئەوانیش وەك ئێمە لەسەر شاخەکە رێیان لێ بزر ببوو، بەرە بەیان گەیشتبوونە ئەو رەوەزە شاخەو لێیان پاڵدابۆوە.

لەوێ زانیمان کادیرێکمان بەناوی(نایف) دیارنییە. دوولە پێشمەرگەکان کە لە هێڵی پێشەوەی شەڕەکەدا بوون، پێشتر گوتیان: هەرکە دوژمن شکا، هەڤاڵ نایف پێی گوتین ئێوە لێرەبن نەجوولێن من دەچمەلای هەڤاڵان، ئیتر کەسیش نەبوو بڵێ من دیومە. (پاش ٧ رۆژ نایف بە تاقی تەنیا توانی خۆی بگەیەنێتە دیوی باکووری کوردستان و دابڕانەکەی بۆ خۆی چیرۆکێکە).


کاتێك مام خدر روسی و کاك بەڵێن و هەندێ هەڤاڵی دی بۆ پشکنینی دەوروبەری خۆمان دەسوڕێنەوە، دەبینن لای خۆرئاوای رەوەزە شاخەکە گۆڕەپانەو

ڕێگەی ئۆتومبیلیشی دەگاتێ... . ئەو کات دەترسن، بەڵام تا پاشی نیوەڕۆ دەنگیان نەکرد، چونکە هەلیکۆپتەر دەسوڕایەوە و نەیاندەویست شوێنەکەمان ئاشکرا بێت.

نازانم لە شەوی شەڕەکە بوو یان ڕۆژی دواتر پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی کیژۆڵەیەکی تەمەن پێنج شەش ساڵانی دۆزییەوە، کە لە دایك و باوکی دابڕابوو و تاکە پێڵاوێکی لێ بزرببوو. بە درێژایی ڕێگە پێشمەرگەکە ئەو کیژۆڵەیەی لە کۆڵ دەکردو لەسەر شانی خۆی دانابوو تا سنووری دەستکردی باکوورو لەوێ لەگەڵ خێزانەکان ئاوای دیوی باکور بوون، وابزانم هەندێ خزم و کەسی کچەکەیان دیبوو دابوویانەوە ئەوان.

کاتێك زانیمان وا جوولەی دوژمن لێمان نزیك دەبێتەوە، بەتایبەتی دوای شەڕەکەی شەوی پێشتر هێزێکی جاش و سەرباز بە دوای ئێمەدا هاتبوون. کاتێك کاتژمێر ١/ ی پاش نیوەڕۆ، کە لە شاخەکەوە بەرەو گوندی (بیارێ) شۆڕبووینەوە بە قەناس و بی کەی سی تەقەیان لێکردین و چزەی گوللە بەسەرماندا تێدەپەڕی. پاشان تۆپباران دەستی پێکرد و چەندین گوللە تۆپ لە دەوروبەرمان کەوتنەوە. پێش نوێژی عەسر گەیشتینە گوندی (بیارێ) و زۆر برسی بووین. بەڵام پێشمەرگەکان بەتەڕ دەستی ئاردیان لە ماڵەکان هێناو چەندین تەشت هەویریان کرد، ژمارەیەك پێشمەرگەی دی رونیان سوورکردەوە و (ناوسێریان) کرد، دەستەیەکی دیش (برنجە سۆرە) یان بە مەنجەڵان ساز کرد، هەندێك چوونە ناو باخەکان و میوەیان خوارد و هێنایانەوە، بە پەلە ناوسێری و برنجە سوورەمان خوارد، بەڵام تۆپبارانەکە سەغڵەتی کردبووین. دیار بوو هێزەکانی رژێم بە تەواوی شوێنی ئێمەیان زانیبوو، بە رادیۆی (ئێف ئێم) و ئەو دوو بێتەلەی کە لە شەوی پێشتر لە دوژمن گیرابوون سەرەتا ئێمەش بە جوولەی دوژمنمان دەزانی و گوێمان لە گفتو گۆ و فەرمانەکانی نێوان هەلیکۆپتەر و بنکەکانیان دەبوو. بۆیە بەرەو گوندی نێروە ڕێکان بە ڕێکەوتین. کە ئەوێ ببووە وێستگەی گردبوونەوەی خەڵك و پەڕینەوە بۆ نێو خاکی باکووری کوردستان.






**نەخشەی پاشەکشێی هێزەکەی پێشمەرگە**

ئیشمان بەوە باش بوو لە ڕێگە مام خدر ڕوسی و کاك بەڵێن محەمەد کە سەرکردایەتی کاروانەکەیان دەکرد، زوو ڕێگەیان هەڵە کرد، لەجیاتی ئەوەی ڕێگەی دەستەچەپی دۆڵە دوور و درێژەکە بگرن کە بۆیان باسکرابوو ئەو ڕێگەیە بۆ نێرویێ نزیکترە، ئەوان ڕێگەی دەستەڕاستی دۆڵەکەیان گرت، ئەگینا ڕاستەو خۆ دەکەوتینە نێو ئەو بۆسەیەی هێزەکانی دوژمن بۆیان دانابووینەوە. پێش خۆر ئاوابوون بەکاتژمێرێك لەناکاو لەو بەری دۆڵەکەوە بە بی کەی سی و چەکی سووك بە خەستی دەستڕێژمان کرایە سەر و لەگەڵ یەکەمین دەستڕێژیش پوش و پەلاشی ئەو شوێنە ئاگری گرت، ئێمە هەر هێندەمان پێکرا سەرەتا خۆ بە زەوی دابدەین، جا پەناگەیەك، پشت بەردێ بدۆزینەوە و تەقەیان لێ بکەینەوە، بەلام لە پێش ئێمە بە کەمتر لە (١٠٠) م هێزێکی پێشمەرگەی پارتی ئەوانیش لە بۆسە دانیشتبوون، یەکسەر لە بۆسەکە هاتنە تەقە و تەقە کردنەکەیان بۆ لای خۆ ڕاکێشا و کاریگەریان لەسەر ئێمە سووك کرد. زۆری نەکێشاو بە کەمتر لە نیو سەعات کۆتایی پێهات. ئەو کاتە ئێمە ژمارەیەك پێشمەرگە بووین لە دواوە دەڕۆیشتین پتر تەقەکان لەسەر ئێمەبوو، بۆیە من «٨» کونی گوللەم لە ناوپستێری شەرواڵەکەم ببوو، کەچی هیچ گوللەیەکیشم بەرنەکەوت. لەو بۆسەیەش بێ زیان دەرچووین. ئێمە دیسان پێشمەرگە سەلتەکان لەگەڵ هێزەکەی پارتی ماینەوە تا ماوەیەکی باش خێزاندار و کادیرە سیاسیەکان ڕۆیشتن و نەمان دیتنەوە تا بەرەبەیانی ڕۆژی ٣٠/ ٨/ ١٩٨٨، کە لە چەمەکەی گوندی نێروە لە بارێکی زۆر نا ئاسایی گەیشتینەوە لایان. خێزانەکان و برادەرانمان زۆر بێ تواناو بێزار دیاربوون، بەهەزاران خاو و خێزان و ژن و منداڵ لەو ساکە گۆڕە لەبن بەردو درەخت کەوتبوون، تەنانەت کەس توانای نەبوو لەگەڵ ئەوی دی بدوێ و بەیانی باش لێکدی بکەن. ئەو بەرە بەیانە ژمارەیەك لە هەڤالانی ئێمە و هاوڕێیانی حزبی شیوعی و خودان خێزانەکان بڕیاریان دا بچنە باکووری کوردستان و خۆیان بدەنە دەست حکومەتی تورکیا. بڕیارەکە یەکسەر دوای شکستی ئەنفالی بادینان و بە پەلە بوو، لە بیرکردنەوەیەکی شەکەت و لە نێوەخنی ورە دابەزیندا درا، ئەو کاتە برادەران منیان ڕاسپارد سەرپەرشتی ئەو پێشمەرگانەی زەحمەتکێشان بکەم



کە دەمێننەوە. لە گەڵ برادەرانمان و خێزانەکان خواحافیزیمان لێکدی کرد و وا بڕیاردرا ئەگەر لە کوردستان شوێنی خەبات نەما و تەنگەتاو بووین. بچینە دیوی ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئەوانیش هەوڵدەدەن لە تورکیاوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان بچن.

لە نێروە ڕێکانەوە بەرەو گوندی (چەمی توو) هەڵکشاین و شەو لە گوندێکی چۆڵ ماینەوە ناوی (ڕندێلا) بوو بۆ ڕۆژی دوایی ٣١/ ٨/ ١٩٩٨ ئێوارەکەی گەیشتینە چەمیتوو و لە زێوەشکان د. سەردار محەمەد و ئەو چوار پێشمەرگەشمان بینی کە لە شەوی شەڕەکە لە پێشەوە ڕۆیشتبوون و یەکمان گرتەوە.

چەمیتوو یەکەمین بنکەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوو (شۆڕشی گولان)، پاش (١٢) ساڵ لە خەباتی چەکداری و سەدان هەزار شەهید گەڕاینەوە هەمان شوێن، کە گوندێکە تابلۆی سنووری دەستکردی نێوان ئێراق و تورکیا دەیکاتە دوولەت بەشی باکووری (تورکیا) یە!!، بەشی باشووریشی (ئێراق)!!.

ئەوەی کە لەوێ سەرنجی ڕاکێشام هەموو ماڵەکانی بەشی باکوور ئالای (تورکیا) یان لەسەر خانووەکانیان بەرزکردبۆوە نەخۆ سوپای ئێراق بگاتە ئەوێ و دەستدرێژیان بکاتە سەر، بەشی باشووریشی هەموو خەڵکەکە کۆچیان کردبوو، تەنها پێشمەرگەی لێبوو. لەوێ هەموو حزبەکانی دی یەکتریان گرتەوە. . پارتی، یەکێتی، شیوعی، زەحمەتکێشان، سۆسیالیست، حزبە ئیسلامیەکان. . تد.

دیارە چەند ڕۆژی پاشتر، (وەك بیستمان) ڕۆژی ٣ یان ٤/ ٩/ ١٩٨٨ هێزێکی گەورەی ڕژێم بۆ گوندەکانی ئەو دەڤەرە و شێت یوونس شالاو دەهێنێ، لە قوڵی (چەمیتوو) پێشمەرگەکانی پارتی لێیان دێنەوەدەست و ئەفسەرێك و (١٢) سەرباز دەکوژن. لە ئاقاری (شێتیوونس) یش هێزێکی پێشمەرگە بەسەرکردایەتی کاك قادر قەچاغ بۆ هانای دەڤەری بادینان هاتبوون لەگەڵ هێزەکانی دوژمن تووشی شەڕهاتبوون، قوربانیش لەم شەڕەدا لە ریزی پێشمەرگەدا هەبوو.

### ٣-٤-١ هۆكارەكانی بەرگری نەكردنو سەركەوتنی خێرای سوپای ئێراق لە بادینان

دیـارە نـەدەبوو ناوچـەیەكی بـەرفراوانی وەك بادینـان لـە مـاوەی (١٣) رۆژدا داگیربكرێتو هێزەكانی پێشمەرگە نەتوانن بەرگری بكـەن گـەر چـەند هۆكارێـك نەبن لەبەرژوەندی سوپای ئێراق، كە دەتوانین ئـەو هۆكارانـە لـەم چـەند خالـەدا پوختە بكەین:

١- زۆربەی پێشمەرگەكانی بادینان وەك پێشمەرگەكانی دەڤـەرەكانی دی خـودان تەجرەبە نەبوون.

٢- زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگەكان پێرا نەگەیـشتن ژنو منداڵـەكانیان پێـشتر دەرباز بكەن بۆ نزیك سنوورەكان تا بـۆ بەرەنگاربوونـەوە خۆیـان سـازو ئامـادە بكەن، بەڵكە بە ناچاری پێیانەوە گیرۆدە بوون، ژنو منداڵیشت لەگەڵ بێت شـەڕ ناكرێ.

٣- هێزەكانی پێشمەرگەو خەڵكی ناوچەكەش لـە چـاوەڕوانی ئـەوە دابـوون، كـە ئەگەر سوپا لە ناوچەكانی خۆشناوەتیو رواندزو خواكورك شكستی هێنا، ناتوانێ وا زوو پەلاماری بادینان بدات، بێ ئەوەی هیچ حسێبێك بۆ ئەوە بكرێ كە شەڕی ئێراقو ئێران وەستاوەو رژێم دەتـوانێ بـە كـەمتر لـە هەفتەیـەك سـوپاكەی لـە بەرەكانی شەڕەوە بۆ دەڤەرەكە بگوازێتەوەو بەرەیەكی دیكەی شەڕ بكاتەوە.

٤- سوپای ئێراق لە ئەنفالەكانی پێشتردا تەجرەبەیەكی زۆری وەرگرتبوو بە خاڵـە لاوازەكانی پێشمەرگەو خەڵكیشی زانیبوو.

٥- هێزی پێـشمەرگەو سـەركردایەتی خـەباتی چـەكداری نەیـدەزانی هێزەكـانی سوپای ئێراق بەر لەهەموو شتێ سنوورەكان دەگرێ، پاشان لە هـەموو لایەكـەوە بۆ ناوەوە هێرش دەكات. واتە بە پلانە تازەكەی ئـەو كـاتی سـوپای نـەزانیبوو.



بۆیەش بە درەنگەوە (وەك دەڵێن ٢٤/ ی ئـاب) بڕیـاردرا خـەڵك ناوچـەكە چـۆڵ بكات، چونكە ئەگەری بەكارهێنانی چەكی كیمیایی هەیە.

٦- هەواڵێكی وا بڵاوبۆوە كە حكومەتی بەعس رۆژی ٢٨/ ی ئـابی دانـاوە بـۆ هێرشكردن، بۆیە خەڵكەكە لە چۆڵكردنی گوندەكانیان پەلەیـنە كرد.

٧- ئەو كات حكومەتی بەعس لەجیاتی عارەبو هەردوو بلۆكی سۆسیالیـستیو سەرمایەداری شەڕی (شۆڕشی ئیسلامی ئێران)ی دەكردو بەری لـە بڵاوبوونـەوەی شۆڕشـە ئیـسلامیەكەیان گرتبـوو، لەلایـەن دەوڵـەتانی جیهـان بـە كـۆنگرەی ئیسلامیو كەسایەتیو رێكخراوە ئیسلامیەكانیـشەوە بێـدەنگیان بەرامبـەر بـە تاوانەكانی دەنواند، ئەوانیش ئەو دەرفەتەیان بۆ خۆ قۆسـتبۆوە تـا جیهـان لێـی كپو بێدەنگە، مەرامەكانی بەرامبەر كورد جێبەجێ بكاتو بزاڤی رزگـاریخوازی كوردستان شكست پێ بهێنن.

٨- لەبەر ئەوەی تا ئەو سەردەمیش بیروباوەڕی خێلایـەتی لـە دەڤـەری بادینـان كاریگەری مابوو، زۆر لە خەڵكی ناوچە ئازادكراوەكـان نیمـچە پەیوەندییـەكیان لەگەڵ سەرۆك خێڵی خۆیان هەبوو، پێیان وابوو لەكاتێ تەنگانە. دەتوانێ فریایان بكەوێ. بۆیە هـەبوون خـۆ دانـە دەسـتیان پـێ لـە ئـاوارەبوونی وڵاتـانو سـەر سـنوورەكان بـێ باشـتر بـوو بـێ ئـەوەی درك بـەوە بكـەن ئـەو شـاڵاوەی سـەر بادینانیش، قۆناخێكی دیكەی ئەنفالكردنی كوردن، بۆیـە لـە خـۆ دەربـازكردن ساردبوون. پێیان وابوو ئەمەش شاڵاوێكی كاتیەو بۆ ماوەیەك خۆ حەشار دەدەن، كە هێرشەكە گەڕایەوە، ئەوانیش دەگەڕێنەوە سەرماڵو حـاڵی خۆیـان[٦]. بـەڵام حكومەتی بەعسی ئێراق جێگۆڕكێی بە شوێنی جاشـەكان كـرد لـە ناوچـەكانو لـەنێوان هـەردوو دەڤـەری سـۆرانو بادینـان، هەرەشـەی لـە هـەموانیش كردبووخەمساردی بەرامبەر بە خەڵكو پێشمەرگە نـەنوێنن. بۆیـە وەك (زارب)ی فەرمانـدەی فەیلـەقی پێـنج بـۆ سـەرووی خـۆی نووسـیویەتی: (جـەنگاوەرانی فەوجەكانی بەرگری نیشتمانی (جاشەكان) بە هیمەتو حەماسـەتەوە دەجـەنگان

بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجی لەناوبردنی تێکدەران). هەروەها لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەی نووسیویەتی (لە هەموو شاڵاوەکاندا لە پێش هێزەکانمان دەڕۆیشتن، بەو هۆیەی لەناوچەکە شارەزا بوونو پتەوی و توانای جەستەشیان، بەتایبەتی بۆ سەرکەوتن بەسەر چیادا باش بوو، ئەوانە ڕۆڵێکی چالاکانەیان بینی لە وێرانکردنو کۆکردنەوەی تالاَندا)[٧].

## ١-٤-٤ چەند کەس لە بادینان گیران !

هەڵبەتە تا ئێستا ئەژمارێکی راستودروست لە بەردەستدا نییە کە چەند کەس لە شاڵاوەکەی دەڤەری بادینان گیران، بەڵام ڕاپۆرتەکەی (زارب) ی فەرماندەی فەیلەقی پێنج و فەرماندەی شاڵاوەکەی بادینان، گیراوەکانی بە (٣٩٥/ ١٣) سێزدە هەزارو سێسەدو نۆهەدو پێنج کەس داناوە و بەم شێوەیە پۆلینی کردوون.

- تێکدەری تەسلیم بوو(واتە پێشمەرگە) (٨٠٣) کەس.
- تێکدەر(پێشمەرگە) ی گیراو (٧٧١) کەس.
- پیاو (١٤٨٩) کەس.
- ئافرەت (٣٣٦٨) کەس.
- منداڵ (٦٩٦٤) کەس[٩].

بەڵام لە جەژنیکان(٤٢٤١) خێزان لە ئەنفالکراوەکانی بادینان نیشتەجێ کران کە پێشتر(٤٢٠٠) پارچە زەوی($٢٠٠م^٢$) ی لێ ئامادەکرابوو، بەڵام ژمارەی خێزانە ئەنفالکراوەکان لەمە پتر بوون بۆیە(٤٥٠- ٥٠٠) خێزانیشیان بردە ئۆردوگای (گردەچاڵ) لە گەڵ ئاوارە گەڕاوەکانی هەڵەبجە دانران[١٠]. کەواتە (٤٦٩١) تا (٤٧٤١)خێزان هێنرانە جەژنیکان. ئەگەر ناوەندی ژمارەی سەرخێزان بە (٥) کەس دابنێین ئەوا دەکاتە ٥٠٠/ ٢٤ تا (٢٥٠٠٠) کەس کەواتە ئەو زانیارییەی زارب داویەتی هەڵەیە. ئە مە جگە لەوەی کە بە هەزاران گەنج وجوامێرومنداڵ



و تەنانەت ژن ومنداڵیش گولله باران کران یان شونبزرکران یاخود لە زیندان و قەڵا مەرگهێنەکانی مردن. خۆ ئەگەر ناوەندی ژمارەی سەر خێزان بۆ هەر خێزانێکی ئەنفالکراویس بکەینە(٤) چوار کەس هێشتا تەنها ئەوانەی هێنرانە جەژنیکان و لە ژیان مابوون ئەوا دەگاتە نزیکەی (١٨٧٦٤تا١٨٩٦٤) کەس.

## ١-٤-٥ کوشتن و گوللەبارانکردن و شونبزرکردن

دیارە سوپای ئێراق فەرمانی پێدرابوو هەر پیاوێك لە ناوچەی ئازادکراوەکان بگیرێ، یان ئەگەر خۆشی بداتە دەست دەبێ لە هەمان شوێنی گرتنی گوللەباران بکرێت، لێرەدا جیاوازی نەخرایە نێوان پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل و جوتیارەکانیش، بەڵکە بە پێچەوانەوە بە فەرمانی عەلی کیمیایی جەخت لە سەر ئەوەکرا بۆوە کە جوتیارەکانیش بکوژن. جا لە ڕۆژانی ٢٥/ ی ئاب تا ٦/ ی ئەیلول کە (١٣) ڕۆژی ڕەبەق بوو تەنانەت لە دوو سێ ڕۆژی پاشتریش بە هەزاران کەس گوللە بارانکران. .

لە مبارەوە ئەفسەرێکی پلە(موقەدەم) ی سوپا ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی ڕاگەیاندووە دەڵێ((فەرمانی بۆ هات هەموو پێشمەرگەکان بکوژن، تەنانەت ئەوانەش تەسلیم دەبوونەوە)) هەروەها دەڵێ: (تەنانەت جووتیارە سڤیلەکانیش گەرکاریان لە ناوچەیەکی قەدەغەکراودا بکردایە، بە پێشمەرگە دادەنران، هەموو پیاوی ناوچە قەدەغە کراوەکان لە تەمەنی (١٥- ٦٠) ساڵی دەبوو بە تێکدەر دابنرای)[١١]. بەڵام شۆڕشی حاجی ڕەسول بە دیکۆمێنت باس لە هەردوو هاوڵاتی دەکات بە ناوەکانی عابد ئەحمەد ئۆسی تەمەن (٧٥) ساڵ و هاوسەرەکەی زەهرا عەبدولقادر مستەفا تەمەن(٧٢) ساڵ پاش پاش ئەوەی خۆیان دەدەنە دەست سوپای ئێراق و ماوەیەك لە سەربازگەی دەڤەری (ڕوسی) زیندانی دەکرێن، پاشان لە بەر ئەوەی تەمەنیان گەورەیە لە ڕێگەی ئەمنی دهۆك بۆ ئەمنی هەولێر

دەنێردرێن تا لە ئۆردوگای جەژنیکان دابنرێن، بەڵام ئەمنی هەولێر وەریان ناگرێ بەو بیانووەی ئەوان گیراون، نەك «تەسلیم بۆوە» و رەوانەی دهۆکیان دەکەنەوە. بۆیە ئەمنی دهۆکیش داوا لە ئەمنی (ناوچەی ئۆتۆنۆمی!) دەکات بنێردرێن بۆ پارێزگای موسەنا واتە سەماوە، دیارە لەوێش چارەنووسیان زیندە بە چاڵکردنە[١٢]. ئەمە حاڵەتێکە و دەیان حاڵەتی وا دووبارە کراوەتەوە، کە تەمەنیان لە (٦٠) ساڵ پتر بووە و گوللە بارانکراون، یان لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید کران، یاخود تەمەنیان لە(١٥) ساڵی کەمتر بووە و بەدەردی پیرەمێردەکان بردراون،

مامۆستا یوسف دزەیی لە کتێبەکەیدا ئەنفال. . کارەسات. نووسیویەتی: لە گوندی(کورفیل) ی ناوچەی دۆسکی ئەفسەرێك فەرمانی دا (٣٥) ژن و منداڵ و پیاو پێکەوە گوللە بارانکران. هەروەها رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی A١ لیستێکی بە(٣٥٣) ناو دەستکەوتوە کە گوللە بارانکراون و (٥٢) کەسیان تەمەنیان لە نێوان (١١- ١٧) ساڵیدا بووە[١٣]. لە دیمانەیەکی تایبەتی خاتوو فاتیمە ساڵح دەڵێ: هەواڵێك بڵاو بۆوە کە رژێم لێبووردنی دەرکردووە، خەڵکێکی زۆر لە بەری گارە یەکسەر خۆیان تەسلیم کرد، بەڵام زۆرلە پیاوەکانی ئەوان شونبزرکران و بەر لێبووردنیان نەخستن[١٤]. هەروەها پیرەمێردێکی گوندی (میزێ) بە ناوی دەفۆ مەتی ئیشۆ لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٢ دەڵێ: لە کاتی هێرشەکە خەڵك بەرەو چیای گارە هەڵکشان بەبرسێتی و ماندوێتی (١٢) رۆژان مانەوە لە لێبوردنەکەی ٦/ ی ئەیلول خۆیان دایە دەست، بەڵام رژێم گەنجەکانی لێجیاکردنەوە و شونبزری کردن[١٥]. هەروەها رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان/ لقی دهۆك لە دۆسیەیەکدا ناوی (١٣٣٩) کەسی ئامادەکردووە کە تەمەنیان لە نێوان(١ تا ٧٥) ساڵیدایەو شونبزرکران[١٦]. خاتوو(مریەم ئەحمەد) دانیشتووی گوندی ئیکماڵە لە دەڤەری بەری گارە دەڵێ. ئێمە دوای لێبوردنەکەی رژێم خۆمان دایە دەست، بەڵام (٦) مرۆڤی ئێمە کە لای ئاژەڵ بوون بەجیا خۆیان



تەسلیم کردەوە، شونبزرکران و بەر لێبوردنەکەیان نەخستن[١٧]. لە مەدا دیاردەکەوێ سەرەڕای رەشەکوژی وگوللەبارانکردن و شونبزرکردن. کە تەنیا لە گوندێکی وەك گویزێ (٩٤) پیاویان شونبزرکرد، سوپای رژێم زۆر گوێی بە تەمەن و رەگەز (نێر و مێ) نەداوە و لە هەمان کات چەند رۆژێکیش دوای لێبووردنەکە لێرەو لەوێ خەڵکیان گوللەباران و شونبزر کردووە، یان لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهیدیان کردووە کە دەیان دیکۆمێنت و بە ڵگەو شایەت هەن ئەمە دەسەلمێنن، وەك دوا نموونە رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ دووپاتی دەکاتەوە کە لە (٣٦) گوندی دەڤەری بادیناندا (٦٣٢) کەس ئەنفالکراون هەموویان پیاوبوون، بەڵام منداڵی تەمەن (١٢) ساڵانیشیان لە گەڵدابووە[١٨].

## ١-٤-٦ ئەشکەنجەدان و برسیکردن و فشاری دەروونی

هەرلەیەکەمین ساتی خۆ دانە دەست، ئەنفالکراوەکان ئەوانەی بەختیان هەبووگوللە باران، یان شونبزرنەکران، رووبەڕووی فشارێکی گەورەی دەروونی وبرسی کردن و ئەشکەنجەدانی جەستەیی بوونەوە، ئەو ئەشکەنجەوبرسی کردن و فشارە دەروونیە هەر تەنها بۆ پیاوەکان نەبوو، بەڵکە ئافرەت و منداڵیشی گرتەوە. لێرەدا دەمانەوێ ئاماژە بە چەند حاڵەتێك لەم رووەوە بدەین. رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ ئاماژەی پێداوە کە ئافرەتێك لە بەر سەربازێك پاڕاوەتەوە نەختێ لە گەڵیان باش بن، بەڵام سەربازەکە وەڵامی داوەتەوە (کورد بۆ ئەوە هێنراونەتە ئێرە (قەڵای نزارکێ لە دهۆك) بۆ ئەوەی بمرن)[١٩]. هەروەها هەمان راپۆرت و دەیان شایەتحاڵ دووپاتی دەکەنەوە بە دارو کێبل لە ئافرەت و منداڵ دەدرا، لەو ماوەیەی دەسگیرکرابوون تا ئەو رۆژەی کە نێردرانە ئۆردوگای جەژنیکان و خەڵکی هەولێرو دەوروبەری بە هانایانەوەچوون، چەندین رۆژ ئەنفالکراوەکان بە منداڵانیشەوە بێ نان بوونە، ئەگەر نانیشیان دابنێ رۆژی یەك سەموونی کۆن ورەق بووە، یان هەر خێزانەی ژەمێ یەك سەموونیان داوەتەوە.

ئاویش ئەگەر هەبووبێ ئاوی نێو بەرمیلە ژەنگاوییەکانی بەر تیشکی خۆربووە. بۆیە منداڵەکان تووشی بەدخۆراکی و برسێتی بوون، شیر لە مەمکی ژنان وشکی کرد و زۆر ئافرەتی سکپڕیش لە ئەنجامی لێدان و برسێتی منداڵیان لەبەر چوو[٢٠]. حەسەن ئەبابەکر خێزانی شەهیدەو یەکێك بوو لە ئەنفالکراوەکان دەڵێت (ئەوەی من لە قەڵای نزارکێ بینیم لە هیچ زەمانێك رووینەداوە. رۆژێك چەند سیخوڕێکی ئەمن پیرەمێردەکانی ئێمەیان راکێشایە ناو حەوشەی قەڵاو بینیمان ئاگریان بەردایە ریشی سەید حەسەنی کورێمەیی ودەسرۆکە کەسکەکەیان لەمل ئاڵاندو لەگەڵ حاجی لەتیف و مەلا مەعروف هەرسێکیان پێکڤە ئەشکەنجەدان. پاشان وەك گیانلەبەر پێکەوەیان بەستانەوەو کایان لەبەردانان، دواتر مەندیلیان لەملی مەلا مەعروف ئاڵاندو بەشەق و پێلاقە لێدان لە سەر پشت لە ناو حەوشی قەڵایان رادەکێشا[٢١]. عیماد محمد جیهانگیر یەکێك بوو لە گرتییەکانی قەڵای نزارکێ و دەڵێ: لە پێش چاوی ئێمە بە شێوەیەکی نامرۆڤانە لەژنانیان دەداو هاوسەرەکانیان دەیانڕوانیەوان، لەبەر گریەو زیڕاندنی ژن ومنداڵانیش کەس ئاگای لە کەس نەمابوو. هەروەها دەڵێت! (بینیم ژنێك مەمەشیری دایە دەست سەربازێك بەڵکە بۆی پڕبکات، بەڵام سەربازەکە مەمەکەی هاویشتە بن پۆستاڵەکەی و وردی کرد[٢٢].

### ١-٤-٧ پاشماوەی ئەنفالکراوەکان... لە نێو دڕکو داڵی جەژنیکان

هەر لە ساڵی ١٩٨٦ وە حکومەتی بەعسی ئێراق دەستی بەسەر (١٢٠٠) دۆنم زەوی ئاقاری گوندی جەژنیکان داگرت و نەیهێشت جوتیارەکان دایبچێنن، بۆیە تا مەترێك بەرزی دڕك و داڵی تێدا روابوو، کەس نەیدەزانی حکومەتی بەعس ئەم پارچە زەویەی بۆ داگیرکردووە ونیازی چییە، تا لە ئێوارەیەکی درەنگی رۆژانی گەرمی هاوین بەدەیان پاسی گەورەو ئیڤای عەسکەری لە ژن و منداڵی رووخسار پڕ لە خەم و ناسۆرو شەکەت و ماندوو نیوە مردووی فڕێدایە ناو ئەو دڕك و داڵەو خەڵکی جەژنیکان لە بەرانبەر ئەم دیمەنەدا حەپەسان. دیارە پشتی



دەرکردنی بڕیاری لێبووردنی گشتی لە کوردان لە روژی ٦/ ٩/ ١٩٨٨ و دوای تەواوکردنی هەر هەشت قۆناخەکەی ئەنفال لە کوردستان لە رۆژی ٧/ ٩/ ١٩٨٨ فەرمانیش درابووە عەریف (عەلی حەسەن مەجید کیمیاوی) بەرەبەرە پاشماوەی ئەنفالکراوەکانی بادینان بگوازنەوە ئەو دەشتە بەرۆژ گەرم و بەشەو ساردو چۆل و دڕکاوییە، بێ ئەوەی خۆراك و ئاو و رایەخ و نوێن و هیچ هۆیەکی ژیانیان بدەنێ[٢٣]. مەبەستی لە گواستنەوەی خەڵکەکە ئەوەبوو کە قەڵاکانی سەلامیەو نزارکێ لە دهۆك و قەدش و مانگیش و سەربازگەکان لە خەڵك چۆلبکات، چونکە دەیانزانی بە هەزاران کەس لە چیاکاندا گیرۆدەن و دوای لێبووردنەکە خۆیان دەدەنە دەست، دەبێت ئەوانیش لەو قەڵایانە پشکی خۆیان ئازارو ئەشکەنجە بچێژن، بۆیە ئەوانەی دووهەفتە و کەمترە لەوێن کۆمەڵ کۆمەڵ بېردرێنە ئەو دەشتە دۆزەخیە.

## پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

١- ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ خۆرهەلاتی ناوەراست/ ئێراق و تاوانی جینۆساید/ شالآوی ئەنفال دژی کورد/ و: جەمال میرزا عەزیز/ بەرلین ٢٠٠٠/ ل١٩٣.

٢- هەمان سەرچاوە/ ل١٩١- ١٩٢.

٣- دیمانەی تایبەت لەگەڵ هەریەك لە ا- دلشاد حوسێن (پێشمەرگە) رۆژی ٢٠/ ٥/ ٢٠٠٦، کۆیێ، ب- ا- ك (پێشمەرگە) ١٣/ ٦/ ٢٠٠٦ /٤، هەولێر.

٤- ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ سەرچاوەی پێشوو. ل١٨٩

٥- یوسف دزەیی/ ئەنفال. . کارەسات، دەرەنجام و ڕەهەندەکانی/ دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریان/ هەولێر٢٠٠١/ ل٨٥.

٦- ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ سەرچاوەی پێشوو ل١٨١ و بەدواوە.

٧- هەمان سەرچاوە. ل٢٠٥.

٨- دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ عەبدوڵای حاجی فازیل/ هەولێر/ ١٠/ ٦/ ٢٠٠٦ /٥.

٩- ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ سەرچاوەی پێشوو. ل٢٠٥.

١٠- دیمانە لەگەڵ عەبدوڵای حاجی فازیل/ سەرچاوەی پێشوو.

١١- ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ سەرچاوەی پێشوو. ل٢٠١.

١٢ - شۆرش حاجی رەسول/ سەرچاوەی پێشوو ل

١٣- یوسف دزەیی/ سەرچاوەی پێشوو. ل ١٥٢.

١٤- دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ خاتوو«فاتیمە سلاح» لەرۆژی ٩/ ٦/ ٢٠٠٦ /٥/ جەژنیکان.

١٥- یوسف دزەیی/ سەرچاوەی پێشوو/ ل١٤٨.

١٦- هەمان سەرچاوە ل١٥٢.

١٧- دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ خاتوو(مریەم ئەحمەد) لەرۆژی ٩/ ٦/ ٢٠٠٦ /٥ جەژنیکان.

١٨- ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ سەرچاوەی پێشوو. ل٣٠١.



١٩- هەمان سەرچاوە. ل٧١.

٢٠- هەمان سەرچاوە. ل٧١ و بەدواوە.

٢١- عەلی بەندی/ ئەنفالکرنا بەهدینان/ ب١/ دهۆك/ ل١٠٣- ١٠٤.

٢٢- هەمان سەرچاوە. ل١٠٤.

٢٣- هەمان سەرچاوە. ل١٠٥

## دەروازەی دووەم...

# لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## بەشی یەکەم

## پلان و جێبەجێ کردنی توێژینەوەکە

٢-١-١ میتۆدی توێژینەوەکە.

٢-١-٢ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری.

٢-١-٣ سنووری توێژینەوەکە.

٢-١-٤ گیروگرفتی توێژینەوەکە.

٢-١-٥ نموونەی توێژینەوەکە.

## بەشی یەکەم: پلان و جێبەجێکردنی توێژینەوەکە

### ٢- ١- ١ میتۆدی توێژینەوەکە

دیارە هەموو توێژینەوەیەکی مەیدانی پێویستی بە میتۆدێکی زانستی هەیە، ئەو میتۆدەش بە پێی جۆری ئەو بابەتە هەڵدەبژێردرێ، کە توێژەر دەیخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. سەبارەت بەو توێژینەوەیەی ئێمە کە تایبەتە بە سۆسیۆلۆژیای بەهاناوەچوونی خەڵکی شاری هەولێرو دەوروبەری بۆ ئەنفالکراوەکانی بادینان لە جەژنیکان، وا دەگەیەنێ ئێمە دەمانەوێ لە رووداوێکی کۆمەڵایەتی بدوێین، کە «١٨» ساڵ بەر لە ئێستا رووی داوە. بۆ ئەمەش ناچار دەبین بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە میتۆدی مێژوویی ببەستین، چونکە ئەم میتۆدە بواری ئەوەمان دەداتێ لە رێگەی شیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوە سەرەتایی و لاوەکییەکانی مێژوو وەرمانگرتووە لەگەڵ دڵنیابوون لە راست و دروستیاندا، لە بوارە تیۆرییەکەی سوودی لێوەربگرین، بەڵام لە بوارە مەیدانییەکەی تەنها پشتمان بەو زانیارییانە بەستاوە، کە لە خەڵکانێك وەرگیراون لەو سەردەمەدا ژیاون و بریتین لەوانەی یارمەتیان پێشکەش کردووە، هەروەها ئەوانەش کەیارمەتییەکەیان وەرگرتووە. بۆیە لێرەدا بە شێوەیەك لە شێوەکان سوودمان لە (میتۆدی بەراوردکاری) یش وەرگرتووە، بەتایبەت لەبەراوردکاری هاوواتا (مترادف) لە نێوان ئەو رایانەی کە بە هاناوەچووان دەریان بڕیووەو ئەو رایانەش کە ئەوانەی یارمەتیان وەرگرتووە دەریدەبڕن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە توێژینەوەیەکی وادا کە باس لەدیاردەکی کۆمەڵایەتی دەکات هۆکاری تایبەت بەخۆی هەیە بۆسەرهەڵدان و دەرەنجامێکی مەزنیشی لێکەوتۆتەوە کە لەو سەردەمدا کاریگەریەکی گەورەی بەسەر



کۆمەڵگەی کوردەواری دروستکردووەو تا ئێستاش ئەو کاریگەرییە ماوەتەوەو کۆڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی چاوەڕوان نەکراوی دروستکرد، بۆیە بۆ توێژینەوە پشتمان بە چەند میتۆدێکی دیکەش بەستووە بەڵام بەرێژەی کەمتر. .

### ٢- ١- ٢ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە مەڕ سۆسیۆلۆژیای بە هاناوەچوونی خەڵکی هەولێرو دەوروبەری بۆ ئاوارەو پاشماوەی ئەنفالکراوەکانی بادینان لە ئۆردوگای جەژنیکان، پێمان وابوو رێگەی دیدارو چاوپێکەوتن یان دیمانەکردن لەگەڵ ئەوانەی شایەتحاڵی رووداوەکەن و هەروەها دیمانەکردن لەگەڵ ئەوانەش کە خەڵکی هەولێرن و بەهانایانەوەچوون لەگەڵ ئەوانەی یارمەتییەکەیان وەرگرتووە باشترین ئامرازی زانیاری کۆکردنەوەیە. بۆ یەش بۆ دیمانەی ئەوانەی شایەتحاڵی رووداوەکەن (٣٤) پرسیارمان ئامادەکردوە تا وەڵامیان لای ئەوان وەربگرینەوە، بۆ ئەوانەش کەیارمەتییان وەرگرتووە (٣٠) پرسیارمان دانا. بەڵام دیارە لە دیدارو چاوپێکەوتنی کراوەدا وامان پێ باشتر بوو سوود لە هەردوو دیمانەی (فەرمی) و دیمانەی (نا فەرمی) وەربگرین. هەرچەندە پرسیارەکان پێشتر بە فەرمی داڕێژرابوون، بەڵام زۆرجاران لەکاتی دیمانەدا بۆ ئەوەی باشترین و زۆرترین زانیاریمان دەست بکەوێ لق وپەلی دیکە لە پرسیارەکان دەبوونەوە. دیارە پرسیاریش هەن بێ وەڵام دەمێننەوە و ئەوانەی دیداریان لە گەڵ دەکرێ نایانەوێ وەڵامی هەندێ پرسیار بدەنەوە، یان نایزانن، یان لە بەرانبەر وەڵامدا رادەکەن و توێژەر ناتوانێ فشاری زۆریان بخاتە سەر، یاخود وەڵامەکانیان بێ سەروبەرە و ماوەی تێپەڕبوونی کات بەسەر رووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەدا، زۆرەو هەندێ زانیاریان لە بیرچۆتەوە. جگە لە زانیارییە گشتییەکان. . پرسیارەکانی دیمانە زۆربەی هەرە زۆریان لە تەوەرەی چۆنیەتی بەهاناوەچوونی خەڵکی هەولێر بۆ ئەنفالکراوەکان و رای ئەوانەی یارمەتیان دراوە دەخولێتەوە.

## ٢- ١- ٣ سنووری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە باس لە چەمکەکانی سۆسیۆلۆژیای بەهاناوەچوونی خەڵکی هەولێرو دەوروبەری دەکات بۆ ئەنفالکراوەکانی بادینان لە جەژنیکان و شالاوەکانی ئەنفال وئەنفالی بادینان، لەبوارە مەیدانییەکەیدا سنوورێکی دیاریکراوی هەڵبژاردووە لە دیمانەکردن لە گەڵ شایەتحاڵ و یارمەتی دراو. . کەشاری هەولێرو گوندی جەژنیکان و هەندێ گوندی نزیکی جەژنیکانە، لەبەر ئەوەی روداوەکە لەو سنوورە روویداوە. بۆیە ئەو نموونانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە نیشتەجێی هەولێرو جەژنیکان و گوندەکانی بەحرکەو گردئارەقن لەگەڵ یەك دیمانە لە کۆیێ کەئەوکات لەو سنوورە پێشمەرگەبوو. لە گەڵ ئەوەش درکمان بەوە کردووە دەبوایە سنووری بوارە مەیدانییەکە هەموو دەڤەری بادینانی بگرتایەوەو لە هەر ناوچەیەك چەند نموونەیەك بۆ دیمانەکردن وەربگیرابان، چونکە خەڵکی هەموو ناوچە ئەنفالکراوەکانی بادینان هێنرانە جەژنیکان و لە نێو رووداوەکەدا بوون، بەڵام کەمی ماوەی توێژینەوەکە تەنها (٤٥) رۆژ بوو لە(١٠/ ٤/ ٢٠٠٦) و پابەندبوونمان بە دەوامی فەرمی وەك فەرمانبەرێکی دەوڵەت بواری ئەوەی نەداین سەردانی هەموو ناوچەکان بکەین. بۆیە تەنها لەو سنوورە جوگرافیایە بچووکە سەنگراینەوە، کە نموونەی هەردوو لایەنی شایەتحاڵی یارمەتیدان و یارمەتی وەرگری لێبوو.

## ٢- ١- ٤ نموونەی توێژینەوە

توێژینەوە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، کەخەڵکێکی زۆر دەگرێتەوە و لەگەڵ دیاردەی کۆمەڵایەتی دیکە کارلێك دەکات وکاریگەری و دەرەنجامی زۆری لێ دەکەوێتەوە، کارێکی ئاسان نییەو ناکرێ شێوەیەکی وشك و رووتی بدرێتێ. هەروەها ناتوانرێ بە توانای توێژەرێك ولەکاتێکی دیاریکراودا هەموو رەهەندو



بەش و پەیوەندییەکانی روونبکرێتەوە، یان تەواوی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بخرێتە بەرباس، بۆیە توێژەر ناچار دەبێت نموونەیەك لەکۆمەڵگەی توێژینەوە وەربگرێ کە نموونەی هەمووان بێت، یان زۆربەیان بێت، دیارە هەڵبژاردنی نموونەش بە ئارەزووی توێژەر نابێت و دەبێت نموونەکە بە هەق نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بێت. بۆ ئەم توێژینەوەیە لەلایەنی یەکەم کە شایەتحاڵی بە هاناوەچونەکەبوون ئەو نموونانەمان هەڵبژارد کە لەنزیکەوە ئاگاداری رووداوە کۆمەڵایەتییەکە بوون. بۆ لایەنی یارمەتی وەرگر بە باشمان زانی لەهەر ناوچەیەك نموونەیەك وەربگرین، بەمەرجێ نموونەکە پێشتر دەستنیشان نەکرابێت و خەسڵەتە تایبەتییەکانی نەزانرابێت، نەخۆ ببێتە نموونەیەکی بژاردەو نوێنەرایەتی هەموو کۆمەڵگەی یارمەتی وەرگر نەکات. لەم توێژینەوەیەدا (١٤) نموونەمان وەرگرتووە بۆ ئەوەی دیمانەیان لەگەڵ بکەین حەوت لەلایەنی شایەتحاڵی هەڵمەتی بەهاناوەچوونەکە، حەوتیش لە وانەی یارمەتییان وەرگرتووە، سەرەڕای هەندێ وردە دیمانەی تر کە زانیاریان لە سەر لایەنێك یا پتر هەبووە. دیارە ئەمەش کەمە، بەڵام کەمی نموونەمان لەبەر چەند گرفتێك بووە کە دواتر باسی دەکەین.

## ٢- ١- ٥ گرفتەکانی توێژینەوەکە

هەمووتوێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی گیروگرفتی تایبەتی خۆی بۆ دروست دەبێت و کۆسپی وای دێتەڕێ، رەنگە توێژینەوەکە وەك ئەوەی توێژەر دەیەوێ و پلانی بۆ دادەنێ لە ئەنجامدا وادەرناچێ. بە تایبەتی لە بواری مەیدانیدا. . لەم توێژینەوەیەشدا ژمارەیەك گرفت هاتنە رێمان دەتوانین گرنگەکانیان لەم چەند خاڵەدا پوخت بکەین.

١- چونکە هەڵمەتەکە لە ژێر فشارێکی گەورەی پیاوانی حکومەتی فاشی و شۆفێنی بەعس بەرێوە چووە نەدەتوانرا وێنەی بگیرێ وناوەکان و جۆری

هاریکاری و بڕەکەی تۆمار بکرێ، تەنانەت ئەوانەش یارمەتیان دەبرد ئامادە نەبوون ناوی خۆیان بڵێن، نەخۆ پاشتر دەزگا ئەمنییەکان بانگیان بکەن و سزابدرێن.

٢- نەبوونی توێژینەوەی پێشترو تایبەت بەوفریاکەوتنەی خەڵکی هەولێرو دۆرماندۆری بۆ ئەنفالکراوەکانی بادینان، هەرچەندە لە هەندێ کتێب و توێژینەوەدا ئاماژەی بۆ کراوە وەك راپۆرتی رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ (نوسینگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەناوی ئێراق و تاوانی جینۆساید/ شاڵاوی ئەنفال دژی کورد و کتێبی ئەنفالکرنا بەهدینان (دووبەش) کە عەلی بەندی نووسیویەتی.

٣- کەمی ماوەی تەرخانکراو بۆ توێژینەوەکە و پابەند بوونی توێژەر بە ئەرکی فەرمانبەری لە دەزگایەکی دەوڵەت کە ناچار بووین پەلەی تێدا بکەین و نەتوانرێ سەردانی ناوچەکانی بادینان بکرێ.

٤- تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر (١٨) ساڵ بەسەر ئەم رووداوەو لە بیرچوونی زۆر لەزانیارییەکان، چونکە نەنووسراونەتەوەو تۆمار نەکراون، یان وێنەیان نەگیراوە. ئەمانەو زۆر گرفتی دی هەبوون... .



**خشتەی زانیارییە گشتییەکانی تایبەت بە نموونەی توێژینەوە**

**١- شایەتحاڵەکان:**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | **ا. ك** | نێر | ٥٢ | هەولێر | ماستەر | خێزاندار |
| ٢ | **دلشاد حوسێن** | نێر | ٤٩ | کۆیێ | ئامادەیی | خێزاندار |
| ٣ | **فاتیمەسالح** | مێ | ٤٥ | جەژنیکان | نەخوێندەوار | خێزاندار |
| ٤ | **مریەم ئەحمەد** | مێ | ٤٠ | جەژنیکان | نەخوێندەوار | خێزاندار |
| ٥ | **هیرێ عەبدولڕەزاق** | مێ | ٣٦ | جەژنیکان | نەخوێندەوار | خێزاندار |
| ٦ | **سەعدیە حامد** | نێر | ٤٢ | هەولێر | ناوەندی | خێزاندار |
| ٧ | **نەبەز ئورفەیی** | نێر | ٤٥ | هەولێر | سەرەتایی | خێزاندار |

**٢- یارمەتیدراوەکان**

| ز | ناو | ڕەگەز | پیشە | تەمەن | شوێنی نیشتەجێ | ئاستی خوێندەواری | باری خێزانی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | **حاجی فازیل ئاغا** | نێر | جوتیار | ٧٠ | جەژنیکان | نەخوێندەوار | خێزاندار |
| ٢ | **مەلاتاهیری بەحرکە** | نێر | زانای ئاینی | ٥٨ | بەحرکە | زانای ئاینی | خێزاندار |
| ٣ | **عەبدوڵا حاجی فازیل** | نێر | کاسب | ٤٥ | هەولێر | ئامادەیی | خێزاندار |
| ٤ | **زریان حاجی پاشا** | نێر | ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا | ٣٨ | هەولێر | ئامادەیی | خێزاندار |
| ٥ | **حاجی سوارە عوسمان** | نێر | جوتیار | ٥٨ | گرد ئارەق | نەخوێندەوار | خێزاندار |
| ٦ | **خاتووهەڵاڵە** | مێ | مامۆستا | ٤٨ | هەولێر | ناوەندی | خێزاندار |
| ٧ | **ئەحمەد سوارە رەسول** | نێر | جوتیار | ٥٢ | گرد ئارەق | نەخوێندەوار | خێزاندار |

**پەراوێزەکان:**

١- د. معن خليل العمر/ مناهج البحپ فى علم الاجتماع/ / دار الشروق/ عمـان ٢٠٠٤ ص[١٦٠].

٢- د. معن خليل العمر/ . سەرچاوەی پێشوو. ص[٢٣٧].

# بەشی دووەم

# شیکردنەوەی دیدارەکان

٢-١-٢ ئێوارەیەك ئەنفالکراوەکان گەیشتنە بادینان

٢-١-٢ مردن لە جەژنیکان و باری تەندروستی

٢-١-٣ مەبەستی حکومەتی بەعس لە هێنانی ئەنفالکراوەکان بۆ جەژنیکان.

## بەشی دووەم: شیکردنەوەی دیدارەکان

### ٢- ٢- ١ ئێوارەیەك كە ئەنفالكراوەكان گەیشتنە جەژنیكان

یەکەمین کۆمەڵ[١] گەیشتنە جەژنیکان ئەو ژن ومنداڵ و چەند پیرو پەککەوتەیە بوو کەلە سەربازگەی سەلامیە زیندانی بوون و هەموو نێرینەو پیاوەکانیان لە تەمەنی ١٢ ساڵی بەسەرەوە تا (٧٠) ساڵی شونبزر یان گوللە باران کرابوون، لەوانەش ژن و منداڵی گوندی گوێزێ پاش ئەوەی «٩٦» مێردمنداڵ و پیاویان لێ شونبزر کرا هێنرانە جەژنیکان. لەمبارەوە خاتوو (هێرێ عەبدولقادر) کە خەڵکی گوندی گوێزێ بوو دەڵێت: یەکەم وەجبە ئێمەیان هێنایە جەژنیکان، تا ئەو کات کەسی لێ نەبوو، دەشتێکی پڕ دڕك بوو. ئێمەش گێژو هوڕ ببووین. پاش ڕۆژ ئاوابوون کە دانراین، هەر ئەو شەوە خەڵکی جەژنیکان خواردنیان بۆ هێناین، بەڵام رایەخ و نوێنمان نەبوو، بە دەست دڕکمان لا دەدا جێیەك بۆ خۆ خۆش بکەین لێی پاڵ بدەینەوە)[٢] (ا- ك) یەکێك بوو لەو پێشمەرگانەی دوای لێبوردنە گشتیە کە دەکەوێتە نێو بۆسەی سوپای ئێراقی و بواری نابێت دەست بکاتەوە، بۆیە ناچار خۆی دەداتە دەست دەڵێ: (من کە لەقەڵای نزارکێ بووم چونکە پێشمەرگە بووم ئاگاداریان کردبووم خۆم بزرنەکەم و لەبەر چاویان بم، بەڵام ڕۆژی ١٥/ ٩/ ١٩٨٨ کاتێك ئیڤای عەسکەریان هێنابوو خێزانیان بار دەکرد، منیش خۆم دزییەوەو سواری ئیڤایەك بووم لە نێو ژن و منداڵەکان خۆم حەشاردا تا لە قەڵا دەرچووین و یەکسەر ئێمەیان بردە جەژنیکان. تا ئەو کاتە (١٥/ ٩) هیچ بۆ جەژنیکان نەکرابوو، تەنها بیرێکی ئاو هەبوو، یەك بینایەش هەبوو ئەویش دەزگای ئەمنی لێبوو)[٣]. هەر لەبارەی جەژنیکانەوە خاتوو مریەم ئەحمەد/ کە خەڵکی گوندی ئیکماڵەی بەری گارە بوو دەڵێت: وابزانم شەوی ١٠/ ٩/ ١٩٨٨



بوو ئێمەیان هێنایە جەژنیکان، پێش ئێمەش خەڵکیان هێنابوو، ئێمەشیان فڕێ دایە نێو دڕکان[٤]. دوو ساڵ بەر لە ئەنفالەکان ڕژێمی بەعسی ئێراق بەرنامەی ئەوەی هەبوو شاڵاوی ئەنفال بکاتە سەر کوردستان و شوێنی نیشتەجێ کردنی بەزۆریشی ئامادە کردبوو. کاتێکیش بۆی رەخسا بەرنامەکەی جێبەجێ بکات، لە ئەنفالی بادینان بە هەزاران خێزانی هێنایە سەر ئەو زەوییەی لە ساڵی ١٩٨٦ وە لە جەژنیکان تەرخانی کردبوو، بەڵام بێ ئەوەی خانوویان بۆ دروست بکات، یان هیچ جۆرە پێداویستیەکی بژێوو ژیانیان بۆ دابین بکات، تەنانەت هێندە زەحمەتیشی نەکێشابوو زەویەکەیان بە دوو گرێدەر یان بلدۆزەر بۆ تەخت و خۆش بکات. بەڵکە مرۆڤە لێقەوماوو کۆستکەوتوو، برینداره جەستەیی و دەروونیەکان، نەخۆش و شەکەتەکانی هێنا لە دەشتێکی پڕلەدڕك وداڵ وزیندەوەر و بەشەو ساردو بەڕۆژ گەرم دانا، وەك سزایەك و بۆ چەندین مەبەست کە لەبابەتێکی دی ڕوونیان دەکەینەوە. ئەمەش بەرانبەر بەکێ کرا! بەرانبەر بە ژن ومنداڵ و پیرو پەککەوتەکان، کە بەڕای هەموو ئەو نموونانەی دیدارمان لەگەڵ کردوون ڕێژەی ژن و منداڵ بەرانبەر بە پیاو ٨٥- ٩٠٪ بوو. دیارە لە کۆمەڵگەی باوکسالاری ئێمەشدا ژن و منداڵ بێدەسەڵات ودەست و پێ سپین.

### ٢- ٢- ٢ مردن لە جەژنیکان و باری تەندروستی

کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکی هەموو دەڤەرەکانی بادینانیان دەگواستەوە بۆ جەژنیکان و لەو دەشتە فڕێی دەدان. لەمبارەوە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ بڵاوی کردۆتەوە کە (زۆر کەس بەتایبەتی منداڵە شیرخۆرەکان لە جەژنیکان و بەحرکە مردن، لەبەر ئەوەی حکومەتی ئێراقی هیچ وەسیلەیەکی بنەڕەتی و ژیانی بۆ ئەو ڕاگوێزراوانە دابین نەکردو هۆیەکانی مردنیش بریتی بوون لەبرینداربوون بە گازی ژەهراوی، بەدخۆراکی، وشك هەڵگەڕان، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ترسناك وەك تایفۆئید و کولێرا لە نێو چادرگەکەدا. ڕێژەی مردنی

منداڵان ٢/ ٣ ی هەموو مردنەکان بوو)[٥]. لە بارەی مردنی خەڵك بەگشتی و منداڵان بەتایبەتی زانای ئایینی و نووسەر مامۆستا مەلاتاهیری بەحرکە دەڵێ: (نەخۆشی وایان تێدا بڵاوبۆوە رۆژ هەبوو (٣- ٤) منداڵیان دەمرد، هەندێکیان کە منداڵەکانیان دەمرد دەیانهێنایە بەحرکەو جێیان دەهێشت، یان بەدیارییەوە دادەنیشتن، لێرە لە مزگەوت بانگەوازمان بە بڵندگۆ دەکرد، خەڵکی گوندی دەهاتن دەیانشوشت و کفنیان دەکردو دەمانبرد لە گۆڕستانی بەحرکە دەمانشاردەوە، گۆڕەکانیشیان ماون)[٦]. بەڕای زۆر لەو کەسانەی دیدارمان لەگەڵ کردوون لەماوەی (٤- ٥) مانگی دوای هێنان بۆ بەحرکە (٤٠٠- ٥٠٠) منداڵیان مردوون، ئێمە سەردانی هەردوو گۆڕستانمان کرد، بەڵام لەبەر نەبوونی کێلی گۆڕەکان و تەخت بوونی هەندێکیان نەمان ژماردن. ئەگەر منداڵی گوندەکانی جەژنیکان و بەحرکە لەگەڵ ئەوان نەنێژرابن لە (٤٠٠) گۆڕیان پتر هەیە نەك کەمتر. بەڵام لە دیمانەکەی حاجی فازیل ئاغا و عەلی کوڕیدا. . ئاماژە بەمردنی (٧٠- ٨٠) منداڵ دەکەن کە مردوون و عەلی دەڵێ (منداڵ زۆر دەمردن (٧٠ تا ٨٠) منداڵیان پتر لێ مردن گۆڕستانەکەیان لێرەیە. ئێمە لێرە کفنمان بۆ کڕیبوون و دەمانشوشتن و دەمانشاردنەوە هەروەها پیرەکانیش دەمردن)[٧]. سەبارەت بەهۆکارەکانی مردنیش زۆربوون. . کاك (ا. ك) دەڵێ (کەش و هەوای دەشت و گەرماو برسێتی ودڵەڕاوکێ و خەمخواردن بۆ ئەو کوڕو مێردو برایانەی گوللە بارانکران یان شونبزرکران، یان ئەوانەی کاریگەری کیمیابارانیان لەسەر مابوو هەموو دەبوونە هۆکاری مردن)[٨]. . بەڵام خاتوو (سەعدیە حامد) هۆیەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ (نەخۆشی بڵاوبۆوە، زۆربەی ئەوانەی گیران چەندین رۆژ تا دوو هەفتە و پتریش لە چیا تووشی سەرماو گەرماو شەکەتی و کمخۆری بوون، پاشان لەگرتووخانەی ئاکرێ ودهۆك وسەلامیەو قەدش برسی ببوون. دایك شیری نەمابوو، هەموو منداڵەکان تووشی بەدخۆراکی ببوون، هەندێ لە ئەنفالکراوەکانیش بەر کیمیا کەوتبوون، پاشان کاریگەری دیارکەوت)[٩]. کاك زریان حاجی پاشاش لەمەڕ هۆیەکان دەڵێ: (منداڵ زۆر دەمردن. . بڵام پیرەکان لە ژێر کاریگەری دەروونی و خەمخواردن دەمردن،



هەبوو کوڕیان گوللە بارانکرابوون بۆ نموونە پیرەمێردێك بە ناوی (مام سالح) بۆی باسکردم کە چوار کوڕ و کوڕەزایەکی لە بەر چاوی گوللە بارانکرایەو گوتی: گوتم منیش بکوژن، پیاوانی بەعس پێیان گوتم نا تۆ بۆ خەمان بمێنەوە. . ئەو پیاوە خەڵکی بەری گارە بوو)[١٠]. لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە هۆکارەکانی مردن بۆ منداڵان بریتی بوون لە:

١- بەدخۆراکی یان خۆراك نەبوون. بەتایبەتی لە کاتی مانەوەیان لە چیاو پاشانیش لە قەلا و زیندانەکان.

٢- بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.

٣- وشکبوونی شیری مەمکی دایکان، لەبەردوودڵی وخەمخواردن و ترس و کەمخۆراکی.

٤- کاریگەری گازی ژەهراوی.

**سەبارەت بە پیرەمێردوپیرە ژنەکانیش هۆیەکان بریتی بوون لە:**

١- بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.

٢- بەدخۆراکی.

٣- کاریگەری گازی ژەهراوی.

٤- خەم و خەفەت خواردن بۆ ئەو خۆشەویستانەی گوللە باران، یان شونبزر کران.

٥- ترسان لە چارەنووس و داهاتوێکی نادیار.

### ٢- ٢- ٣ مەبەستی حکومەتی بەعسی ئێراقی لە هێنانی ئەنفالکراوەکان بۆ جەژنیکان

سەبارەت بە مەبەستی حکومەتی بەعسی ئێراق لە هێنانی ئەنفالکراوەکان بۆ جەژنیکان کاك عەبدولای حاجی فازیل کە ئەوکات موختاری گوندی جەژنیکان بوو. دەگێڕێتەوە(ئەبو مەیسون کە سەرۆکی لیژنەی وەرگرتن بوو گوتی: حکومەت مافی ئەوەی هەبوو ئەوانەش گوللە باران بکات، بەڵام بەزەیی پێیاندا هاتەوەو لێی بوردن، ئێستاش لەو ئاقارەیان دادەنێ). پێم گوت: بەم هاوینەو لەم چۆلەوانییە چۆن دەبێ، ئەبو مەیسون وەڵامی دامەوە (باشترە لەوەی گوللە باران نەکراون و لێی بوردون، ئیتر ئێرە جێگەیانە، با ئەو خەڵکە تێبگات ئەوەی ناپاکی لەگەڵ حکومەت بکات ئەمە چارەنووسیەتی). هەروەها دەگێڕێتەوە (هەفتەیەك پاش هێنانی ئەنفالکراوەکان یەحیا جافی پارێزگاری هەولێر و سوبحی عەلی خەلەف/ ی سەرۆکی لقی هەولێری حزبی بەعس چوونە نێو جەژنیکانو سوبحی پێی گوتن: ئەمە چارەنووستانە، چونکە ئێوە تێکدەر بوون و دەستی دوژمنتان هێناوەتە ناو خاکی ئێراق، دەبێ لەسەر ئەم زەوییە وشکە بمرن و هیچ یارمەتییەکتان نادەین[11]. گەر لەم قسەیە ورد ببینەوە بۆمان دەردەکەوێت رژێم ئەگەر راستەوخۆ نەیکوشتوون و گوللەباران، یان شونبزری نەکردوون، بەڵام دەیەوێ بە شێوەیەکی دی بیانکوژێ. . لەمبارەوە مامۆستا مەلاتاهیری بەحرکە دەڵێ (دیارە رژێم بۆ ئەوە ئەوانەی هێنایە ئێرە تا چی شتی خراپە پێیان بکات، بیان کاتە کرێگرتەی خۆی، یان چی بیەوێ بۆی بکەن، یان بۆ ئەوەی بوو رۆژێك لە رۆژان ئەوانەش قوت بدات بیانبات لە خواروو زیندەبەچاڵیان بکات، یان بۆ ئەوەی بوو خەڵکی پێ تەمبێ بکات و نەوێرن سەریان بڵند بکەن)[12]. هەر لەمبارەوە عەلی حاجی فازیل پێی وایە بۆ ئەوەی بوو چاوی خەڵکی ئەم ناوچەیەی (هەولێرو دۆرماندۆری) پێ بشکێنێ[13]. بەڵام زریان حاجی پاشا رای وایە: (ئەوەی من تێگەیشتبم، ئەوکات بەعس لەو پەڕی بەهێزیدا بوو، چۆن خەڵکی گەرمیان و بارزانییەکانی ئەنفالکرد، ئاواش دەیتوانی ئەوانە بکوژێ، یان



زیندەبەچاڵیان بکات، پێش ئەوەی بگەنە شارەکان. بەڵام دەیویست: نیشانی خەڵکی بدات. . ئەوا لەو ساکە گۆڕە دایان دەنێ با لەبرسان بمرن، ئەوەش ناڕازی بێت، وای لێ دەکات. دەیویست چاوی خەڵك بشکێنێ)[14]. هەر بەرانبەر بەو پرسیارەی مەبەستی رژێم چی بوو. . حاجی سوارە عوسمان بەڕستەیەکی کورت وەڵامی دایەوە و گوتی: بەمنیان گوت:(واتەپیاوانی رژێم پێیان گوتووە)بۆئەوەی لەبرسان بمرن[15].

لەکاتی شیکردنەوەی گوتەی پیاوانی حکومەتی بەعس و شایەتەکان ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە نیازی حکومەتی بەعسی ئێراق لە هێنانی ئەو ئەنفالکراوانە بریتی بوون لە:

١- ڕەزیلکردن ولەبرسان و بە نەخۆشی مردنی ئەنفالکراوەکان بە مردنێکی لەسەرخۆ.

٢- بۆ چاوشکاندنی خەڵکی هەولێرو دەوروبەری و هەموو کوردستان بوو کەئەوەی بەرانبەر بە فەرمانەکانی حکومەتی بەعسی ئێراق بوەستێ ئەمە چارەنووسییەتی.

٣- بۆ ئەوەیان بوو هەموو خەڵکی کوردستان لە ئۆردوگای زۆرەملێ کۆبکەنەوە و لە نزیکەوە چاودێریان بکەن، وەك عەلی حسەن مەجید لە کۆبوونەوەی نووسینگەی باکوور لە ١٥/ ی ئەپریلی ساڵی ١٩٨٨ ئاماژەی پێداوە[16].

٤- بۆ ئەوەیان بوو هەرکاتێ چیان لێ بوێن و چی شتی خراپە پێیان بکەن و لە دابونەریتە رەسەنەکانی کوردەواری و شەهامەتی کلتوری و رەسەن دایانشۆرێنن.

## پەراوێزەکان

١- سەبارەت بە گەیشتنی یەکەمین وەجبەی ئەنفالکراوەکان چەند رایەکی جیاواز هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەوانەی دیمانەیان لەگەڵکردوون، کەسیان رۆژی گەیشتنی یەکەمین کاروانیان تۆمار نەکردووە و دیارە بەباشیش لەبیریان نەماوە چ رۆژێك بوو کە لە نێوان رۆژی ٧ تا ئابی ١٩٨٨ دایەو زۆربە پێییان وایە رۆژی (٧- ١٠) ی ئەیلوول بوو.

٢- دیمانە لەگەڵ خاتوو هیرێ عەبدولقادر/ ٩/ ٥/ ٢٠٠٦، جەژنیکان.

٣- دیمانە لەگەڵ (ا- ك) پێشمەرگە ١٣/ ٤/ ٢٠٠٦، هەولێر.

٤- دیدار لەگەڵ خاتوو مریەم ئەحمەد ٩/ ٥/ ٢٠٠٦، جەژنیکان.

٥- میدل ایست ووچ/ حملة الانفال في كوردستان العراق/ تدمير قرية كوريمي/ ت: د. رزگار/ دار اراس للطباعة و النشر/ اربيل ٢٠٠٢ ص٩٢.

٦- دیمانە لەگەڵ مامۆستا مەلا تاهیری بەحرکە ١٢/ ٥/ ٢٠٠٦/ بەحرکە.

٧- دیمانەیەکی هاوبەش لەگەڵ حاجی فازیل ئاغای جەژنیکان و عەلی کوڕی ٥/ ٥/ ٢٠٠٦/ جەژنیکان.

٨- دیمانە لەگەڵ ا- ك. سەرچاوەی پێشوو.

٩- دیمانە لەگەڵ خاتوو سەعدیە حامد/ ٢٥/ ٤/ ٢٠٠٦/ هەولێر.

١٠- دیمانە لەگەڵ زریان حاجی پاشا بەحرکە/ ١٠/ ٥/ ٢٠٠٦/ هەولێر.

١١- دیمانە لەگەڵ عەبدوڵای حاجی فازیل/ ١٠/ ٥/ ٢٠٠٦/ هەولێر.

١٢- مامۆستا مەلا تاهیری بەحرکە/ سەرچاوەی پێشوو.

١٣- دیمانەیەکی هاوبەش لەگەڵ حاجی فازیل ئاغاو عەلی کوڕی/ سەرچاوەی پێشوو.

١٤- زریان حاجی پاشا/ سەرچاوەی پێشوو.



١٥- دیمانە لەگەڵ حاجی سوارە عوسمان ئاغای گرد ئارەق/ ٥/ ٥/ ٢٠٠٦/ گرد ئارەق.

١٦- رێکخراویچاودێری مافی مرۆڤ/ خۆرهەڵاتی ناوەراست/ تاوانی جینۆساید لە ئێراق/ شاڵاوەکانی ئەنفال دژی کورد/ و: جەمال میرزا عەزیز/ بەرلین ٢٠٠٠/ ل٢٦٠.

# بەشی سێیەم

## هەڵمەتیی بەهاناوەچوونی خەڵکی هەولێر و دەوروبەری

٢-٣-١ یەکەمین هەڵمەتی بەهاناوەچوون.

٢-٣-٢ دووەمین دەستپێشخەری.

٢-٣-٣ هەڵمەتە مێژووییەکەی شاری هەولێر.

٢-٣-٤ هاوکاری دوکاندارەکانی هەولێر.

٢-٣-٥ جۆرەکانی دی یارمەتی.

## بەشی سێیەم: هەڵمەتیی بەهاناوەچوونی خەڵکی هەولێر و دەوروبەری

### ٢- ٣- ١ یەکەمین هەڵمەتی بەهاناوەچوون.

ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ خۆرهەلاتی ناوەڕاست لە لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە بەوەدەکات کە (٤٢٤١) خێزان لە ئۆردوگای جەژنیکان لەزەویەکی پڕ دڕك و داڵ دەژیان بێ ئەوەی هیچ شتێکی تێدابێ، هیچ شتێکیان بدەنێ. لای ئەنفالچییەکان گرنگ نەبوو ئەوانە بژیابوونایە یان بمردبوونایە، بەلاّم لە ئەنجامی هەولێکی بەهاناوەچوونی خۆکاری تایبەتی گەورە زۆربەیان ڕزگاریان بوو. یەکەمین کەسانێ کە یارمەتیان پێشکەشکرد هاولاّتییەکانی هەولێر بوون، کەزۆر جار بەکاروانێکی گەورەوە خواردن و پێداویستیکانی ژیانیان بۆ دەردەبڕن[١]. هەروەها ئەلبێرت کاموس لە ڕێکخراوی (میدل ئیست وۆچ) کتێبەکەی (شالاّوی ئەنفال لە کوردستانی ئێراق/ وێرانکردنی گوندی کوریمی) پێشکەش بە خەڵکی هەولێر دەکات و تیایدا دەڵێ (دیاریە بۆ ڕۆڵەکانی شاری هەولێر، ئەوانەی ژیانی خۆیان خستە مەترسی کاتێك بۆ فریاکەوتنی هەزاران لە گوند نیشینی کورێمی لە چادرگەکانی بەحرکە، جەژنیکان. . کەوتنە ڕێ)[٢]. هەروزەها عەلی بەندی: بەرگی یەکەمی کتێبەکەی (ئەنفالکرنا بەهدینان) دەکاتە دیاری بۆ خەڵکی هەولێر و لە لاپەڕە سێدا نووسیویەتی: (دیاریە بۆ خەڵکی شەرەفمەندی هەولێرا خۆڕاگر و دەوربەران، ژ بۆ هاریکاریا بێ سنوریا کو ل سالاّ١٩٨٨ پێشکەشی خەڵکی ئەنفالبوی کری و(بۆیە ئەگەرا پاراستنا جانێ خەڵکی قورتال بوی ژ کوشتنێو کیمیابارانێ) و ژیانا خۆ ئێخستیە د مەترسیێ دا)[٣]. سەرەڕای ئەمانە جەماوەری ئەنفالکراوی پارێزگای دهۆك لە ڕۆژی ٣١/ ٨/ ١٩٩٩ و بە نووسراوی ژمارەی (١٧٨٩) لە یادی یازدەمین سالڕۆژی ئەنفالکردنی خەڵکی بادینان، سوپاسنامەیەکیان بۆ خەڵکی هەولێر ناردووە و تیایدا هاتووە: (ئەم بناڤێ



جەماوەرێ پارێزگەها دهۆکێ و دەوروبەرا پڕ ژدلّ سوپاسیا خەڵکێ باژێرێ پایتەختا خۆڕاگر هەڤلێرا خۆشتڤی دکەین لسەر هەڵوێستێ وان یێ نیشتیمانی کوردەواری کو بڕاستی ئەو هاریکاریا وان کری دڤێت ب پیتێن زێڕین ل مێژوویا کوردی دا بهێنێتە نڤیسین داکو حەتا حەتایێ نەهێتە ژبیرکرن...)[٤]. هەر لەمبارەوە لە کتێبی شالاّوی ئەنفال لە دژی کورد لە کوردستانی ئێراق، کە میدل ئیست وۆچ ئامادەی کردووە نووسراوە: (ڕزگار بوونی دانیشتوانی چادرگەکانی دەوروبەری هەولێر لەنێونیشاندا ئەوانەی بەحرکەو جەژنیکان بەهۆی ئەو هەوڵ و کۆششە گەورەیەی نەتەوەکەی خۆیان بوو لە هەولێر کە هەڵمەتێکی فریاکەوتنی مەزنیان ڕێکخست و خواردن و ئاوو نوێن و کەرەسەی پێویستی شوێنی حەوانەوەی سەرەتاییان بۆ دابینکردن)[٥]. کاتێك کە یەکەمین کاروانی بە ژنو مندالّ بارکراوی پاس و لۆرییە سەربازییەکانی حکومەتی ئێراق گەیشتە خۆرئاوای شاری هەولێرو بە نێو عەنکاوەدا بەرەو باکوور هەڵکشا، ئەوانەی بینییان حەپەسانوهەر ئەوئێوارەیە هەوالّ بەنێو تەواوی شاردا بلاّوکرایەوە، بەلاّم کەس نەیدەزانی ئەو گیراوانە بەرەو کوێ بردران، شار لەچاوەڕوانیەکی بێ ئارامیدا دەژیا تا هەرهەمان شەو لێرەو لەوێ بلاّوبۆوە کە حکومەتی بەعسی ئێراق بە هەزاران لە پاشماوەی ئەنفالکراوەکانی بادینانی هێناوەو لە ئاقاری گوندی جەژنیکان لەنێو بەڕیایەکی پڕ لەدڕك ودالّ و زیندەوەر، بێ نان و ئاووڕایەخ و نوێن و هیچ پێداویستیەکی ژیانو حەوانەوە فڕێی داون. دیارە هەر لە هەمان شەودا حاجی فازیل ئاغای جەژنیکانی هەوالّ بۆ هەندێ دۆست و برادەری خۆی دەنێرێ و بارودۆخەکەیان بۆ باس دەکات! وەك عەبدولاّ گۆران لە هەولێرێ دەگێڕێتەوە (د هەمان شەڤدا فازیل ئاغایێ جەژنەکانی هەوارا خەڵکێ بەهدینان (مێهڤانێن خۆ) گەهاندنە مە ل هەولێرێ، بلەز ئەم چەند ریهسپیێن هەولێر یالێك خڕڤە بووین، هەوارا فازیل ئاغای مە ل باژێرێ وەشاند و گەهاندە دهەر مالەکی دا)[٦].

ئەمانەی خستمانەڕوو ڕای چەند ڕێکخراوونووسەرێکن لە مەڕ ئەنفالکرنی خەڵکی بادینان و یارمەتی خەڵکی هەولێرو دەوروبەری نووسیویانە. لێرەدا

دەمانەوێ بزانین رای نموونەی توێژینەوەکەی ئێمە چۆنە و چەند لەگەڵ ئەو رایانەی خستمانەڕوویەکدی دەگرنەوە!. لەم رووەوە حاجی فازیل ئاغای جەژنیکان لەدیمانەیەکی تایبەت کە عەلی کوڕیشی بەشداربوو لەڕۆژی ٥/ ٥/ ٢٠٠٦ لە جەژنیکان گوتی: لەگەڵ گەیشتنی یەکەمین کاروانی ئەنفالکراوەکانو لە رۆژی یەکەم و دووەم جاڕمان بە نێو گوندی دا، خواردن و ئاومان گەیاندنێو هەموو خەڵکی جەژنیکان بێ جیاوازی بەشدار بوون. هەروەها دەڵێ سەرەتا تەنها خۆراکو ئاومان بۆ بردن، چونکە زۆر برسی بوون، پاشان هێندەی پەیدابوو هەرچی ژیان پێویستی بوو بۆمان دابین کردن، بە تایبەتی لە رووی رایەخ و بەتانی و کەل و پەلی نانخواردن. سەبارەت بەو پرسیارەی کە چۆن ئاویان دەستکەوت. . بەڕێز حاجی فازیل دەڵێ: سەرەتا بە هەموو شتێك کەلەبەر دەست دابوو، تا بە دۆلکەی بچووك ئاومان گەیاندنێ، پاشان کە ئامانیان گەیشتێ خۆیان دەچوون لە کارێزەکەی جەژنیکان دەیان هێنا کە بۆ بەختی ئەوان ئەو ساڵە ئاوی هەبوو. بەڵام پاش هەفتەیەك لە هاتنیان بە تانکەر لە هەولێرەوە حکومەت ئاوی بۆ دەهێنان[٧]. لە بارەی دەستپێشخەریەکەی حاجی فازیل ئاغا. . عەبدوڵا حاجی فازیل ئاغادەگێڕێتەوە: (کە یەکەمجار هێنایانن باوکم خەڵکی گوندی بانگکرد بۆ بەهاناوەچوونیان، پێی گوتم: بابە فەرمانی حکومەت ئەوەیە نابێ کەس یارمەتیان بدات، حاجی فازیل جوێنی پێدام و گوتی (ئەگەر ئەمڕۆ نەکوژرێین ئەدی کەی دەبێ؟، ئەگەر ئەمڕۆ پیاو داکۆکی لەشەرەفی خۆی نەکات، داکۆکی لە میللەتی خۆی نەکات، کەی غیرەتی پیاوەتی دەجوڵێ؟!!. حەڵکێکی لێقەوماو بێت داوای ئاو بکات من نەیدەمێ! لەبرسان بمرێ من نانی نەدەمێ! ئەمە لەچ زەمانێك بووە؟!! با حکومەت ئیعدامم بکات!... یاڵڵا خەڵکینە) ئیدی خەڵکەکە چی لە ماڵی خۆی هەبوو بۆی بردن، ژن دەستیان کردە نانکردن، حاجی فازیلیش چی گەنمی هەبوو تەرخانی کردو فەرمانی دا بیبەنە ئاشو بیکەنە ئارد. هەرکەسێ ئاردیان نییە بابێت لەو ئاردە ببات بۆ نانکردن. . تا سعات ١٢/ ی شەو هەموو خەڵکەکە نان وئاویان گەیشتێ. . رۆژی دووەم و سێیەمیش یارمەتییەکانی خەڵکی جەژنیکان بەردەوام بوو)[٨]. هەروەها کاك زریان حاجی



پاشا دەڵێ: ئەوەی حاجی فازیل کردوویەتی ناتوانم بڵێم خزمانی گوندەکانی دی کردوویانە، چونکە ئەو کات ئەو توانای مادی باشتر بوو، دووسێ ئوتومبیلی هەبوو لە خزمەت خەڵکەکەدابوون. هەرلەبارەی بەهاناوەچونی خەڵکی جەژنیکانو دەستپێشخەری حاجی فازیل کاك سوارە عوسمان ئاغای گردئارەق بۆی گێڕاینەوە (یەکەمین رۆژ تەنهاجەژنیکان گەیشتنە هانایان، پاشان گوندەکانی دی و هەولێر. خوا هەڵناگرێ دەوری حاجی فازیل زۆر گەورە بوو). هەروەها دەڵێ (زۆرکەس یارمەتی دەهێناو دەیدایە حاجی فازیل دابەشی بکات، چونکە ئەو بە ئاشکراو بێ ترس سەرپەرشتی ئەنفالکراوەکانی دەکرد)[١٠]. لە پشت بەستن بە رای ئەم نموونانە، یەکەمین دەستپێشخەری لە جەژنیکان لە سەر دەستی حاجی فازیل ئاغا بووە بۆ ماوەی ((٣)) رۆژیش ئەو گوندە کە (٣٥) ماڵ بووە، یارمەتی خۆراك و کەل و پەلی گەیاندۆتە هەزاران کەسی کاروانی یەکەم، دیارە یارمەتییە زۆرەکەش هەر لە لایەن حاجی فازیل خۆی بووە و ئەو توانایەشی هەبووە ئەو کات. پاشتریش جگە لە سەرپەرشتیکردنی ئەو یارمەوتییانەی بۆ خەڵکەکە دەهاتن خۆشی بەردەوام یارمەت دەدان.

**٢- ٣- ٢ دووەمین دەستپێشخەری... خەڵکی گوندی بەحرکە و گوندەکانی دیکەی دەوروبەر**

بۆ رۆژی دوایی، کە هەواڵ گەیشتە گوندەکانی دەوروبەری جەژنیکان، ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵی ئەنفالکراوی بادینان لە ئاقاری گوندی جەژنیکانی ئەبابەکرئاغا بێ خۆراك و ئاوو هەموو کەلوپەلێك، لەنێو دڕك وداڵ فڕێدراون، هەڵمەتی یارمەتیدان سەرەتا لەبەحرکە و پاشان لەگوندەکانی دی وەك گردئارەقوگردەچاڵو پەرپیتان و گەزنە و هەموو گوندەکانی بەڕانەتیدەستی پێکرد. لەمبارەوە بەڕێز حاجی فازیل دەڵێ: (بۆ رۆژی دووەم خەڵکی بەحرکە یارمەتیان هێنا پاشان هەموو گوندەکانی گەردییان و تەنانەت ناوچەی زرارەتیش...)[١١]. سەبارەت بەهانەچوونی خەڵکی بەحرکە بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیری بەحرکە دەڵێ: خەڵکەکە شەو هێنران و سەرەتا خەڵکی بەحرکە ئاگاداری تەواویان نەبوو، بەڵام بۆ بەیانیەکەی زوو خەڵك بەهانایانەوە چوون... خەڵکی بەحرکە هەموویان بەخۆ

کەوتن و گیانی کوردایەتیان جولا، لەبەر ئەوەی دوژمن ئەو کارەساتەی بەسەر هێنابوون. هەروەها مامۆستا مەلا تەیبی برام فەرمانی دا بە بڵندگۆی مزگەوت بانگ رادێران تا خەڵکی بەحرکە یارمەتی ئەو لێقەوماوانە بدەن ئێمە خۆشمان چووینە مزگەوت بێ ئەوەی ترسی رژێم لە دڵماندا بێت چونکە خوای تەعالا غیرەتی خستینە ناو دڵ. زانیبوومان خەڵکەکە لە تێنان موبتەلابووینە، بۆیە یەکەم ئیشمان ئەوە بوو تانکی بخەینە ناو ئوتومبێلان و ئاویان بۆ ببەین، خەڵکەکە هێندە زۆربوون شانیان دایە بەریەك و بەتەنەکان ئاویان لەکانی بەحرکە هەڵدێنجا و ئەو دەیدایە دەستی ئەوی دی... . تا ئاوی کانی تەواو دابەزی)[١٢].
سەبارەت بەخواردنیش مامۆستا مەلا تاهیر دەڵێ: (ئوتومبێلان بەناو گوندیدا گەڕانو دەستیان کردە خۆراك گردکردنەوە. هەمووماڵەکانیش دەستیان کردە نانکردن، بۆ جاری سێیەم جا دەستیان کردە کۆکردنەوەی کەلوپەلی ناوماڵ و پێویست. بەخۆم بینیم یەکێك لەخەڵکی بەحرکە- پێویست ناکات ناوی بهێنم چونکە بۆ خوای کرد- رایەخێکیان هەبوو، لەناوەندیدا کردییە دوولەتو بەشێکی بۆ لێقەوماوەکان نارد، هەموو شتیان بۆ کۆکردنەوە، بەڵام خەڵکەکە زۆربوون بەشیانی نەدەکرد). زریانی حاجی پاشاش کە ئەوکاتی گەنجێکی خوێنگەرمی خوێندەوارو هوشیار بوو وەك شایەتحاڵو بەشدارێکی یارمەتییەکانی خەڵکی بەحرکە دەڵێ: (یارمەتی گەورەی خەڵکی بەحرکە لە نیوەڕۆی رۆژی دووەمی هێنانیان دەستی پێکرد. شەو زانیاریان لەسەر رێ و جێگەی ئەنفالکراوەکان نەبوو. خەڵکی بەحرکە هێمەتێکی زۆرباشیانکرد رۆڵی سەرەکیش مامۆستا مەلا تەیب و حاجی پاشا بوون... گووتیان بۆ ئەوەی نەهێڵین بمرن با سەرەتا ژنانی گوند هەموو دەست بەنانکردن بکەن، ئەوەش ئاردی دەوێت دەرگەی عەمباری گەنم کراوەتەوەو ئاش ئامادەیە با گەنم لێبکەن. ئەوانەش کە ئوتومبێلیان هەیە ئامادەیان کردن بۆ کەلوپەل بردن و کڕین. سەرەتا نان و ئاو بوو، پاشان پێخۆر جا هەموو شتی تر تا ئەوەی چادریان هەبوو بۆیان بردن)[١٤].
خاتوو «ف. ت» لە گوندی بەحرکە چەندین یادەوەری بەرانبەر بەخەڵکی ئەنفالکراوی بادینان هەیە، سەبارەت بە بەهاناوەچوونی خەڵکی گوندەکەی دەڵێ:



(رۆژی دووەم بوو هەموو خەڵکی بەحرکە خەریکی خواردن دروستکردن بوون، ئێمەش یەکێك بووین لەو ماڵانەو بۆ نیوەڕۆکەی نزیکەی(٢٠) ژن ومنداڵمان هێنایە ماڵی خۆمان و ئەو رۆژە باشترین خواردنمان بۆ دروستکردن). هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: (هەر لەهەفتەی یەکەمەوە باوکم مووچەی مانگانەی بۆ چەندین ئافرەتی پیاو ئەنفالکراو بڕییەوە، هەموو رۆژانی هەینیش بڕێك پارەی لەگەڵ خۆی دەبرد بەسەر ئەو خەڵکەی دابەش دەکرد تا رۆژێکیان منداڵ دەیخەنە بن دەست وپێیان و بەچەند پیاوان رزگاری دەکەن)[١٥].

ئەمە رای چەند نموونەیەکی توێژینەوەکە بوو لەگوندی بەحرکە... بەڵام گوندەکانی دی دەوروبەریش یارمەتی و کۆمەکی باشیان گەیاندنێ، بابزانین حاجی سوارەی عوسمان ئاغای گردئارەق چۆن باسی دووەم رۆژی هێنانی ئەنفالکراوەکان دەکات: (دووەم رۆژ لەدوای مامۆستا مەلا حوسێن، مەلای گوندو کاك عەزیزی شێخ محەمەدو کاك ئەحمەد سوارە و کاك عەبدوڵا سلێمان و کاکلی برام نارد، لیژنەیەکمان لەوپێنج کەسە پێکەوەنا بۆ کۆکردنەوەو بردنی یارمەتی... . سەرەتا ئێمە بڕێك پارەمان خستنە بن دەست و پاشان مامۆستا مەلا حوسێن ماڵ بەماڵ گەڕا بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی و کۆمەك. هەروەها حاجی عەزیز و چەند برادەرێکیش چوون بۆ هەولێر بۆ خواردن وکەلوپەل کڕین و بە ٦ تا ٧ کاروان هێنایانەوەو بەسەرخەڵکەکەدا بەشیانکرد. پاشان لەبەرئەوەی کاك ئەحمەدو کاك عەبدوڵا قەڵابیان هەبوون کاکلی براشم جێبێکی هەبوو، بەردەوام لەهەولێر دەسوڕانەوەو یارمەتی وکۆمەکیان بۆ دەهێنان)[١٦].

هەر لەدرێژەی دیمانەکەدا حاجی سوارە دووپاتی دەکاتەوەو: (یەکەم رۆژ تەنها جەژنیکان بوو بەڵام رۆژی دووەم بەحرکە و گردەئارەق و تەواوی گوندەکانی دەووروبەربوون... . نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کۆمەکی گەورە خەڵکی هەولێر بوون[١٧]. هەر لەمبارەوە کاك کاکل عوسمانی برای حاجی سوارە گوتی:(رۆژی دووەم بەیانیەکەی زانیمان ئەو خەڵکەیان هێناوەتە جەژنیکان، لەگەڵ مامۆستا

مــەلا حوســێن و عــەزیز شــێخ محەمــەد و برادەرانــی دی کاروانێــك کەلوپــەل و خۆراکمان لە گوندی گردئارەقەوە بۆ بردن، لەگەڵ بڕێك پارە لەبیرم نــەماوە چــەند بوو...)[١٨].

کاتێ ئەم زانیارانە دەخەینە بەر شــیکردنەوە، دیــارە لــە خــەڵکانێك وەرگــیراون خۆیــان شــایەتحاڵی ڕووداوەکــەو لەنێویــدا ژیــاون. ئەمــەمان بــۆ ڕوون دەبێتــەوە بەوهۆیەی ئۆردوگاکە لەتەنیشت گوندی جــەژنیکانی ئەبابــەکرئاغا بــووە، بۆیــە یەکەمین کەس ئەوان بەهانایانەوە چوون، کە ئێوارە درەنگانێك بوو. بەڵام کە ڕۆژ بۆوە و هەواڵەکە بەدەوروبەردا بڵاوبۆوە هەموو گونــدەکانی دەوروبــەر کــەم و زۆر بەفریایان کەوتن، بەڵام گوندی بەحرکە، کەلــە هــەمووان نزیکتربــووە وگونــدێکی گەورەیەو خەڵکەکەی بەخەڵکی باش ناسراون، هەروەها گوندی «گردئــارەق»یــش لە دوو بەحرکە دێت، ڕەنگە زووتــر لــە گونــدەکانی دی پێڕاگەیــشتبن، هەڵبەتــە مامۆستایانی ئاینیو براگەورەی گوندو ریشسپییەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە بــۆ هاندانی خەڵك وەك لە بەحرکە و گردئارەق بیستمان.


بەڵام دیارە ئێمە پێڕانەگەیشتین سەردانی گوندەکانی دی بکــەین و شــایەتحاڵەکان بدوێنین، بەتایبەتی گوندەکانی گەزنە و پەرپیتان و گردەچــاڵ و... . تــد ئــەگینا ڕەنگە ئەوانیش کەمتریان نەکردووە.

### ٢- ٣- ٣ هەڵمەتە مێژوویەکەی شاری هەولێر و سەنگی محەك

دیارە لەهەموو دیمانەکان وئەو سەرچــاوانەش کــە ســوودمان لێیــان وەرگرتــووە، هەموو بەرێزو سەرسامی و شانازیەکی بێوێنەوە لەو هەڵمەتــە بەهاناوەچــوونەی خــەڵکی شــاری هــەولێر دەدوێــن، کــە لــەرۆژی دووەم و ســێیەمی گەیــشتنی ئەنفالکراوەکان و بۆماوەی چەندین مانگ بەردەوام بووەو یەکــسەر ئــەو بڕیــارەی پیاوانی رژێمــی بەعــسیان پووچــەڵ کــردووە، کــە ئاگــاداری دابــوو نــابێ کــەس یارمەتیان بدات، هەڵبەتە یارمەتیش نەبوایە هەموو لەبرسانە دەمردن.



باسەرەتا بە گێڕانەوەی مامۆستا مەلا تاهیری بەحرکەی دەست پــێ بکــەین کــە گوتی: (خەڵکی هەولێر وەك ئێمە شــارەزا نــەبوون و ســەرەتا پــارەو یارمــەتیان دەهێنا لە پێش مزگەوت دەوەستان، داوایــان دەکــرد یــەك دوو کەســیان لەگــەڵ بنێرین، یان داوایان دەکرد ئێمە بیبەین و دابەشی بکەین. .) هەروەها مامۆســتا مەلا تاهیر لە درێژەی دیمانەکەدا دەڵێ: (دوایی خەڵکەکــە بــەخۆیان شــارەزابوون پێویستیان نەبوو بێنە بەحرکە، لێرەوەدەمانبینی لــۆری بــەدوای لۆریــو پیکــاب لەدوای پیکاب وەك ریزە شارە مێروستان بۆ جەژنیکان دەچــوون تــا وای لێهــات خەڵکە لێقەوماوەکــە نــەختێ بووژانــەوە... جــا خــەڵك بلــۆك و نــایلۆن و دار و قەمیش و حەسیر، لە ناوچەی پێشەسازیش بۆدی لۆری و قەلابیان بۆ دەبــردن بــۆ دروستکردنی شوێنی حەوانەوە...)[١٩]. هەر لەمبارەیەوە مامۆســتایەك بــەناوی هەلالە ع. م بۆی گێڕاینەوە: من وەك خۆم کەمێك یارمەتیم دان، بەڵام لە دۆست و



لایەنگر و ئەندامی حزبەکەم وخزم و کەسان (لەهەولێر) لەو ماوەیە بڕی پتر لە (٢٥٠٠٠)بیست و پێنج هەزار دیناری(ئەوکاتە کە دەیکردە پتر لە(٧٥٠٠٠$))م بۆ کۆکردنەوەو بەسەر ئافرەتە هاوسەر ئەنفالکراوەکان دابەشم کرد). هەروەها ئەو ژنە سەلارە لەمەڕ بەهاناوەچوونی ئەنفالکراوەکان دەڵێ: هەڵمەتی هەولێر بێ وەستان بوو، بەچاوی خۆم دیم وخەڵکی عەینکاوە دەهاتنە سەرشەقام ونان وسەموون و جلوبەرگ و خواردنیان دە دایە خەڵکەکە و بۆیان فڕێدەدانە ناو لۆریە سەربازیەکان)[٢٠].

لەلایەکی دیکەوە کاك ئەحمەد سوارە رەسوڵ خەڵکی گوندی گردئارەق کە ئەو کات(قەلاب)ی هەبوو لەمەڕ هەڵمەتی شاری هەولێر دەڵێ: (زۆر لەخزم و ناسیاووبرادەر داوایان لێکردم ئەو یارمەتیەی کۆیان کردۆتەوە بۆیان بگەینمە جەژنیکان. بۆ ماوەی (١٥) رۆژ بەو کارەوە خەریك بووم کاتێ کەلوپەلی ئەوانیش تەواو بوو لەگەڵ ژمارەیەك لەگەنجانی خزم بەناوکۆڵانەکانی شاری هەولێردا دەسوڕاینەوە، هەر هێندە بەس بوو بتگوتایە جەژنیکان... . جەژنیکان. . ئیتر ماڵ نەبوو بڕێك کەلوپەلی پێویستی ژیان یان خۆراکی نەهێنایایە تا ئۆتومبێلەکە پڕ دەبوو)[٢١]. لەگەڵ ئەم گێڕانەوەیەی کاك ئەحمەد ئەو گوتەیەمان دێتەوە بیر کە ئێستاش لەنێو هەولێرییەکان دەگێڕنەوە ئەوانەی یارمەتییان خۆبەخشانە گرد کردۆتەوە دەیانگووت: ئەوەی دەیەوێت بچێتە بەهەشت، با یارمەتی خەڵکی جەژنیکان بدات!!. ئەوەی دەیەوێ بچێتە حەج... ! حەج وا لە جەژنیکانە. .

سەبارەت بەوەی کە چییان بۆ خەڵکەکە دەبرد. . دەڵێ: هەموو جۆرە ترومبێلێك دەچوونە جەژنیکان. . خەڵك هەبوو تەنها پارەی دەبرد، هەبوو تەنها قاپوقاچاغ، لۆری دەچوو تەنها لانکی پێبوو، برادەرێك بەناوی عەبدوڵا سلێمان کە هاوکار بووین، هەموو رۆژ چ دوو کاروانی (لە سەر حسابی خۆی) بەفری دەکڕیو دەیبرد



بە سەر خەڵکەکەیدا دابەش دەکرد[٢٢]. سەبارەت بە هاریکاری خەڵکی هەولێر کاك سەلاح عوسمانی بەڕێوەبەری کتێبخانەی عەنکاوە دەگێڕێتەوە: ((حاجی سەرهەنگ مەجید، هەموو مانگێ(٥٠٠) دیناری ئەوکاتی دەدایە من بۆ (١٠) ئافرەتی بێ پیاو، منیش بۆ ماوەی چوار مانگ ئەم پارەیەم بەسەردا دابەش کردن)).

سەبارەت بەوەی کە کێ بوون ئەوانەی یارمەتیان بۆ ئەنفالکراوەکانی جەژنیکان دەهێنا، سەرتا کاك زریان حاجی پاشا گوتی (نا. . من دەپرسم کێ لە هەولێر یارمەتی نەداون؟! تا لە عەینکاوە رێگایان لە ئیڤا عەسکەریەکان دەگرت تا بووەستن و خەڵك خۆراکیان بدەنێ... .)[٢٣]. کەچی عەلی حاجی فازیل دەڵێ: (خەڵك لە هەولێرەوە زۆر دەهاتن یارمەتییان دەهێنا، کەس لە کەسی نەدەپرسی تۆ کێی؟ نەدەبوو ئەو پرسیارەش بکرێ کەس نەیدەویست خۆی ئاشکرا بکات، نەخۆ پاشان پیاوانی رژێم بیگرن، تەنانەت خەڵکی سەر بە رژێم و چەکدارەکانیش... هەروەها زۆر کەسایەتی ناسراوو ژمارەیەك لە خەڵکی عەینکاوە دەهاتن پارەیان دەدایە حاجی فازیلی باوکم تا لە جیاتی ئەوان لەسەر ئەنفال کراوەکانی دابەشی بکات)[٢٤].

هەروەها حاجی سوارەی گردئارەق دەڵێ: (ئەوانەی یارمەتی ئەلفانکراوەکانی جەژنەکانیان نەداوە، تەنانەت لە هەولێریش کەمن، زۆر لە یارمەتییەکان دەدرانە حاجی فازیل ئاغای جەژنیکان، چونکە ئەو بە ئاشکرا و بێ ترس سەرپەرشتی ئەنفالکراوەکانی دەکرد)[٢٥].

سەرەڕای خەڵکی هەولێر، کوردی دڵسۆزو نیشتمان پەروەری دیکەش زۆر بوون لە شارەکانی موسڵ و بەغدادیش یارمەتیان بۆ ئەنفالکرداوەکان دەهێنا لێرەکا یەك نموونە دەخینە رووکە کاك زەیتۆ عبدالرزاق جەژنیکانی دەڵێ: (پیاوێك بە ناوی حاجی محەمەد ئەحمەدکە ماڵی لە موسڵ بوو لەگەڵ پیاوێکی دی ناوی حاجی

حافیز بوو هاتنە لای باوکم. . دیار بوو چووبوونە جەژنیکان بەڵام نەیانتوانیبوو پارە بەسەر خەڵکدا دابەش بکەن بۆیە بڕی (٢٥٠٠٠) هەزار دیناری ئەوکات کە دەیکردە (٧٥٠٠٠) حەفتا و پێنج هەزار دۆلاریان دایە باوکم بەسەر ئەنفلکرداوەکان دابەشی بکات، باوکم هەندێك پارەی خۆیشی هاویشتە سەرو چوو دابەشی کرد.

**٢- ٣- ٤ هاوکاری دووکاندارەکانی هەولێر لەگەڵ ئەوانەی یارمەتیان بۆ جەژنیکان دەبرد**

لەو دیمانانەی کە بۆ زانیاری وەرگرتن لەمەر بەهاناوە چوونی خەڵکی هەولێر بۆ ئەنفالکراوەکانی بادینان لە جەژنیکان ئەنجاممان داون، زۆریان باسی هاوکاری و هاریکاری دوکاندارو خودان کارگەو شوێنگەکان (محلات) دەکەن لەوانە. . کاك کاکل عوسمان دەڵێ: (دەچووینە هەر دوکانێك کە دەمانگوت ئەمە بۆ خەڵکی جەژنیکانە، ئەوانیش پشکی خۆیان دەخستە سەر. . بمانگوتایە (١٠٠) سەموونمان دەوێ، کابرای فڕنی دەیکردبە(٢٠٠) بۆ نموونە: چوینە دوکانێك لە گەڕەکی تەیراوەی هەولێر، ژمارەیەك (فانووس)مان کڕی، خاوەن دوکان خۆیشی (٣٠)سی دانەی دانایە سەر)[26]. کەچی کاك زریانی حاجی پاشا کە ئەو ماوەیە زۆر خەریك بووە بەکڕینی کەلوپەل زانیارییەکی زۆرتری لەمبارەوە هەیە و گوتی: (گەنجێکی گوندی بەحرکە هاتەوە گوتیمنداڵ زۆر دەمرن، ئێمەش ویستمان هۆکارەکەی بزانین دیارکەوت لەبەر ئەوەی ئافرەتەکان ماوەیەك بوو لە دڵە راوکێی مەرگ و ژیان بوون، نانیان نەخواردبوو، خزم و کەس و کاریان گوللە باران و شوێن بزر کرا بوون، شیریان لە مەمکاندا نەمابوو... بەراستیش منداڵێکی زۆریان پێ بوو، پێم باش بوو هەڵمەتێك بکەین بۆ شیرکڕین. بە حاجی پاشای باوکم وباپیرم گوت (کە ئەوکات هەردووکیان لە ژیاندامابوون)، گوتیان برۆ بۆیان بکڕە. . ئەوکاتیش ئەزمەی شیر بوو، چەند دوکانداری هەولێر هەڵمەتێکی زۆر چاکیان کرد، ئەو هەموو شەکرو شیر و (٤٠٠) مەمەیان بۆ



پەیدا کردن. . لەوانە:یەکێیان ناوی ئەحمەد یاسین بوو، ئەو کات دۆڵدرمەی دەفرۆشت. یەکێکی دی ناوی حاجی یونس بوو(خوا لیێ خۆش بیت) نەماوە، ئەو کات کارگەی فافۆنی هەبوو، یەك لۆری قاپ و قاچاغی نارده جەژنیکان. . شەکر کە بە بایەع دەدرا، دەستنەدەکەوت چووم بۆ لای شەربەت فرۆشەکان، یەکێك کە ناوی خۆی پێنەگووتم (وابزانم ناوی مەحمودبوو) و گوتی کوردم و بۆ کوردی دەکەم، بۆت پەیدای دەکەم بە مەرجێ یەك فلستان لێ وەرناگرم، لە ماوەی دوو ڕۆژان نزیکەی سەد فەردە شەکری پەیدا کرد، شەکرەکەمان بەرە بەرە گواستەوە گوندی بەحرکە لەگەڵ گەنجەکان هەر پێنج کیلۆمان دەکردە ناو عەلاگەیەك و دابەشمان دەکرد)[27]. خەڵکی هەولێر وا بەهانای خوشك و برا ئەنفالکراوەکانیانەوە چوون، بۆیە ناهەق نییە کە کاك زریان بڵێ (هەڵمەتی خەڵکی هەولێر لە مەزندەی کەسدا نەبوو، حکومەتی بەعسیشی تاساند. . دەڵێن لەو ڕۆژییەوە هەولێر گەمارۆی بەعسی شکاند. . وەك بەکوردەواری خۆمان دەڵێن(قەپۆزی شکاند)[28].

## ٢- ٣- ٥ جۆرەکانی دی یارمەتی

دیارە یارمەتیەکانی خەڵکی هەولێرو دەوروبەری هەر بەوە نەوەستاوە کە خۆراکو پێداویستەکانی ژیانیان بۆ دابین بکەن، لەبەرئەوەش دابەشکردنەکە بە شێوەیەکی (ڕێکخراو)و لەلایەن دەستەو لیژنەی تایبەتی نەبووە، ڕەنگە خێزانی وا هەبووبن پێویستیان مابووبێ، یان ئەو برە پارەیەی دابەشیش کراوە دیسان بە مانگانەو بەر هەموو کەس نەکەوتووە. بۆ ئەوەی خەڵکەکە هان بدەن، بە تایبەتی ئەو پیاوانەی توانای کارکردنیان هەیە ئیشیان بۆ بدۆزنەوە و ژیانی خۆیان دابین بکەن، لەم بارەیەوە ژارۆ دهۆکی کە یەکێك بوو لە ئەنفالکراوەکانی بادینان لە جەژنیکان دەڵێ: (دەمێ ئەم چووینە هەولێرێ بۆ خۆ ل کارەکی بگەڕێین، ئێکسەر خودان کار خەڵکێ خۆیێ هەولێرێ ژکاری ڤەدکرن، ئەم وەر دگرتین و پارەکێ زێتر دامە..)[29].

سەبارت بەهاندانی خەڵکەکە بۆ ئیشکردن یاریدەدەری پزیشکی کاك لوقمان بەڕێوەبەری بنکەی تەندروستی جەژنیکان لە دیدارێکی کورتدا گوتی: (ئەو کاتە من لە بنکەی تەندروستی گردەچاڵ بووم، لەگەڵ د. جاسم شێخانی، کە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتە. . بیرۆکەیەکمان بۆ هات باهانی ئەو خەڵکە بدەین بچن بۆ ئیش کردن، بۆیە رۆژانە لە بنکە پسوولەمان بۆ چەندین کەس دەکرد بەو بیانووەی پێویستیان بە پشکنینی پزیشکییە لە هەولێر، بەم پسوولەیە رێگای خەڵکیان دەدا داببەزن و تا ئێوارە بۆ خۆیان کاریان دەکرد، بەڵام پاش ماوەیەك لێمان ئاشکرا بوو، لە دائیرەی ئەمنی هەولێر گیراین). لە درێژەی گێرانەوەی ئەم رووداوە دەڵێ: (دوای ئەوە یەکسەر لە وەزیفە دەریان کردین، تا دوای راپەرین).

سەبارەت بە یارمەتی پزیشکەکانی هەولێر هەر کاك لوقمان گوتی(زۆر لە دکتۆرەکان (داوای لێبوردن دەکەم ناوی هەموویانم لە بیر نییە) یارمەتی خەڵکە ئاوارەکانیان دەدا، پارەی پشکنیان(فحص) لێوەرنەدەگرتن، هەندێك پارەی دەرمانیشیان دەدانێ و یارمەتی دی وەك پارە و کەلوپەلیشیان دەدانێ لەوانەی ناویانم لە بیرە(د. هیوا سەید ئەحمەدی دکتۆری چاوە، د. جاسم شێخانی نوژدارە، د. فەرهاد جەلیل خەیات (قورگ و لوت)، د. محەمەد شەهاب و دەیانی تر)[٣٠]. هەروەها لەو دیمانانەی کە لەگەڵ نموونەکانی توێژینەوە ئەنجاممان داون زۆریان باس لەوە دەکەن کەخەڵکی هەولێرو دەوروبەری ئیشیان بە ئافرەتەکانیش دەکرد لە کێلگەو کارگەکان، بۆ ئەوەی پێویست نەبن هەر یارمەتی وەربگرن.

لە کۆی رای ئەوانەی شایەتحاڵی بەهاناوە چوونەکە بوون، یان خۆیان یارمەتییان بردووە دەگەینە ئەو راستییەی کە ئەو پرسیارەمان هەڵە بووە کاتێ پرسیومانە (کێ یارمەتی داون؟ بەڵکو راستیەکەی ئەوەیە کێ یارمەتی نەداون؟ چونکە ئەو کەسانەی یارمەتی ئەنفالکراوەکانیان نەدابن زۆرکەمن)، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەمەش بۆ ئەو خەڵکە خۆبەخشە دەگەرێتەوە، کە بەئوتۆمبێلی جۆراوجۆرو



لۆریان بە کۆڵانەکاندا دەسوڕانەوە و یارمەتییەکەیان کۆدەکردەوە، ئەرکێکی زۆری ئەو خەڵکەیان کەمکردنەوە کە رەنگە خۆیان نەیان توانیبێ، یان نەیان زانیوە چۆن یارمەتیەکە بگەیەنن. هەروەها دەگەینە ئەو راستییەش نەپرسین چیان بۆ دەبردن؟ بەڵکو لەمەودوا باشترە بڵێین چییان بۆ نەبردن؟ چونکە خەڵکی هەولێر لە ماڵی خۆی دەڕوانی چی پێویستە بۆ خۆیان، بۆ ئەوانیشیان دەبردن.

## پەراوێزەکان

١- ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ/ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست/ تاوانی جینۆساید لـە ئێراق/ و: جەمال میرزا عەزیز/ بەرلین ٢٠٠٢/ ل٢١٧.

٢- ئەلبێرت کاموس/ ئامادەکاری راپۆرتەکەی ((میدل ایست ووچ/ حملة الانفال في كوردستان العـراق/ تـدمير قريـة كـوريمي/ ت: د. رزگـار. دار اراس ٢٠٠٢/ اربيل ص٧.

٣- عەلی بەندی/ ئەنفالکرنا بەهدینان/ ب١/ دهۆك/ چاپخانەی خـەبات ٢٠٠١. ل٣.

٤- هەمان سەرچاوە. ل ١٠٥.

٥- میدل ایست ووچ/ سەرچاوەی پێشوو. ل٧٨.

٦- عەلی بەندی/ سەرچاوەی پێشوو ل١٠٨- ١٠٩.

٧- دیمانەیەکی هاوبەش لەگەڵ حاجی فازیل ئاغاو عەلی کوڕی لـە رۆژی ٥/ ٥/ ٢٠٠٦- جەژنیکان.

٨- عەبدوڵا حاجی فازیل (دیمانە)/ ١٠/ ٥/ ٢٠٠٦ هەولێر.

٩- زریان حاجی پاشا بەحرکەیی (دیمانە) ١٠/ ٥/ ٢٠٠٦ هەولێر.

١٠- حاجی سوارە عوسمان ئاغا (دیمانە) ٥/ ٥/ ٢٠٠٦، هەولێر.

١١- دیمانەیەکی هاوبەش لەگەڵ حاجی فازیل ئاغا/ سەرچاوەی پێشوو. .

١٢- دیمانە لەگەڵ مامۆستا مەلا تاهیری بەحرکە/ ١٢/ ٥/ ٢٠٠٦.

١٣- هەمان سەرچاوە.

١٤- زریانی حاجی پاشا/ سەرچاوەی پشوو.

١٥- کورتە دیمانەیەك لەگەڵ خاتوو ف. ت./ بەحرکە ٦/ ٥/ ٢٠٠٦.

١٦- حاجی سوارە عوسمان ئاغا/ سەرچاوەی پێشوو.



١٧- هەمان سەرچاوە.

١٨- کورتە دیمانەیەك لەگەڵ کاکـل عوسمـان گردعـارەقی/ ٦/ ٥/ ٢٠٠٦. گـرد ئارەق.

١٩- مامۆستا مەلا تاهیری بەحرکە/ سەرچاوەی پێشوو.

٢٠- دیمانە لەگەڵ خاتووهەڵاڵە. ع. م (مامۆستا) ٢٠/ ٥/ ٢٠٠٦ هەولێر.

٢١- دیمانە لەگەڵ کاك ئەحمەد سوارە ڕەسول/ ٥/ ٥/ ٢٠٠٦/ گرد ئارەق.

٢٢- هەمان سەرچاوە.

٢٣- زریان حاجی پاشا/ سەرچاوەی پێشوو.

٢٤- دیمانەیەکی هاوبەش لەگەڵ حاجی فازیل ئاغا/ سەرچاوەی پێشوو.

٢٥- حاجی سوارە عوسمان ئاغا/ سەرچاوەی پێشوو.

٢٦- کاکل عوسمان/ سەرچاوەی پێشوو.

٢٧- زریان حاجی پاشا/ سەرچاوەی پێشوو.

٢٨- هەمان سەرچاوە.

٢٩- عەلی بەندی/ سەرچاوەی پێشوو. ل١١٨.

٣٠- دیمانەیەکی کورت لەگەڵ د. لوقمان، ب. تیمارگەی جەژنیکان.

# بەشی چوارەم

## رای ئەو خەڵکەی یارمەتی وەرگرتووە

٢-٤-١ تا ماوین لەچاکەی خەڵکی هەولێر دەرناچین.

٢-٤-٢ هۆکارەکانی بەهاناوەچوون.

٢-٤-٣ بەهاناوەچوون چی لێکەوتەوە.

## بەشی چوارەم: رای ئەو خەڵکەی یارمەتی وەرگرتووە

### ٢- ٤- ١ تاماوین لەچاکەی خەڵکی هەولێر دەرناچین

دیارە ئەو خەڵکانەی کۆمەکیان وەرگرتووە، هەموویان بە یەك دەنگ دەڵێن: (ئێمە هەتا ماوین لە چاکەی خەڵکی هەولێرو دەوروبەریو حاجی فازیل ئاغای جەژنیکان دەرناچین، ئەوان ئێمەیان لەمردن رزگار کرد). لە مبارەوە کاك (أ. ك) دەڵی، (تا مانگی ئەیلولیش تەواو بوو بەلێشاو یارمەتیو کۆمەك لە هەولێرو دەوروبەری بۆ خەڵکەکە دەهات، تەنها شەوی یەکەم ئێمە کەلوپەلمان نەبوو، بۆ رۆژی دوایی کۆمەکمان پێ گەیی، هەرچی ماڵ پێویستی بوو لە وانە ئاو بەجلیکان، نان، پێخۆر، دانەوێڵە بە هەموو جۆرەکانییەوە، نوێن و رایەخ، شیرو مەمەی منداڵان، شەکروچا، لانك و هەموو کەلوپەلێکی پێویست ئەمە سەرەرای (پارە)ی نەخت، تەنانەت هەندێ سەرۆك جاشیش یارمەتییان دەهێنا!). هەروەها کاك (أ. ك) دەڵێ (زۆربەی هەرەزۆری پێداویستەکانی خەڵك دابین کران و تەنانەت نایلۆن وحەسیرو داریش بۆ دروستکردنی شوێنی حەوانەوە هێنران. . خەڵکی هەولێر بە شێوازێکی دی یارمەتی ئەنفالکراوەکانی دەدا وەك: ئیشپێکردنیان لە کێڵگەو کارەگەکان.

پارەوەرنەگرتنی پزیشکان لە کاتی چارەسەکردن، هەروەها دوکاندارەکان بەردەوام پارەیان لێ وەرنەدەگرتن یان کەمیان وەردەگرت. هەروەها کاك (أ. ك) دەڵێ: (هەموو خەڵکی. . کە من یەکێك بووم لە ناویان، سەدان جار دەیانگوت تا ماوین لە چاکەی هەولێر دەرناچین)[1]. هەروەك مەلا ئەنوەر مەلا محەمەدی ئەنفالکراو دەڵێ: بەراستی هەر دشەڤا ئێکێ دا خەڵکێ هەولێرێ خۆیمە



راگەهاندو ئەم ژمرنێ رزگارکرین، شیاون خەمێن مە سڤك بکەن[2]. هەروەها خاتوو وەجیهە ئەحمەد حاجیش دووپاتی دەکاتەوە کە (خەڵکی هەولێر ئەم ژمرنێ رزگارکرین)[3].

خاتوو سەعدیە حامد لە مەر جۆری یارمەتییەکانی بۆ جەژنیکان دەبەردران لەدیمانەیەکدا گوتی: (باسی چی بکەم تەنها رۆژی یەکەم و دووەمان ناخۆش بوو، ئیتر هەموو شتێکمان بۆ هات. . نان، ئاو، بەفر، میوە، برنج و ساوار، شیرومەمە، کەلوپەلی ناوماڵ، مەسینەو ئامان و لانك، چادرودارو نایلۆن، نوێن و رایەخ، جلوبەرگ). لە درێژەی دیمانەکەدا ئەو خاتوونە دەڵی: (هەر چەند بلێی ناتوانی ئەو هاریکارییەی خەڵکی هەولێرو جەژنیکان و بەحرکە و گوندەکانی دی باس بکەی (هەروەها دەڵێ: (ئەوەی لە هەولێرکرا لە چ شارێکی دی کوردستان نەکراوەو باوەڕم وایە دووبارەش نابێتەوە ئێمە بە ئاکرێ و دهۆك و شاری دیش داهاتین، لە دهۆك بووین کەسمان نەبینی یارمەتیەکمان بدات. . خەڵکی هەولێرێ ئیسپاتیان کرد کوردن و کوردینی دەکەن، ئازاوپەیتن، چاوی دوژمنیان شکاند)[4].

بەلام خاتوو هێرێ عەبدولڕەزاق، خەلکی گویزێ، ئەو گوندەی (٩٦) پیاوومێردمنداڵی لێ شونبزرکراو ئێستاش خەمەکان بەسەر روویەوە ماون و لەگەڵ هەر پەیڤێکدا ئاهی خەموحەسرەت لە دەروونییەوە دەردەچێ. . دەڵێ: (خەڵکی گوندی جەژنیکان وپاشان بەحرکە، زووخواردن و ئاویان بۆ ئێمە هێنا شەوی یەکەم نوێنمان نەبوو تا لە هەولێرەوە هانامان پێ گەیشت شەوێك بێ نوێن و رایەخ بووین بەدەستی جێی خۆمان خۆشکرد. رۆژی پاشتر زۆر زۆر شتیان بۆ هێنایین لەنان و خۆراکەوە بگرە تا دەگاتە مەمەو شیرو لانك بۆ زاروکان چ جارا ئێمە ناتوانین چاکەی ئەوان بدەینەوە و سوپاسیان دەکەین ئێمەیان بە خودان کرد، ئەوان نەبوونایە ئێمە هەموو دەمردین، کەس نەدەما)[5].

خاتوو مریەم ئەحمەدیش کە خەڵکی گوندی ئێکماڵەی دەڤەری بەری گارەیە لە دیمانەکەیدا دەڵێ: (ئێستاش هەر خۆشەویستی خەڵکی هەولێرە لەجەژنیکان ماوین، حکومەتی هەرێم هیچی بۆ نەکردووین، بەڵام خەڵکی هەولێر لەمردن رزگاری کردین. . چونکە ئەگەر خەڵکەکە بەهانامانەوە نەهاتبا هەمموو لە برسان دەمردین).

هەروەها سەبارەت بەو کۆمەکەی پێیان گەیشتووە ئەو خاتوونە کۆست کەوتووە کە دایکی (گوڵستان)ی باوك ئەنفالکراوەو رۆژی پێش شالاّوەکەی بادینان لەئێکماڵە لە دایکبووەو ئێستا قوتابییە، واتە تەمەنی هێشتا هەفتەیەك نەبوو کە ئەنفالکران و ئێستا تەمەنی (١٨) ساڵە. . ئەو خاتوونە دەڵێ: (هەر ئەو شەوە خواردنیان بۆ هێناین لەوانە. . دۆڵمە، برنجە سۆر، سندووقە تەماتە، میوە، ئاڤك (شلە) و گۆشت، ئامان، هەروەها جلوبەرگ و نوێنیان بۆ هێناین، ئەوەی کەمبوو تەنها پارەبوو)[٦]. ژنێکی سەلاری دیکەی دەڤەری بادینان وخەڵکی گوندی «چەمی چاڵ» بە ناوی فاتیمە ساڵح رووداوێکی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، رێك لەگەڵ یارمەتیوبەتەنگەوە هاتنی پزیشکەدانی هەولێرو یاریدەدەرەکانیان و نەخۆشخانانی هەولێر یەکدی دەگرێتەوە کە یاریدەدەری پزیشکی کاك لوقمان لە بەشی پێشتر باسی کرد. . فاتیمە خان دەڵێ: (سەرەتا کە رژێم هێرشی هێنا، کیمیای لێداین و کاریگەری لەسەرمان ما، کە گەیشتینە جەژنیکان من گەلێ نەخۆش بووم، بردمیانە نەخۆشخانە، لێیان پرسیم چیتە؟ گوتم: کیمیایان لێداوم. . من نەمزانی ئەمە خراپەو نابێت وابڵێم، ئەو کاتە ئافرەتێکی عارەب لەوێ پزیشك بوو گوتی. ' پێویستە ببەن ومنیان راکێشا بمبەن، ئەو کاتە دکتۆرو سستەرە کوردەکان هەموو هاتنە وەڵام و گوتیان وای نەگوتووە ئەو پزیشکە ژنە بەهەڵە لێی گەیشتووە، بەزۆر نەیانهێشت بمبەن، ئەگینا عارەبی دیش هاتن. . ئەو ژنە پزیشکە وایلە زۆر خەڵکی دیکەش کردبوو. .)[٧]. کەچی سەبارەت بە بەهاناوەچوونی خەڵکی هەولێر فاتیمە خان



دەڵێ: (کە گەیشتین «پێش نیوەڕۆ وەجبەی ئەوان گەیشتبوونە جەژنیکان» نەیانهێشت بگاتە نیوەڕۆ هەموو خواردنێکیان بۆ هێنیاین، بەڵام خەڵکەکە هێندە زۆربوو دەرەقەت نەدەهاتن، ئەو دەم برنج وشلەو نانیان بۆ هێناین، خودا دەزانێ یارمەتیەکی زۆر باشیان داین...)[٨].

بۆ وەرگرتنی رای پتر دیمانەیەکمان لەگەڵ کاك نەبەز ئورفەیی کرد[٩] دەڵێ: (ئەو ماوەیەی لە ئوردوگا ماینەوە بەردەوام یارمەتی دەهات، بۆ ماوەی دوو رۆژان رژێم زۆر هەولیدا خەڵکی یارمەتی نەهێنێت، خەڵك بەقاچاخەرێ، یان شەوان بەنهێنی دەیان هێنا). هەروەها دەڵێ: (هەموو شت دەهات، خواردن، کەلوپەل، پێداویستی ماڵ و ئافرەتان، بەڵام بەهێزیو بێهێزی لە دابەشکردندا هەبوو ئەوەی توانای جەستەیی زۆر تربوو زۆرتری وەردەگرت، ئێمەی پێشمەرگە (کەسەڵت بوون) کەلوپەلێکمان وەردەگرت، یان لەماڵی هەڤاڵانی هەولێرەوە بۆمان دەهات، دەماندایە ئەوانەی بەریان نەکەوتبوو تەنانەت هەر شەوی یەکەم من و دڵشادو سالاری هەڤاڵمان یەکەو بەتانییەکمان هەبوو ئەویشمان دایە ماڵێك کە منداڵەکانی لە سەرمان دەگریان)[١٠] کاك دڵشادی هەڤاڵی نەبەزیش کە خەڵکی کۆییە، لە مەڕ یارمەتییەکانی خەڵکی هەولێر دەڵێ: (خەڵکی هەولێر. . جا چ لە رووی نیشتمانیو کوردایەتییەوە بێت، یان ئایینی، هەرچی لە دەستیان هات یارمەتیان دا، دەتوانم بڵێم خەڵکەکە هەمموو ماڵیان بۆخۆدانایەوە لە کەلوپەلەوە بگرە تا دەگاتە جلوبەرگ، بەڵام لێرەدا جیاوازییەکی دی دەرکەوت لە نێوان ئەوانەی برێك پارەی حەشارداوی هەبوو. ئەوانەش بێ پارە بوون)[١١].

ئەگەر بە شێوەیەکی سەرپێیش بێت، بەراوردێك بکەین لە نێوان قسەکانی ئەوانەی شایەتحاڵی یارمەتیدانەکە بوون، لەگەڵ ئاخافتنی ئەوانەی یارمەتییان وەرگرتووە، لێکچوونێکی تەواو هەیەو پتر لە ٩٠٪ی رایەکانی هەردوو لایان یەکتر دەگرنەوەو هاوجووتن، بەمەش دیار دەکەوێ کە هەڵمەتەکەی فریاکەوتن سەرکەوتنێکی گەورەی

بەدەست هێناوەو بۆتە داستانێكی نیشتمانی مێژوویی لە هاریكاری كۆمەڵایەتیو سیاسی نێوان تاكەكانی یەك كۆمەڵگەو پتر لە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار مرۆڤی لە مردن و رووخانی دەروونی و هەڵوەشانەوەی كۆمەڵایەتی و داماڵین لە دابونەریتە رەسەنەكانی كوردەواری رزگاركرد.

## ٢- ٤- ٢ هۆكارەكانی بەهاناوەچوون

سەبارەت بەو هۆكارانەی بوونە هاندەر بۆ ئەوەی خەڵكەكە دەست بەو هەڵمەتە بكات، یەكێك بوو لەو پرسیارانەی ئاراستەی ئەو نموونانەمان كردووە كە شایەتحاڵی یارمەتیدانە كە بوون یان خۆیان یارمەتییان دابوون. بۆیە هەوڵدەدەین رای یەكە یەكەی نموونەكان بە كورتی بخەینەروو. سەرەتا بەرای مامۆستا مەلا تاهیری بەحركە. . هۆكارەكان بریتین لە:

**یەكەم:** گەلی كورد گەلێكی خواناس و ئایندارو بە بەزەییە.
**دووەم:** هەڵوێستێكی كوردایەتی بوو. . چونكە ئەوانەی لێیان قەومابوو لەبەر كوردبوونیان و هەڵوێستی كوردانەیان وایان بەسەرهاتبوو.
**سێیەم:** هەڵوێستی خەڵكەكە بۆ دژایەتی كردنی رژێم بوو[١٢].
كاك عەلی حاجی فازیل چەژنیكانیش دەڵێ: ئەو یارمەتیدانە زۆر هۆكاری هەبوون. . لەوانە:
١- هۆكاری نەتەوەیی.
٢- ئەركێكی ئینسانی و خێرخوازی بوو.
٣- لە رقی رژێم بوو، وەك تەحەداو بەرەنگاربوونەوەیەكی سیاسەتی رژێم[١٣].
دیارە ئەم دوو رایە لێك نزیكن خاتوو هەلالەش لە مبارەوە دەڵێ:
**یەكەم:** كوردایەتی و هاوچارەنووسی
**دووەم:** ئاینی



**سێیەم:** مرۆڤایەتی
چوارەم: هەولێر بە یارمەتی دانی خەڵكی لێقەوماو بەناو بانگە[١٤].
٤/ (عەبدوڵا حاجی فازیل) یش بەم شێوەیە هۆكارەكان پۆلین دەكات
**یەكەم:** نەتەوەیی.
**دووەم:** ئایینی.
**سێیەم:** دابونەریتی رەسەنی خەڵكی هەولێر[١٥].
٥/ كاك زریان حاجی پاشا جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە:
١- هۆكاری سەرەكی یارمەتیدان گیانی كوردایەتی بوو.
٢- هەروەها هۆی ئایینی هەبوو.
٣- كاتی ئەنفالەكان بوو خەڵك لە دوژمن زۆر پەست بوو، رەتكردنەوەی بەعس بوو، بۆ ئەوە بوو بڵێن كورد ماوە[١٦].
٦/ كاك (أ. ك)ی پێشمەرگە، بەشێوەیەكی وردتر هۆكارەكان دەستنیشان دەكات:
١- یارمەتیدانی خەڵكی غەریب و لێقەوماو وەك كارێكی ئینسانی سروشتی خەڵكی هەولێرو دەوروبەرییەتی.
٢- هەستی نەتەوەیی و كوردینی.
٣- گەورەیی كارەساتەكانی ئەنفال بەردی بەدەنگ دەهێنا.
٤- شێوازێك بوو لە رەتكردنەوەی دەسەڵاتی رژێم و بەرەنگاربوونەوەی.
٥- دەكرێت بە بەشێك لە چاولێكەری دانبرێ[١٧].
كاك ئەحمەد سوارە رەسوڵ بەم شێوەیە باس لە هۆكارەكان دەكات:
١- كوردایەتی.
٢- نەریتی خەڵكی هەولێر[١٨].
كەچی خاتوو فاتیمە ساڵح دەڵێت:
١- ئێمەش وەك ئەوان كورد بووین، واتە لایەنی نەتەوەیی.
٢- مرۆڤ بووین، واتە لایەنی مرۆیی.

٣- موسڵمان بووین، واتە لایەنی ئایینی.
٤- خەڵکی هەولێر بە ناندان و یارمەتیدەرو جوامێری بەناوبانگن[١٩].
هەروەها خاتوو سەعدیە حامد رای وایە هۆکارەکان ئەمانەی خوارەوە بوون:
١- هۆکاری نەتەوەیی.
٢- خەڵکی هەولێر یارمەتی لێقەوماوان دەدەن[٢٠].
کەچی مریەم ئەحمەدیش پێی وایە هۆکارەکان. .
١- کوردینی، واتە نەتەوەیی.
٢- خەڵکی هەولێر بە یارمەتیدانی لێقەوماوان بەناوبانگن.
٣- شۆڕشگێڕن، واتە لایەنی دژایەتیکردنی رژێم دەگرێتەوە[٢١].
خاتوو هێرێ عەبدولرەزاقیش هەمان رای مریەم ئەحمەدی هەیە کە بریتییە لە:
١- کوردینی.
٢- خەڵکی هەولێر یارمەتی لێقەوماوان دەدەن.
٣- شۆڕشگێڕی[٢٢].
هەروەها کاک نەبەز ئورفەیی هۆکارەکان بەم شێوەیە دەستنیشان دەکات:
١- کرودینی(نەتەوەیی)
٢- مرۆڤایەتی.
٣- نەریتی خەڵکی هەولێر[٢٣].
بەڵام کاک حاجی سوارەی گردئارەق بە کورتی و بە کوردی دەڵێ هۆکارەکە کوردایەتی بوو[٢٤].
دوا کەس کە کاک دڵشاد حوسێنە دەڵێ هۆکارەکانی یارمەتیدانی خەڵکی هەولێر بۆ ئەنفالکراوەکان لە جەژنیکان برتین لە:
١- کوردایەتی.
٢- مرۆڤایەتی.
٣- نەریتی خەڵکی هەولێر.
٤- دژایەتیکردنی رژێم[٢٥]



**لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی:**
١- سەبارەت بە هۆکاری نەتەوەیی: دیارە هەر شەش کەسەکە رایان وەك یەکە. واتە (١٤) لە (١٤).
٢- هۆکاری ئایینی: لە (١٤) کەس (٦)یان رایان وەك یەك بوو، واتە (٦) لە (١٤).
٣- بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی رژێم ودژایەتی نواندن لە بەرانبەری. . لە (١٤) رایەکە، (٧)یان ئەم هۆکارەیان ئاماژە پێداوە. . واتە (٧) لە (١٤).
٤- هۆکاری ئینسانی: دیارە لەو (١٤) رایە (٦) یان ئاماژەیان بە ویژدان و هۆکاری ئینسانی کردووە.
٥- هۆکاری خەڵکی هەولێر بە یارمەتیدانی غەریب و لێقەوماو بەناوبانگە. . وەك کلتورو نەریت، لە (١٤) کەس (١٣) نموونە ئاماژەیان پێکردووە، واتە (١٣) لە (١٤).

بەڵام تەنها کاك (ا. ك) ئاماژەی بە خاڵێکی گرنگ داوە کە (چاولێکەری) بووە. دیارە ئەمەش تەواوە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، چاولێکەری دەچێتە خانەی (کۆ رەفتاری کۆمەڵایەتی).

**لە ئەنجامدا دەگەینە ئەو رایەی هۆکارەکان بەم شێوەیەپۆلین بکەین:**
١- هۆکاری نەتەوەیی.
٢- هۆکاری نەریتی خەڵکی هەولێر بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوو غەریبە.
٣- هۆکاری بەرەنگاربوونەوەو دژایەتی رژێم.
٤- هۆکاری ئایینی، هەروەها هۆکاری ئینسانی.
٥- هۆکاری چاولێکەری، یان کۆ رەفتاری کۆمەڵایەتی.

## ٢- ٤- ٣ هەڵمەتی بەهاناوەچوونەکە چی لێکەوتەوە؟

وەك لە بەشەکانی پێشەوە پترلەجارێك ئاماژەمان پێکرد، هەڵمەتی بەهاناوەچوونی خەڵکی هەولێرو دەوروبەری بۆ ئەنفالکراوەکانی جەژنیکان سەرکەوتنێکی گەورەی گەلی کوردستان بوو، داستانێکە پێویستە لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانیدا بە ئاوی زێڕ بنووسرێتەوە، چونکە سەرهەڵدانێك بوو: لە کاتێکدا:

١- حکومتی بەعسی ئێراق شاڵاوەکان ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستانی تەواو کردبوو، سەرکەوتنیشی بەدەستهێنابوو، بەو سەرکەوتنانە مەست و سەرخۆش بوو.

٢- شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێراق- ئێران تەواو ببوو، چونکە ئەو ئامانجەی کە ئێراق شەڕی بۆ هەڵگیرساندبوو بریتی بوو لەوەی نەهێڵن شۆڕشی ئیسلامی بەسەر پێبکەوێ و بەرەو وڵاتانی عەرەب و ئیسلامی تەشەنەبکات، هاتەجێ. . هەرچەندە ئامانجە کە ئامانجی ئێراق نەبوو بە تەنیا، بەڵکو ئامانجی سەرانی عەرەب و رۆژئاواو بلۆکی رۆژهەڵاتیش بوو ئەو کات.

٣- هەموو وڵاتانی جیهان و موسڵمانانیش بەرامبەر ئەو سیاسەتەی بەعس دژ بە گەلی کوردستان وەك کیمیاباران و راگواستن و بەعەرەبکردن و ئەنفال و کوشت و بڕ خۆیان لە گێلی دابوو، تەنانەت رژێمی ئێراق خۆیشی لەو بێدەنگییەی جیهان سەرسام ببوو.

لەوکات وساتە ناسکەدا هەڵمەتی فریاکەوتنی خەڵکی هەولێر بۆئەنفاکراوەکان لەجەژنیکان و بەرەنگاربوونەوەی رژێمێکی وا دڕندەی دەست بەرەڵاکراو، کارێکی ئاسان نەبوو.



بۆیە ئەو بەهاناوەچوونە چەند رەهەندێکی لێکەوتەوە. . لەوانە:

## ١- لە رووی گۆڕینی سیاسەتی سەرکوتکارانەی حکومەتی بەعسی ئێراق

لە هێنانی ئەنفالکراوەکانی بادینان بۆ دەوروبەری هەولێر بە (٤) خاڵ مەبەستەکەمان رووکردۆتەوە، کە بریتی بوون لە برسان مردن وچاوشکاندنی خەڵکی هەولێرو کۆکردنەوەی خەڵك لەبن دەستی خۆیان و، بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی جیاجیا. . بۆ ئەم مەبەستەش زوو ئاگاداری موختاروسەرۆك جاش و کەسایەتییەکانی هەولێرو دەوروبەری کردنەوە، کە کەس نابێت یارمەتییان بدات، کاتێکیش خەڵکێك ئەو بڕیارەی رژێمی شکاند، زۆری لێگرتن و ئازاری دان. بەڵام راپەڕینی خەڵکەکە پێکڤە بە بەشداری ژمارەیەك لە سەرۆك جاش و چەکدارانی خودی رژێمەوەش، پیاوانی بەعسی خستە بەردەم دووڕیانییەك. . یان دەبێ خۆ لە یارمەتیدانی خەڵکەکە بۆ ئەنفالکراوەکان گێل بکەن، یاخود دەبێت رێگەکان بگرن و پەنا ببەنە بەر هێزی سەربازی، ئەو کاتەش دوور نییە راپەڕینێکی جەماوەری رووبدات، بۆیە بە ناچاری رێگەی نەرمی نواندنیان گرتەبەرو لەو بڕیارە پەشیمان بوونەوە کە دەریکردبوو: (نابێ کەس یارمەتییان بدات و بۆ ئەوە هێناومانن ئێرە تا لە برسان بمرن)[٢٦]. بەمەش دیارە حکومەت قەپۆزی شکاو ملکەچی ئیرادەی خەڵکی هەولێر بوو.

## ٢- لە رووی رزگارکردنی ئەنفالکراوەکان لە مردن:

دیارە هەڵمەتی بەهاناوەچوونەکە هێندەن خێراو چڕو زۆر بوو، هیچ بوارێکی بۆ برسیبوون و بەدخۆراکی نەهێشتەوە لە ماوەیەکی کەمدا توانرا قەرەبووی ئەو نەبوونی و کەمی و بەدخۆراکییە بکرێتەوە کە خەڵکەکە لەچیاو لە کاتی هەڵاتن و خۆحەشاردان و پاشگرتنیان لە قەڵا سەربازییەکان تووشی هاتبوون، پاش

ماوەیەکی کەم نەك مردن بەڵکو بوژانەوەو هێزو توانای جەستەییان هاتەوەبەر.
ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە حکومەتی بەعس تێگەیشت گیانی کوردایەتی و باوەڕی ئایینی و ئیرادەی بەرەنگاربوونەوەو هەستی دژایەتیکردنی ڕژێم و نەریتی فریاکەوتنی هەولێریان بۆ لێقەومان هەرماوەو پێویستە بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە.

### ٣- لە ڕووی بەرزکردنەوەی ورەی خەڵك:

ئەنفالکراوەکان تا نەگەیشتنە جەژنیکان وبەچاوی خۆیان ئەو هەڵمەتەی فریاکەوتنیان لەخەڵکی هەولێرو دەوروبەرییەوە نەبینی، لە ژیان بێ هیوا بوون و پێیان وابوو چارەنووسی ئەوانیش وەك خەڵکی دەڤەرەکانی دۆڵی جافان و قەرەداغ و گەرمیان و دەشتەکانی شوان وشێخ بزێنی و کۆیەو خۆشناوەتی و ڕەواندوز ئەنفالکردن و زیندبەچاڵکردنە لە بیابانەکانی خواروو.
هەروەها بەو هۆیەی تەنیا بە جلکی بەری لەسەرماڵ و موڵك و زێدی خۆیان هەڵکەنرابوون و باوك و براو کەس و کاریان گوللە باران وشونبزر کرابوون و هێندە هێزە سەرکوتکارانەکانی بەعس ئیهانەیان کردبوون، ورەیان بە تەواوی دابەزی بوو.
هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی ڕژێم وبەهاناوەچونی ئەنفالکراوەکان لەلایەن خەڵکی هەولێرەوە نەك هەر هیوای بە ژیان لای خەڵکی بادینان ژیاندەوە، بەڵکە ورەی خەڵکی کوردستانی بەگشتی بەرزکردەوە و سەلماندی هێشتا کورد ماوە و گەر یەکگرتوو و هاوکار بێت دەتوانێ کاری مەزن بکات.

### ٤- لە ڕووی پتەوکردنی گیانی هاوکاری و هاریکاری نێوان کورد:

حکومەتی بەعسی ئێراق لە ماوەی (٢٠) ساڵی حوکمی خۆیدا (١٩٦٨-١٩٨٨) هەوڵی زۆری دابوو شیرازە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کلتوری



کوردەواری لە باریەك هەڵوەشێنێ، بە تایبەتی دیوارێکی وێنەی(دیواری بەرلین) لە نێوان خەڵکی (سۆران) و (بادینان) دروستبکات. پێشی وابوو سیاسەتەکەیان تا ئاستێکی باش سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە هەردەم لەناکاو تەقینەوەی خەڵکی هەولێر بێ ئاگا بوو. . هێنانی ئەنفالکراوەکان بۆ دەوروبەری هەولێر، نەك چاوی خەڵکی پارێزگای هەولێری پێ نەشکا، بەڵکو بووە هۆکارو هاندەرێك گۆمی تورەیی خەڵك پتربشلەقێ وشێوازی بەرەنگاربوونەوە و (تەحەدا) کردن وەربگرێ.
هەڵمەتەکە. . یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو بەرەنگاربوونەوەیە بوو کەجاریکی دی گیانی هاریکاری و هاوکاری لە نێوان خەڵکی سۆران و بادینان لە لایەك و خەڵکی هەولێریش لە نێوان خۆیاندا پەرەپێدا. هەولێرییەکان لەگەڵ جیاوازی بیروباوەڕی سیاسی وهزرییان، لەگەڵ جیاوازی چینایەتی و پلەو پایەی کۆمکەلایەتییەکان، پێکڤە رابوون و هەر کەسە بە پێی توانای ماددی خۆی بوونە یەك کۆمۆنە.

تەنانەت ئەوانەش پیاوی بەعس و چەکداری ڕژێم بوون بەشێکیان لەم هەڵمەتە بێ بەرینەبوون و هاوڕێ لەگەڵ ڕۆڵەکانی گەلەکەیان بەشدارییان کرد.

## پەراوێزەکان

١- دیمانه لەگەڵ کاك أ. ك (پێشمەرگە)، ١٣/ ٤/ ٢٠٠٦، هەولێر

٢- عەلی بەندی/ ئەنفالکرنا بەهدینان/ ب١/ دهۆك، ل٢٠٠.

٣- هەمان سەرچاوە/ ل١٦٧.

٤- دیمانه لەگەڵ خاتوو سەعدیە حامد لە ٢٠/ ٤/ ٢٠٠٦، هەولێرز

٥- دیمانه لەگەڵ خاتوو هێریٚ عەبدولڕەزاق/ ٩/ ٥/ ٢٠٠٦ جەژنیکان.

٦- دیمانه لەگەڵ خاتوو مریەم ئەحمەد لە ٩/ ٥/ ٢٠٠٦، جەژنیکان.

٧- دیمانه لەگەڵ خاتوو فاتیمە ساڵح/ ٩/ ٥/ ٢٠٠٦، جەژنیکان.

٨- هەمان سەرچاوە.

٩- دیمانه لەگەڵ کاك نەبەز ئورفەیی/ هەولێر

ناوبراو خەڵکی باکووری کوردستان و شاری «ئورفەیە، ئەو کات پێشمەرگەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو، پاش نزیکەی (٢٠) رۆژ مانەوە لە شاخ لە دەڤەری گارە لە سەردەستی سەرۆك جاشێك کە بەڵێنیان پێدەدان ناکوژرێن ودەنێردرێنە جەژنیکان و دەتوانن لەوێ پەیوەندی بە پێشمەرگەوە بکەن، لەگەڵ دوو هەڤاڵی دیکەی خۆ دەدەنە دەست و نەبەز ماوەی ١٢ رۆژێك لە ئۆردوگا دەمێنێتەوە، پاشان لەگەڵ دڵشاد حوسێنی هەڤاڵی لە ناوچەی خەیلانییان بە یارمەتی هەڤاڵانی رێکخستنەکانی ناوشار پەیوەندی بە مەفرەزەیەکی حزبەکەیان دەکەنەوە).

١٠- دیمانه لەگەڵ کاك نەبەز ئورفەیی (پێشمەرگە)/ ١٨/ ٥/ ٢٠٠٦، هەولێر.

١١- دیمانه لەگەڵ کاك دڵشاد حوسێن (پێشمەرگە)/ ١٩/ ٥/ ٢٠٠٦، کۆیێ.

١٢- دیمانه لەگەڵ مامۆستا مەلا تاهیری بەحرکە/ ١٢/ ٥/ ٢٠٠٦، بەحرکە.

١٣- دیمانه لەگەڵ بەڕێز حاجی فازیل ئاغای جەژنیکانی/ ٥/ ٥/ ٢٠٠٦، جەژنیکان.



١٤- دیمانه لەگەڵ خاتوو هەلالە/ ٢٠/ ٥/ ٢٠٠٦ هەولێر.

١٥- دیمانه لەگەڵ کاك عەبدوڵای حاجی فازیل/ ٩/ ٥/ ٢٠٠٦ هەولێر.

١٦- دیمانه لەگەڵ کاك زریان حاجی پاشا/ ٩/ ٥/ ٢٠٠٦، هەولێر.

١٧- دیمانه لەگەڵ کاك (أ. ك) سەرچاوەی پێشوو.

١٨- دیمانه لەگەڵ کاك ئەحمەد سوارە رەسوڵ/ ٥/ ٥/ ٢٠٠٦، گردئارەق.

١٩- دیمانه لەگەڵ خاتوو فاتیمە ساڵح حامد، سەرچاوەی پێشوو.

٢٠- دیمانه لەگەڵ خاتوو سەعدیە حامد/ سەرچاوەی پێشوو.

٢١- دیمانه لەگەڵ خاتوو مریەم ئەحمەد/ سەرچاوەی پێشوو.

٢٢- دیمانه لەگەڵ خاتوو هێریٚ عەبدولڕەزاق/ سەرچاوەی پێشوو.

٢٣- دیمانه لەگەڵ کاك نەبەز ئورفەیی/ سەرچاوەی پێشوو.

٢٤- دیمانه لەگەڵ حاجی سوارەی عوسمان ئاغا/ ٥/ ٥/ ٢٠٠٦، گردئارەق.

٢٥- دیمانه لەگەڵ کاك دڵشاد حوسێن/ سەرچاوەی پێشوو.

٢٦- دیمانه لەگەڵ کاك عەبدوڵای حاجی فازیل/ سەرچاوەی پێشوو.

# بەشی پێنجەم

٢-٥-١ دەرئەنجام

٢-٥-٢ راسپاردەکان

٢-٥-٣ پێشنیار

## بەشی پێنجەم

**٢- ٥- ١ دەرەئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا کە بەناوی (سۆسیۆلۆژیای بەهاناوە چوونی خەڵکی هەولێرو دەوروبەری بۆ ئەنفالکراوەکانی بادینان لە جەژنیکان) ئەنجامان داوە گەیشتینە ئەو رایەی کە توێژینەوەکە وەك بابەت رووداوێکی کۆمەڵایەتی سیاسی- مرۆڤایەتی گەورەبووە، پێویست بوو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، چونکە بووە مایەی رزگارکردنی پتر لە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار کەس لە مردن و ورەبەخشینەوە بەو خەڵکەی لە ژیان بێ ئومێد ببوو، هەروەها هەڵمەتەکەی بەهاناوەچوون بووە راپەڕینێکی گەورە دژ بە سیاسەتی کۆمەڵکوژی و ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کوردستان و یەکەمین توێژینەوە شە سەبارەت بەم رووداوە بە شێوەیەکی زانستیانە ئەنجام دەدرێ. بۆ ئەوەی توێژینەوەکە بە پێی یاساو رێساکانی توێژینەوەی زانستی بەرێوە بچێت سەرەتا ئەو چەمکانەی پەیوەندییان بە توێژینەوەکە هەیە شیکراونەتەوە وێنەی سۆسیۆلۆژیا وەك زانستێك بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشت و هۆکارو ئەنجامەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. ئەنفال وەك شاڵاوێکی سەربازی بۆ داگیرکردنی خاکی ئازادکراوی کوردستان و سوتمان کردنی سروشتەکەی و گرتن و کوشتن و شونبزرکردنی خەڵکەکەی. جینۆسایدیش وەك ئەو کارو کردەوانەی بەمەبەستی لە نێوبردنی هەموو، یان بەش بەشی گروپێکی نەتەوەیی ئەنجام دەدرێ، کە ئەنفال بەشێك بوو لەو جینۆسایدە. . دوایش چەمکی بەهاناوەچوونمان لە رووی زمانەوانی و واتاوە شیکردۆتەوە و بە باشترین زاراوەمان زانی کە دەربڕی هەڵمەتەکە بێت، چونکە فریاکەوتن و یارمەتیدانی بەپەلەی خەڵکێکە تووشی کارەساتێکی سروشتی یان دەستکرد(وەك شەڕ) بووبن و ببێتە مایەی رزگارکردنیان لە مردن.



دیارە ئەنفال کارەساتێکی گەورەبوو بەسەرگەلی کوردستاندا هات و مەبەستی حکومەتی بەعسی عارەبیش وەك شێوازێکی لە ناوبردن بەشێك لە جینۆسایدکردن پەنای بۆ برد بۆ ئەوەی بزاڤی رزگار ریخوازی گەلی کوردستان لە ناو ببات و ژمارەی دانیشتوانی کورد کەم بکاتەوە و لەسەر خاکی کوردستانی پڕ لە داهات و سامانی سەرزەمینی و ژێر زەمینی خۆیان رایانگوێزێ بۆ بیابانەکانی باشوور و لەوێ زیندەبەچاڵیان بکات، لەجیاتی ئەوان خێڵە عارەبەکان نیشتەجێ بکات. بۆ ئەم مەبەستەش بە هەشت قۆناخ لە ٢٣/ ٢ تا ٦/ ٩/ ١٩٨٨ شاڵاوەکانی ئەنفالی پیادە کرد کە دوا قۆناخ ئەنفالکردنی بادینان بوو و تیایدا نزیکەی (٥٠٠٠) خێزانی پاشماوەی ئەنفالەکانی هێنایە سەر زەوییەکی رووت و وشك لە گوندی جەژنیکانی باکووری شار هەولێر بێ ئەوەی سادەترین پێداویستیەکی ژیانیان بۆ دابین بکات. .

تا ئێرە بەشی تیۆری توێژینەوەکەمان بوو، بەڵام ئەوەی پتر مەبەستمانە لەم تۆژنەوەیە لایەنە مەیدانییەکەیە کە لەگەڵ گەیشتنی ئەو خەڵکە بە شێوەی بەش بەش بۆ جەژنیکان، هەر لە یەکەم سەعات لەگوندی جەژنیکان بە هانایانەوە چوون، بۆ رۆژی دوایش کە هەواڵەکە بڵاوبۆوە لە گوندەکانی دەوروبەر یارمەتییان بۆ بردن، بەڵام هەڵمەتی شاری هەولێر بووە سەنگی مەحەك. بۆیە بە پێی پلانێکی تۆکمەو بە پێی میتۆدی مێژوویی و سوودوەرگرتن لە میتۆدی بەراوردکاری و میتۆدی دیش و هەروەها لە رێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ نموونەیەك لە شایەتحاڵەکانی و نموونەیەکی دی هاوکۆف لە ئەنفالکراوەکان کەوتووینەتە کۆکردنەوەی داتاکان لە سنوورێکی دیاریکراو کە سنووری رووداوەکەیە لە هەولێرو جەژنیکان و دەوروبەریان. لە شیکردنەوەی زانیارییەکاندا بۆمان دەرکەوت کە لە ئێوارەی ١٠/ ٩/ ١٩٨٨. ـەوە یەکەمین وەجبەی ئەنفالکراوەکان هێنراون کە لە بارێکی جەستەیی و دەروونی زۆر خراپ دابوون، برسی و دارماوو بێ هیوا بوون و لە نێوان دووڕیانی مەرگ و ژین بوون و

نەیاندەزانی چارەنووسیان بەچی دەگات. . نەخۆشیان تێدا بڵاوببۆوەو برسی بوون و تێنوێتی و ئازاردانی دەروونی و جەستەیی و دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتەکان خستبوونییە بارێکی وا تەنها هەناسەیان دەداو دەجوولان، بە پێی ئەو زانیارییانەی لە توێژینەوەکەدا دەستکەوتن حکومەتی ئێراق هێنابوونی بە رەزیلی و بە برسێتی بیانکوژێ، بەڵام بەهاناوەچوونەکە کە لە ژێر کاریگەری چەندین هۆکاری وەك نەتەوەیی و ئایینی و مرۆڤایەتی و کۆڕەفتاری کۆمەڵایەتی و نەریتی کە خەڵکی شاری هەولێر کە بەناوبانگن بۆ یارمەتی و فریاکەوتنی هەر کەسێك لێی دەقەومێ، هەروەها بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی حکومەتی ئێراق بەڕێوەچوو. ئەو زانیارییانەی کە لە هەردوو نموونەکە وەرگیراون و شیکرانەوەو پاشان لەگەڵ یەکدی بەراورد کراون دەرکەوتووە بە ڕێژەی پتر لە ٩٠٪ زانیارییەکان پێکدەچن، خەڵکەکە کە بە هەموو جۆرە یارمەتییەك کە بۆ ژیان پێویست بووبێ وەك خۆراك و ئاوو کەلوپەلی ناوماڵ و شوێنی حەوانەوە تەنانەت یارمەتی (پارە) ی نەختیشیان بۆ بردوون.

ئەنفالکراوەکانیش دووپاتی دەکەنەوە ئەو هەموو جۆرە یارمەتییانەیان وەرگرتووە (بە ڕێژەی جیاواز) و لە ئەنجامدا دەرکەوت هەڵمەتەکە بۆتە مایەی گۆڕینی سیاسەتی سەرکوتکارانەی ئێراق بەرامبەر بەو ئەنفالکراوانەو لە بەرامبەر کۆئیرادەی جەماوەر چۆکی داداوەو نەیانتوانیوە هەڵمەتەکە رابگرن، هەڵمەتەکە هێندە خێراو فراوان بوو توانی خەڵکە ئەنفالکراوەکان لە مەترسی مردن رزگاربکات و وەیان بە ژیان لا پەیدا بکاتەوە، ئەمەش لەوەدا گرنگە کە تا ئەو کات حکومەتی بەعسی ئێراق (٢٠) ساڵ بوو بەرنامەی دانابوو شیرازەی کۆمەڵایەتی کوردەواری لەبارییەك هەڵبوەشێنێتەوەو لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە رەسەنەکەی خۆیان دابڕێ، بەڵام هەڵمەتەکەی فریاکەوتن سەلماندییەوە، نەك هەر کۆمەڵگەی کوردەواری یەکگرتوویی (تماسك)ی خۆی ماوە، بەڵکە ئەوانەش لێی دابڕابوون و ببوونە پیاوی حکومەت و وەك وەسیلە بۆ



ئەو مەبەستە بەکاریدەهێنان زۆریان بوونە بەشێك لە فریاکەوتنەکە. لەمەدا بۆمان رووندەبێتەوە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتی بوون لە بەهێندهەڵگرتن و تۆمارکردنی گیانی هاوکاری و کۆمەڵایەتی و نووسینەوەیەکی زانستیانەی رووداوە کۆمەڵایەتییەکان، تا ببێتە پەندێك بۆ گەنجان و نەوەکانی داهاتوو ئاشنای پەیوەندی و کلتوری مرۆڤایەتی و مێژووی هاوکاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی خۆیان بن هاتۆتەدی.

## ٢- ٥- ٢ راسپاردەكان

١- هێشتا ژمارەیەكی زۆری پاشماوەی ئەنفالكراوەكانی بادینان نەگەڕاونەتەوە زێدو گوندەكانی خۆیان، چونكە دەڤەرەكەیان چۆڵن و وەسیلەی ژیانی تێدا نییە، تەنانەت هێشتا چەندین خێزانیان هەر لە نێو خانووە خراپ و نادروستەكانی پێشانی ئاقاری جەژنیكان دەژین. بۆیە ئاوەدانكردنەوەی هەموو گوندەكانی بەر شاڵاوی ئەنفال و كیمیاباران كەوتوون پێویستییەكی لەپێشە.

٢- پێویستە دوو مۆنیمێنت لە جەژنیكان دروستبكرێت، یەكێك بۆ قوربانییەكانی ئەنفال و ئەوەی تریش تەعبیر لە هەڵمەتی بەهاناوەچوونەكەی خەڵكی هەولێرو دەوروبەری بكات.

٣- گۆڕستانێكی رەمزی بۆ ئەو (٤٠٠- ٥٠٠) منداڵە بكرێت كە لە جەژنیكان گیانیان لەدەستدا، یان لە گۆڕستانی جەژنیكان و بەحركە گۆڕە بێ نازەكانیان نۆژەن بكرێتەوەو وەك هێما بۆ رۆژە سەختەكان بمێنن.

٤- پێویستە لە پێشانگایەكی تایبەت دیكۆمێنت و نموونەی ئەو كەلوپەل و جلو بەرگ و شێوە خانوو، یان شوێنی حەوانەوەی ئەنفالكراوەكان بخرێتەڕوو بۆ گەشتیارو مێوانانی بیانی و نێوخۆ.

٥- هەوڵبدرێت ناوو زانیاری گشتی لەمەڕ هەموو قوربانیانی جەژنیكان كۆبكرێتەوەو لە مۆنیمێنتەكەدا بنووسرێت.



## ٢- ٥- ٣ پێشنیارەكان

١- لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو رایەی پێویستە چەندین توێژینەوەی دیكەی زانستی لەمەڕ ئەو رووداوە گەورەیەی ژیانی كۆمەڵگەكەمان بكرێت، چونكە وردەكاری و رەهەندی دیكەی كۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و مرۆڤایەتی و مێژوویی بەخۆیەوە دەگرێت و پێویست بە لێكۆڵینەوە دەكەن.

٢- رووداوەكە بەر لە (١٨) ساڵ روویداوەو شایەتحاڵ و كەسانی نێو رووداوەكە بەرەو پیربوون دەچن و زانیارییەكان لەبیر دەچنەوە، لەبەر ئەوەش وێنەو تۆمارو دیكۆمێنتی دیكە زۆر كەمن، بۆیە پێویستە هەڵمەتێك بكرێ بە دیدارو چاوپێكەوتن ئەو زانیارییانەی دەست دەكەون تۆمار بكرێن.

## پاشکۆکان



### ١-١ دیداری شایەتحاڵەکانی بەهاناوەچوون

#### ١- دیدار لەگەڵ حاجی فازیل و عەلی کوڕی

**٥/ ٥/ ٢٠٠٦:**

**پ١/ لە بیرتانە چ ڕۆژێك بوو ئەنفالکراوەکانیان هێنایە جەژنیکان؟**

و/ لەنیوەی یەکەمی مانگی ئەیلول، پاش لێبوردنەکەی ٦/ ٩/ بە (چەندرۆژێك) پاش عەسر بوو کە گەیشتنە ئاقاری جەژنیکان.



**پ٢/ بە چەند ڕۆژ هێنران؟**

و/ ٥- ٦ وەجبەیان هێنان.

**پ٣/ ڕێژەی پیاو لەچاو ژنو منداڵ چەند بوو؟**

و/ گیراوەکان ژنو منداڵ بوونو پیرەمێردیان لەگەڵ بوو، بەڵام گەنجەکانیان گوللە باران کرابوون، یان گیرابوون کە زۆربەیان شوێنبزر کران.

**پ٤/ بە چ هێنایان؟**

و/ بە ئیڤای عەسکەریو لۆری هێنایان. .

**پ٥/ ...**

**پ٦/ کە لەو دەشتە دانران چییان پێدان؟**

و/ نەخێر. . کە لەدەشتیشیان دانان، بریا لە دەشتێکی باشیان دانابان هەموو درکو داڵ بوو لەوێیان فڕێدان.

**پ٧/ چ هێزێکیان لە دەور دانان؟**

و/ سەرەتا هەندێ پۆلیسیان لەگەڵ هێنان، پۆلیسەکان عارەب بوون.

**پ٨/ ئایا دەوریان تەلبەند کرا؟**

و/ نەخێر.

**پ٩/ چەند خاڵی پاسەوانیان لە دوور دانان؟**

و/ خاڵ دانەنران...

**پ١٠/ ...**

**پ١١/ ئایا بنکەی ئەمنو ئیستخباراتیان لەگەڵ دانان؟**

و/ بەڵێ... بەڵام پاش (٥- ٦) ڕۆژ دوای هێنایان. . ئەمنیان هێنا، بەرپرسەکەیان ناوی ملازم ئەحمەد بوو.

**پ١٢/ ڕێگەیان پێدەدرا بچنە دەرەوەی ئوردوگا؟**

و/ نەخێر. . قەدەغە بوو لەسەرەتادا بەڵام پاش مانگێك ڕێگەیان دا ڕۆژی دوو سەعات دەربچن. هەروەها دەیانتوانی کەم کەمە، بێنە نێو گوند، ئەوەی دەربچووبایە لە بازگەی بەحرکە دەگیرا.

**پ١٣/ ئایا لەکاتی یارمەتیدان، هێزەکانی ڕژێم تەقەیان لە خەڵك دەکرد؟**

و/ نەخێر. . تەقەیان نەدەکرد.



**پ١٤/ هێزەکانی ڕژێم چۆن هێشتیان یارمەتیان بدرێ؟**

و/ هەڵمەتی یارمەتیدانەکە هێندە بەرفراوان بوو، ڕژێم نەیتوانی ڕاییگرێ، لە ڕاپەڕینی خەڵك دەترسا، سەرەتا خەڵکیان دەگێڕایەوە. . بەڵام خەڵکەکە لە چۆلی دەهات.

**پ١٥/ لەکاتی یارمەتیدان کەس دەستگیرکرا؟**

و/ بەڵێ. . لە بازگەی بەحرکە هەندێ لەو شوفێرانەیان دەگرت کە یارمەتیان دەهێنا، بەڵام پاش ماوەیەك ئازاد دەکران، لەوانە مام عەولا سلێمان.

**پ١٦/ تۆ یارمەتیت داون؟**

و/ بەڵێ. . لە ڕۆژی یەکەمو دووەمی پاش هێنانیان... هەر لە یەکەم دەقیقەی گەیشتنیان جارمان بەنێو گوندیدا خواردنو ئاومان گەیاندنێ، هەموو، خەڵکی گوندی جەژنیکان بێ جیاوازی بەشداربوون.

**پ١٧/ گەر یارمەتیت داون. . بەچی بوو؟**

**عەلی حاجی فازیل**

و/ سەرەتا تەنها ئاوخۆراك بوو، چونکە زۆر برسی بوون، پاشان هەرچی ژیان، یان ماڵ پێویستی بوو بۆمان بردن بەتایبەتی لە رووی ڕایەخ و بەتانی و کەلوپەلی نانخواردن...

**پ١٨/ چۆن ئاویان دەستکەوت؟**

و/ سەرەتا ئێمە بەهەموو شتێك کە لەبەردەستدا بوو تا بەدۆلکەی بچووك ئاومان گەیاندنێ، پاشان کە ئامانیان گەیشتنێ خۆیان لە کاریزەکەی جەژنیکان

کە بۆ بەختی ئەوان ئەو ساڵە ئاوی هەبوو، سوودیان وەردەگرت. پاش هەفتەیەك کە (ئەبو مەیسون)[*] کرایە بەرپرسی حزبی ئوردوگاکە بەتانکەر لە هەولێر ئاویان بۆ دەهێنان.

لە رۆژی ١٣ی/ ئاداری ساڵی ١٩٩١ واتە ٢ رۆژ دوای ئازادکردنی هەولێر لە هۆڵی میدیا خۆی حەشاردابوو لە کونی دەزگای فێنککەرەوە لە کاتی گرتن دەستی نەدا و کوژرا.

**پ١٩/ ئەوانەی یارمەتیان بۆ دەهێنان خەڵکی کوێ بوون؟**

و/ لە هەولێرو هەموو دەوروبەر، بەڵام بۆ رۆژی دووەم خەڵکی بەحرکە یارمەتیان هێنا پاشان هەموو گوندەکانی دەڤەری گەردیان یارمەتیان هێنا. بەحرکە، عەنکاوە، تەنانەت لە دەڤەری زراریش، سێیەم رۆژهەڵمەتی نەپساوەی هەولێر دەستی پێکرد.

**پ٢٠/ چەندەم رۆژ یارمەتیان گەیشتێ؟**

و/ لەگەڵ ساتی گەیشتنیان.

**پ٢١/ یەکەم رۆژ کێ یارمەتی دان؟**

و/ خەڵکی جەژنیکان.

---

[*] ئەبو مەیسون/ بەرپرسێکی حزبی بەعس بوو لە هەولێر. بەوەزیفە بەڕێوەبەری کارگێڕی کارگەی جگەرە بوو،ماڵیشی لە خانووەکانی کارگە بوو، حاجی فازیل بەپیاوێکی باشی دادەنێ و تەنانەت لەگەڵ حاجی فازیلاغا چەندین جار بۆ ئەو ئاوارانە گریاوە. لە گەڕەکی خۆشیان کاك کەمال عومەر کارمەندی کارگەی جگەرەی ئەو کات... باسی دەکات لەگەڵ خەڵکی گەڕەك باش بووە فیرارەکانی سەربازی لە گەڕەکی خۆیان پاراستووە، ئەندامی لیژنەی لە سێدارردانیش بووە لە هەولێر.



**پ٢٢/ خەڵکەکە بە زۆری چییان بۆ دەهێنان؟**

و/ هەرچی ماڵ پێویستی بوو لە خواردن وبەفر و ئاوو بگرە تا دەگاتە لانك ومەمەشیرو مەسینە و قاپ و ئامان و جلوبەرگ.

**پ٢٣/ پاش چەند رۆژان پزیشکیان بۆ هێنان؟**

و/ پزیشك درەنگ هێنران... پاش سێ مانگ کە خەڵك زۆر نەخۆش کەوتن جا بنکەیەکی تەندروستییان هێنا و یەکەم پزیشك ناوی (د. کازم) بوو خەڵکی سوێرە بوو شیعە بوو، وابزانم ئەویش سزا درابوو بەماڵ و منداڵەوە ناردبوویانە جەژنیکان و چارەسەری دەکردن، پاشان پزیشکی خۆمانیان هێنا وەك خاتوو (سۆزی جەلال زیوەر) کە پزیشکی ددان بوو، هەروەها دکتۆر کاوە فاروق دزەیی.

**پ٢٤/ ئایا راستە بەنهێنی پزیشك لە هەولێرەوە هاتوون بۆ چارەسەریان؟**

و/ ئێمە نەمان زانیوە.

**پ٢٥/ لەوانەی یارمەتیان هێنا کەسیان دەناسی؟**

و/ خەڵك لە هەولێرەوە زۆر دەهاتن یارمەتیان دەهێنا، کەس لە کەسی نەدەپرسی تۆ کێی. نەدەبوو ئەو پرسیارە بکرێ، کەسیش نەیدەویست خۆی ئاشکرا بکات، نەخۆ پاشان پیاوانی رژێم بیگرن. تەنانەت خەڵکی سەر بەرژێم و چەکدارەکان و زۆر کەسایەتی ناسراو... بۆ نموونە ! حاکم رەشید عەبدولقادر (خوالێخۆشبوو)، حاجی مەحمود سیًبیرانی، حاجی سوارەی عوسماناغای گردئارەق، ژمارەیەك لە خەڵکی عەنکاوە... ناوەکانم هەموو لەبیر نەماوە. زۆربەیان بەشەخسی پارەیان داوەتە ئێمە و پێمان داون.

**پ٢٦/ هۆکاری یارمەتیدانی خەڵك بۆ ئەنفالکراوەکان چی بوون؟**

**و/ بەڕای ئێمە یارمەتییەکە زۆر هۆکاری هەبوو...**

١- هۆکاری نەتەوەیی... خەڵکەکە خۆی بەهاوچارەنووس دەزانی لەگەڵ ئەنفالکراوەکان هەموو هەر کورد بووین.

٢- ئەرکێکی خێرخوازی ئینسانی بوو... کێ ویژدانی قبوڵ دەکات لە تەنیشتی ژن و منداڵ لە برسان بمرێ لە تێنوێتیان بخنکێ!!.

٣- لە رقی رژێم بوو، وەك تەحەدا و بەرەنگاربوونەوەیەکی سیاسەتی دوژمن بوو.

**پ٢٧: مەبەستی رژێم لە هێنانیان چی بوو؟**

و/ بۆ ئەوەی بوو چاوی خەڵکی ئەم ناوچەیەی پێ بشکێنێ‌و رەنگە زۆر مەبەستی دیکەی هەبووبێ وەك ئێوە پرسیارتان کرد. دیارە رژێم پێشتر نەخشەی بۆ کێشا بوو خەڵك دێنێتە ئێرە، چونکە لەو دەشتە... لە ئاقاری گوندی جەژنیکان (١٢٠٠) دۆنم زەویان لە ساڵی ١٩٨٦ەوە دەستبەسەردا گرت، (٥) باڵەخانەیان لێ دروست کرد وەك: (١) (قەڵایەك کە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیە و پۆلیس بوو (٢) بینایەك کە دوایی کردیان بەبنکەی تەندروستی(٣) بینایەك بۆ رێکخراوی حزبی بەعس، دوو بینایەشیان بەناو بۆ قوتابخانە دروست کردبوو هەندێ شەقامیشیان دروست کرد.

**پ٢٨: لەهەفتەکانی بەرایی چەندیان لێ مردن؟**

و/ (٧٠- ٨٠) کەس.

**پ٢٩: زۆربەی ئەوانەی دەمردن چی بوون؟**

و/ منداڵیان پتر لێ مردن، گۆڕستانەکەیان لێرەیە... ئێمە لێرە کفنمان بۆ کڕین وەدەمانشوشتن وەدەمانشاردنەوە، هەروەها پیرەکانیش دەمردن.



**پ٣٠: هۆی مردن چی بوو؟**

و/ لە برسان ولەترسان، هەبوو بەکاریگەری گازی کیمیایی، بەڕاستی کە خەڵکەکەیان هێنا بەهۆی ئەو چەند رۆژەی لە گرتووخانە بوون رەنگیان گۆڕابوو، زۆر بێ هێز ببوون، منداڵەکان لەڕولاواز و تووشی نەخۆشی ببوون، تاولەرزیان تێدابوو، هەڵبەتە برسێتی و خەموخەفەت و لە دەستدانی گەنج و پیاوەکان کاریگەریان هەبوو بۆ سەر مردن... منداڵەکان وەك منداڵە ئەفریقاییەکان لەڕ و لاواز بوون.

**پ٣١: پاش چەند مانگ رێگەیان پێدرا بچن ئیش بکەن؟**

و/ پاش سێ مانگ رێگەیان پێدان.

**پ٣٢: پاش چەند... رژێم قوتابخانەی بۆ دانان؟**

و/ لە ساڵی ١٩٨٩ قوتابخانەیان بۆ منداڵەکانیان کردەوە، مامۆستاکان لە هەولێر دەهاتن.

**پ٣٣: شوێنی حەوانەوەیان بۆ دروست کردن؟**

و/ بەخۆیان و یارمەتی خەڵکی جەژنیکان و گوندەکانی دی پاشان خانوویان بۆ خۆ دروست کرد.

**پ٣٤: ژمارەی خێزانەکان چەند بوون؟**

و/ نزیکەی(٤٥٠٠) خێزان لە جەژنیکان دانران (٤٠٠- ٤٥٠) خێزانیشیان بردە گردەچاڵ.

## ٢- دیداری زاناو نووسەر مامۆستا مەلا تاهیری بەحرکە ١٢/ ٥/ ٢٠٠٦ بەحرکە



### پ١/ مامۆستا ئەو ڕۆژەت لەبیرە کە ئەنفالکراوەکانیان هێنا؟

و/ ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر خەمناکو ترسناک بوو ئەو ڕۆژە بوو کە خەڵکێکی زۆر لەناوچەی بادینان تا سنوری تورکیایان هێنایە جەژنیکان.

### پ٢/ هێنایان لە کوێیان دانان؟

و/ لە زەویەکی پڕ دڕکو داڵ فڕێیان دان شەو هەواڵمان پێ گەیشت کە ترۆمبێلکی زۆر بەرەو لای جەژنیکان ڕۆیشتنو پڕ لە خەڵك بوو ئەو کاتە نەمان تەوانی بچین بپرسین ئەمە چییە چونکە ڕژێم دەستی بەسەر هەموو شتێك داگرتبوو.

### پ٣/ کەی هەواڵتان پێ گەیی کە لەقاری گوندی جەژنیکان دانراون؟

و/ بۆ بەیانی هەواڵمان وەرگرت گوایە نزیکەی (٥٠٠٠) کەسیان هێناوەو لەو دەشتەی گوندی جەژنیکان یان فڕیداون بێ ئاو، بێ کەلو پەل بێ رایەخ. دوایی کەلێمان دەپرسین گوتیان هەتا ئێمەیان دانا شەو داهات بەدەستی دڕکو داڵمان لا دەدا تا جێگایەك بۆ دانیشتن بکەینەوە.

### پ٤/ یەکەمین وەجبە (٥٠٠٠) پێنج هەزار کەس بوون؟

و/ بە ئێمەیان گووت دەوری (٥٠٠٠) کەس دەبن).

### پ٥/ خەڵك چۆن بە هانایانەوە چوون؟

و/ لەو کاتە خەڵك زۆر لەوە دەترسان حکومەت قەدەغەی بکات خواردنو کەلو پەلیان بداتێ، بەڵام خوای تەعالا وای کرد خەڵکەکە غیرەتێکی دینیان کەوتە ناو



دڵی، هەموویان بە یەکجار لێ بڵندبوون، بۆ یارمەتیدانی ئەو خەڵکە لێقەوماوە هەر چەندە دوژمن زۆری پێ ناخۆش بوو.

### پ٦/ ئێوەو خەڵکی بەحرکە چۆن فریایان کەوتن؟

و/ سەرەتا کەشەو بوو خەڵك ئاگاداری تەواویان نەبوو وەزعەکە چۆنە، بەڵام بۆ بەیانیەکەی زوو خەڵك بەهانایانەوە چوون.

### پ٧/ ئەی کە گەیشتن کێ یارمەتی بۆ بردن؟

و/ وەك ئەوەی من بزانم شەوی یەکەم چونکە لە جەژنیکان نزیك بوون حاجی فازڵو خەڵکی ئەو گوندە فریایان کەوتن.

### پ٨/ خەڵکی بەحرکە بە هاناوە چوونی خۆیان بەچی دەست پێکرد.

و/ بەیانیەکەی وەك زانیمان خەڵکە لێقەوماوەکە لە بێ ئاوی بومبتەلا بوون. خەڵکەکە هەموویان بە خۆ کەوتنو گیانی کوردایەتیان جوڵا چونکە دوژمن ئەو کارەساتەی بەدەست هێنابوون. هەروەها مامۆستایانی ئایینی دەورێکی سەرەکیشیان هەبوو بۆ هاندانی خەڵك مامۆستا مەلا تەیبی برا گەورەم فەرمان دا بە بڵندگۆی مزگەوت بانگ رادێرن بۆ خەڵك یارمەتی ئەو لێقەوماوانە بدەن خۆشمان چووینە مزگەوت بەبێ ئەوەی لە ڕژێمی بەعس بترسین یەکەم ئیشمان ئەوەبوو تانکی بخەینە ناو ئوتۆمبێلان ئاویان بۆ ببەن خەڵك پێڕا نەدەگەیشتن ئاو لە کانی هەڵێنجن ئاوی کانی بەحرکە دابەزیە خوارەوە، چونکە خەڵکەکە شانیان دابووە یەکتر تەنەکەی ئاویان دەدایە یەکتر تا لەناو تەنکیان دەکرد.

### پ٩/ پاش ئاو؟

و/ ئۆتۆمبێل بەنێو گوندیدا دەسوڕاو خۆراکیان گرد کردەوە، هەموو ماڵەکانی گوند دەستیان کرد بە نانکردنو دوای ئەوە کەلو پەلیان کۆکردەوەو دەیانبردن بێ جیاوازی لەنێوان موسڵمانو ئێزدیو مەسیحی دابەشیان دەکرد، چونکە

خەڵکێکی واشی تێدابوو. بە خۆم بینیم لە گوندی بەحرکە یەکێك (نەیویست ناوی بهێنم) چونکە لە پێناوی خودا ئەوەی کردووە، رایەخی ماڵی خۆی لەناوەڕاست کەرت کردو نیوەی بۆ خەڵکە لێقەوماوەکە نارد، قاپو قاجاخیان بۆ بردن، جلو بەرگ، بەتانی، پارەیان بۆ دەبردن، بەلام خەڵکەکە زۆر بوو یارمەتیەکە بەشی هەموویانی نەدەکرد لەسەرەتادا.

**پ١٠/ ئایا تەقەیان لەخەڵکی دەکرد؟**

و/ تەقە نەکرا. . نەیان دەتوانی، بەڵام زۆریان پێ ناخۆش بوو. ئەمەش دەسەڵاتێکی ئیلاهی بوو کەوای کرد ئەوانە لەبەرامبەر خەڵك شەرمەزار بن.

**پ١١/ ئەی کەس گیرا؟**

و/ نەمزانیوە... .

**پ١٢/ ئەی یارمەتی خەڵکی هەولێر چۆن بوو؟**

و/ پاشان هەواڵ گەیشتە هەولێر، دیارە گەورەیەو خەڵکی دەوڵەمەندیشی پترە، بەڵام خەڵکی هەولێر وەك ئێمە شارەزا نەبوونو سەرەتا نەیاندەزانی چۆن یارمەتیەکان بگەیەننو دابەشی بکەن. . رەنگە هەندێکیشیان نەوێرابن راستەوخۆ خۆیان بیبەن. زۆر ئوتومبێلیان پڕ کەلو پەل دەکرد، یان پارەیان دەهێنا لە پێش مزگەوتێ رادەوەستان داوایان دەکرد کە یەك دوو کەسیان لەگەڵ بنێرین، یان دەیانگوت مامۆستا ئێوە بیبەن دابەشی بکەن. .

لۆری یان پیکەپ بەناو کۆڵاندا دەگەڕاو هەرکەسە کەلو پەلی دەهاوێشتە ناوێ کەس نەیدەزانی هی کێیە، کە ئوتۆمبێلەکەی پڕ دەبوو دەیهێنا لای ئێمە، ئێمەش بۆمان دەبردە جەژنیکان، دوایی بەرە بەرە یارمەتی زیادی دەکردو خەڵکی بەخۆیان شارەزابوون پێویستیان نەبوو بێنە بەحرکە لێرەوە دەمانبینی لۆری لەدوای لۆریو پیکاب لە دوای بیکاپ وەك ریزی شارە مێروستان



ئوتومبێل بەدوای یەکدا بۆ جەژنیکان دەچوون. وای لێهات خەڵکەکە نەختێ بوژایەوە ئینجا خانوویان بۆ خۆ دروست دەکردو خەڵك بلۆکو نایلۆنو دارو قەمیشو حەسیر... لە صناعەش بۆدی لۆریو قەلابیان بۆ دەبردنو خودان کارگەکان بلۆکیان بە خۆڕایی دەدانێ هەموو کەلو پەلێك بۆ ئەوان بە خۆڕایی بوو، وای لێهات خۆیان گرتەوەو تەنانەت کاتێ بواریان بۆڕەخسابگەڕێنەوە ناوچەی خۆیان هەندێك نەچونەوەو ژیانیان باش بوو کەمێك تا ئێستاش ماون.

**پ١٣/ کەسیان دەناسی ئێستا لەژیان مابن؟**

و/ کەس ناوی خۆی نەدەگوت، بەڕاستی یەكو دوو کەس نەبوون کە یارمەتیان دەهێنا، تا بیانناسین، ناوی خۆشیان نەدەهێنا.

**پ١٥/ بەڕای ئێوە. . هۆکارەکانی ئەو یارمەتیدانە چی بوون؟**

و/ بەڕای ئێمە (٣) هۆکاری هەبوون:

**یەکەم:** گەلی کورد گەلێکی خوا ناسو ئایندارو بە رەحمە، بینی ئەوانە لێقەومانو پێویستیان بە یارمەتی هەیە.

**دووەم:** هەڵوێستی کوردایەتی بوو ئەوانەی لێیان قەومابوو. . کوردبوون و لەبەر کوردبوونیانو هەڵوێستی کوردایەتی وایان بەسەر هاتبوو، ئێمەش مادام لە جێگەی خۆمان مابووینەوەو لێمان تێك نەچوو بوو ئەرکو پێویست بوو یارمەتیان بدەین.

**سێیەم:** بۆدژایەتی کردنی رژێم بوو. . چونکە ئەو رژێمە پیاوو گەنجی کوشتبوونو گوندی وێران کردبوونو مزگەوتی رووخاندبوون، ئەوانەشی هێنان لەو گۆڕەی دانان، خەڵکەکە بۆ بەرانگار بوونەوەی ئەو سیاسەتەی رژێم ئەو هەڵوێستەیان گرتە بەر.

هەتا زۆرکەس هەبوون لەگەڵ رژێم بوون، چەکدار بوون، بەڵام یارمەتی ئەو لێقەومانەیان دەدا. سەرەڕای ئەمەش خوای گەورە دڵی ئەو کەسانەی نەرمکرد

یارمەتیان بدەنو ئەو هەژارانە تێنەچن، چونکە ئەگەر خەڵکێك خودانی نەبێو زاڵمێك بیەوێ غەدری لێ بکات خوای تەعالا بەهانایەوە دەچێ.

**پ١٦/ مەبەستی حکومەتی بەعس لە هێنانی ئەو ئەنفالکراوانە چی بوون.**

و/ ئەوە دیارە چی شتی خراپە. . رژێم بۆ ئەوە ئەو خەڵکەی هێنابوو. ئەوەی گەنجو بە توانا بوو هەرلەوێ لە (بادینان) کوشتی، ئەوەی دەربازیش بوو رۆیشت، ئەوەی بێ چەكو بێ دەسەڵات بوو هێنانی لێرەی فرێدان. هەڵبەتە بۆ ئەوەش بوو چی ئەو بیەوێ بۆی بکەن، یان بۆ ئەوەی بوو رۆژێك لە رۆژان ئەوانەش قووت بداتو بیانبات لە خواروو زیندە بەچاڵیان بکات، یان بۆ ئەوەی بوو خەڵکی پێ تەمبێ بکات تا کەس نەوێرێ سەری بڵند کات. . دوژمن ئەگینا بۆ جلی وای لەو خەڵکە کرد.

**پ١٧/ رۆڵی پیاوانی ئاینی چۆن بوو؟**

دەوری پیاوانیئاینی کەس لەمەلای مزگەوتەکان کەمو کورتیان نەبوو. خەڵکیان هاندەدا یارمەتی کۆبکەنەوەو بۆ ئەو خەڵکەیان ببەن ئەوەی من ئاگام لێ بێ. . مامۆستا مەلا تەیبی لە بەحرکە وتار خوێن بوو، لە وتاری رۆژانی هەینی بەردەوام باسی دەکردو خەڵکی هان دەدا یارمەتیان بدەن، ئەوانەی جەژنیکانیش کە رۆژانی هەینی دەهاتنە نوێژێ، هەر مامۆستا مەلا تەیبی برام رایسپاردم کە نەهێڵن ئەوانە بچنەوە، خەڵکی گوندی لەبەر دەرگەی مزگەوت دەوەستانو هەر یەکە (٨- ٩) کەسی دەبردەوە ماڵی خۆیان، وای لێهاتبوو بە بەر نەدەکەوتن. تەنانەت وایان لێ هاتبوو هەستیان نەدەکرد هەژارو لێقەوماون، بەڵکە میوانێکی ئازیزی خەڵکی ئێرەنو لەناوچەکەدا بوونە دۆستو برادەری خەڵکی.

**پ١٨/ دەڵێن رێژەی مردنیان لەنێو زۆربوون؟**

و/ نەخۆشی وایان تێدا بڵاو ببۆوە رۆژهەبوو (٤- ٥) منداڵیان دەمرد، هەندێکیان کە منداڵیان دەمرد دەیانهێنا بەحرکەو جێیان دەهێشت یان



بەدیاریەوە دادەنیشتن. لێرە ئێمە بانگەوازمان بە بڵندگۆ دەکرد کە منداڵی لێقەوماوەکان مردووە دەهاتن دەبانشووشتو کفنیان دەکردوو دەیان بردە سەر قەبرانو دەمان ناشت. . بەلایەنی کەم رۆژێ ٣- ٤ منداڵیان دەمرد گۆڕەکانیشیان ماونو لە گۆڕستانی بەحرکە.

**٣- دیدار لەگەڵ خاتوو (هەلالە- ع. م) ٢٠/٥/ ٢٠٠٦ هەولێر**

یەکێك لەو ئافرەتانەی کە سەر بە رێکخستنەکانی ناو شار بوو، بۆیە ئەرکی ئەوەی پێسپێردرا بوو لە نزیکەوە چاودێری ئۆردوگا بکات، بەڵام ئامادە نەبوو ناوی تەواوی خۆی بدات، چونکە دەڵێ من بۆ کوردم کرد، با نەبێتە منەت بەسەر کەسەوەو بە بڕیاری حزبیش بووە نەك دەستپێشخەری خۆم.

**پ١: چ رۆژێك بوو ئەنفالکراوەکانیان هێنایە جەژنیکان؟.**

و: ئێوارەی رۆژی ٨یان ٩ی ئەیلولی/ ١٩٨٨ بوو.

**پ٢: بە چەند وەجبە هێنایانن؟.**

و: ٨- ٩ وەجبە.

**پ٣: رێژەی پیاو لە چاو ئافرەت چەند دەبوو؟**

و: ئاماریکمان نەبوو، بەڵام لە ١٥٪ پتر نەبوو. .

**پ٤: بەچی هێنایان؟**

و: بە ئیڤا و لۆری عەسکەری، یەکەمین وەجبەش من نەم بینی بەڵام گوتیان بەپاسی سەربازی هێناویانن کە تەنها ژن و منداڵ بوون.

**پ٥:- ...**

و:- ...

**پ٦: که لەو دەشتە دانران چییان پێدان؟**

و: هـیچ لـەو سـاکە گـۆڕە فڕێیـان دان، بـێ ئـەوە ی کەوچـکێکیان هـەبێ، پەرداخێکیان هەبێ پارچە پەڕۆکێکیان پێ بێ.

**پ٧: چ هێزێکیان لە دەور دانان؟**

و: جا هێزیان بۆ چی بوو. ئـەو خەڵکـەی هێنایـان نیمـچە مـردوو بـوون، بـەس هەناسەیان مابوو. . بەڵام پێشتریش ڕەبایەی جاشان لە ناوچەکە هەبوون.

**پ٨: ئایا دەوریان تەلبەند کرا پاشان؟!**

و: نەخێر. .

**پ٩: ڕەبایەی جاشەکان چەند دەبوون؟**

و: کەم بوون من « ٥ » ڕەبایەم ئەو کات ژمارد، بەڵام جاشەکان خەڵکی ناوچـەکە بوون و هەقیان بەسەر هیچ شتێك نەبوو.

**پ١٠:- چەکداری دی تەقەیان لەخەڵك دەکرد؟**

و:- نەخێر. . سەرەتا تـەنها چـاودێری خـەڵکیان دەکـرد، تابیانناسـن و پاشـان ئەوانیش بە تۆمەتی یارمەتی دانی خەڵکی (موخەریب) بگرن، بەڵام کەخەڵکەکە بەئاپۆڕە چوون، لەدەستیان دەرچوو. نەتوانیان یارمەتیدەران دەستنیشان بکەن بۆ لێپرسینەوە، نەبارودۆخەکەشیان پێ کۆنترۆڵ بکات. . ترسان ڕاپەڕین ڕووبدات.

**پ١١: ئایا بنکەی ئەمن و ئیستخباراتیان لە گەڵدانان؟**

و: لێژنەیەکی وەرگرتنیان هێنا کە پێکهاتبوو لە بەر پرسـی لێژنـە/ نـاوی ئـەبو مەیسون بوو، پلەی ئەندامی فیرقە بوو، هەروەها نوێنەری ئەمن و ئیـستخبارات و حزبی بەعسیشی تێدابوو. موختاری جەژنیکان و بەحرکەشیان لە گـەڵ دابـوو. موختاری بەحرکە وابزانم ناوی حەمید گەردی بوو زۆر پـیس بـوو، بـەڵام ئـەوەی



جەژنیکان کوڕی فازیل ئاغابوو. . وابزانم ناوی عەبدوڵا بوو کـوڕێکی بـاش بـوو ئەو کات. ئەوانە لەو تاقە بینایە دەوامیان دەکرد کە لە سەرشـەقامی سـەرەکی بوو. پۆلیسی عارەبیشیان هێنابوو جگە لەمەفرەزە تایبەتیەکانی ئەمن.

**پ١٢: ڕێگەیان پێدەدرا بچنە دەرەوەی ئۆردوگا؟.**

و: تامانگێـك مۆڵـەتیان نـەدەدا بـەڵام ژن و منـداڵ دەچـوونە نێـو گونـدی بەحرکەوجەژنیکان، پاش مانگێك جا بۆ ماوەی (٢- ٣) سەعات ڕێگەیان پێدرا.

**پ١٣: ئایا لە کاتی یارمەتی هێنان کەسیان گرت لە ئۆردوگا؟**

و: سەرەتا لە گەڵ خەڵك توند بوون، بە تایبـەتی ئـەمن و مـەفرەزە تایبەتیـەکانی ئەمن.

**پ١٤: هێزەکانی ڕژێم چۆن ڕێگەیان دان خەڵك یارمەتیان بۆ بهێنن؟**

و: ڕژێم ناچار کرا. . سەرەتا هەر خەڵکی جەژنیکان، پاشان بەحرکەو گونـدەکانی دی یارمەتییان دان، هەرچەندە ئاگـاداری موختـارو سـەرۆك جـاش و کەسـایەتییەکانی ناوچەکەیان کردبۆوە نابێ یارمەتییان بـدرێ، بـەڵام کـە هەڵمـەتی هـەولێر دەسـتی پێکرد. . هێز نەبوو بیان گێڕێتەوە. . بەڕاستی ڕژێم نەیتوانی کۆنترۆڵی بارو دۆخەکە بکات. . شوێنەکە دەشت بوو بەهـەموو لایـەك خـەڵك دەیـانتوانی بگەنـە لایـان، هەرچەندە گرفتیان زۆر بۆ خەڵك لە بازگەی بەحرکەو ناو ئۆردوگـا دروسـت دەکـرد، شوفێری لۆری و پیکـاب و ئـەو ئوتومبێلانـەیان دەگـرت کـە یارمـەتیان دەهێنـا، بەڵێننامەیان پێ پڕ دەکردنەوە جارێکی دی ڕوو لە ئۆردوگاکە نەکەن، بەڵام جـاش و سوپای زۆریان نەهێنا، چونکە خەڵکی هەولێر کـە ئـەو ئەنفالکراوانـەی بـینی وەك شێری بریندار لێهات، برینی کۆن و نوێی لێهاتنەوە ژان و خەڵك پێی وابوو سـبەی ئەوانیش ڕووبەڕووی ئەنفالکردن دەبنەوە بۆیە نەدەترسان.

**پ١٥: لە كاتی یارمەتی دان گرفتیان بۆ دروست كردوی؟**

و: جارێكیش لەبازگەی بەحركە منیان راگرت و پێناسەی لێوەرگرتم تا دەگەڕێمەوە گوایە جا دەمدەنەوە، كە گەڕامەوە دامیانەوەو چ قسەیان نەكرد. پاش ئەوە تەنها یەكجاری دی بەوێدانەچووم رێی خۆم گۆڕی و بەرێی گردەچاڵ و گرد عارەقدا دەچووم.

**پ١٦: تۆ یارمەتیت داون؟**

و: كەمێك وەك هی خۆم. . بەڵام لە دۆست و لایەنگرو ئەندام و خزم و كەسان لەو ماوەیە بڕی پتر لە(٢٥٠٠٠) بست وپێنج هەزار دینارم بۆ كۆكردنەوە و بەسەر ئافرەتە هاوسەر ئەنفالكراوەكان دابەشم دەكرد. پەیوەندیشم بەچەند پێشمەرگەیەكەوە هەبوو لەوێ بۆدیاری كردنی ئەو خێزانانەی زۆر پێویستن یارمەتیان دەدام.

**پ١٧: بەچی دی یارمەتیت داون؟.**

و: هەر پارە. . چونكە من ئافرەت بووم نەمدەتوانی كەل و پەلیان بۆ كۆبكەمەوە و لە پێشی لۆری سوارم. . بەڵام هانی خەڵكم دەدا یارمەتیان بۆ ببەن.

**پ١٨: چۆن ئاویان دەستدەكەوت؟.**

و: سەرەتا بە تانكی و بەرمیل لە جەژنیكانو بەحركە بۆیان دەبردن. دوایی كارێزەكەی جەژنیكانیان پێنیشاندان، كەلو پەلیشیان پەیداكرد خۆیان لە گوندی جەژنیكان دەیانبرد، تا رژێم ناچار بوو هەندێ جار تانكەری بۆ دەبردن.

**پ١٩: ئەوانەی یارمەتیان بۆ دەبردن خەڵكی كوێبوون؟**

و: دەوروبەری جەژنیكان، عەنكاوە، هەڵمەتی هەولێریش بێوەستان بوو. بە چاوی خۆم دیم و لە گەڵ خەڵكی عەنكاوە وەستابووم كە كاروانی ئاوارەكان هات وابزانم دووەم كۆمەڵە بوون خەڵك دەهاتنە سەر شەقام ونان و سەموون و جلوبەرگ و خواردنیان دەدایە خەڵكەكەو بۆیان فڕێ دەدانە ناو لۆرییە سەربازییەكان.



**پ٢٠: چەندەم رۆژ یارمەتییان گەیشتێ؟**

و: وەك بیستم لەیەكەمین سەعاتی گەیشتنە جێیان لە جەژنیكانەوە بۆیان بردن. پێویستە مێژوو رۆڵی حاجی فازیلی گوندی جەژنیكانی ئەبابەكر ئاغا لە بیر نەكات. . ئەو تەوقی گەمارۆی رژێمی شكاندو یەكەمین كەس بوو جاڕی بە هاناوەچوونی خۆی و دۆست و برادەرانی راگەیاند.

**پ٢١: یەكەم رۆژ هەر جەژنیكان بوو؟**

و: هەر ئەو شەوەی گەیشتن ئەوان یارمەتیان دان پاشان گوندی بەحركەو گرد ئارەق و گوندە كانی دی.

**پ٢٢: خەڵكەكە بە زۆری چییان بۆ دەهێنان؟**

و: بڵێ چییان بۆ نەهێنان، هەرچی ماڵ و ژیان پێویستی بوو.

**پ٢٣: پاش چەند رۆژان پزیشكیان بۆ هێنان؟**

و: لە بیرم نەماوە. . هەرچەند من ئەمانەم هەموو نووسیبوو، لە گرتنەوەی شاری هەولێر لە نیسانی ١٩٩١ تیاچوون، ئەگینا زانیاریەكی باش بوو بۆ تۆ. .

**پ٢٤: ئایا راستە بە نهێنی پزیشك لە هەولێرەوە هاتووە بۆ ناویان؟**

و: نەمزانیوە. . پزیشك بێتە ناو ئەو حەشامەتە چۆن بە نهێنی دەمێنێتەوە.

**پ٢٥: لەوانەی یارمەتیان هێنا كەسیان دەناسی؟**

و: بەڵێ ناوی هەندێكیانت دەدەمێ كە یارمەتی تایبەتی و پارەو كەل و پەلیان داونەتێ.

**پ٢٦: هۆكاری یارمەتی دانی خەڵك چی بوون؟**

و: **یەكەم:** كوردایەتی و هاوچارەنووسی.

**دووەم:** هۆکاری ئاینی.

**سێیەم:** هۆکاری مرۆڤایەتی. . چونکە خەڵکی عەنکاوە زۆربەیان نەکوردن و نە موسوڵمانن بەڵام هاوبەشیەکی باشی هەڵمەتەکەیان کرد. بەنهێنی و بە ئاشکرا دەبێ هۆکاری مرۆڤایەتی بێت.

**چوارەم:** هەولێر بە یارمەتی دانی خەڵکی لێقەوماو بەناوبانگە. .

**پ٢٧: مەبەستی رژێم لە هێنانی ئەوانە چی بوو؟**

و: **یەکەم:** بۆ ئەوە بوو ئەو خەڵکە بەڕەزیلی و نەبوون و هەژاری و نەخۆشی بمرن. .

**دووەم:** چاوی کورد بەگشتی و خەڵکی هەولێری پێ بشکێنن، نەیزانی بە خراپ بە سەریدا دەشکێتەوە. نەئەوان بە رەزیلی مردن، بەڵکو ئەوەی مردیش بە سەر بڵندی بوو، بووە شەهیدی ئازادی. خەڵکی هەولێریش باوەڕێکی زۆر پتەوتریان بە خۆ پەیدا کردو ئەوەی هەرگیز تخونی سیاسەت نەدەکەوت، بوو بەسیاسی و داکۆکیکار لە مافەکانی خۆی.

**پ٢٨: ئایا دەزانی لە هەفتەکانی بەرایی چەندیان لێ مردن؟**

و: زۆر دەمردن بلاّم بە ژمارە نازانم.

**پ٢٩: زۆربەی ئەوانەی دەمردن چی بوون؟**

و: زۆربەیان منداڵ بوون. پترلە دوو بەشیان منداڵ بوون.

**پ٣٠: هۆی مردنەکە چی بوو؟**

و: برسێتی، کاریگەری چەکی کیمیایی، ترسان لە چارەنووسێکی نادیار، خەم و خەفەت خواردن لەو خۆشەویستانەی شەهید کران، یان شونبزر کرابوون و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی منداڵان.



**پ٣١: پاش چەند مانگ رێگەیان پێدرا بۆ خۆ بچن ئیش بکەن؟**

و: وابزانم پاش (٣) سێ مانگان، ئەوکاتیش زستان داهات و ئیش کەم بوو، بەڵام خەڵکی هەولێر لەشوێن و کارگەکاندا ئیشیان بۆ پەیداکردن.

**پ٣٢: پاش چەندی رژێم قوتابخانەی سەرەتایی بۆ دانان.**

و:پاش ساڵێکی تەواو بۆ خوێندنی ٨٩- ٩٠ بەو هەموو کەسەش تەنها دوو قوتابخانە بوو. . بەشی هیچی نەدەکرد. هەندێك لەقوتابخانەی جەژنیکان وەرگیران.

**پ٣٣: هیچ جۆرە خانوو یان شوێنی حەوانەوەیان بۆ دروستکردن؟**

و: رژێم؟!! نەخێر بە خۆیان و یارمەتی خەڵکەکە کولانەی بچوك بچوکیان دروست کرد بە تایبەتی کە زستان هات خەڵکیش دارو نایلۆن و بلۆك و بۆدی و قەلابولۆری و پلێت و شتی تریان بۆ هێنان بەڵام بەشی هەموویانی نەکرد. .

**پ٣٤: ژمارەی خێزانەکان چەندبوون؟**

و: بە پێی ژمارەی پارچە زەوییەکان کە (٤٥٠٠) بوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆریشی بردرانە بەرحوشتر و گردەچاڵ.

**٤- دیداری زریان حاجی پاشا، بەحرکە ١٠/ ٥/ ٢٠٠٦**



**پ١/ لە بیرتە چ رۆژێك ئەنفالکراوەکان هێنرانە جەژنیکان؟**

و/ لە ١٥/ یان ١٦/ ٩/ ١٩٨٨ یەکەم وەجبە یان هێنا.

**پ٢/ بە چەند رۆژ تەواو ئەنفالکراوەکان هێنران؟**

و/ نزیکەی دوو هەفتەی خایاند. . پاشان وەجبەی دیش هاتن.

**پ٣/ رێژەی پیاو لەچاو ژنو منداڵ چەند بوون؟**

و/ پیاو ١٠٪ دەبوون نزیکەی. . لە ١٠- ١٥ ماڵ یەك پیاویان لەگەڵ بوو ئەوانیش پیرەمێرد بوون.

**پ٤/ بە چ هێنایان؟**

و/ بە لۆری عەسکەری، ئیڤای عەسکەری، هەندێکیش ژنو منداڵ بە پاسی گەورە.

**پ٥/ کە لەو دەشتە دڕکاوییە دانران چییان پێدان؟**

و/ لەو ساکە گۆڕەیان دانانو هیچیان نەدانێ بێ ئاوو خۆراكو هیچ کەلو پەلێك.

**پ٦/ چ هێزێکیان لەدەور دانان؟**

و/ ئەوەی لەوێ بوون فەوجە سوکەکانی جاشان بوو. . بە زۆریش بۆ پارێزگاری ناوچەکە بوو بەر لەهێنیان لەوێ بوون.

**پ٧/ چەند خالی پاسەوانی (رەبیە) هەبوون؟**

(٥- ٦)هەر رەبایەی فەوجی سووکی جاشان لەوێ هەبوو. بەڵام مەفرەزەی ئەمنو مەفرەزەی تایبەتو پۆلیسو حزبیەکان لەنێوایان دەسوڕانەوە.



**پ٨/ ئایا بنکەو بارەگای حزبی بەعسیان لەنێو دانان؟**

و/ بەڵی ئەمنو حزبیو پۆلیس دانران.

**پ٩/ رێگەیان پێ دەدرا بچنە دەرەوەی ئوردوگا؟**

و/ پاش مانگێك. . جا تاك تاکە رێگەیان دەدان بۆ شتکڕینو ئیشکردن.

**پ١٠/ ئایا لەکاتی بە هاناوەچوونی خەڵکی، هێزەکانی رژێم تەقەیان لە خەڵك کرد؟**

و/ نەخێر. . بەڵام ژمارەی ئوتۆمبێلەکانیان دەنووسی، تەنانەت ژمارەی ئوتۆمبێلیان دابوو بە بایزاغای گەردیو پێیان گوتبوو ئەمانە ژمارەی برازاو ئامۆزاو کەسو کاری تۆنو یارمەتیان بۆ دەبەن. بایز اغا وەڵامی دابوونەوە: ئێمە کە لێرە دانیشتووین ناومان بەوە دەرکردووە ناندەرو یارمەتیدەری خەڵکین. ئەوانە کوردیش نەبن، (کە ئەرکی سەرشانمانە یارمەتی خەڵکی خۆمان بدەین)، ئەگەر ئیسرائیلیش بن، ناچارین یارمەتیان بدەین. یان لەناوچەی ئێمەیان لادەن، یان ئێمە بەخێویان دەکەین و ناهێڵین ژن و منداڵ لە برسان بمرن.

**پ١١/ خەڵکی بەحرکە کەی بە هانایانەوە چوون؟**

و/ هەر لەدوای جەژنیکان و رۆژی دوای گەیشتنیان، حاجی فازیل ماڵی هەرئاوەدان بێت کارێکی زۆر رێكو پێکی کرد، خەڵکی بەحرکەش هیمەتێکی زۆر باشیان کرد، رۆڵی سەرەکیش مامۆستا مەلا تەیبو حاجی پاشا بوون، خەڵکەکەیان بانگ کردو گوتیان بۆ ئەوەی نەهێڵین بمرن با ژنەکانی گوند دەست بە نانکردن بکەن، ئەوەش دەیەوێ دەرگەی عەمباری گەنم کراوەتەوەو ئاشیش لە گوندی هەیە با ئارد لێ بکەن، ئەوانەش ئوتومبێلیان هەبوو ئامادە کران بۆ شتومەك کڕین، هەبوو بە خۆی دەیکڕی، هەبوو، خۆی نەیدەتوانی لەڕێگەی خزمەکانیو خەڵکی دی پارەیان دەبەخشی و کەلو پەلی بۆ دەهێنان، بەڵام یارمەتی گەورەی بەحرکە لەنیوەڕۆی رۆژی دووەمی هاتنیان بوو، چونکە ئەو خەڵك زانیاری لەسەریان نەبوو.

**پ١٢/ بەچی یارمەتیتان بۆ بردن؟**

و/ زۆر شت بوو. . سەرەتا نانو ئاو، پاشان پێخۆر، جا هاتە سەر هەموو شتێك، تا ئەوەی چادری هەبوو بۆی بردن. ئەوەی لە بیرناکرێ مامۆستایانی ئایینی هەولێریش رۆڵێکی گرنگیان هەبوو، بانگراهێشتیان لە مزگەوتەکانی هەولێریش کردبوو.

**پ١٣/ کێ یەکەم رۆژ یارمەتی گەیاندنی؟**

و/ جەژنیکان.

**پ١٤/ خەڵکەکە بەزۆری چییان بۆ دەبردن؟**

و/ هەموو شتێك.

**پ١٥/ هۆی سەرەکی ئەو بەهاناوەچوونە چی بوو؟**

و/ هۆی سەرەکی یارمەتیدانیان گیانی کوردایەتی بوو. هەروەها هۆکاری ئایینی هەبوو، بەڵام لەکاتی ئەنفالەکان بوو خەڵك لە دوژمن زۆر پەست بوو... رەتدانەوەیەکی رژێم بوو کە(کورد ماوە)!. هەروەهاخەڵکی هەولێر هەردەم غەریبو هەژار پەرست بووە لە کۆنەوەو یارمەتی خەڵکی لێقەوماوی داوە.

**پ١٦/ نموونەی یەکێك لەو یارمەتییانەمان بۆ بگێڕەوە.**

و/ گەنجێکی بەحرکە هاتەوە گوتی منداڵ زۆر دەمرن... ئێمەش ویستمان هۆیەکەی بزانین، چونکە پێشتریش ١٠- ١٥ منداڵیان مردبوونو ئەوەی من ئاگاداربم لە بەحرکە چوون مەیتی منداڵەکانیان هێناو گۆڕیان بۆ لێدانوناشتنیان. من لەم هۆکارەم کۆڵیەوە. . دیار کەوت لەبەر ئەوەی ئافرەتەکان ماوەیەك بوو لە دڵە راوکێی مەرگو ژیان بوونو نانیان نەخوارد بوو، کەسو کارو خزمیان گوللەبارانو شونبزر کرابوون شیریان لە مەمکاندا نەمابوو، بەڕاستیش منداڵێکی یەکجار زۆریان پێ بوو... پێم باش بوو هەڵمەتێك بکەین



بۆ شیرپەیداکردن. بە حاجی پاشای باوکمو بە باپیریشم گووت کە (ئەوکات هەردووکیان لەژیان مابوون) گوتیان برۆن بۆ یان بکڕن... چوومە هەولێر نزیکەی (٤٠٠) مەمەی شیرم کڕی لەگەڵ شیرو شەکرو بردمان دامانە ئەو ئافرەتانەی منداڵی ساوایان هەیە.

**پ١٧/ کێ لەو هەڵمەتە هاندەرو یارمەتیدەرت بوو؟**

ئەوەی لەم کارە یارمەتیان دام باوکمو باپیرمو مامم عەبدوللاو مام محەمەد بوو ئەو کاتیش شیر زۆر کەم بوو. . چەند دوکانداریکی شاری هەولێر هیمەتێکی زۆر چاکیان کرد... ئەو هەموو شیرو مەمەیان بۆ پەیدا کردین.

**پ١٨/ کەس لەوانە لە ژیان ماون؟**

و/ یەکێکیان لە ژیان ماوە بەناوی ئەحمەد یاسین، دۆڵدرمە فرۆشە لە تەنیشت مزگەوتی ناو بازار لەسەر جادەی ئاشتی لای قالدرمەکان، یەکێکی دی بۆ ماوەی (١٠- ١٥) رۆژ هەموو بەرهەمی خۆی کە کارگەی فافۆنی هەبوو، یەك لۆری قاپو قاجاخو ئامانی هێنا، کە ناوی حاجی یونس بوو. منداڵەکانی ماون. . دوکانیان بەرانبەر مزگەوتی (گەورە)یە ناویان مەحمودو دیدارە.

پاشان شەکر زۆر کەم بوو لە هەولێر، حکومەتی بە بایەع شەکری دەدا، تەنها لای دۆندرمە فرۆشو شەربەت فرۆشەکان گەر دەست بکەوتایە. . چوومە لای هەندێك کە ناویان لەبیرم نەماوە یەکێکیان گوتی: من شەکرت بۆ پەیدا دەکەم... بە مەرجێك. . من یەك فلستان لێ وەرناگرم، بەڵام ناتوانم دابەشی بکەم. لەماوەی دوو رۆژان نزیکەی (٥٠) فەردە شەکرمان پەیدا کرد، ناوی خۆی نەگوت گوتی: من کوردمو بۆ کوردی دەکەم پێویست ناکات کەس ناوم بزانێ، شەربەت فرۆش بوو. . دوکانی نەماوە، بەڵام ئەو کات دوکانەکەی لە بەرانبەر گۆڕە تەنیاکەی سەر شۆستەی شەقامی ئاشتی بوو. شەکرەکەمان بەرە بەرە گواستەوە گوندی بەحرکەو پێنج پێنج کیلۆ لەناو عەلاگەمان دەکردو هەر ماڵ (٥) کیلۆمان دەدانێ.

**پ١٩/ بۆ ئەوانەی یارمەتیان داون ناوی خۆیان نەداوە؟**

و/ خەڵکانێك ئیشکیان کردووە، نایەنەوێ باسیان بکەن، بۆ نەفسی خۆیان کردووە، بۆ خوای خۆیان کردووە، بۆ نەتەوەی خۆیان کردووە، بەڵام ئێمە کە لەگەڵ رووداوەکە بووین دەتوانین باسی بکەین، بەتایبەتی ریش سپیەکان دەورێکی زۆریان هەبوو، هانی گەنجەکانیان دەدا. هەموویان یارمەتیان داوە، جا هەر کەسە بەپێی توانای خۆی.

**پ٢٠/ سەرەتا لە بەحرکە چییان بۆ بردن؟**

سەرو نانو ناویان بۆ بردن. . دوایش دەیانزانی نان و ئاو بەتەنها ناخورێن، بۆیە پێخۆریان بۆ بردن وەك ئاروو، تەماتە. . شفتی بۆ ئەوەی خۆیان پێ بگرنەوە.

**پ٢١/ ئەی گوندەکانی دەووروبەرکەی بەخۆ کەوتن؟**

و/ هەموو گوندەکانی دەووروبەر لە رۆژی دووەمو سێیەم بە هانایانەوە هاتن. . بەڵام ناتوانم بڵێم ئەوەی. . حاجی فازیل کردوویەتی خزمانی گوندەکانی دی کردوویانە، چونکە ئەو کاتە توانای مادی پتر بوو، ٢- ٣ ئوتۆمبێلی هەبوو لە خزمەت خەڵکەکە دابوون. . بەڵام رەنگە بتوانم بڵێم خەڵکی بەحرکە لەگەڵ حاجی فازیل لە ئاستێك دابوون... هەروەها گوندەکانی دی حاجی سوارەی گردئارەق، گردەچاڵ، بەرپیتان. . تد. بەڵام هەڵمەتی خەڵکی هەولێر لە بۆچوونی کەس دانەبوو، حکومەتی بەعسیشی اساند. . دەڵێن لەو رۆژییەوە هەولێر تەوقی گەمارۆی بەعسی تاساند. . بە کوردەواری خۆمان دەڵێن (قەپۆزی رژێمیان شکاند) هەر ئەو قەپۆز شکاندنە بوو... بۆیە رژێم هیچی بۆ نەکرا. . (٢- ٣) مانگیش بەردەوام بوو، وا بزانم چ ماڵێك نەبوو یارمەتی نەدات. . هەتا خودان کارگەی بلۆك، وەکیلەکانی چیمەنتۆ. . هەتا دەڵێن خانوو هەبوو یەکێکی خەڵکی هەولێر بۆی دروستکردووون.



**پ٢٢/ کێ دەناسی لەوانەی یارمەتییان داون؟**

و/ من دەپرسم کێ یارمەتی نەداون لە هەولێر هەتا لە عەنکاوە رێگەیان لەئوتومبێلە عەسکەریەکان دەگرت تا بووەستێنو خۆراکیان بدەنێ... رەنگە پاش مانگێك زۆر لە خەڵکی جەژنیکان کەلو پەلی تەواو بۆ دابینکرا. . بەڵام لەوانەیە پارەیان نەبووبێ. . کەلو پەلیان دەفرۆشتنەوە.

**پ٢٣/ دیمەنێك لە ئەندێشەتدا مابێ؟**

و/ دیمەنێك هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە (ئافرەتێك بە سواری ئوتۆمبیلێك سۆپەری رەنگ قاوەیی هاتە نێو جەژنیکان، کە تەمەنی لە دەوری (٣٠- ٣٥) ساڵان بوو، جانتایەکی پڕ لە پارەی (٢٥ دینار)ی پێ بوو بە چاوی خۆم بینم حەزیشیم دەکرد بیناسم بۆ ئەوەی رۆژێك ئەو چاکەیەی باس بکرێت، کە دەگەڕا لەناو ئوردوگا هەر کەسەکی بدیبایە (٢٥) دیناری دەدایێ (مندالێ، تا ئافرەت، تا پیر) لەوانەیە(٣٠) هەزار دیناری دابەشکرد، ئەو رۆژە ئەو پارەیە زۆر بوو بۆ ئەوکات)

ئەو کاتە کەس لەبیری نەبوو زانیاری کۆبکاتەوەو تۆماری بکات بۆ مێژوو. . لەبیری ئەوە دابووین چۆن ئەو خەڵکە لەمردن رزگار بکرێتو قەپۆزی بە عەسیش بشکێنن.

**پ٢٤/ جگە لەیارمەتی مادی، یارمەتی مەعنەویش هەبوو؟**

و/ زۆر خەڵك هەبوو هاندەر بوون تا ئەنفالکراوەکان ئیش بکەنو نان پەیدا بکەن، بۆیە ئەوانەی کرێکاریان دەویست ئەوانیان دەبرد بۆ کارکردن، یان کارگەکان هەولیان دەدائاوارەکانی جەژنیکان دابمەزرێننو کاریان پێبکەن.

**پ٢٥/ بەڕای تۆ بۆچی حکومەتی بەعس ئەنفالکراوەکانی هێنایە جەژنیکان؟**

و/ ئەوەی من تێی گەیشتم. (ئەو کات). . بەعس لەو پەڕی بەهێزی دا بوو، دەیتوانی چۆن بارزانیەکانو خەڵکی گەرمیانی ئەنفال کرد، ئەوانەش بکوژن یان

زينده باچاڵيان بكات. . بێ ئەوەی بگەنە شارەكان. . بەڵام دەيويست. نيشانی خەڵك بدات ئەوا لەم ساكە گۆڕە داياندەنێ با لە برسان بمرن. . ئەوەی نارازيش بێت وای لێ دەكەم، تا چاوی خەڵكی پێ پشكێ. كەچی ميللەتەكە ڕەدی داوە و سەلماندی ئێمە ماوين‌و نەمردووين.

**پ٢٦/ ڕێژەی مردن چۆن بوو لەناو ئەنفالكراوەكان؟**

و/ منداڵ زۆر مردن. . بەڵام پيرەكان لەژێر كاريگەری دەروونی و خەمخواردن مردن. . هەبوو كوڕو گەنجەكانی گوللە باران كرابوون. بۆ نموونە يەكێك لە پيرەمێردەكان بۆی باسكردم كە: (٤) كوڕيان لە پێش چاوی گوللە باران كردووە لەگەڵ نەوەيەكی تەمەنی (١٤) ساڵان بوو. . كابرا ناوی (مام صالح) بوو خەڵكی بەری گارە بوو هەموو دەم دەگريا... . دەيگوت: گوتم منيش بكوژن. . پياوانی بەعس پێيان گوتم. . نا تۆ بۆ خەمان بمێنەوە. پاشان لە جەژنيكان خۆشی مرد.

**پ٢٧/ پاش چەند مانگ ڕژێم قوتابخانەی بۆ كردنەوە؟**

و/ جەژنيكانيان كردە ناحيە. . مەكتەبيشيان بۆ كردنەوە پاش ئەوەی بينيان ئەوانە تازە لە برسان نامرن، فەرمانياندا چەند قوتابخانەيەك بكرێتەوە، پاشان بايەعيان بۆ هێنان، بنكەی تەندروستيان بۆ كردنەوە، ئەمە پاش ساڵێك.

**پ٢٨/ هيچ جۆرە خانوو، يان شوێنی حەوانەوەی بۆ دروستكردن؟**

و/ نەخێر.

**پ٢٩/ بەرانبەر بەو هەڵمەتەی خەڵكی هەولێر چی دەڵێی؟**

و/ ئەو هەڵمەتە بەهاناوە چوونەی لە خەڵكی هەولێر ئەو كاتە بينيم، كارێكی زۆر گەورەبوو، ئەو كاتە بوو كورد گوتی ئێمە ماوين، بەرەنگاربوونەوەيەكی ڕاستەقينەی ڕژێم بوو.





**٥- ديدار لەگەڵ حاجی سوارەی عوسمان ئاغای گردئارەق**

**٥/ ٥/ ٢٠٠٦ گرد ئارەق**

**پ١/ لە بيرتانە چ ڕۆژێك بوو ئەنفالكراوەكانيان هێنايە جەژنيكان؟**

و/ ١٠/ ٩/ ١٩٨٨. پێم وايە يەكەمين وەجبە زێبارييەكان بوون.

**پ٢/ بە چەند ڕۆژ هێنران؟**

و/ ٥- ٦ وەجبە.

**پ٣/ ڕێژەی پياو لەچاو ژن‌و منداڵ چەند بوو؟**

و/ زۆربەيان ژن و منداڵ و پيرەمێرد بوون.

**پ٤/ بە چ هێنايان؟**

و/ بەئيڤا و لۆری سەربازی.

**پ٥/ گەنجەكانيان بۆ كوێ برد؟**

و/ گەنجەكان لە كاتی گرتنيان جودا دەكرانەوەو شونبزركران، يان گوللەبارانكران.

**پ٦/ كە لەو دەشتە دانران چييان پێدان؟**

و/ لەنێو درك و داڵ فڕێيان دان بێ ئەوەی هيچ خواردن، يان رايەخ ونوێن و چادروپەناگەيەكيان بۆ دابين بكەن.

**پ٧/ چ هێزێكيان لە دەور دانان؟**

و/ تەنها پۆليس لە سەرەتادا.

**پ٨/ ئایا دەوریان تەلبەند کرا؟**

و/ نەخێر.

**پ٩/ خاڵی پاسەوانیان لە دەور دانان؟**

نەخێر هەر پۆلیس و مەفرەزە تایبەتیەکان لە ناو ئۆردوگا هەبوون.

**پ١٢/ ڕێگەیان پێدەدرا بچنە دەرەوەی ئۆردوگا؟**

و/ پاش مانگێك ڕێگەیان پێدرا.

**پ١٣/ ئایا لەکاتی یارمەتیدان، هێزەکانی ڕژێم تەقەیان لە خەڵك دەکرد؟**

و/ نەمزانیوە.

**پ١٤/ هێزەکانی ڕژێم چۆن هێشتیان یارمەتیان بدرێ؟**

و/ ڕۆژی دوای گەیاندنیان منیان بانگی ئەمنی عەنکاوە کردو ئاگاداریان کردمەوە بەهیچ شێوەیەك نابێت یارمەتی ئەنفالکراوەکان بدەین. گوتیان ئەوانە تێکدەرو تاوانبارن با لە برسان بمرن. بەڵام من هەر ئەو ڕۆژە کە گەڕامەوە، لە دوای بەڕێزان (مامۆستا مەلا حوسێن — مەلای گوندی، ئەحمەد سوارە رەسول، عەزیزی شێخ محەمەد، عەبدوڵا سلێمان، کاکل عوسمانی برام) ناردو لیژنەیەکمان بۆ یارمەتی پێکەوەنا، برێك پارەمان خستە بندەستیان و مامۆستا مەلا حوسێن خۆی ماڵ بەماڵ دەگەڕا یارمەتی و کۆمەکی بۆ گردەکردنەوە و حاجی عەزیزو چەند برادەرێك چوونە هەولێر کەلوپەل و خۆراکیان بۆ کڕین و بە ٦- ٧ وەجبە پێیان دان، هەروەها کاك ئەحمەدو کاك عەبدوڵا سلێمان قەلابیان هەبوو، کاکلی براشم جێی هەبوو بەردەوام دەگەڕان و دەچوونە هەولێر یارمەتی و کۆمەکیان کۆ دەکردەوە بۆیان دەهێنان.



**پ١٥/ لەکاتی یارمەتیدان کەس دەستگیرکرا؟**

و/ من ئاگادار نیم... بەڵام هەرەشەیان لە خەڵك دەکرد... هەموو کاروانێك کاك ئەحمەدو کاك کاکل و عەبدوڵایان ئاگادار دەکردەوە ئەمجارە بێنەوە دەیانگرن و ژمارەی ئوتومبێلەکانیشیان دەنووسین...

**پ١٦/ تۆ یارمەتیت داون؟**

و/ هێندەی خوا کردیە قسمەت... درێغیمان نەکردووە.

**پ١٧/ گەر یارمەتیت داون. . بەچی بوو؟**

و/ بەکەلوپەل و پارە.

**پ١٩/ ئەوانەی یارمەتیان بۆ دەهێنان خەڵکی کوێ بوون؟**

و/ لە هەموو گوندەکانی ئەم دەڤەرە... بەڵام کۆمەکی گەورە لە هەولێر بوو، بەردەوامیش بوو.

**پ٢٠/ چەندەم ڕۆژ یارمەتیان گەیشتێ؟**

و/ یەکەم ڕۆژ تەنها جەژنیکان... پاشان گوندەکانی دیکەو هەولێر. خوا هەڵناگرێ دەوری حاجی فازیل زۆر گەورە بوو.

**پ٢١/ یەکەم جار کێ یارمەتی دان؟**

و/ جەژنیکان و حاجی فازیل.

**پ٢٢/ خەڵکەکە بە زۆری چییان بۆ دەهێنان؟**

و/ هەرچی ماڵ ومرۆڤ پێویستی پێ بوو... یارمەتییەکە خۆبەخش بوو... چیت لە دەست دەبۆوە دەتخستە ناو ئەو سەیارانەی دەگەڕان بۆ یارمەتی کۆکردنەوە.

**پ٢٣/ پاش چەند رۆژان پزیشکیان بۆ هێنان؟**

و/ ئاگادار نیم.

**پ٢٤/ ئایا راستە بەنهێنی پزیشك لە هەولێرەوە هاتوون بۆ چارەسەریان؟**

و/ نەمزانیوە.

**پ٢٥/ لەوانەی یارمەتیان هێنا کەسیان دەناسی؟**

و/ ماوەیەکی زۆری بەسەردا چووە ناوەکانم لەبیر نەماون، بەڵام ئەوانەی یارمەتیان نەداون تەنانەت لە هەولێریش کەمن. زۆر لە یارمەتییەکان دەدرانە حاجی فازیل، چونکە ئەو بەئاشکراو بێ ترس، سەرپەرشتی ئەنفالکراوەکانی دەکرد.

**پ٢٦/ هۆکاری یارمەتیدانی خەڵك بۆ ئەنفالکراوەکان چی بوون؟**

و/ کورد بوون... چارەنووسمان یەك بوو.

**پ٢٧/ بەڕای تۆ مەبەستی رژێم لە هێنانی ئەنفالکراوەکان بۆ جەژنیکان چی بوو؟**

و/ بەمنیان گوت: دەمانەوێ لە برسان بمرن.



**٦- دیدار لەگەڵ کاك ئەحمەد سوارە رەسول/ گوندی گردئارەق**



**(خودان قەلاب) ٥/ ٥/ ٢٠٠٦ گرد ئارەق**

**پ١/ لەو ماوەیە چیت دەکرد؟**

و/ من کە ئەو کات قەلابم هەبوو... لەسەر داوای حاجی سوارەی عوسماناغای گردئارەق وئەو برە پارەیەی کە خۆی و خەڵکی گوندی گردئارەق کۆیان کردبۆوە (٦- ٧) کاروان پێداویستی و کەلوپەلمان بۆ خەڵکی جەژنیکان هێنا. پاشان زۆر لە خزم و برادەر داوایان لێ دەکردم کە یارمەتیان کۆکردۆتەوە و داناوە بەڵکە بۆیان بگەیەنمە ئەنفالکراوەکانی بادینان لە جەژنیکان، بۆ ماوەی (١٥) رۆژ هەر بەم کارە خەریك بووین.

کە کەلوپەل و تەکلیفی دۆست و برادەر تەواو بوون، لەگەڵ ژمارەیەك لە گەنجانی خزم بەنێو کۆڵانەکانی شاری هەولێردا دەسووڕاینەوە، هەر هێندە بەس بوو بتگوتایە (جەژنیکان) ئیدی ماڵ نەبوو بەرێژەیەك کەلوپەلی پێویستی ژیان یان خۆراك نەهێنابایە تا ئوتومبێل پڕ دەبوو.

**پ٢/ چۆن رژێم رێگەی دەدا؟**

و/ سەرەتا بازگە رێگەی نەدا، بەڵام بەسەدان ئوتومبێل و بەلێشاو خەڵك هاتن و نەگەڕانەوە، ترسان لەوەی خەڵکەکە راپەڕێ و بیانکوژن، بۆیە رێگەیان کردەوە، بەڵام هەموو ئوتومبێلەکانیان تەبلیغ کرد جارێکی دی نەیەنەوە. بۆ رۆژی دووەم هەڵمەتی یارمەتی هێنان پتر بوو، دیسان بازگەکە نەیتوانی رێمان لێ بگرێ، بەس ژمارەی ئوتومبێلەکانیان دەنووسی، کەچی خەڵك باکی بەوە نەبوو.

**پ٣/ راستە قاچاخەڕێش دروست ببوو هەندێك خەڵك بەبازگەكاندا ڕەت نەدەبوون؟**

و/ زۆر كەس بەقاچاخەڕێ دەهاتن، تەنانـەت لـە دەروازەی سـەرەكی ئوردوگـاش نەدەچوونە نێو چەژنیكان، ئەویش لەبەر دوو هۆ بوو:

**یەكەم:** خەڵكانێك رۆژێ چەندین كاروانیان دەكرد و نەیاندەویست ئەوەنـدە جـارە بازگەكانی عەنكاوە و بەحركە بیانبینێ و ژمارەیـان بنووسـن و تووشـی گێـچەڵ بن.

**دووەم:** رێگەكە قەرەباڵغ بوو... لـە هـەموو رێگـەكانی كـە بـۆ ئـەو گوندانـەی دەوروبەری جەژنیكان دەچن هەموو جۆرە ترومبێلێك دەچوونە جەژنیكان. خـەڵك هەبوو تەنها پارەی دەهێنا... خەڵك هەبوو تەنها قاپ و قاچـاغ، لـۆری دەهـات تەنها (لانك)ی پـێ بـوو. برادەرێـك نـاوی «عەبـدوڵا سـلێمان» بـوو جگـە لـە گواستنەوەی كەلوپەل... هەموو رۆژێكیش لەسەر حسابی خۆی قـەلابێك بـەفری دەبرد و دابەشی دەكرد.

**پ٤/ ئەو كەسانەی دەتناسین؟**

و/ زۆرن... زۆریش هەبوون. كەس لە كەسی نەدەپرسی تۆ كێی؟ ئـەوكات وابـوو ئەركی خۆت بەجێ بهێنە و لەكەسی دی مەپرسە. من لەگەڵ عەبدوڵا سلێمان پێر پێكەوە كارمان دەكرد.

**پ٥/ بەرای تۆ هۆكارەكانی یارمەتیدانی خەڵكی هەولێر بۆ ئەنفالكراوەكان چی بوون؟**

و/ هۆكارەكان بریتی بوون لە كوردایەتی و نەریتی خەڵكی هەولێر كە بـە هانـای لێقەوماوانەوە دەچن.



**٧- دیدار لەگەڵ عەبدوڵا حاجی فازیل ١٠/ ٥/ ٢٠٠٦**

**پ١: كەی پاشماوەی ئەنفالكراوەكانیان هێنایە جەژنیكان؟**

١٦/ ٩/ ١٩٨٨خەڵكەكەیان هێنـا بـۆ جـەژنیكانو تـا دابـەزینو دانـران بـووە رۆژئاوا، تا نیـوەی شـەویش بـەردەوام هـەر ١٠- ١٢ لـۆری سـەربازی پێكـەوە دەهێنران، تـا چـوار رۆژان. یەكـەم وەجبـە عەسـر هێنایـان لەلایـەن لیژنەیـەك وەردەگیران كەپێك هاتبوون لە:

ئەبو مەیسون/ عەلی عەبدوالحوسێن رەسن/ شیعە بوو، خەڵكی بابـل بـوو پلـەی ئەندامی شوعبە بوو.

نوێنەری ئەمن: ملازم ئەحمد

نوێنەری ئیستخبارات: عەبدی حەمادی حنێش.

نوێنەری پارێزگا:

نوێنەری حزبی بەعس:... .

ئەبو مەیسون سەرۆكی لیژنەكە بـوو، رایگەیانـد (ئـەوان لیژنـەی پێـشوازین لـە خەڵكی بادینان حكومەت مافی ئەوەی هەبوو ئەوانە گوللە بـاران بكـات، بـەڵام بەزەیی پێیاندا هاتەوەو لێی بوردن، ئێستاش لەو ئاقارەیان دادەنێ).

ئەو كاتە گوتم: بەم هاوینەو لەم چۆلەوانییە چۆن دەبێ. . ئەبو مەیسون وەڵامـی دایەوە، (باشترە لەوەی گوللە باران نەكراون حكومـەت لێـی بـوردن، ئـیتر ئێـرە جێگەیانە با ئەو خەڵكە تێ بگات ئەوەی ناپاكی لەگـەڵ حكومـەت بكـات ئـەو چارە نووسیەتی).

بۆ ئەوەش شوێنێك هەبێت دیوەخانی لێ دابنێنو نانی لێ بخۆن دیوەخانی حـاجی فازیل ئاغای جەژنیكانیان هەڵبژارد. هەر چەندە كە خەڵكەكەیان هێنـا، بـەعس وایان دانابوو ئەو ئوردوگایە بكەنە (ناحیە)، چـونكە لـە سـاڵی ١٩٨٦ وە بـڕی (١٢٠٠) دۆنمیان لە ئاقاری گوندی جەژنیكان دابڕیبوو، دیار بوو پێـشتر نیازیـان هەبوو خەڵكێك دەهێننە ئەوێو بەرنامەیان بۆ دانابوو.

## پ٢: ڕێژەی ژن و منداڵ لە چاو پیاوان چەند بوو؟

و: ڕێژەی ژنو منداڵان گەلەك زۆر بوو، زۆرکەم پیاویان لەگەڵ بوو ئەوانیش پیرەکان بوون، بەتایبەتی ئەوانەی بەر لە لێبوردنەکەی ٦/ ٩ خۆیان دابووە دەست پیاوەکانیان گوللە باران کردبوون.

هەموو فەوجە سووکەکانی جاشانیش ئەمە دەزاننو لەگەڵ دابوونەو دەستەی گوللە بارانکردنی مەیدانی هەبووە. ئەوەی پێش لێبوردنەکە خۆی داوە دەست یان گیراوە پیاوەکان لەتەمەنی ١٤- ١٥ ساڵی تا (٦٠) ساڵیو گوللەباران کراون. ژنو منداڵەکانیش لەسەر دەستی جاشەکان خۆیان تەسلیم کردبوو، بەڵام ئەوان چ ڕۆڵیان نەبوو، دەیانگرتو دەیان دایە هێزی سەربازی، ماڵ هەبوو (٥) پیاویان هەبوو هەموویان کوژرابوون. پیاوێك هەبوو خەڵکی ئەسپێندارەی بەرواری خۆی گێرایەوە کە لەگەڵ (٥٠- ٦٠) کەسی ڕیز کراون گوللە باران بکرێنو بەر لەوەی گوللەی پێ بکەوی خۆی بەرداوەتەوەو لە بن مەیتان خۆی حەشارداوە تاشەو داهاتووەو ڕای کردووە.

## پ٣: بەچی هێناویانن؟

و: بە لۆری سەربازی.

## پ٤: کەهێنایانن چیان پێدان؟

و:کەلەوێ فرێدران هیچیان نەدانێ تەنها زەوییەکە کرابووە پارچە پارچەو هەر پارچەیەی (٢٠٠)م بوو لەنێو ئەو دڕکانە دایان دەناو دەیانگوت ئەمە هی تۆیە، هیچ کەلو پەلێکیشیان پێ نەبوو. لەبەر ئەوەش کە چەندین ڕۆژ پێش گرتنیان لە شاخو لە ئەشکەوتان بوونو برسیو تێنوو بوون، چەندین ڕۆژیش لە قەڵاو سەربازگەکان بێ نانو ئاو بوون زۆر شەکەت بوون، پیاوم بینی کە لە لۆرییەکە دابەزی یەکسەر کەوتە سەر زەویو لەهۆش خۆی چوو. پیاوێکی



خانەدانم بینی هێندەی پێ کرابوو بڕوات تا دەگاتە دیوەخانی حاجی فازیل، بەڵکە لەوێ چارەیەکی بکرێ، بەڵام لە جیاتی بڵێ سەلامو عەلیکم، یەکسەر لە شەرمان و لە برسانو بێ توانایی کەوتووەو لە هۆشی خۆ چووە. کە ناوی حاجی حەمۆ بوو، دوایی گرتییانو گوللە بارانیش کرا.

## پ٥: پاسەوانیان لە دەور دانان؟

و: پێش ئەوەی ئەنفالکراوەکان بهێننە دەڤەرەکە، ئەو ناوە چەند ڕەبایەکی جاشانی لێ بوو، ناوە ناوە دەگۆڕان. هەروەها پاشان ژمارەیەك پۆلیسی عارەبیان هێنا کە پاسەوانی شەخسی عەلی حەسەن مەجید بوون، تەحویل کرابوون بۆ پۆلیس و (٣٠- ٤٠) پۆلیس دەبوون هەموو عارەب بوون لەوێ دانران.

## پ٦: پاش چەند ڕێگەیان پێدرا لەئۆردوگا دەربچن؟

و: پاش مانگێك جارێگەیان پێدرا لە ئوردوگا بچنە دەرەوە بۆ هەولێرو گوندەکانی، بەڵام پێشترین دەیانتوانی بچنە نێو گوندی جەژنیکانو بەحرکە. پاش مانگێك لیژنەیەك دانرا ئەوەی دەچوو بۆ دەرەوە پسوولەیان دەدایێو دەبوو شەو بگەڕێتەوە، پسوولەش بە ئیمزای ئەبوو مەیسون بوو، بەڵام هەندێ خەڵکی کوردی لەگەڵ بوو بۆ کارگێڕیو پسوولە کردن لەوانە مامۆستا (ع)وکاك (ع. ف)ئەوانە پیاوی باش بوون، یارمەتیدەربوون بۆ خەڵکەکە. هەروەها کاك فەوزی کە ئەسڵەن حزبیش نەبوو مەیلی حزبی شیوعی هەبوو لە کارگێڕیان دانابوو.

## پ٧: تەقە لەوانە دەکرا کە یارمەتییان دەهێنا؟

و: نەخێر چەکدارەکان تەقەیان لە کەس نەدەکرد، بەڵام هەندێ جار ئەو لۆریانەیان دەگرت کە کەلو پەلیان کۆ دەکردەوە، یان لە بازگەی بەحرکە دەگیران! ئەوەی ئاگادارم ڕۆژێك (٨) لۆری گیران، بەڵام حاجی فازیل قسەی دەڕۆیشت، ئێمەی نارد هەر ئەو شەوە ئازادمان کردن.

## پ٨: لەبەرچی رژێم نەیتوانی هەڵمەتەکە رابگرێ؟

و: هەڵمەتێکی گەورەی یارمەتیدان دروست بوو، رژێم نەیتوانی بەربەستیان بکات، لە راپەڕین دەترسا، هەر کارێکی پێچەوانەی بکردایە زیانی دەکرد، بەڕاستی سەرپەرشتی ئوردوگاکەش کە ئەبوو مەیسون بوو بە ئاشکرا توند بوو، رایدەگەیاند نابێت یارمەتیان بدرێ، بەڵام هێندەی من بزانم لە ناخەوە پێی خۆشبوو. چونکە ئیجرائاتێکی وای نەکرد خەڵکەکە قەدەغە بکەن، پاشان یەحیا جافی پارێزگاری هەولێرو سوبحی عەلی خەلەف سەرۆکی لقی هەولێری حزبی بەعس خۆشیان چوونە نێو ئەنفالکراوەکانو پێیان گووتن:

(ئەو چارە نووستانە، چونکە ئێوە تێکدەر بوونو دەستی دوژمنتان هێناوەتە ناو خاکی ئێراق، دەبێ لەسەر ئەم خاکە وشکەش بمرنو هیچ یارمەتیتان نادەین. ئەمە دوای حەوت رۆژ لە هاتنیان بوو بۆ جەژنیکان، ئەو کات خەڵکی ناوچەکە خۆیان کێشایەوە).

## پ٩: ئەوانەی یارمەتییان دەهێنا کەسیان گیران؟

و: کەم... بەڵام وام مەزەندە دەکرد رژێم حاجی فازیل دەگرێو ئیعدامی دەکات.

## پ١٠: تۆ لەشوێنی خۆتەوە یارمەتیت داون؟

بەڵێ.

## پ١١: بەچی؟

و: بەپێی توانای خۆم خۆراکو پارە.

## پ١٢: ئاویان چۆن بۆ دەهات؟

و: سەرەتا خەڵکی جەژنیکانو بەحرکە بەتانکیان بۆیان دەبردن، پاشان کەلو پەلیان بۆ هێنان خۆیان لە کارێزی گوندیو لە گوندی دەیانبرد، پاشان لیژنەی وەرگرتنی ئەنفالکراوەکان ناوە ناوە تانکی ئاوی داناو بە تانکەر پڕیان دەکردن، بەڵام پاش چەند رۆژێ.



## پ١٣: سەرەتا کێ یارمەتی بۆبردن؟

و: جەژنیکانو بەحرکە پاشان، گوندەکانی دەووروبەر هەموویانو ناوچەی گەردیان تەنانەت ناوچەی زرارەتیش گەیشتنە هانایان سەرەڕای خەڵکی هەولێر. هەروەها خەڵکێکی دی هەبوون لە موسڵ، لەبەغدا (کورد) یارمەتیان دەهێنا، بەڵام ئەوان نەیاندەوێرا بچنە ناویان دەیاندایە خەڵکی دی، وەك حاجی فازیل لەجیاتی ئەوان بەسەریانو دابەش بکات.

کە یەکەمجار هێنایانن حاجی فازیل خەڵکی گوندی بانگ کرد بۆ بەهاناوە چوونیان. پێم گوت: فەرمانی رژێم ئەوەیە نابێت کەس یارمەتیان بدات... ئەو کاتە حاجی فازیل بە توندی وەڵامی دامەوە گوتی:(ئەگەر ئەمڕۆ نەکوژرێین ئەی کەی. . ئەگەر ئەمڕۆ پیاو داکۆکی لە شەرەفی خۆی نەکات، ئەمڕۆ داکۆکی لە میللەتی خۆی نەکات کەی غیرەتی پیاوەتی دەجووڵێ، خەڵکی لێقەوماو بێت داوای ئاو بکات من نەیدەمێ، لە برسان بمرێ من نانیان نەدەمێ ئەمە لە چ زەمانێك بووە، با حکومەتی ئێراق ئیعدامم بکات). ئەو کاتە پێم گوت. . باشە یارمەتیان بدە، بەڵام با بەنهێنی بێت؟ گوتی: نهێنی نییەو نابێ، بە ئاشکرا ئێمە یارمەتیان دەدەین دەی خەڵکینە. . ئیتر هەر کەسە چی لەماڵی خۆی هەبوو بۆی هێنان، ژنیش دەستیان کردە نانکردنو حاجی فازیل چی دانەوێڵەی هەبوو فەرمانی دا بیبەنە ئاشو بیکەنە ئاردو ئەوەی ئاردی نییە بالە ماڵی ئەوان بیبەنو بۆ خەڵکەکەی بکەنە نان.

## پ١٤: جەژنیکان ئەو کات چەند ماڵ دەبوو؟

و: جەژنیکان ئەو کاتە دەوری (٣٥) ماڵ دەبوو.

## پ ١٥: سەرەتا چییان پێدرا؟

و: سەرەتا لەئاو، نان. برنج. بروشو ساوار. . تا سەعات ١٢/ ی شەو هەموویان نانو ئاویان گەیشتێ. . چونکە هێشتا هەموویان نەگەیشتبوونە جێ، رۆژی دووەم و سێیەمیش یارمەتیدانی خەڵکی جەژنیکان بەردەوام بوو پاشان هەڵمەتی

گوندەکانی دیو هەولێر بە زیادەوە گەیشتن. بەڵام وەك لە بیرم مابێ هەر شەوی یەکەم هەندێ خەڵکی بەحرکە گەیشتنە هانایانو دەمبینی چەندین ئوتومبێلێ بێ لایت خۆیان دەگەیاندە نێو گوندی جەژنیکانو لەو نیوەشەوە یارمەتیەکانیان دەهێنا.

**پ١٦: کەی یەکەم وەجبەی یارمەتییان پێ گەیی؟**

و: یەکەم سەعات.

**پ١٧: لەکوێ پێییان گەیی؟**

و: جەژنیکان.

**پ١٨: چییان بۆ بردن؟**

و: هەموو شتێ. . بەڕاستی ئێمە سەرسام بووین، ئەو خەڵکە چۆن هەموو پێداویستیەکی بە بیردا دەهات. . تەنانە مەسینەی ئاویشیان لە بیرنەکردبوو.

**پ١٩: کەینێ پزیشکیان بۆ هێنان؟**

و: نازانم چەندەم رۆژ بوو. . بەڵام بنکەی تەندروستی گەرۆك بەیانیان دەهاتنو ئێواران دەگەڕانەوە. پاشان دکتۆرێکی عارەبی شیعە بە دائیمی دانرا.

**پ٢٠: کەی قوتابخانەیان بۆ دابین کردن؟**

و: (لەگەڵ داهاتنی ساڵی تازەی خوێندن لە سەرەتای مانگی تشرینی ١ قوتابخانەیان بۆکرایەوە، بەڵام بەشی نەدەکردنو هەندێ منداڵیان دەچوونە قوتابخانەی جەژنیکان).

**پ٢١: راستە لەهەولێر پزیشك بەنهێنی دەهاتنە نێو ئۆردوگا بۆ چارەسەری نەخۆشەکان؟**

و: نەمزانیوە. . بەڵام لە هەولێر پزیشکەکان بۆ ئەوان بەخۆڕایی بوو، تەنانەت زۆر دکتۆر پارەی داودەرمانیش دەدانێ.



**پ٢٢: ئەوانە دەناسی کە یارمەتییان بۆ هێنان؟**

و:هەندێك دەناسم، بەڵام کەس ناوی خۆی نەدەدا لەبەر دوو هۆ... یەکەم خەڵك بە ئەرکێکی نەتەوەیی و ئایینی دەزانی یارمەتیان بدات... دووەمیش حەزی نەدەکرد ناوی بزانرێ. . نەخۆ رژێم پاشان لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات.

**پ٢٣: هۆکاری یارمەتیدانەکە چی بوو؟**

و: **هۆی یەکەم:** نەتەوەیی. .

**دووەم:** دابونەریتی رەسەنی خەڵکی هەولێر. .


**پ٢٤: چۆن حکومەت رێگەی دا یارمەتی بدرێن؟**

و: بازگەی سەرەکی لە بەحرکە بوو... رژێم نەیدەتوانی رێگەیان لێ بگرێت، چونکە وەك خۆ پیشاندانێك وابوو. . هەر چەندکۆسپی زۆردروست کرد. . تاهەرەشەی لێ دەکردن. . ژمارەی سەیارەکانیان دەنووسین... هەندێ شوفێریان بۆ ماوەی چەند سەعاتێ دەگرت، پاشان بە واستە ئازاد دەکران.

**پ٢٥: ژمارەی خێزانەکان چەندبوون؟!**

و: (٤٢٠٠) چوار هەزارو دووسەد ماڵ هێنرانە جەژنیکان ٤٥٠ — ٥٠٠ خێزانیش لە گردەچاڵ دانران، کە لە جەژنیکان ئەو زەوییەی بۆیان تەرخان کرا بوو جێگەی نەماو تەواو بوو.

## ١- ٢ دیمانە لەگەڵ یارمەتیدراوەکان



**١- دیدار لەگەڵ پێشمەرگە دلشاد حوسێن ١٩/ ٥/ ٢٠٠٦ کۆیێ**

**پ١/ ئێوە لە کوێ گیران؟**

و/ لەبەری گارە، گوندی ئێکمالە، خۆمان دایە دەست.

**پ٢/ لە بیرتە چەندی مانگ بوو؟**

و/ ١٢- ٩- ١٩٨٨.

**پ٣/ چەند کەس پێکەوە گیران؟**

و/ سێ کەس بووین.

**پ٤/ ئایا پێشمەرگە یارمەتی نەدان بۆ دەرباز بوون؟**

و/ خۆمان پێشمەرگە بووین، هەموو دەڤەرەکە جاش‌و سەرباز تەنیبووی‌و هیچ ڕێگەیەك نەمابوو پێ دەرباز بین، هەموو کانی‌و گوندو شوێنێکی ئاوەدانیان داگیر کرد، لەو ماوەیە زۆر هەوڵماندا هەموو ڕێگەیەك گیرا بوو.

**پ٥/ چەند ڕۆژ لە شاخ مانەوە؟**

و/ (٢٠) بیست‌و سێ ڕۆژ، هەر چوار دەورمان گیرا هەر لە ڕۆژی ٢٥ی ناب، کاتژمێر ٣٠/ ٨/ ی بەیانییەوە.

**پ٦/ چ هێزێك ئێوەی گرت؟**

و/ خۆمان دایە دەست فەوجی جاشان، فەوجی ئەنوەر بەگی بالیسانی، کە ناچار بووین پەیوەندیمان پێیانەوە کردو گوتمان

ئەگەر بکرێ دەربازمان بکات‌و یا ئەو پیاوەتییەمان لەگەڵ بکات، چونکە تەسلیم نابینەوە. ئەگەر ئەمەی پێناکرێ با ماوەیەك لە ڕەبایەی جاشەکانی خۆی



گلمان بداتەوە، تا نەختێ بارودۆخەکە هێور دەبێتەوەو ڕێگەیەك دەبێ بۆ دەربازبوون و بۆ سنووری ئێران یان تورکیا. یاخود پسولەمان بۆ بکات بەناوی جاش بۆ هەولێرو بگەینەوە هەولێر دەرباز دەبین، چونکە هەواڵمان هەبوو مەفرەزەی خۆمان لە دەشتی هەولێر ماون‌و برادەرانی ڕێکخستنیش دەتوانن بمانگەیەننە ئەوان. جاشەکان گەڕانەوەو پاش چەند سەعاتی هاتنەوە، ئەنوەر بەگ پێی گوتبوون ناوێرم هیچتان بۆ بکەم، تەنها ڕێگە خۆدانەدەستە، من دڵنیام کە لێبوردن دراوە ناتانکوژن‌و دەتانگوازنەوە بۆ ئوردوگای (جەژنیکان) لە هەولێر، لەوێ دەتوانن پەیوەندی بە هەڤاڵانی خۆتانەوە بکەن. بە ناچاری خۆمان دایە دەست‌و بۆ ماوەی دوو ڕۆژو دوو شەو لایان ماینەوە زۆر ڕێزیان لێگرتین تا ڕۆژی سێیەم، بە کۆپتەر ئێمەیان نارده دێرە لۆك.

**پ٧: چ هێزێك ڕەفتاری لەگەڵتان زۆر خراپ بوو؟**

و/ بەس جاشەکان باش بوون، ئیستخباراتی عەسکەریش لە هەموویان خراپتر.

خەڵکی دێرەلوکیش خراپ بوون... بەردبارانیان کردین‌و خەڵك هەبوو دەیگوت قوڕبەسەرتان. . سەرتان دەبڕن.

**پ٨/ ئایا ژن‌و پیاو لێکدی جوودا کرانەوە.**

و/ بەڵێ لە دێرەلوك لێکیان جودا کردینەوە.

**پ٩/ لەکاتی گرتن چەند ڕۆژبوو بێ خواردن‌و ئاوبوون. .**

و/ لەو (٢٠) ڕۆژەی کە لەشاخ بووین بەڕۆژ خۆمان حەشاردەدا، کانیەکی بچکۆلانەمان پێدەزانی هەر (٤- ٥) لیتر ئاوی هەبوو شەو لەوێ بۆ ڕۆژێك کە (١١) کەس بووین تا دوای لێبوردنەکە بە چەندین ڕۆژ (٨) کەسمان (٣- ٤) ڕۆژ بەر لە ئێمە خۆیان دایە دەست. ) هەموومان دەبوو ڕۆژێکی تەواو بەو(٤- ٥) لیتر ئاوە بگوزەرێنین، خواردنیش لە بەهاری پەلکەنانێکی زۆرمان لەسەربانی

ناندینەکەی بارەگای خۆمان وشك كردبۆوە تا زستانێ بیدەینە ولاخەکان، ئەو نانەی پێمان بوو پاش (٢- ٣) ڕۆژان تەواوبوو. پەنامان بردە بەر ئەو نانە ڕەقەیەو بە پارێز شەوێك چووین دوو سێ قونكە فەردە ئەو نانەمان هێنا لەناو ئاو نەرمان دەکردەوەو دەمانخوارد. ئازووقەمان لە کونە شاخان شاردبۆوە، بەلام نەماندەتوانی خواردن دروست بکەین، چونکە بەشەوو ڕۆژ نەماندەتوانی ئاگر بکەینەوەو هێزەکانی دوژمن جار وابوو (٢٠٠) مەتر لێمان نزیك دەبوونەوە، ئەوەندە ڕۆژە بەو نانە ڕەقەیە ژیایین.

**پ١٠/ پاش خۆدانە دەست خواردنیان دانێ؟**

و/ بەس ئەو دوو ڕۆژەی لای فەوجەکەی ئەنوەر بەگی بالیسانی بووین دوایی خواردن نەما.

**پ١١/ ئەدی ئاو؟**

و/ ئاویش هەر وابوو... ئەگەر هەشبووایە ئاوێکی پیس، لەناو بەرمیلی ژەنگاویو لەبەر قرچەی گەرما. .

**پ١٢/ تا هاتنە جەژنیکان لە چەند شوێنی دی زیندانی کران؟**

و/ پاش ئەوەی خۆمان دایە دەست ئێمەیان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خێزان بردە (دێرە لوك). پاشان سواری ئیڤایان کردین بۆئامێدیو لە دێرەلووك ژنو پیاویان لێکدی جوداکردەوەو ئاژەڵیش وا سوار ناکرێ کاتێ لەناو لۆری سەربازییان پەستاین، جێگەی وەستانیش نەمابوو. لە ئامێدی ناونووسیان کردینو سواری ئیڤایان کردینەوە، باوەڕ بکە پیرەمێردو خەڵکی وامان لەگەڵ بوو گۆچانەکانیان لێ وەردەگرتنو لێیان دەدان، دەبووایە بە پەلە سواری ئیڤای عەسکەری بنو دەیانگوت. . یالا خێرا سەرکەون گەوادینە، ئەدی چۆن دەتانتوانی بەسەر چیا هەڵگەڕێن.



**پ١٣/ لە ئامێدی خەڵك هیچ یارمەتی. . ئاوو نانیان بۆ هێنان، یان ڕژێم خواردنی دانێ؟!**

و/ خەڵك هیچی بۆ نەهێناین.

**پ١٤/ ئەدی لە دهۆك. .**

و/ لە دهۆك کە ئێمەیان بۆ قەلاکە برد خەڵکێکی زۆر لەم بەرو ئەوبەری شەقام وەستابوو، بە کیسو عەلاگە سەموونیان بۆ فڕێدەدانیە ناو لۆرییەکان، دەگریان، بەلام دەسەلاتی هیچی دیکەیان نەبوو.

**پ١٥/ پاشان... ؟**

و/ لە ڕێگە سەربازێکمان لەگەڵ بوو گوتی هەر کەسە چەقۆو مووسو تەنانەت دەمبوسو دەرزیشی پێیە با تەسلیمی من بکات، خەڵکەکە تانەی بەردابوو هەرچی پارەشی پێ بوو تەسلیمی کرد، چوو لەگەڵ شۆفێرەکە کردییانە نیوە، نیوەیان دایەوە خەڵکەکە نیوەکەی دیشیان بۆ خۆیان برد، ئەوەی قسەشی بکردایە بەگۆچان لە سەریان دەدا، پاشان ئێمەیان بردە قەلای (نزارکێ)لە دهۆك، ئەشکەنجەو ناخۆشی لەو قەلایە بوو. دیارە بارودۆخەکە ناخۆشتر دەبوو. . بە هەزاران کەسی تێدا بوو، جگە لە پیسیو بێ ئاوی و بێ نانی، نەیاندەهێشت یەك دەقیقە پشووێك بدەی، دەیانگوت یالا پیاوەکان بۆ ئەم بەرە بڕۆن بەکامێرای ڤیدیۆ وێنەیان دەگرتین، ئەمجارە دەیانگوت بگەڕێنەوە جێی خۆتان ژنو منداڵ بێنە ئێرە، دیسان وێنەیان دەگرتن، کەس بەچارەنووسیخۆی نەدەزانی، چونکە دەقیقە دوای دەقیقە ناخۆشتر دەبوو. بارودۆخێکی نەفسی وایان خولقاندبوو مرۆڤ دابڕمێ دەیانگوت ڕێزبن خواردنتان بۆ دێنن (١٠٠٠) هەزار کەس نۆرەی دەگرت دوو سێ پۆلیس بە سۆندەو کێبل بەناو خەڵکی دەکەوتنو لە خەڵکیان دەدا بەو بیانوەی ڕێك نەوەستاون. لەو کاتە وەخت بوو دڵم بتەقێ. ئاودەست نەبوو ژنو پیاو لەو ژوورانە دادەنیشتن!. ئەوەی واتای بە شەرییەت بوو لەو قەلایە دانەبوو.

رێزە کورسیەکیان لە خوارەوە دانابوو، دەزگای ئەمن دانیشتبوون، زانیارییەکی دوورو درێژیان لەو خەڵکە وەردەگرت. پێم باشتر بوو زوو بچین ئیفادە بدەین بەمردنو بەژین بێت لەو بارودۆخە رزگارمان بێت، لەوێ خۆمان نەزان نیشاندا گوتم بەڵکە بارمان گران نابێتو زۆر لێمان ورد نابنەوە.

**پ١٦/ کەستان بینی لەوێ ئازارو ئەشکەنجە بدرێت:**

و/ بەڵێ لەوێ (٥٧) لە چەکدارانی رژێم لەلایەن پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشتر دیل کرابوون، لەگەڵ دەست پێکردنی شالاوی ئەنفالەکان ئازادیان کردبوون، کەچی رژێم ئەوانیشی لەگەڵ خەڵکەکە گرتبوو، زۆربەیان خەڵکی دەڤەری زاخۆ بوون. ئەوان وایان مەزەندە ئەکرد، کە چەکداری رژێم (جاش) بوون، رژێم بەچاوێکی دی سەیریان دەکات، بەڵام ئەوان پتر ئیهانە دەکران. لەگەڵ ئەوەش ببوونە سیخوری دوژمنو پەنجەیان لەسەر هەر کەسێك دابنابووایە کە پێشمەرگە بووەو لە شەڕەکان گوایە بەشداری کردووە، یان پیاوی رژێمی کوشتوون، بێ لێکۆڵینەوە دەیانبردو شوێنبزریان دەکرد، بۆ نموونە: یەکێکیان دەستنیشان کرد گوایە ئەوە ئەفسەرێکی بە (١٢) گوللە کوشتووە، بردیانو بە ئێمەیان دەگوت کە ئێستا دەیکەینە هەنجیر. بردیانو نەمدیتەوە، لێدان زۆر ئاسایی بوو، بەر لە ئێمەش خەڵکەکە گوتیان پیرەژنێکو دوو کوڕی لێرەبوون لە بەرچاوی دایکیان بە بلۆك لە لەکەللەی سەری هەردوو کوڕەکەیان داوە کوشتیانن، پیرەژنیش لە داخان دوای ئەوان مرد.

**پ١٧/ ئەو ماوەیە هیچ خواردنتان خوارد؟**

و/ بەڵێ. دوو رۆژ پاش بردنمان بۆ ئەو زیندانە، رۆژێك سەربازێك کە نازانم سەربازی ئاسایی، یان ئیستخباراتو ئەمن بوو شانی لە شانی دامو بە لەهجەی هەولێریان گوتی چیتان دەوێ؟!.



منیش گوتم نانو جگەرە، بە خێرایی گوتی شەوێ وەرە ئەو ژوورەی بەرامبەرتان. شەو کە چووم خواردنو جگەرەی بۆ هێنابووین، بەڵام گرفت ئەوەبوو لەکوێ بیخۆین وبیدەینە کێ، ئەگەر نا نەشمان نە خواردبا لە پێ دەکەوتین...

**پ١٨/ چەند رۆژ لەوێ مانەوە؟**

و/ (٤) رۆژ، پاشان ئیڤایان هێناو سواریان کردین بەرەو موسڵ، لە موسڵیش کە بەرەو لای هەولێر بایانداوە. . دڵم خۆش بوو، بەڵام هەتا نەگەیشتینە کەڵەكو لەزێی بادینان نە پەڕینەوە هەر دڵنیا نەبووم کە دەمانبەنە جەژنیکان. لە رێکخراوی حزبی بەعسلە کەڵەك وەستاین... لەوێ دیسان دوودڵ بووینەوە، گوتمان نەمان گێڕنەوە. بەڵام پاش ماوەیەکی دی رێی هەولێریان گرتەبەر.

**پ١٩/ لەکەلەك خواردنو ئاویان بۆ خەڵکەکە هێنا؟**

و/ نەخێر کەس نەدەوێرا لێمان نزیك ببێتەوە.

**پ٢٠/ کەی گەیشتنە هەولێر؟**

و/ کە گەیشتینە هەولێر هەرگیز هەڵوێستی خەڵکی هەولێرم لەبیر ناچێتەوە. خەڵك هەر لە هەولێرەوە بە هەموو جۆرە سەیارەیەك خواردنو هەموو جۆرە کەلو پەلێك کە ژیانی خێزان پێویستی پێ بوو بەدوامان کەوتن. کاتێ گەیشتینە جەژنیکان بەسەریاندا دابەشکردین، بەڵام خەڵکەکە هێندە زۆر بوو، دابەشکردنەکەش رەمەکیو بێ تەنزیم بوو هەر بەشی هەموو خەڵکەکەی نەکرد. ئەو دوو هەڤاڵەکەی لەگەڵم بوون خواردنو دوو سێ بەتانیەمان وەرگرت. بەڵام بینیمان شەوێ خێزانێك لە نزیك ئێمە منداڵی دەگرییێ، (نەبەز) لێی پرسین بۆ ئەو زارۆکانە دەگرین، ژنەکە گوتی سەرمایانە، چونکە ئاقاری جەژنیکان. بە رۆژ زۆر گەرم بوو، بەڵام شەوانی ساردبوو، بۆیە بەتانیەکانی خۆمان دایە منداڵەکان.

**پ٢١/ هاریکاری کۆمەڵایەتی چۆن بوو لەناو خەڵکەکە؟**

و/ زۆر باش بوو، شەوان کۆمەڵ کۆمەڵ لای یەکتر گردە دەبووینەوە. من لەگەڵ خەڵکی هاریکا پەیوەندیم باش بوو، هەندێکم دەناسین. ئەوانە هیچ زانیاریان بەرامبەر ئەم ناوچەیە نەبوو، پێم گوتن ئەگەر زیاتر فشارتان بۆ هات بەرەو ئەو لایە رابکەن‌و ئەوێ بێخەمەیە، ئەو لایە قەندیلەو دەتوانن بۆ بادینان دەربازبین لەوانە کاك حوسێن‌و مالّی حەجۆ شێخ مستەفاو زۆر کەسی دی هەبوون، هەمووومان متمانەمان بە یەکترهەبوو. هاریکاری خەڵکی گوندەکانی دەورو بەری جەژنیکانیش نایەتە باسکردن. کاتێ رژێم نەیدەهێشت یارمەتی بۆ ئوردوگا بێت، خەڵك بە نهێنی‌و شەوان لە لارێوە دەیانهێنا. بیانووی رژێم ئەوەبوو کەگوایە خۆیان بیری ئاو لێدەدەن‌و خۆراکی (بایەع) یان دەدەنێ‌و هەر خێزانە (٢٠٠)م زەوی بۆ دابڕین.

**پ٢٢/ کەسو کاری ئێوە نەیان زانیبوو بێنە لاتان؟**

و/ سەبارەت بەبرادەرانی دی با، بەڵام من کەماڵمان لە کۆیێ‌و کاك نەبەزیش کەخەڵکی باکووری کوردستان بوو، کەسمان نەهاتبوو. جارێکیان بە (ئەبو مەیسوون) کە بەرپرسی ئوردوگابوو، خەڵك دەیانگوت باشە... یان لەوانی دی باشترە، پێم گوت: دەمەوێ مۆڵەتم بدەن سەری ماڵەوەمان دەدەم. . گوتی: بە مەرجێك ئیزنت دەدەم بچیت ماڵەوەتان‌و دایك‌و باوکیشت بێنە ئێرە، بۆیە ئیزنی نەدام، بەڵام دەمتوانی بچمە هەولێر.

**پ٢٣/ سەبارەت بە یارمەتی خەڵکی هەولێرو دەوروبەری چۆن بوو، چۆن دابەش دەکرا؟**

و/ خەڵکی هەولێر جا چ لە رووی نیشتمانی‌و کوردایەتیەوە بێت، یان ئایینی، هەرچی لەدەستیان هات یارمەتیان دا. دەتوانم بڵێم خەڵکی هەموو ماڵیان بۆ خۆ دانابۆوە لە کەل‌و پەلەوە بیگرە تا دەگاتە جل‌و بەرگ، بەڵام لێرەدا جیاوازییەکی



دی دەرکەوت بەرامبەر بەوەی بڕێك پارەی حەشارداوەو ماویەتی، ئەوانەش بێ پارەن.

دابەشکردنەکە خراپ بوو، چونکە کە کەل‌و پەل دەهات، ئەوەی بە تواناتر بووایە بەشی زێتری بۆ خۆی دەبرد، خەڵکیش هەبوو شەرمی دەکرد، یان ئەوانەی پیرو پەککەوتە بوون لە زۆر شت بێبەش دەبوون. خەڵکەکە هێندە ناگزوری‌و برسێتی‌و توێنێتی دیبوو، رانەدەوەستان، هەرچەندە دەیانگوت ئارامتان هەبێ ناهێڵین کەس بێبەش بێت، وا کاروانی دی بەڕێوەن، تەنانەت فلینی پاراستنی بەفرو ئاوو قالّبە بەفریشیان دەهێنا.

**پ٢٤/ ئەو ماوەیە چ هێزێك لە ناو خەڵکەکە دەسوڕایەوەو پیاوانی رژێم دەستدرێژیان نەدەکرد سەر خەڵك.**

و/ لە ناو ئوردوگا بنکەی جاشان هەبوو، لە هەمان کاتیش ئەمن دەسوڕایەوە، پۆلیسیش هەبوو. . بنکەیەکیش هەبوو ئەو کات بۆ ماوەی (٢- ٣) سەعات مۆڵەتیان دەدا بچیە هەولێرو بگەڕێیەوە. جاش‌و ئەمنەکان بەناو ژن‌و منداڵدا دەسوڕانەوە، بەلاندکرۆزیش بەخێرایی دەسوڕانەوە، رێگەکان هێندە پێیدا سوڕابوونەوە ببووە خۆڵ وئەو تۆزوخۆڵەیان بەسەر خەڵکدا دەکرد، چۆن ئوتومبێل لەئاو دەدات‌و بەدەووروبەری خۆیدا دەپرژێ، ئاواش خۆڵەپۆك بەسەر خەڵکدا دەپژا، ئەوانیش قاقا پێدەکەنین. باوەڕبکە لەو کاتەوە تا ئێستا رقم لە ئوتومبێڵی لاندکرۆزە. هەروەها هەردەم لە ئیشی ئەوەدا بوون دوو بەرەکی‌و شەڕ لەنێوان خەڵکە ئەنفالکراوەکە دروست بکەن‌و دەیانویست خەڵکێکیش بکەن بە سیخور بەتایبەتی خەڵکی نەزان.

**پ٢٥/ چەند رۆژ لە ئوردوگا مانەوە؟**

و/ تا هەڤالانی رێکخستن پەیوەندیکردنیان بە پێشمەرگە بۆ رێکخستین نزیکەی (١٢) رۆژ ماینەوە، پاشان پەیوەندمان بە پێشمەرگە کردووە.

**پ٢٦/ به رای تۆ هۆکاری ئەم یارمەتیدانە چی بوو؟**

و/ به رای من چوار هۆکاری سەرەکی هەبوون بۆ بەهاناوەچوونەکە:

١- نەتەوەیی یان کوردایەتی.
٢- مرۆڤایەتی.
٣- نەریتی خەڵکی هەولێر.
٤- دژایەتیکردنی رژێم.

**٢- دیدار لەگەڵ ئەنفالکراو ا. ک ( پێشمەرگە ) ١٣/ ٤/ ٢٠٠٦ هەولێر**

**پ١/ له کوێ گیران؟**

و/ له ئاقاری گوندێکی دەڤەری دەشتی (نەهلە).

**پ٢/ کێ ئێوەی گرت؟**

و/ من بۆ کارێکی پێویست له هەڤاڵانم جیابوومەوەو لە گەڕانەوە کەوتمە نێو بۆسەیەکی سوپای ئێراقی و بوار نەبوو دەست بکەمەوە، بەناچاری گوتم هاتووم خۆم بدەمە دەست. ئەو کات بۆنی لولەی چەکەکەیان کرد... زانیان تەقەم پێ نەکردووە.

**پ٣/ چ رۆژ بوو؟**

و/ ١٢/ ٩/ ١٩٨٨ پاش لێبوردنەکە بەشەش رۆژ.

**پ٤/ پاش گرتنت؟**

و/ چەکەکەم پێدان و منیان بردە (سریە)کەیان، بۆ بەختی من فەرماندەی سریەکە ئەفسەرێکی موجەنەدی کورد بوو، وەك لەبیرم مابێ ناوی (عارەب گەردی) بوو، رەفتاری باش بوو. پێشی گوتم فەرمانمان پێیە پێشمەرگە و غەیرە



پێشمەرگەش بگرین گوللەبارانی بکەین، بەڵام ئەو زۆر رێزی گرتم، شەویش لای ئەو نووستم و مامەوە. بۆ رۆژی دوایی نوسراوی بۆ کردم بۆ (فەوج) و بۆی نووسیم کە من خۆم تەسلیمی ئەوان کردووە و نەگیراوم. بەڵام رەفتاری ئەفسەری ئیستخباراتی فەوج زۆر خراپ بوو ناوەکەیم لەبیر نەماوە بەڵام خۆی گوتی خەڵکی هەولێرم، عارەب بوو خەڵکی گوندی (کەرمردی) ناوچەی قەراج؟ دەرچووی کۆلێژی زانست بوو له (زانکۆی سەلاحەدین). بەڵام کە زانی من دەرچووی کۆلیژم و وەزیفەیەکی باشم هەبووە، رەفتاری هەندێ گۆڕا لەگەڵ ئەوەش هەرگوتی (خۆزگە بەر لە ٦/ ٩ دەکەوتیە بەردەستم، بەڵام سەرۆك دڵی گەورەیە!). لەوێش ناردمیان بۆ لای ئەفسەری ئیستخباراتی (فرقە) له ئەتروش. رەفتاری ئەو زۆر خراپتر بوو قسەکانی هەموو جوێن بوو. بەڵام ئەویش کە زانی من دەرچووی کۆلیژێکی ئاست باڵام برێك سەنگرایەوە.

لە بارەگای (فرقە) هەندێ کەسم دیت دیاربوو پێشمەرگەن، بەڵام نازانم چارەنوسیان بەچی گەیشت. پاشی فرقەکە شەوێك مامەوە گواستراینەوە بۆ قەڵای (دهۆك). ئەوێ پڕ خێزان بوو. قەڵاکە دەوری تەنرابوو کەس بۆی نەبوو لێی نزیك بکەوێتەوە. لەوێش تەنها رۆژێك مامەوە... لەو رۆژەوە بینیم لە خەڵکیان دەدا و ژن و منداڵیان نەدەپاراست. لەوێ (رەفیق حزبی)یەك و ئەفسەرێکی ئەمن ئەوانەی نوێ دەهێنران ناویان دەنووسین، چی موستەمسەکیش هەبوایە لێیان دەستاندن. ئەوانەی خێزاندار بوون دانەیەك لەو (ورقە)یەی دەدایێ و سواری زیلی عەسکەریان دەکردن و دەیانگواستنەوە، پاشان زانیم بۆ جەژنیکانە. کە زانیان من پێشمەرگە بوومە، دوای ناونووسکردن بردمیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی دهۆك. لە کاتی بردنم لەبەر دەرگایەك کە لە هۆڵ دەچوو ژمارەیەکی زۆر پێڵاوی پێشمەرگانم بینی (لاىچین — ئەدیداس) زانیم ژمارەیەك پێشمەرگە لێرەن. لە کەلێنێك یەکێکم بینی و ناسیم کە (ئێزدی) بوو، دیارە ئەوانەی بەئایین ئێزیدی

یان کریستان بوون، هەموویان گوللەباران کردن، پێدەچێ ئەوانەش نەمابن. منیان بردە ژوورێك و بۆ ماوەی دوو سەعات پتر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردم جەختیان لەسەر چەند خاڵێك دەکردەوە...

١- ئەندامانی سەرکردایەتی کێن و چۆنن.

٢- پەیوەندی نێوان پێشمەرگەو رکخستنەکان چۆنەو چۆن ئەو پەیەوەندییە بەڕێوە دەبەن.

٣- پەیوەندی نێوان رێکخستنەکان و خەڵکی شار چۆنە. لەو ماوەیە تەنها ئاوم خواردەوە. پاش تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکە... سواری ئوتومبیلێکی ئەمنیان کردم و هاتینە نێو دهۆك، لەوێ داوام لە ئەفسەرەکە کرد گەر رابگرن دەمەوێ تەنها (١) چا بخۆمەوە، قایل بوو، لامان دایە چایخانەیەك و چایەکم خواردەوە، مەبەستم چایەکە نەبوو، بەڵکە هەر بۆ ئەوە بوو، بەڵکە یەکێك ببینێو بناسێو خەبەر بداتە ماڵەوە کە من گیراوم. دوای ئەمە هێنامیانەوە نێو قەڵاکە و (استمارە)کەیان نوسخەیەك دامەوەو پێیان گوتم... پاشان ئیشمان پێتە خۆت بزر مەکە. هەر ئەوەندە بوو بەخێرایی خۆم دزییەوەو لەگەڵ خێزانەکان خۆم هاوێشتە نێو زیلێك و ئێمەیان هێنایە جەژنیکان، وابزانم ئێوارەی رۆژی ١٥/ ٩/ بوو.

**پ٥/ جگە لەو پێشمەرگانەی لە بارەگای فرقە لە ئەتروش و لەوانەی لە ئەمنی دهۆك بینیتن... چی دیت نەبینی لە قەڵای دهۆك؟**

و/ لە قەڵا ژمارەیەك پێشمەرگەی دیکەم بینی هەندێکم لێ ناسین. لە جەژنیکانیش ژمارەیەکی دیم لێ ناسین... پێشمەرگەی شیوعی و پارتی و سۆسیالیست و زەحمەتکێش بەر ئەو شاڵاوە کەوتن و لە ناوچەکە گیریان خواردبوو، دوای لێبوردنەکە، یان وەك من گیران، یاخود بەناچاری خۆیان تەسلیم کردبوو.



**پ٦/ لە جەژنیکان کاتێ گەیشتن خەڵکی لێ بوو؟**

و/ بەڵێ بەر لە ئێمە چەند وەجبەیەکیان هێنابوو... لەوێش خەڵکی هەموو دەڤەرەکەی لێ بوو... ناوچەکانی مزوری، بەرواری، دۆسکی، بەری گارە، نهێل، زێبار، تەنانەت سندی و گولی و زاخۆش.

**پ٧/ کە هاتی... هەڵمەتی بەهاناوەچوون چۆن بوو؟**

و/ دیار بوو بەر لە گەیشتنی ئێمە خەڵك چووبووە هانایان، بەلام بێ پسانەوە خەڵکی هەولێر و دەوروبەری یارمەتیان دەهێنا...

**پ٨/ دەتوانی جۆری یارمەتییەکان دیار بکەی؟**

و/ هەموو جۆرە شتێك دەهات... سەیر بوو خەڵکەکە ئەم هەموو شتەیان چۆن لەبیر بوو، ئاو، بەفر بەلۆریان، نان، پێخۆر بەهەموو جۆرەکانیەوە، پارەی نەخت، نوێن و رایەخ، شیر و مەمەی منداڵان، لانك، قاپ و ئامان. . تەنانەت مەسینە و نایلۆن و دار و حەسیریشیان دەهێنا. هەموو جۆرە ئوتومبیلێك دەهات، لە قەمارەی سالۆنەوە بیگرە تا دەگاتە لۆری و قەلاب و پیکاب و تراکتۆرو هەمووش بەباری یارمەتییەوە. تەنانەت هەندێ لە جاشەکانیش هەستی مرۆیی و کوردایەتیان جولا بوو یارمەتیان دەهێنا.

**پ٩/ ئەم یارمەتییانە پێویستی خەڵکیان دابین کرد؟**

و/ کە ئێمە گەیشتین واتە لە ١٥/ ٩ تا نزیك دوو مانگی ئەم هەڵمەتە بێ پسانەوە بەردەوام بوو. پێم وایە تا رێژەیەکی زۆر پێویستییەکانیان دابین کرا.

**پ١٠/ خەڵکی ئەنفالکراو رایان بەرانبەر بەو یارمەتییە چۆن بوو؟**

و/ دەیانگوت تا لە ژیان ماوین چاکەی خەڵکی هەولێرو دەوروبەرمان پێ نادرێتەوە، ئەوان ئێمەیان لە مردن رزگار کرد و ورەیان بەرزکردنیەوە کە ئومێدمان جارێکی دی بە ژیان هەبێ.

**پ١١/ هاوكاری و بەهاناوەچوونی خەڵك بۆ ئەنفالكراوەكان دیارە چۆن بوو ئەوان لەنێوان خۆیان هاوكاریان چۆن بوو؟**

و/ هاوكارییەكی كۆمەڵایەتی چاكیان هەبوو، خۆیان بەیەك چارەنووس دەزانی و هاودەردبوون. راستە خۆیان دابووە دەستی قەدەر، بەڵام كە شەوان دادەنیشتن و لاوكیان دەگوت، لە لاوكەكاندا جۆرێك لە هیواو ورە بەدی دەكرا. كەسیش نەیدەزانی چارەنووس بەچی دەگات.

**پ١٢/ رێژەی مردن چۆن بوو؟**

و/ لە سەرەتادا ژمارەیەك مندالٚ مردن، پاشان خەڵكی پیر و پەككەوتە... كەشوهەوای دەشت و گەرماو برسێتی و دڵەڕاوكێ و خەموخەفەتی ئەوانەی گوللەباران كران، یان شونبزربوون، كاریگەری خۆی بەسەر زۆرانەوە هەبوو.

**پ١٣/ هەڵسوكەوتی پیاوانی رژێم چۆن بوو؟**

و/ بەبەراورد لەگەڵ سەرەتای گرتن و قەلا سەربازییەكانی دهۆك و قەدش و سەلامیە زۆر باشتر بوو، پتریش دەگەڕایەوە بۆ یەكگرتوویی خەڵكەكەو دوژمن زەفەری بەو یەكێتییەیان نەدەبرد، بەڵام پاش ماوەیەك توانی لە رێگەی هەندێ خەڵكی (نەفس نزم) دەستیان لەناو پەیدا بكات و چەند كەسێك بكاتە سیخور، بۆیە لێپرسینەوەیان لەگەڵ خەڵك دەكرد و لێیان دەدان و چەند حاڵەتێكی گرتن و شونبزركردن روویدا، بەڵام دەستدرێژی سێكسی نەبوو، یان من هەستم پێ نەكردو نەمبینی.

**پ١٤/ رێگەیان دەدا خەڵكەكە لەو ئوردوگا دەربچێت؟**

و/ رژێم زۆر بێ منەت بوو، سەركەوتنەكانی ئەنفال مەستی كردبوون، پێیان وابوو تازە خەڵكەكە دەستەمۆ بووە و جارێكی دی سەربەرز ناكاتەوە. بەڵێ بە(پسوولە) رێگەیان دەدا لە سەعات (٨ی بەیانی تا ٤ی ئێوارە) خەڵك بۆ



دابینكردنی پێداویستی خۆی بچێتە شار، بۆیەش ژمارەیەك پێشمەرگە رایانكردەوە بۆ شاخ و دەرباز بوون.

**پ١٥/ كێ پسوولەی دەدا؟**

و/ رێكخراوی بەعس و بەرپرسی حزبی جەژنیكان عارەبێك بوو بەپلەی (ئەندامی شوعبە) كە ناوی ئەبو مەیسون بوو، بەڵام یاریدەدەرەكانی كورد بوون...

**پ١٦/ پزیشك هەبوو بۆ چارەسەری؟**

و/ سەرەتا نەبوو، بەڵام پاشان بنكەیەكی تەندروستی گەڕۆك هەبوو بەیانیان دەهاتن و ئێواران دەگەڕانەوە شار.

**پ١٧/ شتێكت ماوە بیڵێی؟**

و/ حەز دەكەم جەخت لەسەر ئەم خاڵەش بكرێت یارمەتی خەڵكی هەولێر هەر بەپارە و كەلوپەل نەبوو، بەڵكە چەندین شێوازی دیكەشی هەبوو وەك:

١- ئیش پێكردنی ئەوان لەجیاتی خەڵكی دی.

٢- پزیشك پارەی پشكنین و هەندێك دەرمانیشیان وەرنەدەگرت.

٣- دوكاندارەكان پارەیان لێ وەرنەدەگرتن، یان بەنرخی هەرزانتر شتومەكیان دەدانێ.

**٣- دیداری فاتیمە صالح ٩/ ٥/ ٢٠٠٦ جەژنیکان**



**پ١/ لە کوێ گیران؟ و چۆن خۆتان دایە دەست؟**

و/ یەکەم جار رژێم بۆ دەوروبەری باکرمان لە مانگی ئایار هێرشی هێناو ماڵە فەلەکانی هەموو گرتو برد.

لە مانگی ئاب سەرەتا جاش هێرشیان هێنا بۆ (سەری بیکێ)، ئێمەش چووینە وارێ... پاشان خزمێکی ئێمە بە ماڵو منداڵەوە هاتو گوتی رژێم هاتو خۆ رزگارکەن. ئەو کات من نانم دەکرد گوتی هەستە هیچ کەلو پەلو مەڕو ئاژەڵ مەبەن، تەنها منداڵەکان رزگارکەن، ئەمەش فەرمانی کوردانە. پیاوەکە(جاسم)چوو بووە سەر زەوی خۆمان، منیش چووم بانگم کردو گوتم: وەرە رژێم هات... گوتی با بێت چ دەبێ. . گوتم ئەمە فەرمانی کوردانە دەبێ بڕۆین، چونکە ئەمجارە ژنو منداڵو پیاو هەمووی دەگرێ. . ئەنفالە. . جاسم هاتەوەو تەنها هەندێ جلکمان هەڵگرتو رۆیشتین بۆ (شێخەولا) بەو نیازەی بەرەو ئێران بڕۆین. ئەو کاتە هەموو خەڵکیش هاتو بوو بەرۆژی حەشر... ئێمە هەموو بەرەو چیای گارە چووین. . تا ئەو کاتە بووە ئێوارە. لەوێ هەواڵ هات گوتیان رژێم رێی ئێرانی گرتووە. . ئیتر بوو بە دادو فیغان، ئەو مەفرەزەیەش کە لە پێشمەبوون تووشی هەندێ جاشی هەرکی ببوونو رەحمیان پێ کردن، ئەگەر عەسکەری رژێمیان لەگەڵ بووایە تەفرو تونایان دەکردن. . ئەوان ئاماژەیان بۆ ناردین کە بەرەو لای ئەوان نەچینو ئاگریان هەڵکرد، لەو گەلیەی شێخەولا... نزیکەی (٨) هەشت رۆژ ماینەوە، نانمان نەمابوو مەڕو گۆلکمان دەکوژییەوەو گۆشتەکەمان دەخوارد. لە رۆژی نۆیەم بوو مام مەجید خەڵکی گوندی (سیان) بوو هاتو گوتی با بڕۆین رێگە هەبێ. . یان نەبێ. گوتی باژنو منداڵ بچنە (شمشیو دووردیا) ئەوان خۆ تەسلیم بکەن، بەڵام ئێمە (پیاو) ناچین. . منیش گوتم ناچم. . گوتی بۆناچی؟ گوتم ئەمە ئەنفالە نەك دەنگ ناکەنە ژنان، ئەوانە کەس ناهێڵنو هەموو بە پێشمەرگە حسابین. گوتی: بابە



ئێمە ژنو منداڵی خۆمان ناردییە، من نەچووم... ئەویش لای ئێمە مایەوە تا دوو رۆژی دەماین، پاشان پتر بەرەو گارە هەڵکشاینو چوینە (چۆلیکێ)، کە شوێنێکی بڵندە لە گارە، بەڵام سەری تەختاییە. کەچی لەوێ چ ببینین، بەردەکی باوێی بەسەری سەدان دەکەوێ. ئەو دەشتەش تەژی خەڵك بوو، روویان لە ئاسمان کردبوو. دەگریان، بێ ئاوو بێ نان مابوونەوە. مام مەجید گوتی ئەشکەوتێك هەیە لە هێروەی ئەرگنێ. . وا باشە بچینە ئەو ئەشکەوتە، ئێمەش رۆیشتینو رێگە تەواو نەدەبوو، کابرایەکی دی هەبوو ناوی موسا زێرك بوو گوتی بۆ هەر کوێ بچن من لەگەڵ ئێوە دێم. . بچنە ئێران یان خۆ تەسلیم بکەن من لەگەڵ مام مەجید دەبم. ئەوان نزیکەی (٣٠) پیاویان لەگەڵ بوون، مام مەجید گوتی ئەمڕۆ رۆژی ئەوە نییە کەس خۆی بە کەس ببەستێتەوە، من خێزانی خۆم ناردۆتەوە. رژێم بمانگرێ ئیعدامان دەکات، نە گوندی خۆمە ئێوە بحەوێنمەوە. ئەوان هەرلە دوو ئێمە هاتن بۆ شەو گەیشتنینە ئەشکەوتەکەو ئەوانیش هاتن، ئەشکەوتەکە دەرگاکەی گەورەبوو، کۆپتەریش دەگەڕا، بەڵام تەقەی لێ نەدەکردینو تۆپیشیان تێ نەدەگرتین. ئەو کاتە هیچمان نەمابوو منداڵ لە برسان دەگریانو خەریك بوو هەموومان بکەوین لەوێ دەمردین. . بۆیە مام مەجید گوتی رابن با بچینە گەلی سیانێ. . چ لەوێ مردین، چ هاتینە کوشتن، چ کەوتینە دەست رژێم. ئەو جارە چووینە گەلیێ سیانێ. . دیار بوو خەڵکی بەری گارەو شێخانو بەرواری ژێریو هەموویان هاتنە ئەوێ، لەوێ هەنجیرو ترێو میوەی هەبوو بیخۆینو ئاژەڵیش زۆر بوو، چونکە سەرەتا هەرچی هاتبوو مەڕو ماڵاتی خۆی هێنابوو لەوێ بەرەڵای کردبوو. هەرچەندە لەوێ زۆر لە دوژمن نزیك بووینو بەچاو نەفەریان دەبینرا. وەك لە بیرم بێ چەند رۆژەك لەوێ ماین. لەوێ جاشەکان تەقەیەکی زۆریان کردو خەڵك بەرەو چیا رایکردەوە. . بەڵام کەرادیۆمان کردەوە گوتی ئەمە (عەفوە) بۆیە خەڵکێکی زۆر خۆی دایە دەست. بەڵام مام مەجید گوتی ئێستا زۆر قەرەباڵغە. . با برێك خەڵك کەم بێت جاخۆمان تەسلیم دەکەین. . دیار بوو دوای عەفوش رژێم خەڵککی زۆری بردو شوێنبزری کرد. تەنها ئەوانەی هێشتەوە کە پێشتر پەیوەندیەکیان بە رژێمەوە

هەبوو، جاسوس بوون. . پاش دوو رۆژ هەواڵمان بۆ هات گوتیان ئەوانەی خۆیان تەسلیم کردووە هەموویان گیراون. بۆیە خەڵك مانەوەو چیدی خۆیان تەسلیم نەکرد. دەتوانم بڵێم دوو بەشی خەڵکەکە رۆیشت، بەڵام بەشێکی مایەوە، دوای (عەفوو عام)ـەکە دەرچوو ئێمەش بەرەو دەشتی نەهلە شۆڕ بووینەوە، لە (دوودیا) خۆمان تەسلیم کرد بە سەربازەکانو شەوێك لەوێ ماینەوە بێ ئەوەی پەلکە نانێکمان بدەنێ.

**پ٢/ پاشان بۆ کوێیان بردن؟**

و/ زیلی عەسکەریان هێناو هەموویانیان سوارکردن ژنو منداڵو پیاو بە قەرەپەستانێ، رەنگە سەد کەسیان کردبێتە یەك زیلو ئێمەیان بردە قەڵای ئاکرێو زیندانیان کردین، نەیان هێشت کەس بمان بینێو خواردنێکمان بۆ بهێنن. رۆژی پاشتر ئێمەیان بردە قەڵای (نزارکێ) لە دهۆك.

**پ٣/ بارودۆخی قەڵای دهۆك چۆن بوو؟**

و/ لە دهۆك رژێم بە ئارەزووی خۆی دەجوڵایەوە، کافر بوون دڵیان بە موسڵمانان نەدەسووتا، بەردەوام لە پیاوەکانیان دەدا، دەیانبردنو نەدەهاتنەوە... هەروەها شەوێ دەهاتنە ناو ژنانو هەر ئافرەتێك جوان بووایە دەیانبردن. من بەچاوی خۆم نەمدیت کەس بکوژن، بەڵام هۆڵێك هەبوو وەك گەراجی ئوتۆمبێل وابوو هەمووی خوێن بوو، هەرچی ببردرایە ئەوێ نەدەهاتەوە.

**پ٤/ لەوێ هیچ خواردنیان دانێ؟**

و/ لەوێش هیچ نانیان نەداینێ، بەڵام سەربازێك یارمەتی داینو چوو هەندێك خواردنی بۆ هێناین.

پ٥/ چەند رۆژ لەوێ مانەوە؟

و/ ئێمە چوار رۆژ لەوێ ماینەوە، پیاوەکانیان لەژنو منداڵ جودا کردبۆوە، پاشان ئێمە یان سواری زیلان کرد، گوتمان. ' تەواو ئەنفالەکەیەو بەرەو باشووری



ئێراقمان دەبەن، بیرمان لەوە نەکردبۆوە دەمان هێننە ئێرە، کە گەیشتە هەولێر جا زانیمان بۆ ئێرەیان هێناوین.

**پ٦/ کە هێنایان چییان پێدان؟**

و/ لەناو دڕکان فڕێیان داین.

**پ٧/ پێش ئێوە خەڵکی لێبوو؟**

و/ پێش ئێمەش خەڵکی زۆر هاتبوون (٦- ٧) هەزار هاتبوون.

**پ٨/ چ کات گەیشتنە جەژنیکان؟**

و/ پێش نیوەڕۆ ئێمەیان هێنا.

**پ٩/ چ کات یارمەتیتان پێ گەیشت؟**

و/ هەر حوکمەتەکی کوردان، پارتی بێت یان نا، پێویستە هەموو شتێك بۆ خەڵکی هەولێرو دەرووبەری بکات، چونکە ئەوان لە ساڵی ١٩٨٨ ژیانی ئێمەیان لەمردن رزگارکرد، لەگەڵ گەیشتنمان هەموو جۆرە خواردنو پێدوایستیەکیان بۆ هێناین.

**پ١٠/ وەکو چی؟**

و/ کە گەیشتن خەڵك نەیانهێشت بگاتە نیوەڕۆ هەموو خواردنێکیان بۆ هێناین، بەڵام خەڵکەکە هێندە زۆر بوو دەرەقەت نەدەهاتن. ئەو دەم برنجو شلەو نانیان بۆ هێناینو خودا دەزانێ یارمەتییەکی زۆر باشیان داین. . پاش سێ رۆژیش چادریان بۆ هێناین هەموو شتێك دەهات، بەڵام دەبوو خۆت بچیت وەری بگریو زۆر قەرەباڵغ بوو.

**پ١١/ راستە ئێوە کیمیا باران کرابوون؟**

و/ سەرەتا کە رژێم هێرشی هێنا کیمیای لێداین، کاریگەری لەسەرمان ما. . کە گەیشتنە جەژنیکان من نەخۆش بووم. . منیـان بـردە نەخۆشـخانە. . کـەلێیان پرسیم چیتە گوتم کیمیایان لێداوم. من نەمزانی ئەمە خراپەو نابێت وابڵێم.

ئافرەتێکی عارەب پزیشك بوو گوتی: پێویستە بیبەنو منیان راکێشا ببەن، ئـەو کاتە دکتۆرو سستەرەکانی نەخۆشـخانە کـە کـورد بـوون هـەموو هاتنـە وەڵامو گوتیان: وای نەگوتووە ئەو پزیشکە ژنە بە هەڵە تێـی گەیـشتووەو بـەزۆر نـەیان هێشت، ئەگینا عارەبیش هاتن، ببەن. . ئەو ژنـە وای لـەزۆر خـەڵکی دیکـەش دەکرد، رۆژی ٢٥/ ٨/ ١٩٨٨ کیمیا لێیدان (١) کەس مرد، بـەڵام زۆر برینـدارو کوێربوون(*)

**پ١٢/ رۆڵی جاشەکان لە گرتنی ئێوە چی بوو*؟**

و/ جاشەکان ئاگاداریان کردینەوە پێش عەفوەکە خۆمان تەسلیم نەکەین، چـونکە رژێم هەمموومان ئەنفال دەکات، کاتێکشی هەندێ خەڵك چوون تەقـەیان لێکـردن تا بزڤرنەڤە. .

**پ١٣/ بۆ تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە گوندەکان؟**

و/ ئێمە دوای راپەڕین گەڕاینەوە گوندەکـەمان، بـەڵام بـەهۆی شـەڕی پەکەکـە، جارێکی دی دەربەدەر بووینەوەو هاتینەوە ئێرە، تا ئێستا گوندەکـەمان ئـاوەدان

* باوکی فاتیمە مام صالح و ژمارەیەکی دیکە ٥٠-٦٠ کەس دەبن بە پروپاگەندەی رژێم هەڵدەخەڵەتێنن کە گوایە دەیانبەن لە فەلوجە ئیش هەیە بۆخۆ ئیش بکەن، بەڵام لەوێ زوو گومانیان بۆ پەیدا دەبێت کە رژێم بۆ کوشتنی هێناون نەك ئیشکردن، بۆیە رادەکەن. بەڵام باوکی بەدوادەکەوێ و بەسێیان لە باوکی فاتیمە دەدەن و دەیکوژن (٧) رۆژ تەرمەکەی لەو گۆرە دەکەوێ.. پاشان شارەوانی دەیبات لەنێو سەلاجە هەڵیدەگرن و بۆ ماوەی (١٢) رۆژ جا لەرێگەی ئەرشەد زێباری کە دەچنەماڵیان تەرمەکەیان دەدەنەوە.



نەبۆتەوەو بچینەوە سەر چی. ژیانی ئێمە لەو هەولێرە لەناو کەلاوەیەك دابێـتوا دەزانین لەنێو خانووی (٦) نهۆمییە هێندە لە خەڵکی ئێرە رازین.

**پ١٤/ ئایا هۆکارەکانی یارمەتی ئێوە چی بوو؟**

**پ١٥/ ئایا پیاوانی رژێم دەستدرێژیان دەکردە سەر ئافرەت؟**

و/ شەوانە ئەمنو سەرباز دەهاتن. . چ کچو ئافرەتی جـوان بووایـە دەیـانبرد(٥) کـچو دوو ژنیـان لـە قـەڵای دهـۆك بـرد ئێـستاش نەبینرانـەوە. . هەنـدێکیش دەگەڕانەوە. خاتوو فاتیمە نەیتوانی درێژە بە قسەکانی بداتو گـوتی بـرای مـن ناتوانم لەمەیانەوە هیچت بۆ باس بکەم دوژمن بـوو. . هـەموو شـتەکی بەسـەر ئێمەی کورد داهێنا.

**پ١٦/ بەرای تۆ هۆکارەکانی یارمەتیدانی خەڵکی هەولێر بۆ ئەنفالکراوەکان چی بوون؟**

و/ بە رای من لەبەر ئەوە بوو ئێمەش وەك ئـەوان کـورد بـووین، مـرۆڤ بـووین، موسڵمان بووین، دیارە خەڵکی هەولێریش بـە نانـدان و یارمەتیـدەرو جـوامێری بەناوبانگن.

**٤- دیدار لەگەڵ خاتوو (سەعدیە حامد) ٢٠/ ٤/ ٢٠٠٦**

**پ١/ لەکوێ گیران؟**

و/ دەشتی نەهلە.

**پ٢/ لە بیرتە چەندی مانگ بوو؟**

و/ ٩/ ١٩٨٨

**پ٣/ ئێوە چەند کەس پێکەوە گیران؟**

و/ (٨) خێزان بووین نزیکەی (٤٠) کەس دەبووین، پاش ئەوەی رامان کردو چوینە شاخ لە هەموو لایەك دەورمان گیرا...

**پ٤/ ماڵی ئێوە چەند کەس بوون؟**

و/ منو پیاوەکەمو ئەو کاتە دوو منداڵم هەبوو، بەڵام مرۆڤی مەو خزمیش زۆر لەگەڵمان بوون.

**پ٥/ ئایا پێشمەرگە یارمەتی نەدان بۆ دەربازبوون.** .

و/ درەنگ هەواڵیان داینێ کە خۆمان بگەیننە سنوورەکانو پێڕا نەگەیشتین، ژمارەیەك پێشمەرگەش بە خێزانەوە لەگەڵمان بوون بەڵام دەرباز نەبوونو گیران.

**پ٦/ ئەگەر یارمەتی دران بۆ دەرباز نەبوون؟**

و/ رێگەمان گیرا...

**پ٧/ پێش گرتن چەند رۆژ لە چیا مانەوە؟**

و/ لە ٢٤/ ١٩٨٨/ ٨وە لە ماڵ دەرچووین. . وا بزانم تا گرتنمان دەکاتە (١٣) رۆژ...



**پ٨/ چ هێزێك ئێوەی گرت؟**

و/ سەرباز بوون.

**پ٩/ چ هێزێك رەفتاریان لەگەڵتان زۆر خراپ بوو؟**

و/ ئەمنو ئیستخبارات.

**پ١٠/ ئایا ژنو پیاو لێکدی جودا کرانەوە؟**

و/ کە گیراین پێکەوە بووین تا قەڵای ئاکرێ، لەوێ پیاوەکانیان لێ جودا کردینەوەو هەر ئەو جوداکردنەوەیە بوو نەمانزانی چیان لێهات.

**پ١١/ چەند مرۆڤی خۆتان بوون؟**

و/ هەشت. . لەوانە هاوسەری خۆمیش.

**پ١٢/ ئایا دەستدرێژیان کردە سەر ئافرەت؟**

و/ لە ئاکرێو پاشان لە دهۆك جنێوی پیسیان دەدا، لێیان دەدایـن، ئیهانەیان دەکردین، بەڵام دەستدرێژی دی لە سەلامیە بوو.

**پ١٣/ چۆن... ؟**

و/ زەحمەتە بتوانم باسی بکەم. . شەو دەهاتن چ کچێکی جوان بووایە یان ئافرەت بەرچاو بووایە دەیانبرد. . هەندێك هەر نەگەڕانەوە. . نازانم کوشتیانن، یان ماون. . لەمە بزربوون.

**پ١٤/ کچ بوون یان ژن؟**

و/ کچ و ژن. .

**پ١٥/ ژمارەیان دەزانی؟**

و/ نەخێر... بەس ئەوانەی پێش ئێمە باسی (٨) کەسیان دەکرد. . لەوانە لەگەڵ ئێمەش لە سەلامیە بوون من ئاگاداری (٢) کچ بووم شوێن بزرکران. .

**پ١٦/ لەکاتی گرتن کەسیان شەهید کرد.**

و/ نەخێر. . دوایی بردنیان. .

**پ١٧/ سەرەتا ئێوەیان بۆ کوێ برد کە گیران؟**

و/ بۆ بارەگایەکی سەربازی لە بیرم نەماوە لە کوێ بوو لەوێ شەوێك ماینەوە، جاشیشیان لەگەڵ بوو، جاشەکان دەیانویست خۆیان باش نیشان بدەن، بەڵام ئێمە تفمان لێ دەکردن. .

**پ١٨/ لەکاتی گرتن تا چەند ڕۆژ بێ خواردن بوون؟**

و/ بەس ڕۆژی یەکەم کەلە بارەگا سەربازییەکە بووین خواردنیان دابینێ، پاشان لە قەڵای ئاکرێش یەکەو یەك سەموونی کۆنیان دا، ئیتر نەما تا سەلامیە لەوێش هەر نەمردین، ڕۆژێ کەمێکیان. . دە دابینێ. .

**پ١٩/ ئاوەکەی چۆن بوو؟**

و/ ئاوی تانکی ژەنگاوی بەر ڕۆژ. . نازانم تامێکی زۆر ناخۆشی لێدەهات، بەڵام بە ناچاری دەمان خواردەوە.

**پ٢٠/ چ ڕۆژێك گەیشتنە جەژنیکان.**

و/ وابزانم (٩) ی مانگ بوو یەکەم وەجبە هاتین.

**پ٢١/ بە چ هاتن.**

و/ پاسی گەورە. .

**پ٢٢/ لە جەژنیکان سەرەتا چیتان بینی؟**

و/ ئێوارە بوو. . دەشتێکی پڕ لە دڕكو گەرمو چۆل.

**پ٢٣/ کەی خواردنو یارمەتی خەڵك گەیشتە ئێوە؟**

و/ هەر کە دابەزین، خەڵکی جەژنیکان خواردنیان بۆ هێنایین. .



**پ٢٤/ خواردنەکە چی بوو گەر لەبیرت مابێ؟**

و/ هەر گیز لەبیرم ناچێ... چونکە نزیکەی مانگێك بوو نانێکمان نەخواردبوو نانی مرۆڤ بێت. . ئەو کات بۆ خۆمو دوومنداڵەکەم (٤) نانی گەرمو هەندێ تەماتەیان بۆ هێنایان... بەڵام ئەو شەوە منداڵەکانم زۆر گریان، چونکە شەو ساردی کردو نوێنمان بەر نەکەوت.

**پ٢٥/ ڕژێم چۆن ڕێگەی دا خەڵك هاریکاریتان بکات؟**

و/ خەڵك لە هیچ شتێك نەدەگەڕاوە، منەتی ڕژێمیان نەدەزانی.

**پ٢٦/ هەڵسوکەوتی پیاوانی ڕژێم لەنێو ئوردوگا لەگەڵتان چۆن بوو؟**

و/ هەندێ لە مەفرەزە تایبەتەکانو ئەمنەکان زۆر خراپ بوون، ئیهانەی خەڵکیان دەکرد، بەدوای ناموسی خەڵکدا دەگەڕان هەر ژنێك جوان بووایە، بە هەموو شێوەیەك خۆیان لێ دەبردە پێش، ئەگەر وەڵامی نەبووایە بانگیان دەکردە بنکەکەیان ئیهانەیان دەکردو. .

**پ٢٧/ هیچ حاڵەتی دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەت هەبوو لە جەژنیکان؟**

و/ ئەدی چۆن نەبوو، کەس باسی ئەوە ناکات... بە زۆریش هەبووە، بەڵام ژنە لەبەر ناموسی خۆی، یان لە ترسی ئەمنەکان، یان کەسوکاری نەوێراوە باسی بکات. پاش ماوەیەك مانەوە، ژنیش هەبوو بێ کەس بوو، برسی بوو، دەترسا، بێ پیاو مابۆوە، نوو بووك بوو. . ڕەنگە خۆی خەڵەتابێت. . دوایی بە هەزاران خێزانیان هێنا، برسێتیو بێ کەسیش هاندەربوو ژن هەبێ تەسلیم بێت. جا بەزۆر بێت یان بە فشار خستنە سەر.

**پ٢٨/ منداڵ زۆر مردن. .**

و/ بەڵێ بە مەزەندەی من پتر لە (٥٠٠) منداڵ مردوون لە (٥- ٦) مانگی سەرەتایی.

**پ٢٩/ لەبەر چی دەمردن. . ؟**

و/ نەخۆشی بلاو ببۆوە، کاریگەری پێشتریش هەبوو، زۆربەی ئەوانەی گیران ٢٠ رۆژ تا مانگێك لە چیا، پاشان لە گرتووخانەکانی ئاکرێو دهۆكو سەلامیەو قەدش برسی بوون، دایك شیری نەمابوو. . هەموو منداڵەکانمان تووشی بەد خۆراکی بوون، هەندێ لە ئەنفالکراوەکانیش بەر کیمیا کەوتبوون پاشان کاریگەری دیار کەوت. .

**پ٣٠/ چ یارمەتیتان زۆر بۆ دەهات؟**

و/ باسی چی بکەم. . تەنها رۆژی یەکەمو دووەممان ناخۆش بوو. . ئیتر هەموو شتێکمان بۆ هات نان، ئاو، بەفر، میوە، برنجو ساوار، شیرو مەمە، کەلو پەلی ناو ماڵ، مەسینەو، ئامان، لانك، چادر، دارو نایلۆن، نوێنو رایەخ، جلو بەرگ.

**پ٣١/ پێش ئەوەی بێنە هەولێر. . رات بەرامبەر بە خەڵکی هەولێر چۆن بوو؟**

و/ ئاسایی بوو...

**پ٣٢/ پاش ئەوەی لە جەژنیکان بینیت؟**

و/ نەشێم باسی بکەم... هەر چەند بڵێی ناتوانی ئەو هاریکارییەی خەڵکی هەولێرو جەژنیکانو بەحرکەو گوندەکانی دی باس بکەی. . خەڵکی هەولێر پتر لە (٥٠٠٠) خێزانیان لە مردن رزگارکرد. ئەوەی لە هەولێر کرا لە شارێکی دی کوردستان نەکراوە باوەڕم وایە دووبارەش نابێتەوە. . ئێمە بە ئاکرێو دهۆکو شاری دیش داهاتین لە دهۆك بووین. . کەسمان نەبینی یارمەتییەکمان بدات، خەڵکی هەولێر ئیسپاتیان کرد کوردنو کوردینی دەکەن، ئازاو پەیتنو چاوی دوژمنیان شکاند.



**پ٣٣/ بەرای تۆ هۆکارەکانی یارمەتیدانی خەڵکی هەولێر بۆ ئەنفالکراوەکان چی بوون؟**

و/ هۆکارەکان پتر...

١- نەتەوەیی بوو.

٢- خەڵکی هەولێر یارمەتی غەریب و لێقەوماوان دەدەن.

## ٥- دیدار لەگەڵ خاتوو میریەم ئەحمەد جەژنیکان ٩/ ٥/ ٢٠٠٦



**پ١/ لە کوێ گیران؟**

و/ چووینە پشت گوندی، شاخی گارە، حەوت رۆژ ماینەوەو دوای عەفوەکە پاش ئەوەی خواردنمان تەواو بوو دەورمان گەمارۆ درابوو بەناچاری هاتینە خوارەوەوخۆمان دایەدەست.

**پ٢/ پاشان بۆ کوێیان بردن؟**

و/ پاش تەسلیم بوون ئێمەیان بردە ئاکرێو تەنها شەوێك لەوێ ماینەوە. . پاشان ئێمەیان بردە دهۆك. . دیارە بەر لە عەفوەکە خەڵکی زۆریان هێنابووە قەڵایەکە کە هەمووی خوێنو جلوبەرگی پیاو ژنو منداڵ بوو. . لە رادەبەدەر قەڵاکەپیس بوو. . شوێن نەبوو لێی دانیشن، زادێك نەبوو بیخۆین، هیچیان نەداینێ، بەردەوام بەدارو سۆندە و کێبل لێیان دەداین. ئاوێکی گەرمی بەر رۆژ هەبوو، پێیان دەگوتین سەمونتان دەدەینێ دوایی بە نۆرە لێیان دەداین.

**پ٣/ دیارەلە قەڵای دهۆك ئازاریان دان؟**

و/ ئەوانەی پێش ئێمە دەیانگوت ئاگریان لەرپیشی پیرەمێردەکان بەرداوە، دەستو قاچی پیاوانیان سوتاندووە، بە بلۆك لەسەریان داون. . ئەمەش دیار بوو ئەو هەموو خوێنە لەچی رژابوو...

**پ٤/ پاش قەڵای دهۆك بۆ کوێیان بردن؟**

و/ بەزیلی عەسکەری پاش چەند رۆژێك مانەوە لە قەڵای دهۆك ئێمەیان هێنایە جەژنیکان، شەو گەیشتین لەناو دڕکان فڕێیان داین، خەڵك زۆر لێرە بوون، خەڵك هەر ئەو شەوە خواردنیان بۆ هێنان لەوانە (دۆڵمە. برنجە سۆر. شلە، گۆشت.



ئامان...) و هەموو شتیان بۆ هێنایین سندووقە تەماتە هەروەها جلو بەرگی ژنو منداڵو پیاوانو نوێنیان بۆ هێنایین، ئەوەی کەم بوو تەنها پارە بوو. . خەڵك هەبوو یەك دیناری پێ نەمابوو. پاشا دانەوێڵەو ئەرزاقی وشکیشیان بۆ هێنایین. مەنجەڵە دۆڵمەو چێشتی گەرمیان دەهێنا لەناو خەڵکیان دەگێرا. . سەمونی گەرم دەهات.

**پ٥/ لەناو ئوردوگا ئازاری خەڵکیان دەدا؟**

و/ ئەمنو استخبارات لێرە زۆر زوڵمیان لێ دەکردین.

**پ٦/ دەستدرێژیان دەکردە سەر ئافرەت؟**

و/ نازانم. . !!! بەچاوی خۆم نەدیووە. . بەڵام باسیان دەکرد. .

**پ٧/ کەی توانیتان خانوو دروست بکەن؟**

و/ پاش ساڵێك جا توانیمان خانوێك دروست بکەین، ئەگینا پێشتر خەڵك خیوەتێکی بۆ هێنابووینو لەناوی دەژیاین.

**پ٨/ لە خەڵکی هەولێرو دەوروبەری رازین؟**

و/ خەڵکی هەولێرو دەوروبەری زۆریان بۆ ئێمە کرد سوپاسیان دەکەین. ئێستاش هەربە خۆشەویستی خەڵکی هەولێرو جەژنیکان ماوین. حکومەتی هەرێم هیچی بۆ نەکردووین، بەڵام خەڵکی هەولێر لە مردن رزگاری کردین، چونکە ئەگەر خەڵکەکە بە هانامانەوە نەهاتبان هەموو لە برسان دەمردین. رژێم سەرەتا نەیدەهێشت لە ئوردوگا دەربچین یان پیاوەکانمان ئەوانەی مابوون ئیشێك بکەن.

**پ٩/ تا ئێستا حکومەت هیچ یارمەتی نەداون؟**

و/ حکومەتی هەرێم دەستی بۆ دەوڵەمەندو زەنگین درێژە، بەڵام بۆ هەژارو لێقەوماوی وەك ئێمە چی نەکردووە.

**پ١٠/ چەند کەس لە بنەماڵەی ئێوە گیران و شەهید بوون؟**

و/ (٧) حەوت پیاوی ئێمە شوێنبزرە، ئێمە لەبەر بێ پیاویو نەمانی خۆراك بە ناچاری تەسلیم بووین، شەش پیاویشمان لەگەڵ مەڕو ماڵات بوون بەرعەفویان نەخستن لەوانیش پیاوەکەی من بوو.

**پ١١/ بەرای تۆ هۆکارەکانی یارمەتیدانی خەڵکی هەولێر بۆ ئەنفالکراوەکان چی بوون؟**

و/ بە رای من یارمەتیدانەکە لەبەر ئەوە بوو کە ئێمەش وەکو ئەوان کورد بووین، جگە لەوەش خەڵکی هەولێر بە یارمەتیدانی لێقەوماوان بەناوبانگن و خەڵکێکی شۆڕشگێرن.



**٦- دیداری خاتوو هیرێ عەبدولڕەزاق**

**جەژنیکان** ٩/ ٥/ ٢٠٠٦



**پ١/ لەکوێ گیران؟**

و/ لە گوندەکەمان گویزێ.

**پ٢/ چەندی مانگ بوو؟**

و/ بەر لەعەفوەکە بوو.

**پ٣/ ئێوە چەند کەس پێکەوە گیران؟**

و/ رژێم هات گوندەکەمانی سوتاند، ئێمە لە چیای دابەزینە خوارەوە بەر لەعەفوەکە لەبەر ئەوەی خواردنمان تەواوبوو. . هەموو گوند پێکڤە بووین کە هاتینە گرتن.

**پ٤/ پاش گرتن بۆ کوێیان بردن؟**

و/ ئێمەیان بردە قەڵای قەدش تا ئەو کاتیش ژنو پیاو پێکەوە بوو، بەڵام لە قەدش دەستی پیاوەکانیان بەستو هەموومانیان هێنایە قەڵای نزارکێ لە دهۆك ئەوانیان برد بە زیلان (٩٦) کەس بوون. . تەنها هەندێ پیرەمێردیان هێشتەوە هەتا کەم ئەندامو کوێرو لالیشیان دەبرد. . باوەڕتان بێ لە ١٠ ساڵ بەسەرەوەشیان بردو شوێن بزرکران. .

**پ٥/ چەند رۆژ لە قەڵای دهۆك مانەوە؟**

و/ شەوێك لە قەڵای دهۆك ماینەوە. . پاشان ئێمەیان بردە قەڵای سەلامیەو (٩) رۆژ لەوێ زیندانی کراین تەنها ژنو منداڵ بووین. . هیچ ژیانمان لەوێ نەبوو، خواردنیان هێندە دەداینێ نەمرین. . لەنێو پیسایی خۆماندا دەژیاین. .

بەردەوامیش لە ژنو منداڵیان دەدا. . بزماریان لەداردابوو لێیان دەدایەن. . زۆر ژنو منداڵی گوندی مە لە سەلامیە مردن لەوانە منداڵێك بەناوی تەحسین. . بەڵام کە هاتینە جەژنیکان نزیکەی (١٠٠) زارۆك لە خەڵکی گوندی ئێمە مردن.

**پ٦/ کە گەیشتنە جەژنیکان کەسی لێ بوو؟**

و/ یەکەم وەجبە ئێمەیان هێنایە جەژنیکانو کەسی لێ نەبوو، دەشتەکی پڕ دڕکوداڵ بوو، ئێمەش گێژو هوڕ بیووین.

**پ٧/ چ وەختی رۆژێ بوو کە هاتن؟**

و/ بەر لە عیشا ئێمە گەیشتینە ئێرە، بە پاسی سەربازی ئێمەیان هێناو پەردەشیان داخستبوو شوفێرەکەش عارەب بوو عەسکەریان لەگەڵ سوار کردین.

**پ٨/ ئایا یەکەم رۆژ خواردنتان پێ گەیی؟**

و/ خەڵکی گوندی جەژنیکانو پاشان بەحرکێ زوو خواردنو ئاویان بۆ ئێمە هێنا، تا لە هەولێرەوە بۆمان هات بێ رایەخو نوێنو بووین، بەدەستی جێی خۆمان خۆشکرد. چەند رۆژی پاشتر زۆر زۆر شتیان بۆ هێناین لە نوێنو خۆراکەوە بگرە تا دەگاتە مەمەو شیرو لانك بۆ زارۆکان.

**پ٩/ چی بە خەڵکی هەولێرو دەرووبەری دەڵێی؟**

و/ چ جار ئێمە ناتوانین چاکەی ئەوان بدەینەوەو سوپاسیان دەکەین، ئێمەیان بەخودان کرد. ئەوان نەبوونایە ئێمە دەمردین، کەس نەدەما. .

**پ١٠/ بۆ نەگەڕاونەتەوە گوندەکەتان؟**

و/ بەلیتو گوێزێ چۆڵن... هەندێ جارسەردانی دەکەین، بەڵام چۆلەو چ زەلام نەماینە...



**پ١١/ لێرە چۆن دەژین؟**

و/ کوا ژیانمان هەیە، هەندێکمان دامەزراوینو بەو کەمە مووچەیە دەژین.

**پ١٢/ تۆ دامەزراوی؟**

و/ من لە قوتابخانە بەبەردەست دامەزراوم.

**پ١٣/ بەرای تۆ هۆکارەکانی یارمەتیدانی خەڵکی هەولێر بۆ ئەنفالکراوەکان چی بوون؟**

و/ من پێم وایە لەبەر ئەوە بوو کە ئێمەش کوردین و جیاوازی لە نێوان بادینی و سۆرانی لای خەڵکی هەولێر نییە هەروەها بە یارمەتیدانی لێقەوماوان بەناوبانگن و خەڵکێکی شۆڕشگێڕو خودان کەرامەتن.

**٧- دیدار لەگەڵ نەبەز ئورفەیی( * )**

**هەولێر/ ١٨/ ٥/ ٢٠٠٦**



**پ١٩: لە ئۆردوگا بارودۆختان چۆن بوو کە گەیشتنە جەژنیکان؟**

و: کە گەیشتینە جەژنیکان دڵمان خۆش بوو. . چونکە مەترسی لە ناوبردن زۆر کەمتر بۆوە، دواییش ڕێکخستنەکانمان لە هەولێر دەتوانرا بگەنە هانامان، دەڤەرەکەش شارەزابووین بۆ دەربازبوون.

**پ٢٠: چ هێزێك لە ئۆردوگای جەژنیکان بوو؟**

و: جاش و ئەمن وحزبیەکان. (ئەبومیسون) اوێك هەبوو سەرپەرشتی دەکردن.

**پ٢١: خەڵك لە کاتی یارمەتی دان ئازار دەدران؟**

و: بەڵێ ئەمنەکان ئیهانەیان دەکردن، خەڵکێکیان دەگرت، یان هەر نەیان دەهێشت خەڵکی هەولێر بگەڕێنەوە ئۆردووگا، بەڵام خەڵکەکە هەر دەهاتەوە، بە قاچاخە ڕێ دەهات. هەتا یەکێکم بینی تەنها سەموونی هێنا بوو گرتیان. ئەگەر یەکێك پێویستی بەشتی دیش هەبوایە چونکە ئۆردوگاکە لە تەنیشت گوندی جەژنیکان بوو، لە گوند دەیانهێنا، خەڵکی گوندەکەش زۆر باش بوون.

**پ٢٢: پاشی ئێوە خەڵکی دییان هێنا؟**

و: بەڵێ، بەڵام ئەوانەی هێنایانن هەموو ژن و منداڵ بوون، پیاوەکانیان شونبزرکرا بوون، ئەوانە خەڵکی گوندی (پرێسەی) سورچیان بوون.

---

* دیمانەکەی کاک نەبەز ئورفەیی زۆر درێژتربوو لەوەی خراوەتەڕوو بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر لەوەڵامەکان هاوشێوەبوون لەگەڵ وەڵامەکانی کاک دڵشاد حوسێن بۆیە هەر ئەوەندەی پێویست بوو خستومانەتەڕوو لەگەڵ داوای لێبوردن لە کاک نەبەز.



**پ٢٣: چەند ڕۆژ لە ئۆردوگا مانەوە. .**

و: نزیکەی (١٥) ڕۆژ. . بەڵام زۆر جار دا دەبەزین بۆ ماڵی برادەرانی خۆمان لەهەولێر بە (پسوولە)، بە فێڵی ئەوەی دەمانگوت دەچین موعامەلە دەکەین وەك تەئیدی موختار، ڕەسم، نفوس دەر دەکەین، چونکە من کە خەڵکی باکووری کوردستان بووم، هیچ بەڵگەنامەیەکی ئێراقیم نەبوو، ئەم پسوولە دانەش بە نۆبەبوو.

**پ٢٤: لەو ماوەیەی لە ئۆردوگا بوون بینیت لە کەس بدەن؟**

و: ڕۆژانە بانگی خەڵکیان دەکردو دەگرت و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردن، ئەمنەکان زۆر خراپ بوون.

**پ٢٥: ئەو ماوەیە بەردەوام یارمەتی دەهات؟**

و: بەڵێ، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ زۆر هەولیان دا خەڵك یارمەتی نەهێنێت، بەڵام خەڵك بە قاچاخەڕێیان بە شەوان بە نهێنی دەیان هێنا.

**پ٢٦: خەڵك زۆر دەمردن؟**

و: بەڵێ، بەڵام زۆرینەی منداڵ بوون، ئەویش کاریگەری برسێتی وتینویەتی، کاریگەری کیمیاو پیسی ئەوماوەی گرتنیان بوو تا هێنرانە جەژنیکان و گەرمای جەژنیکان و بێ شوێنی حەوانەوەیان بوو کەمنداڵ ناسکەو نەخۆشی بەنێویاندا بڵاوببۆوە.

**پ٢٧: چ جۆرە یارمەتیەك پتر دەهات؟**

و: هەمو شت دەهات. . خواردن و کەل و پەل و پێداویستی منداڵ و ئافرەتان.

**پ٢٨: کەل وپەلەکان چۆن دابەش دەکران؟**

و: بەهێزی وبێ هێزی لە دابەش کردنداهەبوو، چ لێژنە و دەستەنەبوون. ئەوەی توانای زۆرتربوو، زۆرتری وەردەگرت، بەڵام ئەو پێشمەرگانەی وەك ئێمە کەلو

پەلێکمان وەردەگرت، یان لە ماڵی ئەو برادەرانەی هەولێر بۆمان دەهات، دەماندایە ئەوانەی بەریان نەکەوتبوو، تەنانەت هەر شەوی یەکەم من ودلشاد وسالار یەك بەتانیمان هەبوو ئەویشمان دایە ماڵێك گە منداڵەکانی سەرمایان بوو.

**پ٢٩: خەڵکەکە هاریکاریان لە نێوان خۆدا چۆن بوو؟**

و : زۆر تەبابوون، چونکە یەك چارە نووسیان هەبوو.

**پ٣٠: ئەو خەڵکە لە بن چی دەحەوانەوە؟**

و: هەموو شتێك... چادر، چادری کراوە ئەوەی بەسەر قەلاب دادەدرێ، بەتانیەیان لێکدابوو، تەنانەت بۆدی قەلاب ولۆریان بۆ هێنابوون لەژێری بژین.

**پ٣١/ بەرای تۆ هۆکارەکانی یارمەتیدانی خەڵکی هەولێر بۆ ئەنفالکراوەکان چی بوون؟**

و/ هۆکارەکان: بە رای من بریتی بوون لە:

١- کوردینی.

٢- مرۆڤدۆستی.

٣- نەریتی جوامێرانەی خەڵکی هەولێر.



## چەند وردە دیمانەیەکی تر

### خاتوو (ف. ت)

خاتوو (ف. ت) خەڵکی بەحرکە لەبارەی هەڵمەتی خەڵکی هەولێرو دەووروبەری بۆ جەژنیکان. دەڵێ:

دووەم رۆژ پاش هێنانی ئەنفالکراوەکان بۆ جەژنیکان، هەندێکیان هاتنە نێو گوندی بەحرکە. . من لە یەکێکم پرسی گوتی: ئێمە خەڵکی بادینانین لە دەڤەری دهۆك گیراینو سەرەتا رژێم ئێمەی بردە (فایدە) لەوێشەوە ئێمەی بردە موسڵو پاشان قەلأی سەربازی سەلامیە، هیچ لەبارەی پیاوەکانمان نازانین. . زۆر غەدریان لێ کردووین، چەندین رۆژە بێ نانو ئاوین. .

**هەروەها خاتوو ف. ت دەڵێ:**

رۆژی دووەم بوو... لە هەموو ماڵێکی گوندی بەحرکە خواردن ئامادە کرا، ئێمەش یەکێك بووین لەو ماڵانەی کە نزیکەی (٢٠) ژنو منداڵمان هێنایە ماڵی خۆمانو باشترین خواردنمان بۆ ئامادە کردن.

**لە درێژەی قسەکانیدا. . خاتوو (ف. ت) دەگێڕێتەوە:**

باوکم هەر لە هەفتەی یەکەمەوە مانگانەی بۆ چەندین ئافرەتی پیاوئەنفالکراو بڕییەوە. هەموو رۆژانی هەینیش کە لە نوێژ دەهاتە دەرەوە بەڕێز بڕێك پارەی دەدایە هەر کەسێکی جەژنیکان، رۆژێك دەکەوێتە بن دەستو پێی منداڵانو بە چەندین پیاو جا دەتوانن رزگاری بکەن. جاری وا هەبووە (٦٠) منداڵی هێناوەتەوە ماڵێو فەرمانیداوە خواردنیان بۆ دروست بکەین، ئێستاش دۆستایەتیمان لەگەڵ چەندین خێزان لەوانە ماوەو ساڵانە سەردانمان دەکەن.

**کاک سەلاح عوسمان. تەمەن (٤٨) ساڵ**

**بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی عنکاوە دەگێڕێتەوە. .**



دەڵێ: خۆم ئەو هەموو یارمەتییەم بینیووە کە لە خەڵکی هەولێرو دەوروبەری دەگەیشتە گوندی جەژنیکان یەکێك لەوانە خوا لێخۆشبوو حاجی سەرهەنگ مجید ئاغای گەردی بووهەموو مانگێ (٥٠٠) دیناری دەدایە من بۆ (١٠) ئافرەتی بێ پیاو بۆ ماوەی (٤) چوار مانگ دابەشم دەکرد.

**هەروەها کاک سەلاح دەڵێ:**

لە گەڕەکی (تەیراوە) بووم لۆرییەکم بینی کەلو پەلی بۆ ئەنفالکراوەکان کۆ دەکردەوە دوو گەنج لەسەر لۆریەکە بوون، دەیانگوت:

خەڵکینە یارمەتی خوشكو براو هاونەتەوەی خۆتان بدەن لە جەژنیکان چونکە (ئەمڕۆ لەوانە سبەی لەمەیە) واتە ئەمڕۆ ئەوان ئاوارەو ئەنفالو دەربەدەرکراون، سبەی رژێم ئێمەش وا لێدەکات.

**هەروەها کاک زەیتۆی حاجی عەبدولرەزاق جەژنێکانی بۆی باسکردووە:**

پیاوێك بەناوی (حاجی محەمەد ئەحمەد) کە ماڵی لە موسڵ بوو هاتە لای باوکمو پیاوێکی دی لەگەڵ بوو بەناوی حاجی حافیز، دیاربوو چووبوونە نێو جەژنیکان، بەڵام نەیانتوانیبوو (پارە) بەسەر خەڵکەکە دابەش بکەن، بۆیە بڕی (٢٥٠٠٠) بیستو پێنج هەزار دیناری ئەو کات کە دەیکردە پتر لە (٧٥٠٠٠) دۆلاری ئێستایان دایە باوکم بەسەر ئەنفالکراوەکانی جەژنیکان دابەشی بکات، باوکم هێندێك پارەی خۆیشی هاویشتە سەرو چوو لەجەژنیکان دابەشی کرد...



**کاک کاکل عوسمان گردئارەقی**

**لە مەڕ یارمەتیدانی ئەنفالکراوەکان دەڵێ:**

ڕۆژی دووەم بەیانییەکەی کە زانیمان خەڵکی بادینانانیان هێناوەتە جەژنیکان، لەگەڵ مامۆستا مەلا حوسێنو خزمەکی دی بەناوی عەزیز شێخ محەمەد (خوا لێخۆشبوو)، باری دوو جێب کەلو پەلو خواردەمەنیمان بۆ بردن کە لە گوندی گردئارەق کۆمان کردبوونەوە لەگەڵ بڕێك پارە لە بیرم نەماوە چەند بووە. . ڕۆژی پاشتر چووینە هەولێر ئەوەی زۆر پێویست بوو کڕیمان، بەڵام دەچووینە هەر دووکانێك کە دەمانگوت ئەمە بۆ خەڵکی جەژنیکانە، ئەوانیش پشکی خۆیان دەهاویشتە سەر. . بمانگوتایە. (١٠٠) سەمونمان دەوێ، کابرای فڕنی دەیکردە دووسەد، بۆنموونە چووینە دوکانێك لە گەڕەکی تەیراوە فانوسمان کڕی، خاوەن دوکان خۆیشی (٣٠) دانەی دانایە سەر.

**کاک کاکل لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ:**

ئەو ماوەیە بەردەوام ئێمەو خەڵکی دیش زۆر هەرخەریکی کۆکردنەوەی یارمەتی بووین، بەڵام پیاوانی رژێم زۆر هەولیان داو توندیان کردو هەندێ خەڵکیان گرت، کەچی خەڵکەکە نەدەترساو بەردەوام بوو، ئێمە کە خەڵکی ناوچەکە بووین شارەزا بووین پتر بە قاچاخەرێیان خۆمان دەگەیاندە ناو جەژنیکان.

**هەروەها کاک کاکل عوسمان دەڵێ:**

هەڵبەتە ئەو بەهاناوەچوونەی خەڵکی هەولێرو دەووروبەری بۆ خەڵکی بادینان هەستێکی نەتەوەیی‌و بەرەنگاربوونەوەی رژێمی بەعس بوو.

**یاریدەدری پزیشکی/ کاك لوقمان**

**بەڕێوەبەری بنکەی تەندروستی جەژنیکان**

کاتێك بۆ وێنە گرتنی ئەو بنکە تەندروستییە چووین کە رژێم پاش نیشتەجێکردنی ئەنفالکراوەکان لە جەژنیکان دروستی کردبوو، لەوێ سەردانی کاك لوقمانی بەڕێوەبەری بنکەمان کردو لە دانیشتنێکی کورتدا گوتی:

(ئەو کاتە من لە بنکەی تەندروستی گردەچاڵ بوومو لێرە نەبووم) لەگەڵ د. جاسم شێخانی کە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتە، خەڵکەکە لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بوون، بیرۆکەیەکمان بۆ هات گوتمان با هانی ئەو خەڵکە بدەین بۆ خۆ بچن ئیش بکەن. بۆیە رۆژانە پسوولەمان بۆ چەندین کەس دەکرد بەو بیانووەی کە پێویستیان بە پشکنینی پزیشکیە یان بە تیشك (اشعە) گرتنەلە هەولێر، بەو پسوولەیە رێگەی خەڵکەکەیان دەدا دابەزنو تا ئێوارە بۆ خۆیان کاریان دەکرد، بەڵام پاش ماوەیەك لێمان ئاشکرابوو، لە دائیرەی ئەمن گیراینولەبەیانیەوە تا سەعات (١١)ی شەو لێکۆڵینەوەیەکی زۆر توندیان لەگەڵ کردینو زۆر ئیهانەیان کردین.

لە لێکۆڵینەوەکە زۆر جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە ئێمە بە فەرمانی کێ ئەم کارەمان کردووەو کێ هاندەر بووە، ئێمە دانمان بەخۆ داگرت. پاش ئەوەی یەکسەر لە وەزیفە هەردووکمان د. جاسم شێخانیو من دەکراینو تا دوای راپەڕین لە پیشەی پزیشکی قەدەغەیان کردین.

هەروەها کاك لوقمان دووپاتی دەکاتەوە.

زۆر لە دکتۆرەکان (داوای لێبوردن دەکەم ناوی هەموانم لە بیر نییە) یارمەتی خەڵکە ئاوارەکەیان دەدا، پارەی پشکنینیان لێ وەرنەدەگرتن، هەندێك پارەی دەرمانیشیان دەداتێو یارمەتی دیکەی وەك پارەوکەلو پەلیشیان دەدانێ لەوانەی ناویانم لەبیرە (د. هیوا سەید ئەحمەدی چاو)، (د. جاسم شێخانی نوژدار)، (د. فەرهاد جەلیل خەیات)، (د. محەمەد شەهاب ودەیانی دی).

هەروەها کاك لوقمان گوتی:

برادەرێکم ئەو کات لە بنکەی تەندروستی جەژنیکان بوو بەناوی (موجاهید فاتح) دائیرەی ئەمن گرتیان لەسەر ئەوەی وێنەیەکی شەخسی خۆی لێرەگرتبوو.

[illegible]

باسم الشعب

مجلس قيادة الثورة

رقم القرار/ ١٦٠

تاريخ القرار/ ٢٩/ ٣/ ١٩٨٧

## قــــرار

استنادا الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين ، والفقرة (أ) من المادة الثالثة والاربعين من الدستور ، وتنفيذا " لما تقرر في الاجتماع المشترك لمجلس قيادة الثورة والقيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي المنعقد في ١٩٨٧/٣/١٨ .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة في ٢٩ /١٩٨٧/٣ مايلي :ــ

اولا . يقوم الرفيق علي حسن المجيد ، عضو القيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي ، بتمثيل القيادة القطرية للحزب ومجلس قيادة الثورة في تنفيذ سياستهما في عموم المنطقة الشمالية بضمنها منطقة كردستان للحكم الذاتي بهدف حماية الامن والنظام وكفالة الاستقرار فيها وتطبيق قانون الحكم الذاتي في المنطقة .

ثانيا . يخول الرفيق عضو القيادة القطرية ، لتحقيق اهداف هذا القرار ، صلاحية التقرير الملزم لجميع اجهزة الدولة المدنية والعسكرية والامنية ، وبوجه خاص الصلاحيات المنوطة بمجلس الامن القومي ولجنة شؤون الشمال .

ثالثا . ترتبط الجهات التالية في عموم المنطقة الشمالية بالرفيق عضو القيادة القطرية وتلتزم بالقرارات والتوجيهات الصادرة عنه التي تكون واجبة التنفيذ بموجب هذا القرار .

١ــ المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان للحكم الذاتي .

٢ــ محافظو المحافظات ورؤساء الوحدات الادارية التابعة لوزارة الحكم المحلي .



٢

٣ــ اجهزة المخابرات وقوى الامن الداخلي والاستخبارات العسكرية .

٤ــ قيادات الجيش الشعبي .

رابعا . تلتزم القيادات العسكرية في المنطقة باوامر الرفيق عضو القيادة القطرية بكل ما يتصل بـ ( اولا " ) من هذا القرار .

خامسا . يعمل بهذا القرار من تاريخ صدوره وحتى اشعار آخر ، ويتوقف العمل بالاحكام القانونية التي تتعارض واحكام هذا القرار .

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

- صورة الكتاب -

نرى ضرورة تنفيذ ما يلي - الرئاسة بالمجلس :-

١) ان لا يكون التعميم بأسماء الأشخاص الصادر بحقهم الحكم الإعدامي وإنما بكتب منفصلة .

٢) ان تعطى درجة كتمان بالمواد الى الوثائق التي سيجري التعميم فيها لتشمل هذه الوثائق .

يرجى اتخاذ ما يلزم والعمل بموجبه .

موقع / ..

د / وزير الداخلية

---

بسم الله الرحمن الرحيم

الأمن العامة

مديرية أمن محافظة ميسان

سري وشخصي وعلى الفور

العدد / ٠٠س٥ / ١٤٦١٢

التاريخ / ١١ / ١٩٨٧

الى / كافة مديريات أمن الأقسام وشعب السياسية

م / الوثائق السرية

أعلاه صورة كتاب وزارة الداخلية - مديرية الأمور السرية والسياسية المرقم / ١٢٩٠٣ في ١٥ / ١٠ / ١٩٨٧ - للعمل بموجبه رجاءاً .

د ... رائد ...

مدير أمن محافظة ميسان



---

بسم الله الرحمن الرحيم

القيادة

قوات حماية النفط

الأركان العامة

الاستخبارات

العدد / ٩٦

التاريخ ١١ نيسان ٨٨

سري للغاية

لسادة حرب والسادة الحق

محفوظة

استخبارات المنطقة الشرقية

العدد / ٥٠٠٥ ل

التاريخ / ١٩

الى / مديرية أمن القادسية

الموضوع / ارسال عوائل

نرسل لكم العوائل المدرجة أسمائهم في القائمة المرفقة والذين سلموا انفسهم للنقاط العسكرية يوم ٢٩ نيسان ٨٨ .

يرجى اتخاذ ما يلزم بصددهم حسب تعليمات مكتب تنظيم الشمال واعلامنا للاطلاع .

المرفقات

(١) قائمة تضمن (٢٠٧) اسم

العميد الركن

طارق عبدالله الصالح حطه

قائد قوات حماية النفط

نسخة الى /

قيادة ق ١ (ع أ - أس) طيا نسخة من القائمة . يرجى التفضل بالاطلاع .

أس / المرفقة / طيا نسخة من القائمة . يرجو الاطلاع .

(١ - ١)

سري للغاية

السيد المدير العام
تحية وتقدير

تابع ١٩٩٠/٩/٢٥ أمر السيد المدير المحترم بالترتيب الآتي :-

تكون عبارة ( لم تتوفر لدينا معلومات عن مصيرهم )

بدلاً من عبارة ( وقبض عليهم في عمليات الأنفال البطولية ولا زالوا محجوزين حالياً ) .

لذا نرجو أن تكونوا دقيقين في التعامل مع هذا الحالة .

١٩٩٠/١٠/١٨



## عمليه مزدوج ( ٢٤ )

( برقية ) بەڵگەنامەی (٢٤)

الى مدير الامن العام في بغداد

من المسؤولين في (وحدة المجازر البشرية)

تحية الكفاح في سبيل العراق .... اما بعد

وصلتنا قبل مدة الوجبة الثالثة من المخربين المحتجزين والذين بلغ عددهم لحد الان ٢٤٠٠ / الفين واربع مائة .. ان الكمية المطلوبة من الدم لنجاح عملية مزدوج ٢٤ ينقصها الكثير يجب ارسال الوجبة الرابعة باسرع ما يمكن لان القيادة العامة تنتظر النتيجة الحتمية . يجب اتخاذ كل التدابير اللازمة ومراقبة السواق والضباط الذين يقومون بنقلهم من جانبكم واحراق كل الوثائق لدى المسؤولين وخاصة الوثائق العلمية والتخلص من كل من لديه معلومات حول عملية مزدوج ٢٤ وخاصة الاكراد .

م. كيماوي — الدكتور

ف . ج . أ — هـ . م . ر

عضو لجنة فريق (١) — رئيس اللجنة المشتركة لفريق (١)

| رسالة | رقم المنشىء | تاءريخ الانشاء |
|---|---|---|
| سرية و فورية | ١٨٠ | ١٩٨٩/١١/١٥ |

الى/ المسئولين المشرفين على وحدة ٥١٣(و.م.ب)

من /دائرة الأمن العسكرى .

تحية نضالية

لاجل اتمام عملية مزدوج ٢٤ و تكثيف الجهود لتقديم مسيرة الحزب و الثورة نرجو منكم ان تعملوا على منع تسرب اية معلومات عن وحدة ٥٠١٣ واتلاف وحرق كل الوثائق المتعلقة بهذا الخصوص بعد اتمامها والمراقبة الشديدة على السواق والضباط و المشرفين على هذة الوحدات ، وابعاد او قتل كل من يشتبة بأمرة من الجنود والمراتب خصوصا الجنود الاكراد الموجودين فى المنطقة.

ودمتم من اجل الحزب والثورة

العميد

مدير دائرة امن العسكرى

| رسالة | رقم المنشىء | تاءريخ الانشاء |
|---|---|---|
| سريةوفورية | ١٧٦ | ١٩٨٩/١٠/٢٨ |

الى/ وحدة مخازن الصويرة

من/وحدة ٥٠١٣ (و.م.ب)

نرجو ارسال الوجبات الاخرى من المخربين الاكراد بأسرع وقت ممكن .

لأن العملية مزدوج ٢٤ تحتاج المزيد .

لقد وصلتنا لحد الأن وجبات من المخربين والقيادة العامة تريد منا نتائج عملية مزدوج ٢٤ باسرع وقت ممكن .

ودمتم من أجل الحزب والثورة

العقيد

امر وحدة ٥٠١٣


ع.ك.ك



# وێنەكان



گوندێك دوای ئەنفال



له گۆڕێکی بە کۆمەڵدا هەر کەللەسەری چاوبەستراو دەدۆزرێتەوە





ئەو کچەی لە ئەنفال بەهێزتر بوو

گوڵستان یەکێکە لە کچانی کوردستان لە یەکەمین ڕۆژی شاڵاوی ئەنفالکردنی بادینان لە دایکبووەو لە تەمەنی یەك ڕۆژییەوە لە نێو ئەنفال و زیندان و برسێتی و ئازارو ئاوارەییدا ژیاو گەورە بوو  لە هەفتەی دووەمی ژیانیشەوە باوکی شوێنبزرکرا گوڵستان ئەمساڵ تەمەنی بۆتە ١٨ ساڵان و گوڵستانی کوردستانە.



لە دووڕیانی مەرگ و ژیاندا



گوندی جەژنیکان





دیوەخانی حاجی فازیل ئاغای جەژنیکانی



گۆڕستانی ئەنفالکراوەکان لە جەژنیکان



ئەنفال.. کورد بکوژن و ماڵ و سامانیشی تاڵان بکەن



پەڕینەوە لە سنوورەکان.. بەرەو چارەنووسێکی نادیار





ماڵێك لە ئۆردوگای جەژنیکان



باڵەخانەی لیژنەی سەرپەرشتی ئەنفالکراوەکان



تیمارگەی جەژنیکان


بنکەی پۆلیسی ئۆردوگای ئەنفالکراوەکان





لە نێو کەمپی ئاوارەبوون.. رامانێك بۆ ئاینده


باوکیان شەهید بوو، بەڵام
منداڵەکان بۆ شۆڕشێکی دی
گەورەدەکەم
REUTERS/THE BETTMANN ARCHIVE
eBarzan Com



ڕۆیشتن بۆ دۆزینەوەی ژیان





نووسەر لە کاتی پێشمەرگایەتیدا



لێرە بۆ ژیان و ئازادی زیندوو بووینەوە





پێشمەرگە.. هەموو کاتێ پارێزەری کوردستان بووە





ئەوانەی لەگەڵمان بوون کەمیان ماون

ئەمانە پێشمەرگە بوون



## سەرچاوەکان

**کتێبە کوردییەکان:**

١- د. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن/ سۆسیۆلۆژیا لای مارکس و ماکس ڤیبەر/ و: دانا مەلا حەسەن/ سلێمانی ٢٠٠٥ . دەزگای سەردەم .

٢- باقر یاسین/ مێژووی خوێناوی عێراق/ و : حەمە سالح گەلالی/ سلێمانی ٢٠٠٤.

٣- رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ — رۆژهەلاتی ناوەراست/ عێراق و تاوانی جینۆساید- شالاوی ئەنفال دژی کورد/ و: جەمال میرزا عەزیز/ بەرلین . ٢٠٠٠.

٤- شۆرش حاجی رەسول/ ئەنفال . . کورد و دەولەتی عێراق/ چ٢/ چاپخانەی شڤان/ سلێمانی ٢٠٠٣ .

٥- د . عەبدولرەحمان قاسملو/ کوردستان و کورد/ و: عەبدولا حەسەن زادە/ چ٢/ هەولێر ٢٠٠٦ .

٦- عەبدولا کەریم/ رەشەبای ژەهر و ئەنفال/ وەزارەتی رۆشنبیری/ سلێمانی.

٧- عەلی بەندی/ ئەنفالکرنا بەهدینان/ ب١/ دهۆك ٢٠٠١ .

٨- محەمەد رەئوف عەزیز/ رەهەندە سۆسیۆلۆجیەکانی ئەنفال/ وەزارەتی رۆشنبیری/ چاپخانەی تیشك/ سلێمانی ٢٠٠٣ .

٩- مەحمود مەلا عزەت/ بازنەکانی ململانێ/ سلێمانی ٢٠٠٢ .

١٠- یوسف دزەیی/ ئەنفال . . کارەسات، ئەنجام و رەهەندەکانی/ دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریان/ هەولێر ٢٠٠٣.

**کتێبە عەرەبیەکان**

١- د. احسان محمد الحسن/ موسوعة علم الاجتماع/ الدار العربية للموسوعات/ بيروت ١٩٩٩ .

٢- عبد الجليل الفيلي/ الكورد اللوريون/ وزارة الثقافة لاقليم كردستان/ اربيل ١٩٩٩ .

٣- د. خليل اسماعيل محمد/ اربيل دراسات ديموغرافية و اقتصادية/ وزارة الثقافة لاقليم كردستان/ اربيل/ ٢٠٠٣ .

٤- عبدالقادر مجيد القشوري/ العصبية القومية في منظور الاسلام/ وزارة الثقافة لاقليم كردستان/ مطبعة وزارة الثقافة/ اربيل ٢٠٠٦ .

٥- د. غانم محمد الحفو و د. عبدالفتاح علي بوتاني/ الكورد و الاحداث الوطنية في العراق/ دار سبيريز/ دهوك/ مطبعة تربية اربيل ٢٠٠٥ .

٦- د. معن خليل العمر/ معجم علم الاجتماع المعاصر/ دار الشروق/ عمان ٢٠٠٠ .

٧- د. معن خليل العمر/ مناهج البحث في علم الاجتماع/ دار الشروق/ عمان ٢٠٠٤ .

٨- منظمة العفو الدولية HRW- ME/ حملة الانفال في كردستان العراق تدمير قرية كوريمي/ ت: د. رزگار/ دار اراس للطباعة و النشر/ اربيل ٢٠٠٠ .

٩- ملا شاخي/ انفال خالخالان (الانفال الرابعة)/ ت:نوزاد محمود حميد ٢٠٠٦.

١٠-وزارة الثقافة لاقليم كردستان العراق/ الدليل السياحي/ اربيل ٢٠٠٥ .



**فەرهەنگەکان**

١- بەدران ئەحمەد حەبیب/ فەرهەنگی زاراوە/ کۆڕی زانیاری کوردستان/ هەولێر .

٢- پرشنگ حەمەئەمین/ فەرهەنگی یاد(ئینگلیزی- عارەبی- کوردی)

٣- گیو موکریانی/ فەرهەنگی کوردستان/ دەزگای ئاراس/ هەولێر .

٤- OXFORD Advanced Learners Dictionary National Iran ٢٠٠٢

**ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان**

١- پیشەسازی (گۆڤار) وەزارەتی پیشەسازی هەرێمی کوردستان/ ژمارە(٢) ئەیلولی ٢٠٠٦ . هەولێر .

٢- جەماوەر (هەفتەنامە)/ ژمارە١٦٦، لە ٦/ ٣/ ٢٠٠٦/ هەولێر.

٣- ڕەهەند (گۆڤار) ژمارە ٧/ ١٩٩٩ سلێمانی.

٤- سەنتەری برایەتی(گۆڤار)/ ژمارە٢٤ ی تایبەت بە کۆنفراسی ئەنفال/ هەولێر ٢٠٠٠٢ .

**ڕۆژنامەو گۆڤارە عەرەبیەکان**

١- الانفال (مجلة) العدد٦/ وزارة حقوق الانسان و شؤون المرحلين/ السليمانية ٢٠٠٥.

## دیدارەکان

| | |
|---|---|
| ١- بەڕێز حاجی فازیل ئاغاو عەلی کوڕی. | ٥/ ٥/ ٢٠٠٦/ جەژنیکان . |
| ٢- مامۆستا مەلا تاهیری بەحرکە | ١٢/ ٥/ ٢٠٠٦/ بەحرکە . |
| ٣- خاتوو هەلاڵە . ع . م. | ٢٠/ ٥/ ٢٠٠٦/ هەولێر . |
| ٤- کاك زریان حاجی پاشا | ١٠/ ٥/ ٢٠٠٦/ هەولێر . |
| ٥- کاك حاجی سوارە عوسمان ئاغا | ٥/ ٥/ ٢٠٠٦ گرد عارەق. |
| ٦- کاك ئەحمەد سوارە ڕەسول | ٥/ ٥/ ٢٠٠٦ گرد عارەق . |
| ٧- کاك عەبدوڵا حاجی فازیل | ١٠/ ٥/ ٢٠٠٦/ هەولێر . |
| ٨- کاك دڵشاد حوسێن (پێشمەرگە) | ١٩/ ٥/ ٢٠٠٦/ کۆییێ . |
| ٩- کاك(ا. ك) (پێشمەرگە) | ١٣/ ٤/ ٢٠٠٦/ هەولێر. |
| ١٠- خاتوو فاتیمە ساڵح | ١٩/ ٥/ ٢٠٠٦/ جەژنیکان. |
| ١١- خاتوو سەعدیە حامید | ٢٠/ ٤/ ٢٠٠٦/ هەولێر |
| ١٢- خاتوو مریەم ئەحمەد | ١٩/ ٥/ ٢٠٠٦/ جەژنیکان |
| ١٣- خاتوو هێرێ عەبدولڕەزاق | ١٩/ ٥/ ٢٠٠٦/ جەژنیکان |
| ١٤- کاك نەبەز ئورفەیی(پێشمەرگە) | ١٨/ ٥/ ٢٠٠٦/ هەولێر. |
| ١٥- خاتوو(ف. ت) | ١٢/ ٥/ ٢٠٠٦/ بەحرکە |
| ١٦- کاك سەلاح عوسمان | ١٢/ ٥/ ٢٠٠٦/ عەنکاوە |
| ١٧- کاك لوقمان (ی. پزیشك) | ١٩/ ٥/ ٢٠٠٦/ جەژنیکان |
| ١٨- کاك کاکل عوسمان | ١٢/ ٥/ ٢٠٠٦/ گرد عارەق |




# سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ مامۆستا یوسف دزەیی جگە لەوەی سەرپەرشتی ئەم تۆژینەوەیەی کرد، بە ڕێنمایی و سەرچاوەی گرنگیش یارمەتییەکی زۆریدایِن.

- سوپاس بۆ کاك سەلاح عوسمان گردئارەقی/ بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی عەنکاوە کە یاوەرو ڕێکخەری زۆربەی دیدارو چاوپێکەوتنەکانم بوو.

- سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی کە ئامادەبوون دیداریان لەگەڵ بکەین و چی زانیارییان هەبوو خستیانەڕوو.

سوپاس بۆ ئەو خوشك و برایانەی لە کۆمپیوتەرو نەخشەسازیدا یارمەتییان دام. .

خەرامان حەمەد- جەوهەر فەتاح- ڤیان بابان